# کورتەباسێکی  مێژووی ئابووری جیهان و کوردستان

پرۆفیسۆر. دکتۆر  یاسین  سەردەشتیی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / بەشی مێژوو
زانکۆی سلێمانی2019



## پێشەکیی

**خوێنەری ئازیز...**

ئەم کورتەباسەی بەردەست بریتییە لە بەشێك لەو نووسین و زانیارییانەی کە ئەمساڵ وەك وانەی بابەتی (مێژووی ئابووری)، پێشکەش بەخوێندکارانی خۆشەویستی بەشی مێژووی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراون و بەگشتیی ئاوڕێك لەو پەرەسەندنە ئابوورییانە دەداتەوە کە جیهان بەگشتیی و کوردستان بەتایبەتی لەقۆناغە مێژووییەکانی رابردوودا پێیدا تێپەڕیون. هەروەها هەوڵدراوە رێکارێکی ئەوتۆ بگیرێتەبەر تێیدا جگە لە ناساندنی چەمکی مێژووی ئابووری و پەیوەندیی بە لقەکانی تری زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە، چەند چەمکێکی پێویستی زانستی مێژووی ئابووری شیبکرێتەوەو پاشان باس لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژووی ئابووری و شێوازەکانی بەرهەمهێنان لەجیهاندا بکرێت بەو شێوەیەی هەندێك لە نووسەران پەیرەوییان لێکردووە. وێڕای ئەوەش هەوڵمانداوە، تەنانەت ئەگەر زۆر بەکورتیش بێت، رووماڵێکی مێژوویی گرنگترین قوتابخانەکانی هزری ئابووری پێش سەرمایەداریی بکەین و پوختەیەك لەوبارەیەوە پێشکەش بکەین تاوەکو خوێندکاران بە بەشێك لەو قوتابخانەو هزرە ئابوورییانە لەمێژوودا ئاشنابن و تێگەشتنێکی باشتریان بۆ سەرجەم پەرەسەندنەکانی بابەتەکە هەبێت.

شایەنی باسە، وێڕای هەموو ئەمانە، هەوڵدراوە بەدواداچونێك بۆ مێژووی ئابووری کوردستانیش بکرێت و ئاماژە بەو شێوازە جیاوازانەی بەرهەمهێنان بکرێت کە کوردستان لەمێژووی دێرینی خۆیدا پیایاندا تێپەڕیوە، هەروەها بۆ بەرچاوڕونیی زیاتریش، هەر لێرەدا دوو بەشی گرنگمان لە کتێبەکانی (فەریدە کوهی کەمالی) و( سۆفیا ئیزابێلا) داناوە کە لەبنەڕەتدا تێزی دکتۆران و لەلایەن خودی ئێمەوە لە ئینگلیزییەوە کراوەتە کوردیی و پێشتر وەك کتێب بڵاوکراونەتەوە، کە هیواداریین هەموویان پێکەوە روانینێکی دروست و زانستیمان سەربارەت بە مێژووی ئابووری جیهان و کوردستان پێشکەش بکات و هەر بژین.

پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی
نەورۆزی ٢٧١٩ك

## مێژووی ئابووری چییە؟!

چەمکی" مێژووی ئابووری "بۆیەکەمجار لەکارو نووسینی زانای ئەڵمانی " ڤۆن ئیناما سترینگ "لەساڵانی 1877 و1879 دا، دەرکەوت و هەر بەناوەکیدا دیارە کە دوو بواری زاستیی پێکەوە کۆکردۆتەوە کە ئەویش مێژوو و ئابوورییە، ئەم بابەتە باس لە مێژووی چەندین ساڵەی کارو خەبات و چالاکیی مرۆڤ دەکات لەپێناوی بەرهەمهێنانی پێویستییە ماددییەکانی، ئەویش لەرێگای چەندین شێوازی جیاواز لەململانێ لەگەڵ سروشت و ژینگەدا لە قۆناغە جیاوازو لەلای کۆمەلگاو گروپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا، بابەتێکە بەدواداچوون بۆ ئاراستەو چۆنێتیی ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە ئەو کۆمەڵگایانە بەخۆیانەوە بینیوە، جگە لەوەی لە کێشەو قەیرانگەلە ئابورییەکان و گەڕان بەدوای چارەسەرییە گونجاوەکان و هۆکارەکانی دارمان و گەشەکردن و پەرەسەندنی ئابوریی قۆناغە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی و وەرچەرخانە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان دەکۆڵێتەوە .وێڕای ئەوەی بوارێکی ئەکادیمی تایبەتە بەکۆڵینەوەی دیاردە و ئۆپەراسیۆنە ئابوورییەکانی رابردوو ،ئەوەی بابەتێکە وتنەوەی نەك تەنیا لە بەشێکی زانستیی زانکۆیەکی وڵاتێکی وەك کوردستانی بێ تۆمارو ئامارو پلان و بەرنامەی ئابووریی و سەرچاوەی رەسەنی زانستیی و مێژوو و ئابووری و بازاڕی شێواودا، گران و قورسە، بەلکو تەنانەت وتنەوەی ئەم بابەتە لەزانکۆکانی وڵاتانی پێشکەوتووش ماندووکەرو بەکێشەیە.

لە مێژووی ئابووریدا، بەگوێرەی خویندنەوە گشتییەکان بۆ مێژوو و ئابووری و سیاسەت و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی جیهان پرسیارگەلێکی فرە دەوروژێنرێ و مەرج نییە وەڵامی هەموویانیشمان دەستکەوێت، بۆ نموونە :بۆچی زۆر لە وڵاتە خاوەن ئابوورییە بەهیزەکانی ئەمڕۆ بەبەراوورد بە رابردوو دەولەمەندترن و ژیانی تاك و کۆمەلگاکانی خۆشگوزەرانییەکی زیاتر بەخۆوە دەبینن؟ !بۆچی هەندێك دەوڵەت و ولات دەولەمەندن و بەشێکیش زۆریشیان



هەژارن؟ !!بۆچی کەمە دەوڵەتگەلێکی ئەوروپیی دەستیان بەسەر رەوت و ئاراستەی ئابووری جیهاندا گرتووەو ولاتانی دیکەشیان خستۆتە ژێرفشار؟ !!ریشەی ئابووری دەرکەوتنی جولانەوەی ئیمپریالیستی چییەو ئامانجەکانی داگیرکاری رۆژهەڵات لەلایەن دەوڵەت ئیستیعمارییەکانەوە چ پاڵنەرێکی هەیە؟ !!بۆچی جوڵانەوەی ئازادییخوازی ژنان، چینی ناوەڕاست، بزووتنەوە رزگارییخوازەکان، شەپۆلی فەرهەنگی ئازادیی و دیموکراتی، قەومانی دوو جەنگی جیهانیی و هتد لەسەدەی بیستەمدا پەرەی گرتووە و دەرکەوتووە؟ !! یاخود چەندین پرسیارگەلیکی دیکە سەبارەت بە مێژووی نیشتیمانی کوردستان، کە ئایا سیستمی کۆیلایەتیی لەکوردستان هەبووە؟ !! کوردستان لەکوێی شێوازی ئاسیاوی بەرهەمهێنانەوەیە؟ !!بۆچی ژیانی خێڵایەتیی لەکوردستان تاکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ماوەتەوە؟ !!یان بۆچی دەولەتیکی ناوەندگەرا لەکوردستان دانەمەزراوەو فاکتەری ئابووری لەکوی دانەمەزراندنی دەوڵەتیکی نیشتیمانییە؟ میرنشینە کوردییەکان بۆ لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم رووخێنران؟ !!چینی ناوەڕاست لەکوردستان بۆ کزو لاوازو بێکاریگەربووە؟ !!دابەشکردن و پەرتکردنی کوردستان لەپاش جەنگ چ هۆکاریکی ئابووری لەپشتەوە بووە؟ !!سروشتی چینایەتیی جوڵانەوەی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان چین؟ !!ئایا لەکوردستان شاری هاوچەرخ هەیە؟ !!هۆکارەکانی کۆچی کورد لەنیوخۆو بۆ دەرەوەی کوردستان چین؟..!!

جگە لەوەی تەنیا مەسەلەکانی دنیای هاوچەرخ و دیاردە ئابورییەکانی سەردەم ناخرێنە بەرباس بەلکو مێژووی کاروان و گەشەی مرۆڤایەتیی هەر لەسەرەتای هەنگاونانی بەرەو شارستانیی، پێویستە ئیستیکی لەسەر بکرێ و رێبازو شیواز و تەکنیکی کۆن و مێژوویی لەبواری گەشەی ئابووری بخرێتە بەرباس .روونتر بڵێم دەبێت لە رۆڵی ئابووری لە دەرکەوتنی شارستانیی، هەروەها گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی و دەرکەوتنی ئاینەکان و قەومانی جەنگەکان و پەرەسەندنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پەیە ئابوورییەکانی

دەوڵەت و هەروەها دابەشبوونی ئابووری جیهان و تایبەتمەندی سیستمە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی گەشەی ئابووری وکۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی گەلان و ولاتانی جیهان، جگە لە وەرچەرخانە ئابووریی و مێژووییەکان بەتایبەت قۆناغەکانی گواستنەوە لە سونەتەوە بۆ مۆدێرنە، چ لە ئەوروپا و چ لە رۆژهەڵات، کە تایبەتمەندیی و جیاوازییان لە مەسەلە چۆنایەتییەکاندا هەیە .روونتر کێشە ئابوورییەکانی جیهانی سێیەم و ئاڵۆزیی پرۆسەی مۆدێرنە لەم جیهانەو ئاستەنگەکانی بەردەم پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و سروشت و شکستی دەوڵەت و تیکەڵبوون بەجیهانی مۆدێرن بابەتی خواس و باسی وانەی مێژووی ئابوورین .ئەو بابەتەی کە سەرەتای دەرکەوتنی بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوەو لە وڵاتەکانی بریتانیا و ئەلمانیا و ئەمەریکا دەستپێکردووەو وەك زانستیکیش لە زانکۆ بەناوبانگەکانی کامبێردج و هارڤارد و چەندین زانکۆی دیکە خوێندراوە.

دواتریش لە ولاتانی دیکەی ئەوروپیی و هەروەها ئاسیا و ئەفریقا و جیهانی سییەم بایەخی پێدراوە و لە هەر شوێن و قۆناغێکیش رێباز و شیوازو رێحەزی جیاوازو تایبەت بە خۆی هەبووە کە بەشێکی پەیوەندی بە ئاست و سروشتی ئابووری ئەو وڵاتانەو بەشیکیشی بەسەلیقەی وانەبێژو تواناو ئاستی کۆنترۆڵکردنی ئەو بابەتە و هەروەها ئەو بەشەوە هەبووە کە بابەتەکەی تێدا وتراوەتەوە .بۆ نموونە، هەندیك ئەم بابەتەیان بە گوێرەی قۆناغە میژووییەکانی نمایش کردووە واتە : مێژووی) کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و نوێ و هاوچەرخ(، هەندێك بەگوێرەی ئاراستەیەکی نیشتیمانیی و نەتەوەیی و بەدواداچوونی ئابووری ولاتیکی وەك : بریتانیا و فەرنسا و ئەلمانیا و ..هتد، هەندێکی دیکە بەگوێرەی چالاکییە ئابوورییە جیاوازەکانی وەك :کشتوکاڵ ، بازرگانی و پیشەسازیی و بانکداریی و.. هتد .جگە لەوەی کە هەندێك مێژووی ئابووری بە مێژووی فیکری ئابووری و قسەکردن لە بیرمەندە ئابوورییە جۆربەجۆرەکان دەبەستنەوە و هەروەها بەگوێرەی رژێم و قۆناغە جیاوازە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وەك



:کۆمۆنی سەرەتایی و کۆیلایەتیی و سەرمایەداریی و سۆشیالیزم و گڵۆباڵیزەیشن شەن و کەو دەکەن.

لەراستییدا، بەخویندنەوەی پلا ن و رێبازەکانی ئەم بابەتە لە زانکۆ جیاوازەکانی جیهان تێدەگەین کە وتنەوەی ئەم وانەیە دەبیت دوو خاڵی زۆر گرنگ رەچاو بکات:

یەکەم :وەستان لەسەر خالە بنەرەتیی و تەوەرە گشتییەکانی رووداو دیاردەو رەهەندەکانی مێژووی ئابووری جیهانیی و گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و شارستانی.

دووەم : قامك خستنە سەر شوێن و واقیعی تایبەتمەندی کاروانی گۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و دۆخی سیاسیی خۆجێی و هەڵهینجانی ئەو راستییانەی خزمەت بە تیگەیشتنیکی زیاتر سەبارەت بە لقە زانستییەکە دەکەن، بەتایبەت بۆ بەشی مێژوو پێویستە جەخت لەسەر ئەو راستییانە بکرێتەوە کە مێژوو تەنیا گۆڕینی پاشا و حکومەت و قەومانی جەنگ و بەستنی رێکەوتننامەکان و لەشکرکێشییەکان نین، بەلکو گەڕانە بەدوای بەڵگەی مێژوویی ماددیی هێزو بنەما سەرەکییەکانی گۆڕانکاریی و هاندەری رووداوەکان، بەواتا تێگەیشتن لە سروشتی ستراکچەری کۆمەڵگای جیهانیی و گشتیی و زەمینەی تیگەیشتنی رۆڵی ئابووری و پەرەسەندنی لە ژیان و رووداوە مێژووییە گشتیی و خۆجێییەکاندا.بەکورتییەکەی بەکارهێنانی بنەما ئابوورییەکان بۆ تێگەیشتن و راڤەی مێژوو.

## پەیوەندی ئابووری بە بوارو لقەکانی دیکەی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە

وەك ئاشکرایە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زانست لەدنیای هاوچەرخدا، پسپۆڕیی و جیاکردنەوەی بابەت و لقە زانستییەکانە لەیەکتری، نەك تەنیا لەبواری زانستە سروشتییەکانی وەك : جیۆلۆجی و بایەلۆجی و فیزیا و ماتماتیك و ..هتد، بەلکو لەبواری زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا، وەك : زمان، کۆمەڵناسیی، یاسا، سیاسەت، جیۆگرافیا، مێژوو..هتد. بەڵام ئەمە ئەو راستییە ناگۆڕێت کە زانستەکان، تێکڕایان پەیوەندی ئۆرگانی پیکیانەوە دەبەستێت و سەروکاریان پێکەوەیە، چونکە هەر پێشکەوتنێك لەبواری لقێکی زانستییدا، کاریگەریی بۆسەر ئەوانی دیکە دەبێت، بەتایبەت لەبواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەشەکانی زۆرجار چەمك و پێوەر لەیەکدی وەردەگرن و هەندیك جاریش لە بوارو بابەتی هاوبەشدا پێکەوە دەردەکەون وەك : کۆمەڵناسیی سیاسی، ئەنترۆپۆلۆجیای سیاسی، مێژووی ئابووری، سایکۆلۆجیای کۆمەلناسیی، ئابووری سیاسی، مێژووی یاسا و سایکۆلۆجیای سیاسی..هتد.

دیارە، ئابووریش وەك لقێکی زانستیی لەم حاڵەتە بەدەرنییە و بەوهۆیەی چالاکیی ئابووری بەشێکی سەرەکییە لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی و کاریگەری لەسەرجەم رووداوەکانی ژیان هەیە و کاریان تێدەکات و کاری تێدەکەن و پەیوەندی هەمەلایەنەی بە سەرجەم لق و بوارە جیاکانی دیکەوە هەیە کە دەتوانین وەك لای خوارەوە بەکورتیی ئاماژەیان بۆ بکەین:



## پەیوەندی ئابووری بە مێژووەوە:

ئەگەر توێژینەوەو بەدواداچوونی رووداو و دیاردە مێژوویەکانی رابردوو بواری کارو بایەخی زانستی مێژوو بێت و ئابووریش یەکیك بێت لەو چالاکیی و دیاردە سەرەکییانە، ئیدی سەیر نییە کە لەنێوان ئەم دووکایە زانستییەدا، پەیوەندییەکی تۆکمە هەبێت، چونکە هەموو لقێکی زانستیی و چالاکییەکی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا، مێژووی دەرکەوتن و پەرەسەندنی خۆی هەیەو ئابووریش لەوە بەدەرنییە، هەربۆیە ئاساییە کاتێك دەمانەوێ توێژینەوەیەکی مێژوویی سەبارەت بە قۆناغێکی دیارییکراو بنووسین، پێویست بکات ئاوڕ لەدۆخی ئابووری بدەینەوە شەن و کەوی ئەو لایەنە لەو قۆناغەدا بکەین. یاخود ئاساییە و بەلکو زۆر پیویستیشە کاتێك ئابووریناسان دەیانەویت قسە لەدیاردەیەکی ئابووری بکەن، دەگەڕینەوە بۆ پێشینەو رابردووی پەرەسەندنە مێژووییەکەی دەخەنە پێش چاو و لەسەر ئەو بنەمایەش بەدوای چارەسەری کێشەو قەیرانە ئابوورییەکاندا دەگەڕێن. ئابووریناس ناتولنێت بی ئاوڕدانەوە لە مێژوو و ئەزمونی رابردووی گەلان لەبواری ئابوورییدا، لە جومگە گرنگەکانی ژیان و کایەو بیرو دیاردە ئابوورییەکان بتوێژێتەوە. هەر بۆیە توێژینەوە مێژووییەکان ئەو چێوەیە دەستنیشان دەکەن کە چالاکییە ئابوورییەکانی تێدا ئەنجامدراوە.

بۆ زانستی مێژووش هەمان بۆچوون راستە، هەڵبەت ، ناکرێت بێ لەبەرچاوگرتنی واقیعی ئابووری و لێکدانەوە و راڤە ئابوورییەکان خوێندنەوە بۆ رووداوگەلە گرنگە مێژووییەکانی وەك: جەنگەکان، شۆڕشەکان، داگیرکاریی و ململانێیەکان، کۆچە مێژووییەکان، دەرکەوتن و رووخانی شارستانییەتەکان، پەیوەندییە دپلۆماسییەکان، دامەزراندنی دەوڵەتان، رێکەوتننامەکان و تەنانەت ئاستی گەشەکردن و پەرەسەندنی ژیانی کۆمەلگاکان و هزری مرۆڤایەتیی، بکەین و وێنایەکی دروست سەبارەت بەو بابەتانە پێشان بدەین و راستییە مێژووییەکان لەبارەی رابردووەوە هەڵهێنجین.

## پەیوەندی ئابووری بە جیۆگرافیاوە:

بەو پێیەی کە بەشێکی بنەڕەتیی بایەخی جیۆگرافیا ژینگەی سروشتی دانیشتووان و دەرامەتە ئابورییەکانە، هەربۆیە سروشتییە ببینرێت کە لەلایەن ئابووریناسانەوە ئاوڕی جدیی لەجیۆگرافیا بدرێتەوەو بۆ هەر پرۆژەیەکی ئابووری گەورە، پەنا بۆ رووپێوی جێۆگرافی ببرێت ، جگەلەوەی توێژەرو پلاندانەری ئابووری کە هەوڵی توێژینەوە لەبواری کۆمەڵگا دەدات و بەدوای تواناکانی و پێویستییەکانیدا دەگەڕێت، هەردەبێت بۆ زانستی دانیشتووان (دیمۆگرافیا) بگەڕێتەوە و چۆنیتی دابەشبوون و قەبارەو گەشەو رادە و ئاستی لەدایکبوون و مردن و هەروەها دیاردەکانی دیکەی وەك کۆچ و دابەشبوونی جیۆگرافیای داهات و کەرەسە سروشتییەکان لەبەرچاو بگرێت.

ئابووریش لەڕێگەی چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییە بنەڕەتییەکانی ژیان و رێکخستنی چالاکییە ئابوورییەکانەوە، کاریگەری خۆی لەسەر دانیشتووان جێدەهێڵێت. هەر لێرەدا پێویستە بوترێت، کە جیۆگرافیناس رودڵف کیلن (١٨٦٤-١٩٢٢) وەك توێژەریکی بواری جیۆپۆلیتیك، لەساڵی ١٩٢٠دا، کتێبیکی بەناونیشانی " بنەما پێویستەکانی دامەزراندنی سیستمی سیاسی" داناوە، ئاماژەی بە پێنج بنەما کردووە کە چوارەمیان دەرامەتە ئابوورییەکانە.

## پەیوەندی ئابووری بە کۆمەڵناسییەوە:

دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و دیاردە ئابوورییەکان، پەیوەندییەکی تۆکمەو توندوتۆڵ پێکیانەوە گرێدەدات و هەمیشە قسەکردن لەیەکێکیان سەر بۆ قسەکردن لەوی دیکەیان دەکێشێت. دیارە کاتێك ئابووری لەچالاکیی و ژیانی مادیی و گەشەی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ دەتۆژێتەوە، لەڕیگەی چارەسەری گرفتە ئابوورییەکان و بەدیهێنانی دادپەروەریی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و دابەشکردنی داهات و سامان و سیاسەتی باجدانان و هاوکارییە حکومییەکان، هەرگیز ناتوانیت خۆی لە زانینی



سروشتی پێکهاتەی دانیشتووان دابونەریت و پێکهاتەی چینەهەژارەکان و بیکاریی و دۆخی گوندەکان ..هتد بەدوور بگرێت.

لەراستییدا، زانستی کۆمەڵناسی ناساندن و سروشتی ئەو فەزا کۆمەڵایەتییە پێشکەش بە ئابووریناسان دەکات کە تێیدا لەدیاردە ئابوورییەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی دەتۆژنەوە. جگە لەوەی، زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ریشەیان لەدۆخی ئابوورییدایە، وەك: دەرکەوتنی چینە کۆمەڵایەتییەکان، کۆچ، خێزان، تاوان، خۆکوژیی، هەژاریی، تیرۆرو گەندەڵیی..هتد.

## پەیوەندی ئابووری بەسیاسەتەوە:

زۆرجار دەوترێت سیاسەت و ئابووری دوو ڕووی دراوێکن، ئەمەش لەو راستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەم دوو بوارەی زانست و ژیانی مرۆڤایەتیی، چ پەیوەندییەکی تۆکمەو گرێدراویان هەیە. زۆربەی جار، ئابووری دەبێتەهۆی دیارییکردنی ئاراستەی سیاسەت و بڕیارسازیی سیاسی، هەر چالاکییەکی ئابووریش لەدۆخێکی سیاسی تایبەتدا ئەنجامدەدرێت. ئاشکراشە کە بڕیارە سیاسییەکان کاریگەرییان لە هەڵکشان و داکشانی ژیانی ئابووری کۆمەڵگاکانەوە هەیە. بڕیارسازە سیاسییەکانیش لەکاتی بڕیاردان دۆخی ئابووری پشتگوێ ناخەن و بەهەندی وەردەگرن و بەڕێوەبەران و فەرمانڕەوایانی هەر دەوڵەت و وڵاتیکش دەبێت بەردەوام لەخەمی چاککردنی ژیانی ئابووری و باشترکردنی گوزەرانی خەلك و چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکانی بن، چونکە ئابووری پایەیەکی سەرەکیی دەوڵەتداریی و ئاسایشی نیشتیمانییە.

هەر لەم بارەیەوە، زیدەڕۆیی نییە گە بوترێت، تێکڕای رووداو و دیارەدە سیاسییەکان، ریشەو هاندەری ئابوورییانەیان لەپشتەوەیە، بۆنموونە: جەنگەکان، گۆڕینی رژێمەکان، هەڵبژاردنەکان، شۆڕشەکان، دامەزراندنی حیزبەکان، دەرکەوتنی رەوت و ئایدۆلۆژییە سیاسییەکان، سروشتی سیستمە سیاسییەکان..هتد.

**پەیوەندی ئابووری بە یاساوە:**

چالاكییە ئابوورییەكان چەندە سادەش بن، وەك : موڵكداریی، بەكرێدان، كڕین و فرۆشتن..هتد، لەچێوەیەكی ریگەپێدراوی یاساییدا، و لەسایەی گرێبەستە یاساییەكاندا، بەڕێوەدەچن. دیارە لەهیچ وڵاتێكیشدا، یاساسازیی بێ لەبەرچاوگرتنی ژیانی ئابووری و كۆمەڵایەتیی بەڕێوەناچێت و بۆ تێگەیشتن لە سیستمی یاسایی هەر وڵاتێك، لەهەر قۆناغێكدا، پێویستە دۆخی ژیانی ئابووری و پەیوەندییە ئابوورییەكان بەوردیی لەبەر چاو بگیرێت.



**ناساندنی چەمكگەلێكی بنەڕەتیی ئابووری**

**كار Work :**

**تەواوی ئەو هەوڵ و توانایی و چالاكییە جەستەیی و عەقڵییانە دەگرێتەوە كە مرۆڤ دەیكات لەپێناوی بەرهەمهێنانی سامانی مادیی یان خزمەتگوزارییەك، لەرێگەی كاركردنە سەر سروشت و گۆڕینی بۆ شمەكێك كە پێویستی پێیەتی و سوودی پێدەگەیەنێت. لەڕاستییدا، كار بنچینەی بەرهەمهێنانەو مەرجێكی سەرەكییە بۆ بەردەوامبوونی ژیان و بنەمای سەرەكیی ئابوورییە لەتێكڕای كۆمەڵگا و كەلتورەكاندا و پەیوەستە بە بوون و هەڵسوڕانی رۆژانەی مرۆڤەوە. هەربۆیە كار بەلای ئابووریناسانەوە ئەو چالاكییەیە كە مرۆڤ لە ئاژەڵان جیادەكاتەوەو یەكێكە لەرەگەزە بنەڕەتییەكانی بەرهەمهێنان و دابینكردنی پێویستییە بنەڕەتییەكانی ژیانی تاك و پێشكەوتنی كۆمەڵگا.**

**بەرهەمهێنان Production:**

**دروستكردنی شتێكە لە شتێكی دیكە و زادەی پرۆسەی كاروچالاكییەكانی مرۆڤە لەسەر سروشت كە سوودی دەبێت و پێویستییەكانی مرۆڤ تێردەكات و بەشێوەی شمەك یان كاڵای مادیی بەرجەستە یان مەعنەویی بەرهەمدێت. ئەوەی گەشە و پەرەسەندن و خۆشگوزەرانی كۆمەڵگای پێوە پەیوەستە. چەمكی بەرهەمهێنان یەكەمجار لەلایەن ئابووریناس (ئادەم سمیس) ەوە لەساڵی ١٧٧٦ەوە بەكارهاتووە.**

## هۆیەکانی بەرهەمهێنان Means of Production:

بریتییە لە تێکڕای ئەو کەلوپەلە مادییانە کە مرۆڤ لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا بەرکاریدەهێنێت و بە چەندین جۆر دەردەکەون وەك:

- مادەی کارو کەرەسەی خاو یاخود بابەت وەك : دارستانەکان ، زەوی ، کانزاکان، ئاو و دەریاکان، پەمو ، خوری، پێستە، بەرد، گژوگیا..هتد
- ئامرازەکانی بەرهەمهێنان: وەك مشار ، چەکوش، بزمار، سوژن، گاسن ، داس و تەوراس، ماشێن، تەشی ، چەقۆ و هەر ئامرازێکی دیکە کە مرۆڤ لەکارکردندا بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەك لە کەرەسەخاوەکانی سروشت پێویستی پێیەتی و بەکاریدەهێنێت.
- هۆکارە یاریدەدەرەکان: وەك ڕێگای هاتوچۆ، وێستگەی کارەبا و پەیوەندییەکان، گەنجینەکان ، شەقامەکان، کارگەکان و کۆگاکان و..هتد

## هێزەکانی بەرهەمهێنان Productive Forces:

بریتییە لە کۆی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەگەڵ ئەو هێزو توانا عەقڵیی و جەستەییانەی مرۆڤ کە لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا بەکاردەبرێت، دیارە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان شایستەیی و تواناکانی مرۆڤ و هەروەها هۆیەکانی بەرهەمهێناندا دەبینرێت و بەپێی سەلماندنی بەڵگە مێژووییەکان، هێزەکانی بەرهەمهێنان، قۆناغ بەقۆناغ لە گەشەکردن و پێشکەوتندان.



## پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان Relation of Production:

تێکڕای ئەو پەیوەندییانەی نێوان مرۆڤەکانە کە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دێتەدی، چونکە کاری مرۆڤ سروشتێکی کۆمەڵایەتییانەی هەیە و پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئابووریش لەرێگەی هاوکاریی و دابەشکردنی کارەوە دێتەدی. شایەنی باسە، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی هەر کۆمەڵگایەك پێ بەپێی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان گەشەدەکات و پشتیش بە موڵکایەتیی هۆیەکانی بەرهەمهێنان شوێنی چینەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئابووری و شێوازی دابەشکردنی سامانە مادییەکان دەبەستێت و بنەمایەکی بنەڕەتیی و گرنگە لە پەیوەندیی و دیارییکردنی سیستەم و شێوازە بەرهەمهێنانە ئابوورییەکاندا. بەشداریی مرۆڤ لەم پەیوەندییانە ناچارییەو خۆبەخشانە نییە.

## شێوازی بەرهەمهێنان Mode of Production:

بریتییە لە کۆی هێزەکانی بەرهەمهێنانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان کە پشت بەشێوازێکی تایبەتی موڵکایەتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەبەستێت . ئەم شێوازە، شێوازێکی دیارییکراوە بۆ چالاکیی مرۆڤ و شێوەکی دیارییکراوە بۆ بەرجەستەکردنی ژیانیان، ئەو بونیادو ستراکچەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەیە کە ژێرخانی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت و سەرخان وەك کۆی تەلاری سیاسی و یاسایی و فەرهەنگیی و فەلسەفیی و ئاینیی و ئایدیۆلۆژیی راگرتووە. واتە:

شێوازی بەرهەمهێنان = هێزەکانی بەرهەمهێنان + پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان

بەگوێرەی تێڕوانینە مێژووییە ئابوورییەکان، مرۆڤایەتیی چوار شێوازی بەرهەمهێنانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەخۆیەوە بینیوە کە (کۆمۆنی سەرەتایی، کۆیلایەتیی، دەرەبەگایەتیی و هەروەها سەرمایەدارییە) و لەهەوڵ و کۆششدایە کە هەنگاو بەرەو شێوازی پێنجەم بنێت ئەویش : کۆمۆنیزمە لەدوای سۆشیالیزمەوە. ئەمە جگە لە چەند شێوازێکی دیکەی هەندەکیی بەرهەمهێنان کە لەتێکستە ئابووریی و گەنگەشە فکریی و زانستییەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە، وەك شێوازی بەرهەمێنانی ئاسیایی و شێوازی بەرهەمهێنانی کۆلۆنیالیی و هەروەها گلۆبالیزەیشن !

## چینی کۆمەڵایەتیی Social class:

چەمکی چین پێناسەیەکی دیارییکراوی کۆنکرێتیی نییە، زۆرجار چین وەك ئاماژەیەك بۆ جیاوازییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان بەکاردەهێنرێت. لەڕاستییدا، بەگشتیی چین بۆ پلەو پێگەی کۆمەڵە خەڵکێك بەکاردەبرێ کە لەچەندین کەس پیکهاتوون و بەگوێرەی سامان و پێگەی کۆمەڵایەتیی و شوێنیان لە سیستمی بەرهەمهێنانەدا ( بەپێی پەیوەندییان لەگەل هۆیەکانی بەرهەمهێنان و شوێنی لە دەستکەوت و دابەشکردنی بەرهەم و قازانجی مادیی و سامانی کۆمەڵایەتیی و نفوزو داهات و جیاوگ و ستایڵی ژیانیان) بەشێوەیەکی ڕێژەیی هاوشێوەی یەکترن و لە چینێکی دیکەی کۆمەڵایەتیی و ئابووری دیکە جیاوازن. چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی زۆرجار بۆ سێ جۆر دابەشدەکرێن : دەولەمەند ، ناوەنجی، هەژار. دەکرێ ئەوانیش بۆ : زۆر دەوڵەمەند ، دەوڵەمەندی ئاسایی ، ناوەنجی نزیك لە دەوڵەمەند، ناوەنجی ئاسایی، کەم



هەژارو زۆر هەژار دابەشبکرێن. هەروەها چینە سەرەکییەکان لە کۆمەڵگای کۆن و نوێی مرۆڤایەتیی بەگوێرەی شێوازەکانی بەرهەمهێنان جیاوازن وەك: خاوەن کۆیلەکان، کۆیلەکان، دەرەبەگ و موڵکدارەکان، جووتیاران، سەرمایەداران، کرێکارانی پیشەسازیی (پرۆلیتاریا). بەگوێرەی ئەم دابەشکارییە، چینەکانی خاوەن کۆیلەو موڵکدارو دەرەبەگ و سەرمایەدارەکان کەمینەو سەردەست و دەسەڵاتدارو خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سامان و پێگەی کۆمەڵایەتیی بوون و کۆیلەو جووتیارو کرێکاریش زۆرینەو بێبەش و بندەست بوون. چینە کۆمەڵایەتییەکانیش نەك هەر لەرووی ئابوورییەوە بەڵکو لەرووی ئاستی بایەخدان بە پەروەردەو تەندروستیی و فەرهەنگ و رۆشنبیرییەوە جیاوازن. بەگشتیی چینەکان ملکەچی دۆخی مێژوویین و لەچێوەیەکی سروشتییدا شکۆفە دەکەن و پەیوەندی پیشەو پێگەو هاوسۆزیی پێکیانەوە دەبەستێت و ئەوانیش بۆ توێژەکان Categories دابەشدەکرێن. شایەنی باسە، وێڕای پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیی، هێشتا جیاوازیی چینایەتیی و ناتەبایی کۆمەڵایەتیی ماوەو چارەسەرنەکراوە.

## ململانێی چینایەتیی :

بریتییە لەو ململانێیە ئاشکراو شاراوەیەی کە لەنێوان چینە کۆمەڵایەتییە ناکۆکەکاندا پەیدا دەبێت و پەیوەندیی بەو رۆڵ و هەڵوێستە جیاوازەی چینەکان و دابەشبوونیانەوە هەیە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و داەبەشکردندا. ئەم ململانێیە حەتمییەو بزوێنەرو هۆکارێکی سەرەکییە لەپرۆسەی گەشەکردنی مێژوو و دەرکەوتنی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان و وەرچەرخانی کۆمەڵگاکان . ناسیونالیستەکان و مەزهەبییەکان بوونی

ململانێی چینایەتیی ڕەتدەکەنەو داوای هاوکاریی و هەماهەنگیی چین و توێژەکان دەکەن، بەڵام کۆمۆنیستەکان پێی لەسەر دادەگرن و مێژووی مرۆڤایەتیی بە ململانێی چینایەتیی دادەنێن.


### ژێرخان Structure و سەرخان Superstructure :

تێکڕای ئەو پەیوەندییانەن کە لەسەر ئاستیی بونیادی مادیی و ئابووری کۆمەڵگادا (دەرامەتە سروشتیی و مرۆیی و سەرچاوەکانی گوزەران)، دەردەکەون، بەتایبەت پەیوەندی لەنێوان بەرهەمهێنەرو هۆیەکانی بەرهەمهێنان، هەروەها ئەو پەیوەندییانەی لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ و دابەشکردن و بەکاربردنی بەرهەمدا دەردەکەوێت. سەرخانیش تەواوی ئەو پەیوەندییانەن کە لەسەر ئاستی سیاسی و فیکریی و فەلسەفیی و ئاینیی و هونەریی و یاسایی و بەهاو مۆراڵیی کۆمەڵگادا دەبینرێت. هەمیشە باس لە گرنگیی و کاریگەریی زۆری ژێرخان بەسەر سەرخانەوە دەکرێت و بەهۆکاری گۆڕینی سەرخان و گواستنەوەی تەواوی کۆمەڵگا لە شێوازێکی ئاستی بەرهەمهێنان و شارستانیی بۆ ئاستێکی دیکە دادەنرێت، بەو پێیەی هەر شێوازێکی بەرهەمهێنان خاوەنی بونیادێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی تایبەتە کە پەیوەنددییەکانی سەرخانی کۆمەڵگا دیارییدەکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ژێرخان ڕەنگدانەوەی سەرخانی بەسەرەوە نەبێت، چونکە هەندێك جار سەرخان کاریگەریی بەرچاو لەسەر ژێرخان یان بونیادە مادییەکە جێدەهێڵێت.

### هۆشیاریی چینایەتیی Class Consiousness :



مەبەست لێی درککردنی تاکەکانی چینێك یان توێژێکی کۆمەڵایەتیی-ئابووری دیارییکراوە کە ئەوان ئەندامی چینێکی کۆمەڵایەتیین کە بەرژەوەندیی هاوبەش و ئامانجی هاوبەشیان هەیە و لەرووی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هاوشێوەن.



بۆ تێگەیشتن لە بەدوایەکداهاتنی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕان و گەشەکردنیان، پێویستە ئەم سێ بنەمایە لەبەرچاوبگیرێت:

**یەکەم: گەشەکردن و پەرەسەندنی پێ بەپێی هێزەکانی بەرهەمهێنان:** واتە پێویستیی گۆڕانی بەردەوامی هێزەکانی بەرهەمهێنان و بەرزبوونەوەی تواناکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا. ئەوەش پێویستییەکە کە لەئەنجامی گۆڕانکاریی بەردەوامی شێوازی کارلێکی نێوان مرۆڤ و ژینگەی سروشتییدا روودەدات و هاندەری نوێ پاڵ بە مرۆڤ دەنێت زیاتر بۆ سەرپێدانەواندنی ژینگە ماددییەی دەوروبەر، بەقازانجی زیاتری خۆی هەنگاو بنێت و پەرە بە باشترکردن و پێشخستنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بدات و هەروەها توانا زهنیی و هزرییەکانی خودی خۆشی بەرەو پێش بەرێت.
**دووەم: پێویستیی گونجاندن و هەماهەنگیی لەنێوان پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و هێزەکانی بەرهەمهێنان:** حاڵەتێکی دیارییکراوی هێزەکانی بەرهەمهێنان پێویستیی بە هاتنەئارای پەیوەندییەکی بەرهەمهێنانی دیارییکراوە. بە مانایەکی دیکە، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، پشتدەبەستێت بە هێزەکانی بەرهەمهێنان و هاوجووتدەبێت لەگەڵیدا. ئەوەش بۆخۆی ئەو هاوسەنگییەی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی و ئابووری رادەگرێت، چونکە بەگەشە و پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانیش دەگۆڕێن و بەوەش شێوازی بەرهەمهێنان لە جۆرێکەوە دەگۆڕێت بۆ جۆرێکەی دیکەی پێشکەوتووتر.
**سێیەم: پێویستیی گونجاندن و هەماهەنگیی سەرخان و ژێرخان:** واتە گۆڕان رەنگدانەوەی سەرخانەو بەگۆڕانی ژێرخان، ئەویش گۆڕانی بەسەردادێت و بەوەش رژێمیکی کۆمەڵایەتیی و ئابووری نوێ دیتەئارا. گۆڕانی سەرخان هێواش و لەسەرخۆیەو وردە وردە شوێنی خۆی دەچەسپێنێ. زۆرجار سەرخانی رژێمی پێشوو بۆ ماوەیەك لەگەڵ دەرکەوتنی سەرخانی رژێمی نوێ دەمێنێتەوە تا لەمەودای دووردا کاڵ دەبێتەوەو نامێنێت.



### سەرنجێك لە پەیدابوون و پەرەسەندنی ژیانی سەرەتایی و چالاکی ئابووری مرۆڤایەتیی لە چاخە کۆنەکاندا:

ئاشکرایە مرۆڤ زادەی زنجیرەیەك پرۆسەی پەرەسەندن و گۆڕانکارییە، کە لە سروشت و جیهان و لەسەر گۆی زەوی روویداوە و مێژووەکەی بۆ ملیاران ساڵ پێشتر دەگەڕێتەوە، دواتریش ئەو پرۆسەیەی زەمینەی بۆ دەرکەوتنی ژیان و سەرجەم بوونەوەران و زیندەوەران رەخساندو شان بەشانی گۆڕانکارییە سروشتییەکانی زەوی لە پەرەسەندن و گەشەکردنێکی بەردەوامدا هەنگاوی بەرەو تەواوکارییەکی داهێنەرانە دەنا. ئەوەی هەر لە ساتەوەختی تەقینەوە گەورەکە کە بۆ ١٣،٨ ملیار ساڵ دەگەڕێتەوە، یەکەمین هەنگاوی خۆی ناو تاکو دەرکەوتنی خۆرەکەمان لە ٤،١ ملیار ساڵ و هەروەها دەرکەوتنی یەکەمین بەکتریای زیندوو لە ٢،٥ ملیار ساڵ و پاشتریش دەرکەوتنی بوونەوەری چەند خانەیی لەپاش تەقینەوەی کامبری لە ٦٠٠ ملیۆن سال پێش ئێستا. ئەو پەرەسەندنەی جێگەی بایەخی زانایانی جیۆلۆجی و بایۆلۆجی و بوارە تایبەتە سروشتناسیەکانی دیکەن و بەدواداچوونی قووڵی ئەم پرۆسەیە لەبورای کارو ئامانجی ئێمەدا نییە.
کاروانی بەرایی دەرکەوتن و پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتیی و چالاکییە ئابوورییەکانیانی باپیرانی مرۆڤایەتیی، بەچەندین قۆناغیی جیاوازو ئاڵۆزو پڕ هەورازو نشێودا تێپەڕیوەو لەماوەیەکی فرە درێژخایەندا زۆر بەسستیی بەرەو پێشەوە ملی ناوە، ئەوەی سەرەتاکەی لە چاخێکی دێرینەوە دەستپێدەکات کە لەلای مێژوونووسان بە (چاخی بەردینیی کۆن/ بالیۆلیتیك / **Paleolithic** ) ناو دەبرێت، ئەو چاخەی کە بۆ نزیکە ٣،٣ ملیۆن ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.
ژیانی مرۆڤی کۆن (هۆمۆ) لەم قۆناغەدا، جیاوازییەکی زۆری لەژیانی ئاژەڵانی دیکە نەبووە، وەك ئەوان پشتی بەسروشت بەستووە لەپێناو کۆکردنەوەو دابینکردنی خۆراك و راوکردنی بوونەوەرە وردیلەکان و بەدیهێنانی خۆراکی ژیانی رۆژانەو پەناشی بردۆتە بە

کلۆرەدارو ئەشکەوتەکان بۆ خۆپاراستن لە سەرماو ئاژەڵە دڕندەکان و هەڕەشەکانی دیکەی سروشت و هەمیشە لەبەردەم ئەو هەڕەشانەدا رووبەڕووی مەترسیی مەرگ بۆتەوە. لەم قۆناغەدا، مرۆڤی کۆن چەندین هەنگاوی گەورە، بەڵام هێواشی ناوە کە هەریەکەیان وەرچەرخانێکی گەورەیان لە بواری بایۆلجیی و جەستەیی و ئاکاریی و توانایی و هزریی و پێشخستنی تایبەتمەندێتیی خودو ژیانیدا هێناوەتەدی و بەردەوام ئەم هەنگاوانە، هەنگاوی دیکەی بەدواداهاتوون کە زەمینەی پەرەسەندن و گەشەکردنی ژیانی مرۆڤایەتیی و چالاکییە ئابوورییەکانیانی رەخساندووە.
وەك لە کۆڵینەوە ئارکیۆلۆجییەکان و هەڵکۆڵینی شوێنەوارناسەکانەوە دەرکەوتووە، شێوەو رووخساری مرۆڤی کۆن (وەك مرۆڤی تەنزانیاو کینیا و حەبەشە)، تەواو هاوشێوەی مڕۆڤی نوێ نەبووە، ئەوەش چ بەهۆکاری پەرەسەندن و چ شیوەی ژیانی کۆن شتیکی ئاسایی بووە و رەنگدانەوەی واقیعی ئەو سەردەمە بوو، بەڵام ئەو گۆڕانکارییەی لە رووی بایۆلۆجیی و جەستەییەوە پێش ١،٦ ملیۆن ساڵ روویاندا، بۆنموونە : رێکبوونەوەی بڕبڕەی پشت و بەکارهێنانی کاراتری دەستەکان لەگرتنی شتەکان وەك بەردو دار بۆ مەبەستی بەرگریی یان هێرشکردن و یاخود لێکردنەوەی بەروبومەکان و شکاندنی بەرهەمە خۆراکییە توێکڵدارە رەقەکان، بازدانێکی مەزنبوو لەژیانی مرۆڤدا و دەرکەوتنی بەشێوەی (**Homo erectus**)، کە یاسا بابەتییەکانی سروشت بەسەریدا سەپاندبوو.نموونەی ئەم جۆرەش وەك ( مرۆڤی جاوا، چین و هەروەها مرۆڤی سۆلۆ) کە خاوەن بڕبرەیەکی پشتی رێك بوون و لەسەر پەلەکانی دواوە واتە قاچەکان قنج و قیت دەڕۆیشتن.
دواتر، بەکارهێنانی بەردو دار و ئێسکی ئاژەڵان وەك ئامرازێك بۆ کارکردنە سەر سروشت و بەدەستهێنانی خۆراك و بەروبومە سروشتییەکان و لەراوکردنی ئاژەڵاندا، و هەروەها هەوڵی بەردەوام بۆ گونجاندن و چاککردن و لەبارترکردنی ئەو ئامرازە سەرەتاییانەو بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی کاراتر، بازدانێکی مەزنبوو لەبواری پرۆسەی بەمرۆڤبوونی راستیینەی مرۆڤی سەرەتایی. لێرەوە، ئەم



زنجیرە گۆڕانکارییە بایۆلۆجیی و داهێنانەی ئامرازی کارو خولیای پەرەپێدان و دەستکەوت و ژیانێکی گونجاوتر لەرێگای کارکردن و کارکردنەسەر سروشت، ئاراستەی کاروانی مرۆڤایەتی بەتەواوەتی لەژیانی ئاژەڵان جیاکردەوەو خستە سەر شاڕێی پەرەسەندنێکی فرە رەهەندو درێژخایەن و فرە قۆناغ.
هەر لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە ناونانی چاخی دێرینی ژیانی مرۆڤی سەرەتایی بە ( بەردین) بۆ ئەو راستییە دەگەرێتەوە، کە ئەو ئامرازە سەرەتاییانەی کە مرۆڤ بۆ یەکەمین جار لەبواری چالاکییە ئابووریی و ململانێکانی لەگەڵ سروشتی دەوروبەردا بەکاری هیناون، وێڕای دارو ئێسك،لەبەرد دروستیکردوون،وەك بەردە رەقەکانی کوارتزو ئۆبسیدیان و بازلت و..هتد، ئەوانەی کە شێوەیەکی زۆر سەرەتاییان هەبوو، دواتر لە پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی و پەرەسەندنی درێژخایەندا، شێوەی گونجاوتریان بەخۆوە گرت کە بەکارهێنانیان کاراترو ئاسانتربێت . نموونەی ئەو ئامرازانە وەك : چەقۆ، چەکوش، رم، بزمار، پاچ و تەور..هتد. ئەو پەرەسەندنەی جیهانێکی دیکەی بەرووی مرۆڤایەتییدا کردەوەو گۆڕانکاریی لەژیان و گوزەران و شوێنی نیشتەجێبوون و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هینایەئارا. نموونەی ئەم مرۆڤە(نیاندەرەتاڵ) و ئامرازەکانی کە بۆ ١٠٠ هەزارساڵ پێش زاین دەگەریتەوە، لە پاکستان و ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاست دۆزراوەتەوە.
مێژوونووسان، هەزارەی چواردەیەم و سەرەتای هەزارەی سیازدەیەمی پێش زانینیان بەسەرەتای قۆناغێکی نوێی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی داناوە، ئەو قۆناغەی دەرکەوتنی تیروکەوانی بەخۆوە بینی کە لە دوا ماوەکانی قۆناغی کۆمۆنی سەرەتاییدا بوو، ئەو داهێنانەی راوکردنی جۆرەها ئاژەڵ و باڵندەنەکانی لەلایەن مرۆڤەوە ئاسانکرد و سوودی لە گۆشت و کەوڵەکانیان دەکردو لە شاخ و ئێسکەکانیشیان ئامرازی نوێی کارکردنی دروستدەکرد.
بەکارهینانی ئاگرو فێربوونی تەکنیکی سەرەتایی کردنەوەی بەهۆی لێخشاندنی دار لەیەکتر یان لێدانی بەردی تایبەت بەیەکتری و سوود

وەرگرتن لەپریشکەکەی لە ئاگرکردنەوەدا، مرۆڤی هەنگاوێکی گەورە بردە پێشەوە، چونکە نەك هەر ئەو ئاگرەی لە کولاندنی خۆراك و برژاندنی گۆشت و هەڵگرتنیدا بەکارهێنا، بەڵکو لە چاککردنی ئامرازە ساکارەکانیشیدا سوودی لە ئاگرکردو بۆ خۆگەرمکردنەوەو دوورخستنەوەی ئاژەڵەدڕندەکان و مانەوەو ژیانێکی پاریزراوتر بەکاریهێنا. هەربۆیە چیدی مرۆڤ هێندە ناچار نەبوو بخزێتە کلۆرەدارو قوولایی ئەشکەوتەکان و دەیتوانی پەناگای خنجیلانە دروست بکات و ماڵۆچکەی خۆی لەو جیگایانە دابنێ کە سەرچاوەی خۆراك و ئاژەڵی زۆری بۆ راوکردن لێیەو هەر لێرەشەوە هەنگاوی بۆ ماڵیکردنی ١٦ جۆر ئاژەڵی گیاخۆر ناوەو سوودی لە بەروبوم و شیرو گۆشت و پێستەکەیان بۆ دابینکردنی خۆراك و پۆشاك کردووەو ژیانێکی چەسپاوتری هێناوەتەدی. لەو ئاژەڵانە: مەڕ، بزن، گا، حوشتر، بەراز. جگە لەوەی کە هەندێك ئاژەڵی تریش بۆ سواربوون و بارکردن و پاسەوانی و هاودەمی خۆی ماڵیکردووە وەك گوێدرێژو ئەسپ و سەگ و پشیلە. هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ پەرەسەندنی کاروانی مرۆڤایەتییدا ملی ریگەیان گرتۆتەبەر.

هاوشانی کۆکردنەوەی بەروبوومی رووەکە سروشتییەکان و راوکردن و ماڵییکردنی ئاژەڵان، مرۆڤ بەدۆزینەوەی کشتوکاڵ و چاندنی تۆوی هەندێك گیا و رووەکە خۆراکییەکان لە قۆناغی چاخی بەردینی نوێ (نیولیتی Newlithic)، هەنگاوێکی مەزنی بەئاراستەی وەرچەرخانی ژیان و چوونە سەر شارێگەی رەنگرێژی شارستانییەت، ئەوەی لە میسۆپۆتامیا قەرزاری گەنم و جۆ و لە چین قەرزاری برنج و لەئەمەریکاش لەسایەی گەنمەشامییەوە سەریهەڵدا. ئیدی لێرەوە مرۆڤ بە خاك و ئاو و جیهانی رووەك و ئاژەڵانەوە بەسترایەوەو ناچاربوو بۆ بەرهەمهینان و ئاگاداریی رووەکە چێنراوەکانی بەدیاریانەوە لەشوێنێکی جێوگرافی دیارییکراو بمێنێتەوەو پێکەوە بیروڕا بگۆڕنەوەو هاوکاریی لەیەکتر وەربگرن بەمەبەستی ئاسانکردنی کارەکانیان. هەروەها دەبوو لەڕێگەی پەرەپێدانی چالاکییە ئابوورییەکان و کارو ئەرکەکانی بەرهەمهێناندا وەك : کێڵان و



جووتکردن، چاندن و تۆوکردن، ئاودان و جۆگە هەڵبەستن (بەتایبەت بۆ ئەو بەروبوومانەی کە پشت بەئاوی باران نابەستێت)، بژارکردن ،دروێنە، گێرە، شەنکردن و هەڵگرتنی خەرمان..هتد، ئامرازە کۆنەکانیان چاکتربکەن و ئامرازی نوێ دروستبکەن. لێرەشەوە دەرکەیەکی نوێ لەبەردەم چالاکییەکی ئابووری گرنگ کرایەوە کە پیشەگەریی و کاری پیشەسازیی دەستییە، ئەوەی لەرووی جۆرایەتیی و چەندایەتییەوە تا دەهات لەپەرەسەندن و پێشکەوتندا بووەو بەوپێیەش کاریگەریی لەسەر ئاستی پێشکەوتنی هۆیەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤیش کردووە، بەتایبەت ئەوکاتەی کە مرۆڤ توانی وردە وردە سوود لەمیتال و کانزاکان وەربگرێت و بۆ دروستکردن و پێشخستنی ئامێرەکانی، لەو بوارەشدا تەکنیکی پیشەگەریی لەباوان و شارەزایانی گروپەکاندا، نەوە بەدای نەوە دەگوێزرایەوەو نوێکاری بەسەردا دەهات و شێوەو جۆری کاراترو شیاوتری بەخۆوەدەگرت. هەر لێرەدا پیویستە ئاماژە بەو راستییە بکرێت، کە مرۆڤ بۆ دروستکردنی ئامراز و ماڵ و شوێنی ژیانی سوودی لەو پێکهاتە سروشتییانە بینیوە کە ژینگەکەی پێی بەخشیوە، بۆنمونە لە شارستانییەتی دۆڵی نیل، بەکارهێنانی قامیش و دارو پێستە و قوڕ لە دروستکردنی خانوودا لە بەکارهێنانی بەرد زیاترە.

ئەم پەرەسەندن و گەشەکردنەی بەسەر ئامرازەکانی کارکردندا هات، رۆڵێکی بەرچاوی لە زێدەبوونی بەرهەمدا بینی و رێگاشی بۆ دەرکەوتنی زیدە بەروبومی خۆراکیی رەخساند، کە مرۆڤی سەرەتایی هاندا بۆ کاتی پێویست هەڵیانبگرێت. لەوەش زیاتر، وەك وترا دۆزینەوەی ئاگرو کشتوکاڵ بە دوو وەرچەرخانی گەورە لەبواری چالاکییە ئابوورییەکانی مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەقەڵەم دەدرێت.

هەر لێرەدا دەکرێ ئاماژە بۆ سەرەتاییترین دابەشکردنی کار بدرێت کە کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتییش دانا، ئەویش دابەشکردنی کارە بەگوێرەی تەمەن و هەروەها بەگوێرەی رەگەز واتە لەنێوان ژن

و پیاودا، کە یەکەمیان زیاتر بەکاری کۆکردنەوەی بەروبومی رووەکی و هەروەها چاندنی سەرەتایی و بایەخدان بە منداڵ و هاڕینی دانەوێڵە و ئامادەکردنی خۆراك و رستن و چنینی پۆشاك و دروستکردنی سواڵەت و قاپ و ئەوەی تریشیان بە بەردتاشین و دروستکردنی چەك و ئامرازەکانی راوکردن و هەروەها چالاکیی راوکردنی ئاژەڵاندا لەو دەشت و کێوە خەریکبوون و ئەرکی لەوەڕاندنی مێگەل و بەرگرییکردنیشی لەدژی بێگانە (کەسانی دەرەوەی گروپەکە) دەکەوتە ئەستۆ، پاشتر دابەشبوونی گروپ و خێڵەکانی بەدواداهات کە هەندێکیان بەکاری کشتوکاڵ و نیشتەجێبوونی کاتیی یان بەردەوام و هەندێك گروپ و خێڵی دیکەش بە ماڵات بەخێوکردن و ئاژەلدارییەوە خەریکبوون، بێئەوەی بەتەواوەتی لەیەکتر دابڕێن، چونکە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بەروبومەکان و بەرهەمەکانیان پێویستبوو پەیوەندییان هەبێت و لەبۆنەی جیاوازدا پێکەوە کۆببنەوە. ئەو چالاکییەی زەمینەی بۆ دەرکەوتنی چالاکییەکی دیکەی ژیانی ئابووری مرۆڤایەتیی رەخساند، ئەویش چالاکی بازرگانییە، ئەو چالاکییەی دواجار بەشێوەیەك پەرەیسەند کە بووە پیشەیەکی سەربەخۆو رۆلێکی کارگەریی لە وەرچەرخانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتییدا خولقاند.

هاوکات لەگەڵ ئەم پەرەسەندنانە، ژیان و بواری کۆمەڵایەتیی مرۆڤی کۆن پەرەیسەند، ئەوەی کە هەر لەسەرەتاوە بە چارەنووسی چالاکیی و کاری تاکەکانی ئەو گروپەوە پەیوەستبوو کە مرۆڤ بەشێك بوو لێیان، لێرەشەوە عەشیرەت یاخود هۆزو خێڵە سەرەتاییەکان وەك کۆنترین رێکخستن و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و ئابووری بەرجەستەبوون، ئەوانەی کە لەسەر داب و نەریت و خوی تایبەت بە خودی هەریەکەیان لەوی دیکە ژیانی خۆیان لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە داخروەی نیوان تاکەکانیان بەڕێوەبرد. ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی خێڵەکان کە بە هاوکاریی و هەماهەنگیی نێوان تاکەکانیان لەپێناو خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خێڵەکە یان گروپەکە دەناسرایەوە، ئەوەی کاریگەریی لەسەر



سروشتی موڵکایەتیی هۆو ئامرازە ساکارو سنووردارەکانی بەرهەمهێنان و وایدەکرد موڵکی تەواوی گروپەکە بێت، بەشێوەیەك ئەستەمە بەڵگەی ئەوتۆ ببینەوە سەبارەت بە کەسێکی خێڵەکە یان گروپەکە لەوەی بەتەنیا دەست بگرێت بەسەر هۆو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەمی کاری ئابووریدا. کاریکی ئەوتۆ کە دەبووە مەترسییەکی گەورە و تۆوی هەرەسهێنانی یەکێتیی کۆمەڵایەتیی و ئابووری تەواوی گروپەکە. ئەو یەکێتییەی کە لەسەر بەشداریی هەمووان لە کارکردنێکی بەرهەمهێنی سنووردار دامەزرابوو، ئەوەی کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر دابەشکردنیکی سنووردار هەبوو تێرکردنی پێویستییەکانیان بە بەروبوومە خۆراکییە بنەڕەتییەکان و سەرلەنوی بەرهەمهینانەوەی هێزی کاری تاکەکانی گروپەکە.

لێرەدا، موڵکایەتیی گشتیی هۆیەکانی بەرهەمهێنان جۆری موڵکایەتیی باوبوون وەك پێویستییەکی گرنگی دابینکردنی ژیانیان، بەشێوەیەك لەسەر جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لەنێو ئەو گروپ و خێڵانە رەنگیدایەوە، ئەوەی رێگربوو لەبەردەم قۆرخکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئیستیغلالکردنی مرۆڤەکان لەلایەن یەکترییەوە، جگە لەوەی جیاوازییەکی گەورەو ئاشکراش لەئاستی گوزەران و ژیانی تاکەکاندا نەدەبینرا و کۆمەڵگایەکی بێ چین و سادەو ساکار لەئارادا بوو .

موڵکایەتیی گشتیی خێڵەکیی شێوازی موڵکایەتیی باو بوو بۆ تاکەکانی خێڵەکە، تەنانەت ئەو رێبەرانەشی خێڵیان بەڕێوەدەبرد لەسەر بنەمای خاوەندارێتیی موڵکایەتیی تاك نەبوون، بەڵکو دەبوو هەڵگری کۆمەڵێك ئاکارو خەسڵەت بوونایە راستەوخۆ پەیوەستبوو بە ژیانی رۆژانەو چالاکیی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، وەك ئازایەتیی و شارەزایی لە وەلامدانەوە بەپیویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، چارەسەرکردنی کێشەکان، بەرێوەبەردنی کارەکانی گروپ و رێبەرایەتییکردنیان لەکاتی هێرش و پەلامارو چالاکییە گشتییەکاندا، هەربۆیە

سەرکردەکان میراتیی نەبوون و ملکەچی ویست و لایەنگریی و پشتگیریی ئەندامەکانی خیڵ بوون.
بەم شێوەیە، ئەو زەوییانەی کە خیڵ لەسەری دەژیا، یان ئەو مێگەل و ماڵاتانەی خێڵە شوانکارەکان لەپاوانەکانیان دەیانلەوەڕاندن و بۆ ژیانی خۆیان سوودیان لێوەردەگرت بە موڵکی گشتیی و هەمووان دادەنرا، سنورە سروشتییەکانی وەك : رووبارو دارستان و چیاو دۆڵەکان، موڵك و پاوان و قەڵەمرەوی خێڵەکانیان لەیەکتر جیا دەکردەوە، ئەو مولکایەتیی و کارە دەستەجەمعیی و گشتییەی کە شێوەیەکی ئەو پەیوەندییانەی ئەو قۆناغە مێژیینەیە بوو، تا ماوەیەکی درێژیش بەردەوام بوو.
پێویستە بوترێت کە ئەو زنجیرە پەرەسەندنە هەمەلایەنەی لەژیان و چالاکییە مادیی و ئابوورییەکانی مرۆڤایەتییدا هاتۆتەدی، دەرکەی لەسەر زۆر بواری دیکەی پێویستی لە ژیانی دەرونی و کەلتورییدا کردۆتەوە کە بەشێکبوون لەسەرخانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی لەقۆناغی کۆمۆنی سەرەتاییدا وەك دەرکەوتنی هونەر، بەتایبەت وینەکێشان، دروستکردنی پەیکەرە بەردین و قوڕینەکان وەك سیمبولێك بۆ خواوەندو هێز پیرۆزەکان و هەروەها بیروباوەرە سەرەتاییە ئاینییەکان وەك پەرستنی سروشت و بەپیرۆززانینی دیاردەو رەگەزەکانی سروشت و ئەنجامدانی سێرمۆنیا جۆراوجۆرەکان و جادوگەریی، ئەوەی دواجار بەشێوەیەك پەرەیسەند کە هەر گروپەو رۆحانیی یان کاهن و جادوگەری خۆی هەبوو، ئەوەی ئەرکی دەرکردنی گیانە خراپەکان و بانگێشتی هیزە پیرۆزەکان و چارەسەری نەخۆشیی و پیرۆزکردنی چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامدەداو ئەوەش ناوك و سەرەتای جەرکەوتنی توێژی رۆحانییەکان یان پیاوانی ئاینیە لەمێژوودا.
دواجار پەرەسەندنی ئامرازو هۆیەکانی بەرهەمهێنان و دەرکەوتنی چالاکیی ئابووری نوێ زەمینەیان لەبەردەم دەرکەوتنی پەیوەندی نوێی بەرهەمهێنان و دەرکەوتنی زێدەبەرهەم و هەوڵدان بۆ رەنیوهێنانەوەی تواناکانی مرۆڤ لەبواری بەرهەمهێناندا هێنایەئارا، ئەوەی لەلای



خۆیەوە دۆخێکی نوێی ئەوتۆی لەژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی مرۆڤایەتییدا هێنایەئارا و وایکرد رووە ساکارەکانی بەرژەوەندیی تایبەت و مولکایەتیی تاك و دابەشکردنیکی تۆکمەی کارو خێزانی نوێ و ئابووری خیزانیی و چەسپاندنی رۆڵی بەخێوکەری خێزان (باوك) و فراوانبوونی گوندو دەرکەوتنی رێکخراوی بان-خێل (کۆنفیدراسیۆنی خێڵ)و توێژی پیشەگەرو بازرگان و رۆحانییەکان و خێزانە خانەدانەکان، ئەو پەرەسەندنەی کە تادەهات بەتەواویی شوێنی بە کۆمەڵگای سەرەتایی ناچینایەتیی لەقدەکردو تۆوی رسکانی کۆمەڵگای چینایەتیی دێنایەئارا.

## شێوازی کۆیلایەتیی بەرهەمهێنان

کۆیلایەتیی، واتە مرۆڤێك مرۆڤێکی دیکە بکاتە موڵکی خۆی، مولکایەتییەك کە لەبەکارهێنان و کارپێکردنی ناچاریی ناوەستێ، بەڵکو دەتوانێ بیشیفرۆشێت و نرخەکەی وەربگرێت، لەوەش زیاتر دەتوانێ لەبەر هۆکارێکی بچووك یان هەر بی هۆ گیانی لێ بسێنی و بیکوژێ. شایەنی باسە، کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی هەر لە قۆناغی کۆتایی پەرەسەندنی کۆمەڵگاو گروپە سەرەتاییەکان، کۆیلایەتیی تێدا دەرکەوتووە، کاتێك هیزەکانی بەرهەمهێنان گەیشتنە ئاست و پلەیەك کە ریگەی بەتاك دا زیاتر لەبەشی پێویستی خۆی لە بەرهەمی کشتوکاڵیی یان ئاژەڵیی بەشێوەی (زێدەبەرهەم)گلبداتەوەو مانەوەو ژیانی خۆی مسۆگەربکات و بتوانێت کەسانی دیکە ناچاربکات هەڵسوڕێن و کاری بۆ بکەن و زێدەبەرهەمی پێشکەش بکەن بێ ئەوەی خۆی کاربکات یان لەبواری بەرهەمهێنانی ئابوورییدا ئارەق بڕێژێت.

لەئاکامی ئەمەشدا، بەرژەوەندیی ئابووری وایکرد کە ئەو دیلانەی پێشتر لەجەنگی گروپە سەرەتاییەکاندا دەکوژران، ژیانیان بپارێزریت و لەبواری کارو بەرهەمهێناندا بەکارببرێن و لەلایەن خاوەنەکانیانەوە دەستیش بەسەر بەرهەم و زێدەبەرهەمی کارەکەیاندا بگیرێت و تەنیا ئەوەندەیان پی بدرێت کە بتوانن جاریکی دیکە هێزی جەستەیی خۆیان لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بخەنەوە گەڕ.

ئەگەر لەسەرەتادا کۆیڵایەتیی تەنیا بەسەر دیلەکانی جەنگدا دەسەپێنرا، پاشتر بە کۆبوونەوەو کەڵەکەبوونی سامان و بەرهەم لەدەستی ژمارەیەکی کەم لە تاکەکانی گروپەکان، وردە وردە بەرەو دیاردەیەکی گشتیی ملیناو بەشێوەیەك تەنانەت ئەوانەش بگرێتەوە کە تواناو مافی بەکارهێنانی مولکایەتییە گشتییەکانیان لەدەستداوە، ئەوەش گۆڕانێکی ریشەیی لە دۆخی بەرهەمهێناندا هێنایەئاراو بووەهۆی هەڵوەشاندنەوەو پوکانەوەی زۆرینەی کۆمەڵ و گروپە سەرەتاییەکان و شوێنگرتنەوەیان لەلایەن کۆمەڵگای کۆیلایەتیی.



دەستنیشانکردنی کاتێکی دیارییکراو بۆ دەستپێکی سەرەتاکانی ئەم سیستمەو شێوازی بەرهەمهێنانە لەتەواوی جیهان و وڵاتە جۆراوجۆرەکانی کۆندا، کاریکی دروست نییەو بەگوێرەی دۆخە تایبەتییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی دەگۆڕێت. دەوترێت کە سەرەتا وڵاتانی رۆژهەڵات لەماوەی ٤٠٠٠ سال پێش زاین، یەکەمین جار ئەزمونی سیستمی کۆیلایەتییان کردووە و کۆیلایەتیی و شێوازی بەرهەمهێنانی کۆیلایەتیی لە وڵاتانی وەك بابل و ئاشورو قەفقاس و ئورارتو و سەمەرقەند و میسرو هندو چین بڵاوبۆتەوە، پاشتریش ئەم سیستمە لەئەوروپا دەرکەوتووەو بەرهەمهێنانی کۆیلایەتیی لەیۆنان لە سەدەی شەشەم و پێنجەمی پێش زایندا گەیشتە چڵەپۆپە، دواتریش لەرۆما ، لەسەدەی دووەمی پێش زاین و سەدەی دووەمی زاینیی گەیشتە دواپلەی پێگەیشتنی.

لە سەرەتای دەرکەوتنی سیستمی بەرهەمهێنان کۆیلایەتییدا، دیاردەکانی وەك پاشەکشەی پەیوەندییە هاوبەشییە سەرەتاییەکان و خاوەندارێتیی تاك و مولکایەتیی تایبەت، هەروەها دەرکەوتنی دراو و پەرەگرتن و سەربەخۆبوونی پیشەگەریی و هەروەها دەرکەوتنی شارو جیابوونەوەی لەلادێ و پەرەگرتنی مامەڵەی بازرگانیی و دیارەی قەرزو قەرزکاریی و جیاوازیی کۆمەڵایەتیی و رسکاندنی چینە کۆمەڵایەتییەکان و پۆلێنکردنی کۆمەڵگا لەسەربنەمای تواناو پێگە ئابووری و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئاینییەکان، بەشێوەیەك لەم سیستمەدا کۆمەڵگا بەسەر دوو چینی سەرەکییدا دابەشدەبێت کە ئەوانیش : ئازاد و کۆیلەکانن، ئازادەکان خاوەنی تەواوی مافە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و مەدەنیی و ئابوورییەکانن و کۆیلەکانیش جگەلەوەی ئامرازێکی کارو بەرهەمهێنانن ، هیچ شتیکی ترنین و خاوەن هیچ مافیکیش نین. ئازادەکان بۆ دوو دەستە دابەشدەبن، مولکدارە مەزنەکان کە هەمانکات خاوەن کۆیلەکانن، لەگەڵ دەستەی بەرهەمهێنە گچکەکانی وەك جوتیارو پیشەگەرو بازرگانەکان کە خاوەنی ژیان و بڕیاری خۆیانن و کەمە دەوڵەمەندەکانیان چەند کۆیلەیەکیان هەیە یان هەر هیچیان نییە. لەنێو چینی ئازاددا، جگە لە پێکدژیی نێوان

بەرژەوەندییەکانی موڵکدارە مەزنەکانی زەوی و کۆیلەکان لەلایەك، لەنێوان موڵکدارە مەزنەکان و جووتیارو پیشەگەرەکان لەلایەکی دیکەوە هەبوو، فراوانبوونی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕەکان وایدەکرد تادێت موڵك و پارەو سامان و کۆیلە لەدەستی مولکدارە دەوڵەمەندەکاندا کۆبێتەوە و ئەوەش هەرەسی سەربەخۆیی لادێ و کاری پیشەگەریی بچووکی لێکەوتەوە کە توانای رکابەرییان نەبوو، ئەو بوارەی کە تاکو کۆتایی ئەو سیستمەش لەپەراوێزی ژیانی کشتوکاڵیی و بەشێوەیەکی دواکەوتوو و وابەستە بە موڵکدارە گەورەکان بەرێوە دەچوو، بەڵام بەوهۆیەی کە سیستمی کۆیلایەتیی خزایە نێو تەواوی جومگە و لقەکانی چالاکییە ئابوورییەکان و بووە بنەمایەکی سەرەکیی و بنەڕەتیی بەرهەمهێنان، پێکدژیی نیوان خاوەن کۆیلەو کۆیلەکان بووە پێکدژیی جەوهەریی کۆمەڵگاو شێوازی وەحشییانەو توندوتیژیی بەکارهێنانی کۆیلەکان دەبووە هۆکاری لەناوچوونیان، ئەوەی وایدەکرد بەردەوام داواکاریی لەسەر کۆیلە بەرزبێتەوە، لێرەوە دیاردەی جەنگەکان لەپێناو کۆیلەو دەستبەسەرداگرتندا بڵاوبوونەوەو دەوڵەتانی کۆیلەدارو پارێزگار لەسیستمی کۆیلایەتیی لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەهەڵگیرساندنی جەنگی بەردەوام لەپێناوی کۆیلەکردنی گەلاندا وچانیان نەدەدا.

مێژووی میسری کۆن لەقۆناغی هەردوو دەوڵەتی ناوەڕاست و نوێدا کە سیستمی ئابووریان لەسەر کۆیلایەتیی بنجی گرتبوو، پڕپڕە لە جەنگ و پەلامارو هێرشکاریی کە کێڵگەکان و بازاڕی کۆیلەکانی بە دیلی جەنگەکان سیخناخ دەکرد. مێژووی یۆنان و رۆمانی کۆنیش لە جەنگەلێکی بەرفراوان و خویناویی بەدەرنین، بەشێوەیەك رۆما لەسەردەمی پڕ شکۆو زێڕینی خۆیدا، توانیبووی مەزنترین بەشی جیهان داگیربکات و نەك هەر دیلەکانی جەنگ بەڵکو گەلانی دۆڕاو و داگیرکراویش بە پۆل بکاتە کۆیلە، لەجەنگەکانی سێیەمی رۆما لەگەڵ مەکدونیا لەساڵی ١٦٩ی پ.ز، ٧٠ شار لە ئیپیروس EPIRUS تاڵانکراو لەرۆژێکدا ١٥٠٠٠ کۆیلە لەدانیشتتوانەکانیان فرۆشران. هەروەها لەرێگەی :



- هەموو تاوانکاران و ئەوانەی یاسای دەوڵەتیان پێشێل دەکرد ئازادیی خۆیان لەدەستدەداو لەلایەن دەوڵەتەوە یان بۆ قازانجی لایەنی مافپێدراو، دەکرانە کۆیلە و بەکاردەبران و بەزۆر کاریان بەسەردا دەسەپێنرا .
- قەرزاربار دەکرایە کۆیلەی قەرزپێدەر یان لەبازاڕی کۆیلایەتیی دەفرۆشراو پارەکەی دەدرایەوە.
- باوکان و خێزانە هەژارو دەستکورتەکان لەپیناوی بژێوی خۆیان یان دانی باج و سەرانە بەناچاریی منداڵیان دەفرۆشت یان پێیان دەفرۆشرا.
- ئەو منداڵانەی زادەی زاوزێی کۆیلەکان بوو دەکرانە کۆیلە، تەنانەت منداڵی پیاوی ئازاد لە ژنی کۆیلە بەکۆیلەیی دەمایەوەو نەدەبووە منداڵێکی ئازاد.

شایەنی باسە، لەساڵی ٢٤ی پێش زاین، ژمارەی کۆیلەکان لەدەوڵەتی رۆمادا بە ٢٠ ملیۆن لەبەرامبەر ٢١٤ هەزار مرۆڤی ئازاد لەقەڵەم دەدرێت، هەروەها لە ساڵی ٣٠٩ پ ز، لە ئەسینا ٤٠٠ هەزار کۆیلە لەبەرامبەر ٢١ هەزار هاوڵاتیی ئازاد هەبوون.

شایەنی باسە، لەکاتی جەنگەکاندا، ژمارەی کۆیلەکان زێدەدەبوون و بەوەش نرخیان لەبازاڕی کۆیلایەتییدا دەهاتەخوار، بەشێوەیەك هەندێ جار نرخی کۆیلەیەك لەنرخی ئەسپێکی رەسەن زۆر کەمتربوو کە لەچەند دراخمایەك تێپەڕی نەدەکرد .

پێویستە بوترێت کە سیستمی کۆیلایەتیی بەرهەمهێنان، وێڕای پێکدژیی لەگەڵ بنەما بنەڕەتییەکانی بەهاکانی مرۆڤایەتیی، بەڵام دەرکەی لەبەردەم جیابوونەوەی کارو پەرەسەندن و فراوانبوونی چالاکییە ئابوورییەکانی نێوان کشتوکاڵ و پیشەگەریی و هەروەها بازرگانیی و دەرکەوتنی چەندین پیشەی دیکە کردەوەو دەرفەتگەلێکی لەبەردەم گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان رەخساند کە زۆر لەسەروی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بوو. گردبوونەوەی کۆیلەکان لەدەستی دەوڵەتە کۆیلایەتییەکان زەمینەی جێبەجێکردنی کاری

دەستەجەمعی بەرفرەی رەخساندو دەوڵەتانی خاوەن شارستانیی کۆنی وەك میسرو چین و هند و رۆمای هاندا چاکسازیی بایەخدارو بەرفراوان لە سیستمی ئاودێریی و رێگاوبان و دروستکردنی شوراو پەرستگا و جێنزرگەو گۆڕو بیناسازیی مەزندا ئەنجام بدەن.
بۆنموونە، میسر توانی لە سەردەمی بنەماڵەی دوازدەهەمدا ژمارەیەکی زۆر کۆیلە لە وشککردنەوەی بڕێکی بەرفراوان زەویدا بەکاربهێنی کە ئاوی لافاو لەدەروازەی فەیومدا داپیۆشیبوو، بەجۆرێك وەك کێلگەی کشتوکاڵی رەنێوبهێنرێ و بەنداوێکی گەورەشی لەهەمان شوێن بۆ بنیاتبنرێت. لە یۆنان و رۆمانیش، کۆیلەکان بە گەلە لە زەوییە کشتوکاڵییەکاندا دەخرانە بەرکار و لە دروستکردن و بنیاتنانی پەرستگاو کۆشك و تەلارو لەبواری دەرهێنانی کانزاکان و وشککردنەوەی زەلکاوەکان و گۆڕینی بۆ زەوی کشتوکاڵیی و هەڵبەستنی جۆگەو هەڵکەندنی کارێزو پرۆسە ئاودێرییەکاندا بەکاردەبران. هەرەمەکانی میسرو شورای بەناوبانگی چین و پەرستگا بەناوبانگەکانی یۆنان و تەلارە بەرزو مێژووییەکانی رۆمای کۆن، زادەی رەنج و ماندووی کاری کۆیلەکان بوون. کۆیلەکانی نێوماڵ کە بەکاری خزمەتکاریی و بەدەمەوەچوونی خاوەن ماڵ و هەندێك کاری دیکەی ئابووری لە کێڵگەو باخدا، تاڕادەیەك دۆخیان لەوانی دیکە باشتربوو، بەتایبەت ئەوانەی لە کانەکاندا کاریان پێدەکراو دۆخیان لەوپەڕی خراپییدا بوو، ئەوپەڕی توندوتیژیشیان لەدژ دەگیرایەبەر.
لەو وڵاتانەی ئەم جۆرە شێوازەی بەرهەمهێنانیان تێدا باو بوو، کشتوکاڵ و کاری وەرزێریی چالاکیی سەرەکیی ئابووری بوو، چالاکی پیشەگەریی و بازرگانی لەسەر ئاستێکی بەرتەسکتر ئەنجام دەدران و بەرهەمهێنان لەپێناو بەکاربردنی راستەوخۆدا بوو، پیشەگەرو بازرگانەکانیش زۆرجار کێڵگەیەکی بچووکیان هەبوو، کێڵگەش بەروبومی خۆراکیی پێشکەش بە خوانەکانی ماڵان دەکرد، وێڕای هەندێ بەروبومی وەك کەتان و خوری و پێستە و تەختە کە جلوبەرگ و پێویستییەکانی بەرگ و قاپ و شتەکانی دیکەیان لێ دروستکردو ئەگەر شتیکیش زیادە بووایە دەفرۆشرا. ئامرازەکانی



بەرهەمهێنان، بەزەویشەوە، جگە لە دارستان و پاوانەکان، موڵکی تاك بوون، ئەوەش نایەکسانیی و باڵادەستیی و هەژمووونی چینێکی خاوەن بەرژەوەندیی لەبواری ئابووریدا، بەسەر چینە کەمتوانا و هەژارو کۆیلەکاندا دەهێنایەئارا. لەم سیستمەدا، موڵکدارە مەزنەکانی زەوی کۆیلەدارو بازرگان و سوخۆرەکان باڵادەست و قۆرخکاری زێدەبەرهەمی ئابووریی بوون و پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتییان هەبوو، لەکاتێکدا جووتیارە بچووك و پیشەگەرو کۆیلەکان کەمدەست و بێبەشبوون لە زێدەبەرهەمی ئابووریی و لەرووی پلەبەندیی و پێگەی کۆمەڵایەتیشەوە لەخوارەوە بوون .
ئەگەر جیهانی کۆن لەسایەی کاری کۆیلایەتییدا، گەیشتبووە پلەیەکی شارستانییەتی پێشکەوتوو، بەشێوەیەك هەندێ لەلقەکانی زانستیی وەك ماتماتیك و ئەستێرەناسیی و میکانیك و ئەندازیاریی گەیشتبوونە ئاستێکی بەرچاوی بڵندیی و چەندین شاکاری هەڵکۆڵین و شوێنەورای بیناسازیی و دانراوە فەلسەفییەکانی کۆنیان وەك سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی فەرهەنگی مرۆڤایەتیی بۆ جێهێشتووین، بەڵام ئەم پێشکەوتنە بەهەمان ئەندازە نەگەیوتە بواری بەرهەمهێنان، ئەوەی تا ماوەیەکی درێژخایەن نەیتوانی قۆناغی گەلەکاریی سەرەتایی و دەستەجەمعی تێپەڕێنیت کە لەرێگەی بەکارهێنانی ئامرازی کاری سەرەتایی دەستی جووتیارەکان و دەستکردی پیشەگەرەکان رەنێودەهات، هیزی بزوێنەری سەرەکیی بەرهەمهێنانیش بریتییبوو لە هێزی جەستەیی مرۆڤ و ئەو ئاژەڵانەی بۆ کاری کشتوکاڵیی رامکرابوون، ئەوەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە:

أ- ئەو سیستمەی لەسەر کاری کۆیلایەتیی بنیاتبنرێت ناتوانێت زەمینەی شیاو بۆ پێشکەوتنی تەکنیکی گرنگ و وەرچەرخێنەر ئامادەبکات، چونکە ئەو کۆیلەیەی کە ئازادیی خۆی لەدەستدەدات و تەنیا لەسایەی قامچی و ترس کاردەکات و لەدۆخێکی فرە ژێرستەم دژورادا ژیان دەگوزەرێنێ، هیوایەکی ئەوتۆی

بەداهاتوو نابێت و هەموو ئارەزوو و هاندەرێکی زێدەکردنی بەرهەمهێنانی لەلا پوچ دەبێتەوە.

ب- بەکارهێنانی کۆیلە لە زۆربەی کارەکانی پرۆسەی بەرهەمهێناندا و مژینی تەواوی هێزی جەستەییان، وای لە خاوەن کۆیلەکان کرد کە بەشێوەیەکی نەشیاو سەیری کارو کاری جەستەیی بکەن کە شایەنی پیاوی ئازادو سەربەست نییە، هەربۆیە ئەوان کاری جەستەییان بۆ کۆیلەکان جێهێشت و بۆخۆیان زیاتر خەریکی بابەتە گشتییە زیهنییەکانی وەك زانست و هونەرو هەروەها فێربوونی سوراچاکیی و شمشێربازیی و هونەرەکانی جەنگ بوون.

ئەو پێکدژییەی کە لەشێوازی بەرهەمهێنانی کۆیلایەتییدا سەریهەڵدا لەدوا قۆناغەکانیدا هێندە پەرەیگرت کە زەمینەی رووخاندنی رەخساند، هەروەها کۆیلەکان لەو کۆمەڵگایانەدا یان هەڵدەهاتن و خۆیان دەشاردەوە یان لەکاتی توندوتیژبوونی چەوساندنەوەو ستەمی خاوەن کۆیلەکان و دەوڵەتی کۆیلەدارییی، رادەپەڕین و بەگژ خاوەن کۆیلە و دەزگاکانی دەوڵەتدا دەچوونەوەو هاوشانی جووتیارە بچووکەکان دژی موڵکدارە کۆیلەدارەکان و زەویدارەکان دەوەستانەوە. لەگرنگترین نموونەکانی مێژووی شۆڕشی چەوساوەکان، شۆڕشی باگاودی لە ناوچەی گال لەساڵی ٢٨٥ پ.ز، هەروەها شۆڕشەکەی سقلّیە کە لەساڵی ١٣١-١٢٠ پ.ز روویدا، هەروەها شۆڕشەکەی سپارتاکۆش لە ئیمپراتۆری رۆمانیی لەساڵی ٧٤-٧١ پ.ز کە بەتوندترین و خوێناوییترین شێوەی تیرۆر و تۆقاندن سەرکوت کرا.

بەزێدەبوونی شۆڕشی کۆیلەو جووتیارانی سەربەست، پایە سیاسی و جەنگییەککانی کۆمەڵگای کۆیلایەتیی داڕماو و سەرکەوتنەکان شکست و دۆڕانی مەزنیان بەدواداهات، بەوەش ئابووری دەوڵەت و کۆمەڵگاو وڵاتە کۆیلایەتییەکان هەرەسیهێنا، ئاشتیی کۆمەڵایەتیی لەئاکامی توندوتیژبوونی جیاوازیی چینایەتیی بەتەواویی لەبەریەك هەڵوەشاو



چینە هەژارەکانی کۆمەلگا وەك کۆیلە و جووتیارانی بچووك و پیشەگەرەکان هەوڵی راکردن و هەڵاتنیان دەدا، ئەوەی زەمینەی بۆ دەرکەوتنی شێوازێکی دیکەی بەرهەمێهنان رەخساند، بەڵام ئەم هەرەسە بەمانای کۆتاییهاتنی تەواو و هەتاهەتایی دیاردەی کۆیلایەتیی نەبوو، بەڵکو ئەم دیارەدەیە (نەك شێوازی سەرەکیی بەرهەمهێنان) لەقۆناغەکانی دیکەش بۆماوەیەکی درێژ مایەوەو دەشێت لەئێستاشدا لەهەندێ جێگە هەر مابێ. لەسەردەمی نوێدا، گرنگترین بواری کاری کۆیلەداری بریتییبوو لەو بازرگانییەی کە لەلایەن بازرگانانی کۆیلەی وەك پۆرتوگالییەکان و ئینگلیزەکانەوە بەڕێوەدەبرا بۆ راوکردن و کڕین و فرۆشتنی کۆیلەی رەشی ئەفریقیی و گواستنەوەیان بەرەو کۆڵۆنییەکان و کیشوەری تازە دزۆراوەی ئەمریکا، لەسەدەی شازدەیەم و حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا. ئەوەی کە سەرچاوەی پارەو داهات و سامانێکی زۆری بۆ دابین دەکردن، جگە لەوەی لەو کیشوەرە نوێیەی ئەمریکا، بناغەی سیستمیکی کۆیلایەتیی چەسپاند کە لەسەر بەکارهێنانی کاری کۆیلە رەشپێستەکان لەکێڵگە کشتوکاڵییەکاندا دەچوو بەڕێوە، ئەوەی کە ئاسەوارو پاشماوەکانی تەنانەت دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکاو سەرکەوتنی خەباتی مەدەنی رەشپێستەکان دژی هەڵاواردنی رەگەزیی بەرابەری (مارتن لۆسەر کینگ ١٩٢٩-١٩٦٨) لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم درێژەی کێشا.

## دەستپێکی سەرەتاکانی بیری ئابووری

سەرەتا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو راستییە بکەین کە لەقۆناغی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆیلەداریی و دەرکەوتنی دەوڵەت و شارستانییەتەکانی کۆندا، سەرەتاکانی بیری ئابووری لە بەرهەمی چەند بیرمەندو بایەخدارانێکی دیارییکراودا دەرکەوتن، ئەمەش یەکەمین هەنگاوەکانی ئەم بوارە گرنگەی مێژووی ئابووری و پەرەسەندنی تیۆریزەکردنی چالاکییە ئابوورییەکانە لەمێژوودا.

هەرچەندە ئەم بیرە، وەك لەیۆنانی کۆن و رۆماندا دەبینرێت، بوارێکی سەربەخۆی بەخۆیەوە نەبینیوە و زیاتر لەیۆنان وابەستەی بواری سیاسەت و ئەخلاق بووە کە بابەتی بایەخپێدراوی ئەوان و لە دەولەتی رۆمانیشدا زیاتر لە دەقە یاساییەکان ودیارییکردنی مافە ئابوورییەکاندا خۆی بەرجەستەکردووە. ئابووری یۆنان کە لەسەر کارو ماندوویی و شان وملی کۆیلە راوەستابوو، بەجۆرێکبوو کە بەبێزراویی بڕوانرێتە کاری جەستەیی و چالاکی ئابووری، هەربۆیە بیری یۆنانیی وێڕای ئەو دەولەمەندییە بەرفراوانەی لەبواری فەلسەفەو ئەخلاقدا بەرچاودەکەوێت، لەرووی قسەکردن لەبابەتە ئابوورییەکانەوە کەموکورتییەکی زۆری هەیە. ئەوەی وادەکات کە لەنێوان ئەو دەقە فەلسەفیی و سیاسییانە بۆی بگەڕێین و پوختی بکەینەوە.

ئەفلاتون (٤٢٨-٣٤٨) پ.ز، گەورە فەیلەسوفی یۆنانی لەکتێبی کۆمارو لە درێژەی باسکردنی دەولەت و یۆتۆپیادا (شارە چاکەکە) بنەماو ریشەی دەوڵەتی بۆ فاکتۆری ئابووری گەڕاندۆتەوە، ئەو دەڵێت دەوڵەت زادەی ئەوەیە کە مرۆڤ ناتوانێت بەتەنیا خۆی پێداویستییە جۆربەجۆرە سەرەکییەکانی خۆی بەتەواویی دابینبکات، هەربۆیە گروپێك لەتاکەکان کۆدەبنەوەوهەر یەکەیان پێویستیی ئەوی دیکەیان دابیندەکات و پێکەوە وەك هاوبەش و یارمەتییدەری یەکتر دەردەکەون و هەر ئەوانیشن پێکەوە دەوڵەت دادەمەزرێنن.



هەروەها ئەفلاتون ئاماژە بە پێویستیی ( دابەشکردنی کار) دەکات و هەرکەسەو بەگوێرەی شیاویی و لێهاتوویی خۆی پیشەی خۆی دیاریی بکات و بەهۆی سەلیقەو سروشتی کەسەکەو لیهاتووییەوە سوود بە پرۆسەی بەرهەمهێنان و جۆری بەرهەم بگەیەنێت.
لەبارەی شارەوە ئەفلاتون پێی وایە کە شار دەبێت بچووك بێت و ژمارەی دانیشتووانی دیارییکراوبن و تەواوی چالاکییەکانی دەبێت بەوردیی رێکبخرێن و دابەشبکرێت بو سێ چین:

- بەرهەمهێنەران کە خۆراك و پیویستییە مادییەکان دابیندەکەن.
- سەربازان کە ئەرکیان پاراستنی دەوڵەت و میللەتە.
- فەرمانرەوایان کە دەبێت هەموو کاتیان بۆ حوکمکردن و رێکخستن و یاسادانان تەرخان بکەن.

ئەفلاتون بڕوای بە موڵکداری تایبەت بوو، یەکسانی رەهای رەتدەکردەوە، بەلام پێی وابوو دەبێت چینی یەکەم و دووەم کە فەرمانرەواو سەربازانن رێگەی مولکداریی تایبەت و هاوسەرگیرییان پی نەدرێت و دەبیت ژیانیکی هاوبەشییان هەبێ، بۆئەوەی بە بەرژەوەندیی خۆیان و کەلەکەکردنی سامان و بایەخدان بەخزمایەتیی و وەچەو ماڵ و منداڵەکانیانەوە سەرقاڵ نەبن و خەمی خەڵك و وڵات و دەوڵەت و میللەتیان لەبیربچێتەوە. چونکە سامان و خزمخزمێنەو میراتیی، فەرمانرەوا بەدخوو و رسوا دەکات. تەنیا چینێك کە مافی مولکداریی و هاوسەرگیریی پێدرابوو بەرهەمهێنەکان بوو، ئەوانیش دەبووایە هەمیشە لەژێر چاودێریی وردی دەولەتدار بن بۆئەوەی دەوڵەمەندیی زۆرو هەژاریی توند نەکەوێتەوەو بەهۆی جیاوازیی زۆری چینایەتییەوە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و ئایندەی وڵات نەکەوێتە مەترسییەوە.
هەروەها ئەفلاتون ئاماژەی بە دراو و رۆڵی دراو لەژیان و چالاکیی ئابووری شاردا داوەو پیی وایە دراو ئامرازێك و ناوەندێکە بۆ مامەلەکردن و گۆڕینەوە و بەهاکەشی بەستراوە بە بەهای مامەلە

پێکردنەوە نەك بەهای ئەو کانزایەی لێی دروستکراوە. واتە بەهای دراو پەیوەیستە بە ڕێکەوتنی ئەو خەڵکەی بەکاری دەهێنن و بەبەهای مامەڵپێکردنی و توانای شت پێکڕینی لەبازاڕدا.
ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢) پ.ز، هەروەك ئەفلاتون لەچێوەی باسی ئەخلاق و فەلسەفەی سیاسییدا باسی ئابووری کردووە، بەڵام وەك ئەفلاتون لەبازنەی پۆتۆپیادا نەخولاوەتەوەو هەوڵیداوە هەڵوێستەی شیکارییانە لەهەمبەر دیاردە و گرفتە ئابوورییەکاندا بگرێتەبەر، بەشێوەیەك گوژمێکی گەورەی بە بواری زانستیبوونی کایەی ئابوورییەوە لەئایندەدا نا. ئەرستۆ پێی وابوو کە دەوڵەت زادەی گەشەکردنێکی مێژووییەو ئامانجێکی زیاتر لە بەدیهێنانی تێرکردنی پیویستییە مادییەکان لەپشتەوە، ئەو لەرووی مێژووییەوە خێزانی کردە بناغە و یەکەمین پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و ئنجا گوند وەك کۆبوونەوەی چەند خیزانێك لەدەوری یەکترو پاشانیش شارە دەوڵەت وەك زادەی کۆبوونەوەی چەند گوندێك، کە جگە لەپیویستیی مادیی بەدیهێنانی بەختەوەریی و سەربەخۆیی ئامانجەکەیەتی.
ئەرستۆ بڕوای بە پیویستیی موڵکییەتی تاك و تایبەت هەبوو، چونکە ئەوە بەشێکە لەئازادیی تاك و بەشیکەی لەسروشتی خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خودی خۆی. جگە لەوەی هاندەرێکە بۆ پەرەپێدانی موڵك و سامان و زێدەبوونی بەرهەمهێنان، بەڵام پیویستە موڵکداریی لەسایەی ئیعتیباراتی ئەخلاقیدا بێت و موڵکدار لەبرامبەر کەسانی نەدار هەست بە بەرپرسیارێتیی خۆیان بکەن و بەشێك لەماڵ و سامانیان وەك هاوکاریی ببەخشنە ئەوانەی نییانە. بەمشیوەیە لەبری یۆنانییەوە ئەو پیکدژییە سەبارەت بە موڵکداریی گشتیی و تایبەت دەستپێکردووەو تانوکە بەردەوامی هەیە.
هەروەها ئەرستۆ ئاماژەی بە کۆیلەو دۆخی کۆیلایەتیی داوە، ویرای ئەوەی کۆیلایەتیی بەرەوا زانیوە، لەسەربنەمای کۆیلایەتیی سروشتیی و ناسروشتیی دابەشی کردووە، بەڕای ئەو، گەلانێك هەن وەك یۆنانیی شایەنی ئەوەن حاکم و بالادەست بن و نابێت ئەمانە بکرێنە کۆیلە، بەڵام گەلانێك هەن تەنیا شایەنی ئەوەن ملکەچی غەیری خۆیان بن، بەلای



ئەرستۆوە ئەگەر ئەوانەی یەکەم بکرینە کۆیلە ئەوە ناسروشتییە بەلام ئەوانەی دووەم سروشتییە هەروەك چۆن جەستە ملکەچی سەرە.
ئەرستۆ، لەباسی کاڵادا دوو جۆر بەهای کاڵا رووندەکاتەوە، بەهای بەکارهێنان و بەهای گۆڕینەوە. هەروەها ئەرستۆ دیاردەی قۆرخکاریی رەتکردۆتەوە چونکە دەبێتەهۆی ئەوەی قۆرخکار ئەو نرخە بسەپینی کە خۆی دەیەوی و لەئاکامیشدا سامانێکی بێشومار کۆدەکاتەوە. جگە لەوەی باسی ئاڵۆگۆڕی کاڵا و دەرکەوتنی پارەو بەهای پارەی کردووە وەك ئامرازێك بۆ پێوانەی بەهای کاڵاو گەنجینەیەکی بەها و پاشەکەوت. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، ئەرەستۆ سوودی رەتکردۆتەوە، واتە دانی پارە بەقەرز لەبەرامبەر وەرگرتنی بریکی زیاتر لەپارە، بەلای ئەوەوە پارە ئامرازیکە بۆ دیارییکردنی بەهای کالاو شتیکی ناسروشتییە کە قەرزی پارە لەبەرامبەر گێرانەوەی پارەیەکی زیاتر بێت.
هەرچەندە لای رۆمانەکان هەمان مەیلی فەلسەفیی یۆنانییەکان نەبوو، بەڵام ئاماژە ئابوورییەکان لە نێو باسی وتاربێژو حەکیمەکانی رۆمانی وەك شیشرۆن Ciceroو سەنیکا Senenca، دەتوانرێت ببینرێتەوە. بەتایبەتی باسی پیشەو چالاکییە ئابوورییەکان، شیشرۆن لەم لایەنەوە، کشتوکاڵ لە پلەی یەکەمدا دادەنێت و قسە لەکەموکورتی پیشەکانی دیکە دەکات، هەروەها سووخواردن رەخنە دەکات و بەتاوانی کوشتنی دەچووینێت. سەنیکاش پارە بە ریشەی زۆربەی تاوان و بەدکارییەکان و بنەمای رق و چاوبرسێتیی دەداتە قەڵەم کە زەمینەی ستەم خۆش دەکات. بایەخداریی کشتوکاڵ لەئابووری رۆمانییدا وایکردووە کە لەلای کەسانێکی وەك کاتۆ Cato و ڤارۆ Varo و کۆلومێلا Columella وەك تەکنیك و لایەنی هونەرییەکەی باسی لێوەبکرێت، بۆنموونە باسیان لە قازانجی زەوی کشتوکاڵیی کردووە بەگوێرەی دوورونیزیکی لە بازاڕەوە.
شایەنی باسە، یاسای رۆمانی کەدواتر لەسەدەی هەژدەیەمدا بووە بناغەی پێداچوونەوە یاساییەکان لەوڵاتانی ئەوروپادا، لەبواری ئابووریيدا رەنگدانەوەی تایبەت بەخۆی هەبوو، بەتایبەتی یاسای

سروشتی/ Nutural Law كە لەلای قوتابخانەی فیزیۆكراتەكان و كلاسیكستەكان مایەی برِوایەكی بەربڵاو بوو، ئەوەی ئابووریش هەروەك دیاردە سروشتییەكانی دیكە و میكانیك و ئەركی ئەندامەكانی لەش بە یاسای سروشتییەوە، دوور لە ویست و دەستوەردانی مرۆڤ، دەبەستێتەوە. هەروەها یاسای رۆمانی دەركەی لەبەردەم رێبازی تاكگەرایی Individulism كردەوە، ئەو یاسایەی كە مافی هەر تاكێك لە ئازادیی ئەنجامدانی گرێبەست دابیندەكات و سیفەتێكی رەها دەبەخشێتە موڵكایەتیی تایبەت. بەواتایەكی دی، موڵكدار ئازادە بەهەر شێوەیەك مامەڵە بەسامان و داراییەوە بكات لەرووی مادیی و یاساییەوە، چۆنی بەكاردێنێت و چۆنی دەبەخشێت، چۆنی دەكرێت و چۆنی دەفرۆشێت، بێئەوەی لەلایەن هیچ لایەنێكەوە، تەنانەت دەوڵەتیش دەستوەردانی تێدا بكرێت، تەنیا لەحاڵەتی زۆر ناچاریی نەبێت. دیارە هەر یەك لەو دوو رێبازە پاشتر رۆڵیان لەدارِشتنی بناغەی سەرمایەدارییدا بینی.



## شێوازی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتیی (Feudalism)

پاش ئەوەی كۆمەڵگاكانی كۆیلایەتیی هەموو تواناو شیاوییەكی گەشەكردن و شایستەیی سورِانی چەرخی مێژووی مرۆڤایەتیی بەرەو پێش لەدەستداو پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای كۆیلایەتیی بووە لەمپەرێك لەبەردەم پەرو گەشەكردنی هێزەكانی بەرهەمهێنانی ئابووری كۆمەڵگا، پێویستبوو ئەو پەیوەندییە كۆنانە بە تەرزێك پەیوەندی دیكە بگۆردرێن كە دۆخی كۆمەڵایەتیی كۆیلەو هەژارانی زەحمەتكێش بەشێوەیەكی نوێ رێكبخاتەوە تێیدا لەبری كۆیلایەتیی، كە هیچ بەرژەوەندییەكیان لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا نەبوو، كەسانێك لەسەر زەوییە كشتوكاڵییەكان كاریان پێدەكرا كە بەشێكی كەم لە سەربەخۆیی و برِێكی كەمیش بەرژەوەندییان لە بەرهەمی كارو ماندووبوونیان هەبوو. جگەلەوەی دەچوونە ژێرسایەی فیوداڵێكەوە كە لەرێگەی هێزی دەستوپێوەندەكانییەوە جووتیارانی لە هەرِەشەو مەترسیی و دەستدرێژیی ئەملاولا دەپاراست و دەیخستنەژێرركێفی خۆیەوە بەم شێوەیە سیستمی فیوداڵیزم وەك سیستمێكی ئابووری و كۆمەڵایەتیی لە چەند ناوچە و وڵاتگەلێكی جیاواز هاتەئارا.

ئەم سیستمە لەناوەراست و رۆژئاوای ئەورووپا، پاش جەنگی ئەدریانۆبڵ لە ٣٧٨ی زاینی و سەركەوتنی جێرمانەكان و هەر لەدەورانی رووخاندنی ئیمپارتۆرییەتی رۆمانییەوە لەسەدەی پێنجەمەوە تاكو هەڵایسانی شۆرِشە بۆرجوازییەكانی ئینگلتەراو فەرەنسا لەسەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا بەردەوام بوو، ئەوەی پێی دەوترێت سەدەكانی ناوەراست. لەهەندێ وڵاتانی رۆژهەلاتیش تا سەرەتاو بگرە ناوەراستی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو، بۆنموونە لەمیسر ساڵی ١٩٥٢ بەپێی یاسای ریفۆرمی زەوی دەرەبەگایەتیی كۆتاییهات، لەعێراق ، پا شۆرِشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و لە ئێران پاش شۆرِشی سپی و ریفۆرمی زەوی لە سەرەتای شەستەكاندا، هەرچەندە ئەم سیستمە بەگوێرەی هەر وڵاتێك دابو نەریت و

تایبەتمەندیی خۆی هەیە بەڵام گەوهەری سیستمەکە لەهەرشوێنێك وەك یەکە، لەسایەی سیستمی دەرەبەگایەتیی یان فیودالیزم، گوندەکان سەرچاوەی سەرەکیی ژیانی ئابووری و چالاکییەکانی بەرهەمهێنان، دەرەبەگە خانەدانەکان (ئەریستۆکراتەکان)خاوەنی زەوییە کشتوکاڵییەکان **Dominuis**
و هەژموونی تەواویان بەسەر بەسەر جووتیارە بەرهەمهێنەرەکاندا هەیەو زێدەبەرهەمی خۆیان لەسای ئارەقی ناوچاوانی ئەو جووتیارانە بەدەست دەخەن کە ژیانیکی تێروپڕیان بۆ دابین بکات، جیاوازیی ئەم سیستمەش لە کۆیلایەتیی ئەوەیە کە دەرەبەگ راستەوخۆ مافی سەندنەوەی ژیانی جووتیاری نییە وەك خاوەن کۆیلە دەتوانی لەبەرامبەر کۆیلەکەی بیکات، هەروەها جووتیار دەبێتە خاوەن بەشێکی کەم لە بەرهەمی کارەکەی و مافی خاوەنداریی هەیە. چۆنییەتی رێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەرەبەگ و جووتیار بەگوێرەی کۆمەڵگاکان جیاوازە، لەئەوروپا، فیودالّ یان دەرەبەگ پارچەیەکی بچووك زەوی دەدایە جووتیار کە بۆ بەرژەوەندی خۆی سوودی لێ وەربگرێت، لەبەرامبەر ئەوەدا، دەبوو جووتیار بۆماوەیەکی دیاریکراو لەوەرزی ساڵدا، بە ئامرازی کارو ئاژەڵەکانی خۆی، لەسەر زەوی دەرەبەگ کاربکات، ئەوەی بێگاری (**corvee**) پێ دەوترا، جگە لەو باج و داواکارییانەی کە بەسەر جووتیاراندا دەسەپێنرا. ئەلفرێدی مەزنی پاشای ئینگلتەرا (٨٧١-٨٩٩) وتویەتی :" خودا ئەم جیهانەی لەسەر شێوەی سێگۆشەیەکی وەستاو ئەفراندووە، لایەکی حوکم دەکات، لایەکی نوێژ دەکات و لایەکی تریشی کە بنکەکەیەتی خزمەتی دوو لایەکەی تری دەکات."!
لەکاتێکدا، لە رۆژهەڵات، بۆ نموونە لەسەردەمی عەباسیی لەماوەی سەدەی هەشتەیەم و نۆیەمی زاینی، لەبەرامبەر کرێیەکی زۆر (جا کرێیەکە بەپارە بدرێ یان بە بەروبووم) زەوی دەدرایە جووتیاران. بەهەرحاڵ و بەهەرشێوەیەکیان بێت، کاری جووتیار لەم سیستمە دەبوو بەدووبەشەوە: یەکەمیان کارێکی پیویست کە بەهۆیەوە ژیانی خۆی و خێزانەکەی دابیندەکرد و گوزەرانی پێ دەچوو بەڕێوە،



دووەمیش، زێدە کارێك کە دەرەبەگ پێی دەکرد و بەرهەمەکەشی لێ دەستاند، بگرەی هەندێك جار، دەرەبەگ دەستی بۆ گوزەران و بژێوی جووتیاریش درێژ دەکردو جووتیاران لەسایەیدا تووشی نەهامەتییەکی گەورە دەبوون، بەڵام هێشتا ئەم سیستمە زێدەتر لە کۆیلایەتیی دەرفەتی گەشەکردنی هێنایەئاراو جووتیاران کەمە بەرژەوەندییەکان لەخستنەگەڕی هێزی کاریاندا هەبوو. ئابووری دەرەبەگایەتیی لەسەر بنەمای سروشتیی و خۆژێنیە و کۆمەڵ (ئەوە بەرهەمدێنن کە بەکاری دەبەن و ئەوەش بەکاردەبەن کە بەرهەمیدێنن) ، کشتوکاڵ و وەرزێری بواری سەرەکیی چالاکیی ئابووری بوو . هەر مەڵبەندێکی دەرەبەگایەتیی ناوچەیەکی ئابووری داخراو بوو، ئاڵوگۆڕو بازرگانیی لەسایەی ئەم سیستمە کزو لاوازو زۆرجاریش دەگمەن بوو.
دەرەبەگ، داهات و دەرامەتی پێویستییەکانی خۆی و خێزان و ژیانی دەستوپێوەندەکەی لەرێگەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی و ئەو باج و سەرانانەوە دەستدەکەوێ کە لەجووتیاری دەسەنێ، هەروەها لەو پیشەگەرانەی کە لەسەر زەوییەکەی یان لەچوارچێوەی قەڵەمڕەوی ئەودا کاردەکەن، کە بەشێکی زۆری ئەو رەنجەبەرانەوە (کۆیلەی زەوی/Serf) ئەنجامیان دەدا کە لەبواری پۆشاکسازیی و بیناسازیی و دروستکردنی چەك و ئامرازی کشتوکاڵیدا کاریان دەکرد.
جووتیارانیش لەپاڵ کاری سەرەکییاندا کە کشتوکاڵ بوو، هەندێك کاری پیشەگەری دەستیشی بۆ دابینکردنی ژیانی رۆژانەی خۆی ئەنجام دەداو کەرسە خاوەکانی لە ژینگە کشتوکاڵییە سروشتییەکەی چنگ دەخست و بەرگ و بەڕەو جاجم و بەرهەمەکانی دیکەی رستن و چنین و هەروەها پێڵاو و هەندی ئامرازی کشتوکاڵی سەرەتایی لێ دروستدەکردن.
لەسایەی سیستمی فیودالیزم، چینی فیودال دەسەڵاتی تەواوی بەسەر کۆمەڵگادا هەیەو خاوەنی هێزی سەربازیی و دادگای تایبەت و قەڵای پارێزراو بوو، کە جووتیاران لە هەر مافێکی سیاسیی بێبەش دەکات و لەرووی یاساییەوە بەتەواویی و راستەوخۆ دەیانکانە رەعیەتی (**Vassal**) ژێردەستەی خۆی و هەژموونیان بەسەردا دەسەپێنێ،

دەوڵەتیش کە زیاتر هاوشێوەی سیستمە پەرتەوازە داخراوەکە ناناوەندگەرایی بووە، بەرجەستەیەکی روون و ئاشکرای بەرژەوەندییەکانی ئەو چینەیەو ئامرازێکە بۆ چەسپاندنی ویست و خواست و مافە دەرەبەگایەتییە ئابووری و کۆمەڵایەتیی و یاساییەکانی و هەمیشە چەکێکە بۆ سەرکوتکردن و ملکەچکردنی کۆمەڵانی جووتیاران و زەحمەتکێشانی رەنێنراو.
لەسیستمی دەرەبەگایەتیی جووتیار بە سێ شێوە سەری خۆی لەبەرامبەر دەرەبەگدا دەقەبڵێنێ:

یەکەم: لەبەرامبەر وەرگرتنی پارچە زەوییەکی بچووك ، جووتیار بەشیوەی بێگار لەزەوی موڵکدارو دەرەبەگدا بۆ چەندین رۆژ هەڵدەسوڕێ، بەتایبەت لە وەرزی کێڵان و درووێنەدا .
دووەم: پێدانی بڕێك بەروبوومی کشتوکاڵیی بەموڵکدار، پاش ئەوەی موڵکدار زەوی و پیویستییەکانی چاندن وەك تۆو و گاسن و ..هتد دەداتە جووتیارو هەردوولا بەگوێرەی گرێبەستێکی نووسراو یان وتراو رێکدەکەون، کە رێژەیەکی خەرمان بدرێتە موڵکدار، جا نیوەکاری بێت یان سێیەك یان چارەك هەر رێژەیەکی تر. شایەنی باسە، دیارییکردنی ئەو رێژانە پەیوەندی بە بەڕادەی رووپێو و بەپیتیی زەوییەکەو دوورو و نیزیکیی لە سەرچاوەی ئاو و دابینکردنی پێویستیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و چەند شتێکی دیکە دەبەست.
وێل دۆرانت لەکتێبی (چیرۆکی شارستانیی) دا سەبارەت بە جووتیارانی ئەورووپیی لەسایەی سیستمی دەرەبەگایەتییدا نووسیویەتی: " کە زستان دەهات جووتیارو ژنەکەی و منداڵەکانی و میوانەکانی و ئاژەڵەکانی دەخزانە کوخەکەوە بۆئەوەی یەکتری گەرم بکەنەوە"! لەم سیستمەدا سنورێکی بەهێزی نێوان چینەکان هەیەو پەیوەندییەکانی خزمایەتیی و خێڵەکیی و گیانی ئاینیی و مەزهەبیی و تائیفیی پەرەگرتووە. مولکایەتیی تایبەت ، بەتایبەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان ڕیزلێگیراوەو دەستدرێژییکردنە سەری ئەوپەڕی سزای لەسەرە،



بەهاکانی ئازایەتیی و شۆرەسواریی و جیاوازییە رەگەزییەکان بەربڵاون.

### شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی Asiatic Mod of Production

سەرەتا پێویستە دان بەو راستییەدا بنرێت، کە لەقۆناغی کشتوکاڵیی و شوانکارەییدا، پەیوەندییەکی بەهێز لەنیوان دیاردە سروشتیی و جیۆگرافییەکانی هەر وڵاتێکی دیارییکراو و دیاردە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کەلتوورییەکانیدا هەیەو ئەو پەیوەندییەش رۆڵێکی گرنگ لەو قۆناغانەدا دەبینێت، کە میللەتێك یان وڵاتێکی دیارییکراوی پێدا تێپەڕیوە، لەم رووەشە، کاتێك کە باس لە شێوازەکانی بەرهەمهێنان دەکرێت، دەوترێت کە ریزبەندییکردنی ئەم شێوازانە زیاتر لەسەر بنەمای پەرەسەندن و گەشەکردنی مێژوویی وڵاتانی ئەورووپایەو وڵاتانی رۆژهەڵات (چین و هیند و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) ناگرێتەوەو ئەو وڵاتانە شێوازی بەرهەمهێنانی تایبەت بەخۆیان هەیە کە ناوی ( شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی) لێنراوە.
ئەم شێوازە دیدگایەکی فەلسەفییە لەلایەن فەیلەسوف و زانای ئابووری کارل مارکس و هەروەها فریدریك ئەنگڵزەوە سەبارەت بە وڵاتانی رۆژهەڵات خراوەتەبەرباس، ئەم دووانە لەژێر کاریگەریی نووسین و دیدو بۆچوونەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی جۆرج ویلهێلم فریدریك هیگڵ Georg Wilhelm Friedrich Hegelو ئابووریناسانی بریتانیی ئادەم سمیسAdam Smith (1790 -1723 ) و جۆن ستیوارت میل (John Stuart Mill 1806 - 1873)و سەرنج و سەرنجە سیاسیی ە کۆمەڵایەتییەکانی گەڕیدە ئەورووپییەکان لەسەر وڵاتانی رۆژهەڵات، بەتایبەت، فرانسوا بیرنییە (François Bernier 1620- 6881) هەروەها . مارکس دەڵێت کە کەش و رەوشی جیۆگرافی، بەتایبەت بوونی ناوچەیەکی بیابانیی بەرفراوان کە لە بیابانی ئەفریقییەوە تا دەگاتە نیمچە دورگەی عەرەبیی و وڵاتی فارس و میسرو بابل و هیندو چین و سیلان، ئەوەی پشت بە ئاودێریی دەستکرد و هەڵبەستنی جۆگەو کەناڵی ئاویی دەبەستن وەك بنەمایەك بۆ کشتوکاڵی رۆژهەڵاتیی ،

ئەوەش پێویستییەکە بۆ بەکارهێنانی ئاو بەهاوبەشیی و دەستپێوەگرتن، ئەمەش وادەکات حکومەت دەستوەردان لە ڕێکخستن و سەرپەرشتیی و چاودێریی پرۆسەی ئاودێریی و کشتوکاڵ بکات و لەڕووی ئابووری و بەرهەمهێنانەوە ئەرکێکی ڕاستەوخۆو ناوەندیی و کاریگەر ئەنجامبدات، ئەویش ئەرکی ئەنجامدانی ئەرکە سەخت و گەورەکانە.لێرەشەوە، شێوازی بەرهەمێهنان لەم وڵاتانە بەچەندین تایبەتمەندیی جیادەکرێتەوە، کە بەشێوازی ئاسیایی، ئەوەی دواتر لەلایەن کارل ویتفۆگلەوە ناوی ستەمکاریی ڕۆژهەڵاتیی( **Oriental Despotism** ) ی لێنرا، وێڕای ئەوەی لەنێوان زاناکانی سۆسیۆلۆجیی و ئابووریناسە سۆشیالیستەکانداو لەنێو تیۆرسینەکانی جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکاندا، لەپەنجاکان و شەستەکاندا، بووە مایەی گەنگەشە و دیالۆگێکی بەرفراوان، لەو سۆنگەیەی کە سیماو تایبەتمەندیی چەند شیوازێك لەم شێوازە ئاسیاییەدا دەردەکەون.

شێوازی بەرهەمهینانی ئاسیایی بە چەندین تایبەتمەندیی دەناسرێتەوە، لەوانە:

یەکەم: بوونی کۆمەڵگاگەلێکی کشتوکاڵیی شوانکارەیی گەورە بەسیمایەکی خێلەکیی لە وڵاتگەلێکی بەرفراوان کە بەگشتیی کەشێکی گەرمی هەیە و ڕووبارە درێژەکان بەناوەندیدا تێدەپەڕن.

دووەم: لەسۆنگەی بایەخ و ئەوپەڕی گرنگیی پرۆژە ئاودێرییە مەزنەکانەوە کە بە تواناکانی تاك ئەنجام نادرێت، زەوی و موڵکی کشتوکاڵیی دەوڵەت خاوەنێتی (میریی) ، وێرای ئەوەی کە هەندێك لەتاکەکانیش مافی خاوەندارێتیی تایبەتیان هەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی گرێنتی موڵکایەتیی و دەستدرێژیی بەردەوامی دەوڵەت بۆسەر موڵکایەتیی و سامانی تایبەت، چینێکی خانەدانی میراتگری هاوشێوەی چینی خانەدانانی ئەوروپیی نابینرێت.

سێیەم: ڕەوشی کۆیلەکان لەڕووی یاسایییەوە بەشێوەی دەوڵەتە کۆیلایەتییە کلاسییکییەکان (بەتایبەتی ئیمپراتۆریی ڕۆمانیی)، پێنەگەیشتبوو، بەڵکو ڕەوشی کۆیلایەتیی لە دەولەتە کۆنە



ڕۆژهەڵاتییەکاندا لەنێوان ڕەوشی کۆیلهی سەردەمی کۆیلایەتیی و کۆیلەی زەوی /سێرفەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتییدایە.

چوارەم: بەربڵاویی لێسەندنی باجی بەروبووم و خەراج و بێگارپێکردنی جووتیاران، ئەوانەی زۆرینەیان لەگوندەکاندا ژیان بەسەردەبەن.

پێنجەم: پرۆسەی بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی زیاتر لەڕێگەی کارمەندان و فەرمانبەرانی دەوڵەتییەوەیە وەك لەوەی کە مولکدارە سەربەخۆکانی خاوەن موڵکایەتیی تایبەت ئەنجامی بدات.

شەشەم: دەوڵەت لەسۆنگەی باڵادەستیی بەسەر پرۆسەی ئاودێریی و مولکایەتیی زەوییەکان، سروشتێکی ناوەندگەرایی دەستێوەردەری لەکۆی پرۆسەی ئابووریی و کایەکانی دیکەی بازاڕو بازرگانیی و ژیانی خەڵکیی بەشێوەیەك ستەمکاریی سیاسیی دەوڵەت لەپاڵ ئیستغلالە ئابوورییەکە، لەتەواوی جومگەو کایە گشتیی و (تایبەتەکان)دا هەمیشە ئامادە زۆر کاریگەربوو، هەربۆیە ناوی ستەمکاری ڕۆژهەڵاتیی (دیسپۆتیزم ) ی لێنراوە. بەشێوەیەك کە بەرگێکی پیرۆزیی لەرادەبەدەر بەبەری پاشادا دەکری و تاڕادەی خوادەوەند تەقدیس دەکریَ.

حەوتەم: ئابووری لەشێوازی ئاسیاییدا، ئابوورییەکی کشتوکاڵیی ئاودێریی شوانکارەیی داخراو و دواکەتووە لەسایەی ئابووری سروشتییدا. پیشەگەری سەربەخۆنییەو وابەستەی کشتوکاڵەو جیاوازیی چینایەتیی کۆمەڵایەتیی بەهێز لەنێو کۆمەڵگادا نییە.

هەشتەم: ئاستی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی ئابووری لەنێوخۆدا زۆر سست و لاوازو چەقبەستووەو گۆڕانکاریی و وەرچەرخانی زۆر گەورە بەخۆوە نابینێت و لەکاتی پەلاماریی دەرەکیش لەسۆنگەی تیکشاندنی دەوڵەتی ناوەندیی و پشتگوێخستنی پرۆسەی ئاودێریی و جۆگەهەڵبەستن، ئابووری و کشتوکاڵ گورزیکی کەمەرشکێنی بەردەکەوێت و فەوزایەکی کۆمەڵایەتیی و ئابووری و سیاسیی گەورە دەقەومێت کە تا خۆدووبارەکردنەوەیەکی دیکە یان تێکدانیکی دەرەکیی نوێ بەردەوام دەبێت. ئەگەر ئەو تێکدانە

هاوجووت بێت لەگەڵ هەلکشانی گەشەی دۆخی نێوخۆیی، پێدەچێت بەئاقارێکی ئەرێیی پێشەوەچووندا مل بنێ.

بوونی ئەم تایبەتمەندییانە وادەکات قەزاوەت لەسەر شێوازی ئاسیایی جیاواز بێت، هەندێکیان، بۆ نموونە قوتابخانی سۆڤێتیی لەسەردەمی ستالیندا، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەم شێوازە جۆرێکە لە کۆیلایەتیی و ئەوە گرنگ نییە کە داخۆ کۆیلە لەم سیستمەدا موڵکی دەوڵەتە و هەندێك تایبەتمەندییان هەیە لەرووی یاساییەوە، هەندێکیش پێیان وابوو، کە جۆرێکی تایبەتە لەدەرەبەگایەتیی و ناوی دەرەبەگایەتیی رۆژهەڵاتییان لەسەر دانا، بۆنموونەکەسانی وەك نیدهام Needham لەکتێبی "زانست و شارستانیی لەچین" کۆمەڵگای چینیی بە کۆمەڵگایەکی فیودالّیی بیرۆکراتیی ناوبردووە لەو سۆنگەیەوە کە پەیوەندییەکانیە وەبەرهینان (بێگارو وەرگرتنی باجی بەروبووم و خاوەندارێتیی زەوی بچووك" زیاتر لە پەیوەندییەکانی سێرفایەتییەوە نزیکە. ئیبراهیم عامریش لەکتێبی (زەوی و جووتیار)دا، هەمان بۆچوونی نیدهامی سەبارەت بە کۆمەڵگای میسریی کۆن هەیە. هەندێکی تریش بە شێوازێکی راگوزەریان دادەنا لەنێوان کۆمەڵگای بێ چینەوە بۆ کۆمەڵگای چینایەتیی.

ئۆسکار لانکە لە کتێبی " ئابووری سیاسیی" دا، شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی بە شیوازێکی سەربەخۆ لەپاڵ پێنج شێوازەکەی دیکە لەقەڵەم دەدات، ئەوەی مەرج نییە لەئاستی واقیعدا رەخنەو گەنگەشە هەڵنەگرێت. چونکە ئەوەی شێوازو سیستمە ئابووری و کۆمەلایەتییەکان لێکتر جودا دەکاتەوە، بنەما ماددییە ئابوورییەکەو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە، نەك سیماکانی سەرخان، بۆنموونە: دۆخی چینایەتیی، موڵکایەتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، هیزی سەرەکیی بەرهەمهێنان، ڕادەی ئیستیغلال و دەستبەسەرداگرتنی زێدەبەرهەم، ئاستی ناڕەزایەتییە چینایەتییەکان و دواتر سروشتی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، جگەلەوەی کە لەهەندی حاڵەتدا، دەشێت سیستمەکان بەتێکەڵیی یان شان بەشانی یەکتر لە کۆمەڵگایەکدا بۆماوەیەی دیاریکراو یان درێژ بەڕێوەبچن.



## سەبارەت بە هزری ئابووری لە دەورانی قۆناغی دەرەبەگایەتییدا

وەك دیارە رەوتی هزرو چالاکییە زیهیینەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لەچوارچێوەی بۆچوون و دیدە ئاینییەکانی کڵێسای کریستییانییدا لەئەوروپا قەتیس مابوو، فیکری ئابووریش، هێشتا وەك لقیکی زانستیی سەربەخۆ دەرنەکەتبوو، بەلکو وابەستەی ئەدەبیاتی لاهوتی و فەلسەفیی و ئاینیی پیاوانی ئاینیی بوو، ئەوەی لەسەدەی دەیەمدا لەوبیرو چالاکییانەدا خۆی دەبینییەوە کە لەلای (سکولائیە) کان قسەی لەبارەوە دەکرا، نموونەی هەرە دیارو بایەخداریشیان (تۆماس ئەکویناس ١٢٢٦-١٢٧٤) بوو، کە بنەمای رەوشت و دادپەروەریی بەبایەخ وەرگرتبوو، هەروەها دیدە فەلسەفییەکانی ئەرستۆی تێکەڵ بە هزری ئاینی کریستیانیی کردبوو.

ویرای ئەوەی وەك لەئاینی کریستیانییدا هەیەکە مرۆڤەکان نەوەی بابێکن و هەموویان بران و یەکسانن، بەڵام بیرمەندە کریستییانییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەو دابەشبوونە چینایەتیی و کۆمەڵایەتییانەیان پەسەندبوو کە لەکۆمەڵگای دەرەبەگایەتیی ئەوروپییدا لەئارادا بوو، لەو سۆنگەیەوە کە جیهانی مادیی و ئەم دنیا شتیکی کاتیی و تێپەڕە بەرەو دینایەکی دیکەی هەمیشەیی و بەوەش ئەو دابەشبوونە کاتییەو خەریکبوون بە ماڵی دنیاو سامان کۆکردنەوە بێسوودە لەبەرامبەر کارکردن بۆ ژیانێکی کۆتایی هەمیشەیی.

دواتر ئەو دابەشبوونە وەك لەلای نووسەری ئینگلیزیی (تاونی/ Tawney) لەچوارچێوەی (تێۆری ئەرکی رێکخستنی چینایەتیی) رەوایەتیی پێدرا.، گوایە کۆمەڵگا وەك جەستەی مرۆڤ وایەو چۆن هەر ئەندامێکی جەستە کارو ئەرك و پێگەو بایەخی خۆی هەیە، چین و تاکەکانی کۆمەڵگاش وەك یەك نین و بەگوێرەی ئەرك و پیگە و بایەخی خۆیان بەشی خۆیان لەبەرهەمهینان و سامانی مادیی کۆمەڵگا دەبەن جا هەرچییەك بن : پیاوی ئاینیی یان سەرباز، یا جووتیار، بازرگان..هتد.

هەروەها ئاینی کریستیانیی، جیاواز لە بۆچوونە فەلسەفییەکانی یۆنانیی، دیدێکی ئەرێنیی بۆ کار هەبوو، وەك چالاکییەکی پێویست و شکۆمەندو بەشێك لە ئامرازەکانی رزگاربوونی بەندەکانی خودا وینای کردووە.

نووسەر کریستیانییەکان، وێڕای ئەوەی موڵکایەتیی گشتییان بە رەواتر دەزانی لە موڵکایەتیی تاك، لەو بڕوایەوە کە خوداوەند زەوی و هەموو ئەو شتانەی لەسەرێتیی ئەفراندونی، بەڵام هەندێکیان وەك ( تۆماس ئەکویناس)موڵکایەتیی تاکیشیان بەحاڵەتێکی زۆر پێویست دەزانی کە لەگەڵ یاسای سروشتییدا هاوتەریبە، بەڵام تا رادەی ئەو مافە رەهایەی کە لە یاسای رۆمانییدا سەبارەت بە موڵکایەتیی تایبەت هەبوو، نەڕۆیشتن و پێیان وابوو کە دەبێت موڵکایەتیی تاك لەپێناو بەرژەوەندی گشتیی و سوودبەخشین بەهەژارەکاندا بێت و مرۆڤ لەبواری بەدەستهێنانی سامانی ماددییدا دەبێت (میانڕەویی / Moderation) لەبەرچاوبگرێت و لە چاوبرسێتیی و زیدەڕۆیی دووربکەوێتەوە و پارەو کۆکردنەوەی سامان نەکاتە ئامانجیکی باڵا و ژیانێکی ئاسایی بەرێتەسەر.

سکولائییەکان، بازرگانییان بەپێویستییەکی ژیانی کۆمەڵگا دەزانی، بەڵام بەشێوەیەك کە بازرگان قازانجێکی کەم بخاتە سەر کاڵاکان هەڵپەی قازانجی زۆر نەکات کەبەرەو چاوبرسێتیی و پارەپەرستیی بڕوات، لەم سۆنگەیەشەوە سەبارەت لە چالاکی بازرگانیی هۆشیارییان دەدا.

سەبارەت بە نرخ و کرێی کرێکارو قازانجی بەرهەم، سکولائییەکان، لەسەرووی هەموویانەوە تۆماس ئەکویناس، پێیان وابوو، کە دەبێت هەموویان ملکەچی بنەمای دادپەروەریی بن بۆ هەرلایەك (کڕیارو فرۆشیار، کرێگرتەو بەکرێدەر) بەجۆرێك هیچ لایەك مەغدورنەبن. بۆ چەسپاندنی ئەو دادپەروەرییەش دیدو بۆچوونی جۆراوجۆریان پێشاندەدا، کە پەیوەندی بەتێچوونی بەرهەم و پیویستییەکانی ژیان و بژێوی خاوەنەکەی بوو، نەوەکا هەر تاکێك زیاتر لەوەی دەستکەوێت کە شایەنێتی.



سکولائییەکان، پێدانی پارەیان بەسوود رەتدەکردەوەو پێیان وابوو بەقەرزدانی هەر سامانێك ببێتەهۆی نەمان یان کەمبوونەوەی کاریکی رەوا نییە و لەگەڵ نرخی دادپەروەرانەدا ناگونجێت، بەڵام پاشتر کە درکیان بە ئاسەواری خراپی قەدەغەکردنی دانی پارە بە سوود لەسەر بواری ئابووریی و کەمبوونەوەی چالاکییەکانی کرد، لەهەندێك حالەتدا رێگەیان پێدا.

پێویستە بوترێت کە چالاکییە ئابوورییەکان لەسەدەکانی ناوەراستدا لەئەوروپا، لەژێر کۆتوبەندی بنەما ئاینییەکانی کڵێسای کاسۆلیکییدا بوو، ئەوەش بەشێك بوو لەو جیهانە داخراوە و ئابوورییە خۆژێن و سستەی لەم قۆناغەدا باو بوو.

ئەگەر پێویست بکات هەر لێرەدا کورتە ئاوڕێکیش لە هزری ئابووری لەجیهانی ئیسلامییدا بدرێتەوە، دەبی ئاماژە بەو راستییە بدرێت، کە جیهانی ئیسلامیی لە سەدەکانی ناوەراستدا لەدۆخێکی گەشەسەندوو و پڕ چالاکیی ئابوورییدا بووە، دەتوانرێت هزرە ئابوورییەکان لەدووتوێی تێکستە ئاینییەکان و نووسینە فیقهیی و مێژووییەکان ببینرێتەوە کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە کورتیبکەینەوە:

- وێڕای برایەتیی باوەڕداران (انما المؤمنون اخوة)، داننان بە موڵکییەتی تاك و رێزلێگرتنی و پەسەندکردنی جیاوازیی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و نایەکسانیی لەسامان و بژیویی نێوان تاکەکان چینەکان و رەواپێدانی وەك ویستێکی پیرۆز کە لەلایەن خوداوەندەوە دانراوە: (ونحن قسمنا بينهم معيشتهم في الحياة الدنيا و رفعنا بعضهم فەق بعض درجات) (والله فضل بعضكم على بعض في الرزق) .
- رەواییدان بەمافی میراتگریی بۆ تەواوی منداڵەکان بەگەورەو بچووك و کورو کچەوە، بە لەبەرچاوگرتنی مافی دووهێندەی نێر لەبەرامبەر مێدا.

- پیرۆزناساندنی کارو هاندان لەسەر کارکردن بەبێ جیاوازیی و زاڵکردنی کارێك بەسەر ئەوی تردا. بازرگانیش لەئیسلامدا وەك کارەکانی تر تەماشاکراوەو خودی پەیامبەری ئیسلام بازرگانی کردووەو لەقورەیشیش بووە کە خەریکی بازرگانیی بوون.
- ئیسلام بەلەبەرچاوگرتنی بوونی جەنگەکان و رۆڵی کۆیلە لەپرۆسەی بەرهەمهینان و ژیانی ئابووری کۆمەڵگادا، کۆیلایەتیی رەتنەکردۆتەوەو پەسەندی کردووە، بەلام لەو رووەوە هەلوێستێکی ناوەنجی و میانەڕەویی گرتۆتەبەر و داوایکردووە خاوەن کۆیلە بەباشیی مامەلە لەگەل کۆیلەکەی بکات و هەروەها هانی بروادارانی خاوەن کۆیلەشی داوە بە بۆنەی جیاواز بۆ لیخۆشبوون کۆیلەکانیان ئازاد بکەن.
- ئیسلام بەتوندی دژی پارەدان بەسوود وەستاوەتەوە (و احل الله البیع و حرم الربا) بۆ ریگرتن لە ئیستیغلال و نەوەکا چینیك دروست بێت کە بێ کارکردن بەهۆی سەرمایەکەیەوە دەولەمەندتر بێت. هەربۆیە دانی قەرزی پارە دەبوو بۆ کارێك بێت کە قازانج و زیان هەڵبگرێت.
- وەستانەوە دژی قۆرخکاری و شاردنەوەی کەرەسەو کاڵاکان لەبازارەکان، بەتایبەتی کەرەسە خۆراکییەکان و ئەوانەی پێویستیی سەرەکی ژیانی خەڵکن.
- ریکخستنی بازار لەسەر بنەمای رکابەریی تەواو و دەستیوەرنەدانی دەولەت لە نرخی کاڵاکان و رەواییدان بەو نرخەی کە لەسەر بنەمای دادپەروەریی و ماندووبوون و تێچوونی کاڵاکەو رێکەوتنی کڕیارو فرۆشیار.
- حەرامکردنی قومارو ئەو دەستکەوتانەی کە بەهۆی بەخت و فێلکردن و بێ ماندووبوون و سوودبەخشین دەستدەکەون .

**سەبارەت بە هزری ئابووری لە دەورانی** نوێدا



هەوڵدەدەین بۆ ئاخاوتن لە هزری ئابوورییانە لەم قۆناغەی گەشەکردنی ژیان و چالاکییە ئابوورییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی، بەتایبەت لە ئەوروپا، بەپوختی ئاماژە بەچەند قوتابخانەو رێبازی هزریی ئابوورییانە بدەین کە زادەی ئەو دۆخە تایبەتەی قۆناغی رێنسانس و هەلوەشاندنەوەی دەرەبەگایەتیی و پشکوتنی سەرەتاکانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی بوون (سەرەتا بازرگانی و دواتریش پیشەسازیی).

أ- رێبازی بازرگانییگەرایی (مێرکانتیلیزم/ mercantilism )

ئەم قوتابخانەیە لەسەدەی پازدەیەمدا لەئەوروپا سەریهەڵداوتاوەکو ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم، ئاراستەی سیاسەتی ئابووری وڵاتانی ئەوروپای کرد. رابەرانی هزریی ئەم رێبازە کەسانێکی ئابووریناس و سیاسیی و بیزنسمان بوون کە لەچەند کات و ساتی جیاوازدا، بیرو بۆچوونە ئابوورییەکانیان دەربڕیوە. ئەم رەوتە زادەی پەرەسەندنی کۆمەڵگای ئەوروپایی بوو لە کۆتاییەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتییدا، بەتایبەت پاش پەرەسەندنی شارەکان و سەربەخۆبوونیان و دەرچوونیان لە هەژموونی فیوداڵەکان، هەروەها هەڵاتنی جووتیاران لەلادێوە بۆ شارەکان وەك ئاکامێکی فشاری زێدەی فیودالەکان لەپێناو ژیانێکی خۆشگوزەرانترو دەستکەوت و بەروبوم و قازانجی زیاتر لە کێڵگە کشتوکاڵییەکانیان.
لەلایەکی ترەوە، دەستگەیشتن بە جیهانی نوێ و دۆزینەوە جیۆگرافییەکان و لێشاوی تێرژانی زێڕو زیو بۆ شارەکانی ئەوروپاو برەودانی چالاکیی بازرگانی شارەکان و بڵاوبوونەوەی دراو ، کە بووە هۆی لاوازبوونی ئابووری داخراوی دەرەبەگایەتیی و لەقاندنی پەیوەندییەکانی و داڕمانی پایەکانی و دەرچوون و خلادان لە پرنسیپ و پابەندبوونەکانی. جگەلەوەی، توێژی پەرەگرتووی بازرگانانیش، بەهۆی بەرژەوەندیی هاوبەشیان، لەژی فیوداڵەکان چوونە سەنگەرێکەوەو ئەوەش زەمینەی پاشەکشەی دەسەڵات و شێوازی

فیودالیزمی لەئەوروپا خێراترکردو کەشێکی لەباری بۆ دامەزراندن و دەرکەوتنی دەوڵەتداریی نوێ لەئەوروپادا رەخساند کە دەوڵەتی پاشایەتیی رەها و ناوەندیی و هەژمونگەرایە.

دۆزینەوەی جیهانی نوێ، هانی بازرگانانی دا، لەنێوان ئەوروپا و ئەو جیهانەدا، بەشێوەیەکی بەرفراوان چالاکییەکانی خۆیان لەشارەکاندا گەشەپێبدەن، لێرەشەوە چالاکی پیشەگەریی کە پێشتر بە کشتوکاڵەوە بەسترابۆوە، گۆڕا بۆ پیشەیەکی سەربەخۆو بەئاراستەی بەرهەمهێنان لەپێناوی بازرگانییدا هەنگاوینا و بەمەش ناوکی چینی کرێکارانی ئەوروپیی لەو شارانەدا پشکوت کە کارگەی پیشەسازیی تێدا دامەزرا، ئەوەی لەسەدەی شازدەیەمەوە ناوك و بناغەی بۆ شێوازێکی نوێی بەرهەمهێنانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دارشت کە شێوازی سەرمایەدارییەو لەم قۆناغەشدا چالاکییە بازرگانییەکان چالاکیی سەرەکیی بوون و پیشەسازیی لەژێر هەژموونی بازرگانییدا بوو.

لێرەوە، سەردەمی رێنسانس و جووڵانەوە هزریی و رۆشنگەرییەکان و لێدانی دەسەڵات و هەژمون و کاریگەرییەکانی کڵێسا بەشێویەك پەرەیانسەند و دەسەڵاتە پاشایەتییە رەهاو ناوەندگەراکان لەئەوروپا سەریانهەڵدا، وڵاتانی وەك ئینگلتەراو فەرەنسا و ئیسپانیاو ئیتاڵیا، لەپێناوی چنگخستنی هێزو دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی رێگاکانی بازرگانی و برەودان بە دەستکەوت و چەسپاندنی پایە ئابوورییەکانیان کەوتنە ململانێ و رکابەریی.

گرنگترین پایە فیکرییەکانی ئەم قوتابخانەیە:

یەکەم: دەوڵەت پێویستە بەهێز بێت و ئامانجی سیستمی ئابووریش پێویستە بەدیهێنانی ئەم هێزە بێت، هەربۆیە ئەم بۆچوونەیان بە "ئابووری لەپێناو هێزدا" ناودەبرێت.

دووەم: سامان گرنگترین بەدیهێنەری هێزی دەوڵەتەو دەبێت دەوڵەت هەمیشە سامانی خۆی پەرەپێبدات، مەبەستیش لەسامان زێڕو زیو و



کانزا گرانبەهاکان بوو، ئەوەی لەم سەردەمەدا پارە یان دراوی لێ دروست دەکرا.

سێیەم: بازرگانەکان بەشێوەیەك سەیری سامانیان لەجیهاندا دەکرد کە قەبارەیەکی چەسپاوە، هەربۆییە پێیان وابوو بەدیهێنان و دەستکەوتنی سامان لەلایەن دەوڵەتێکەوە، لەسەر حیسابی لەدەستچوونی سامانی دەوڵەتێکی ترە، لەبەرئەوە دیدی ئەم قوتابخانەیە لەناوخۆ نیشتیمانیی و لەدەرەوە دوژمنکارانە و بەرژەوەندییخوازانە و هەڵپەکارانە بوو.

چوارەم: بایەخدارانی ئەم قوتابخانەیە پێیان وابوو، کە بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاو بەروبومەکان لەو وڵاتانی ئەروپا هۆکاری تایبەت بەخۆی هەیە، جان بودان لەساڵی ١٥٦٨دا، ئەم بەرزبوونەوەیەی بۆ زێدەبوونی بڕی دراو و ئەو هەموو زێڕو زیوەوەیە لە جیهانی نوێوە پاش دۆزینەوە جێۆگرافییەکان بۆ وڵاتانی ئەوروپا هێنراون، بەلای ئەوانەوە زێدەبوونی دراو بووە هۆی لاوازیی تواناکەی بۆ کڕین و کەمبوونەوەی بەهاکەی، ئەوەی کە بەبنەمای " تیۆری چەندایەتیی لەبەهای دراو" ناودەبرێت.

**ب- سروشتگەراكان (فیزیۆكراتەكان/Physiocrat )**

دەركەوتنی ئەم قوتابخانە ئابوورییە بۆ ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم (١٧٥٦- ١٧٧٨) لەفەرەنسا دەگەڕێتەوە، لەسەردەستی چەند بیرمەندو ئابووریناسێكی وەك: دكتۆر كینای، ماركیز دی میرابۆ، دلاڤیر دەركەوت و سەرەتا ناوی "ئیكۆنۆمیست/ئابوریناس" یان لەخۆیان نابوو، بەڵام پاشتر بە فیزیۆكراتەكان /سروشتگەراكان ناسران.
بەشێوەیەكی گشتیی، رێبازی فیزیۆكراتەكان لەسەر دوو بیرۆكەی سەرەكیی وەستاوە:

**یەكەم: بنەمای سیستمی سروشتی:** فیزیۆكراتەكان پێیان وابوو كە دیارە ئابوورییەكان هەروەك بوارەكانی دیكەی زانستە سروشتییەكان ملكەچی یاسا سروشتییەكانەو ناكەوێتە ژێر كوتوبەندی ویستی مرۆڤەوە، بەڵكو ئەم یاسا سروشتییانە تەواوی دیاردە ئابوورییەكان و چالاكییەكانیان و جووڵەو پێشكەوتنیان ئاراستە دەكات، كە ئەویش لەسەر دوو بنەما وەستاوە:
**أ- بەرژەوەندی كەسیی:** واتە هەر تاكێك بەو ئاراستە ئابوورییەدا دەڕوات و هەڵدەسوڕێت كە بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی بەدیبهێنێت و ئەم بەرژەوەندییە هاندەری خەڵكن لەئەنجامدانی چالاكیی ئابوورییداو ئەو هێزەشە كە راستەوخۆ لەم بوارەدا ئاراستەیان دەكات.
**ب_ بنەمای ركابەریی:** هەر تاكێك كاتێك كار بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە ئابوورییەكانی دەكات، لەگەڵ تاكەكانی دیكەی كۆمەڵگادا، راستەوخۆ دەچێتە ركابەرییەوەو ئەمەش دەبێتە لەمپەرو سنوور لەبەردەم جووڵەی هەر تاكێك بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەكانی. فیزیۆكراتەكان پێیان وابوو ئەم بنەمایانە رەهاو جیهانیی و گشتگیرن، بەلای ئەوانەوە، كاتێك تاك كار بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەكات، هەمان كات، كاریش بۆ بەرژەوەندیی گشتیی دەكات.



**دووەم: بیرۆكەی زێدەبەرهەم:** لەراستییدا، مەسەلەی بایەخدان بە سامان و دەستكەوتنی زێدەبەرهەم، بۆ فیزیۆكراتەكان دەگەڕێتەوە، چونكە ئەوان پێیان وابوو، كە سامانی نەتەوەكان لەبواری بەرهەمهێناندا بەدیدێت، بەرهەمیش بەلای ئەوانەوە، لە كارێكدا بەرجەستە دەبێت كە زێدەبەرهەمی نوێی لێ بكەوێتەوە، بەشێوەیەك بڕێكی زیاتر لەو بڕەی لێ رەنێو و پەیدا بێت كە پێشتر لەپرۆسەی بەرهەمهێناكەدا بەكارهاتووە. هەر بۆیە لەسۆنگەی ئەم بنەمایەوە، لای فیزیۆكراتەكان زێدەبەرهەم تەنیا لەبواری چالاكی كشتوكاڵدا بەدیدەهات، لەبواری بازرگانی و پیشەسازیی تەنیا هەمان كەرەسە وەك خۆی دەمایەوە یاخود شێوەكەی دەگۆڕا و شێوەیەكی نوێی لەخۆدەگرت و بڕەكەی زیادی نەدەكرد. وێرای ئەوەش ئەوان بازرگانیی و پیشەسازییان بەچالاكیی سوودبەخش لەبواری ئابوورییدا لەقەڵەم مدەدا.

**ج- قوتابخانەی ئابووری كلاسیكی ( CLASSICAL SCHOOL OF ECONOMICS)**

ئەم قوتابخانەیە لەناوەڕستی سەدەی هەژدەیەمەوە ١٧٥٠ دەركەوت و تاكو كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ١٨٧١ بالادەستیی هەبوو، دەركەوتنەكەی لەدۆخێكی ئەوتۆدا بوو، كە شۆڕشی پیشەسازیی باڵی خۆی بەسەر ژیانی سیاسیی و كۆمەڵایەتیی ئەوروپادا كێشابوو، بەشێوەیەك گۆڕان و پەرەسەندێكی گشتیی هێنابووەئارا، داهێنانی ئامرازی پیشەسازیی میكانیكی مەزن و هەروەها دەركەوتنی وزەی نوێ وەك وزەی هەڵمیی، پرۆسەو هونەری بەرهەمهێنانی بۆ قۆناغێكی نوێ و بەرفراوان گواستەوەو ئاكامەكەی دامەزراندنی هەزارەها كارگەی پیشەسازیی و بەرهەمهێنانی كاڵای جۆراوجۆرو ململانێی بەهێز بۆ ساغكردنەوەیان لەبازاڕەكانی دەرەوەو ناوەوەدا، ئەوەی زەمینەی گەورەبوونی شارەكان و دابەشبوونی چینایەتیی و

باڵادەستیی سەرمایەداریی پیشەسازیی رەخساندو چالاکی بازرگانیی وابەستەی پیشەسازیی کرد. لەرووی فەزای فیکریشەوە، لەهەلومەرجێکی گۆڕانکاریی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی ئاوادا، رێبازە نوێیەکانی زانستگەرایی و عەقڵگەرایی و تاکگەرایی و لیبرالیزمی سیاسیی وەرچەرخانێکی نوێیان لە فەرهەنگ و جیهانبینی تاك و کۆمەڵگاکاندا هێنایەئارا، ئەوەی سەرەتا لە ئینگلتەراو پاشتر لەفەرنسا و وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپا دەرکەوت.

ئەم قوتابخانە ئابوورییە لەسەردەستی بیرمەندانی ئینگلیزیی وەك ئادەم سمس، دافید ریکاردۆ، تۆماسماڵتوس، جۆن ستیوارت میل و هەروەها لەفەرەنساش کەسانی وەك جان باتیست و شارل رست دەرکەوتووەو گەشەیکردووە.

گرنگترین بنەما سەرەکییەکانی ئەم قوتابخانەیە :

أ- تاك یەکەی سەرەکیی چالاکیی ئابوورییەو بەرژەوەندیی تایبەتیش هاندەورو بزوینەری ئەو چالاکییەیە، بەواتای هەر تاکیك کار بۆ بەدیهینانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی دەکات.

ب- بەرژەوەندیی تایبەت خۆی لەو قازانج و سوودە دەبینێتەوە کە تاك لەچالاکیی ئابووری دەستیدەکەوێت و هەڵپەی بۆ دەکات، لێرەشەوە ململانێ لەپێناو ئەو سوودە پەیدادەبێت، کە دواجار هەموویان دەچنە خزمەتی بەرژەوەندی گشتییەوە.

ج- بەرهەمهێنان بەلای ئەمانەوە خولقاندنی سوود و زێدەکردنی بوو، بەرهەمهێنانی کاڵاو خزمەتکردنی خواستی مادیی تاك بوو، رەگەزەکانی بەرهەمهینانیش بریتیبوو لە : سروشت و کارو سەرمایە، بەڵام کار بەلای ئەمانەوە رەگەزی هەرە سەرەکیی بەرهەمهێنان و بنەمای بەها و سامان بوو، چونکە بەهۆی کارەوە سورشت بەرهەم دەداو هەربەهۆی کاریشەوە سەرمایە لەڕیی پاشەکەوتەوە پەیدا دەبوو. هەربۆیە بەهای کاڵا لای ئەمان بەو ساتانەی کارەوە بەسترابووەوە کە لەبەرهەمهێنانی ئەو کاڵایەدا سەرفدەکرا. ئادەم سمس لەکتیبی "سامانی نەتەوەکان" لە ١٧٧٦دا، ئاماژەی بە رۆڵی "دابەشکردنی کار" داوە لە داهێنان و بەهای کاڵادا.

د- دانیشتووان بەگوێرەی بۆچوونەکەی ماڵتۆس لەزێدەبوونی بەردەوامدان، ئەوەی دەبێتە کێشە بۆ زەوی تا خۆراکی پیویستیان بۆ دابینبکات، هەربۆیە بە ویستی مرۆڤ بێت یان نا، لەپێناوی هاوسەنگییدا ژمارەی مرۆڤەکان کەمدەبێتەوە، لەرێگای جەنگ و قاتوقڕیی و نەخۆشیی یان رێگریی لەهاوسەرگیریی و زایین.

و- ئەم قوتابخانەیە بە پێچەوانەی مێرکانتلیزم، بانگەشەی ئازادیی ئابوورییان لەپەیوەندییە ئابوورییە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا دەکردو ئازادیی تاك و مافی موڵکییەتی تاك و تایبەتیان بەپیرۆز دانا، لەگەڵ بازاڕی ئازادو دژی هەر دەستێوەردانێکی دەوڵەت بوون لە چالاکییە ئابوورییەکان، ئەرکی دەوڵەتیان بە پاراستنی ئاسایشی نێوخۆو موڵك و ماڵی هاوڵاتیان و رێزگرتنی پابەندبوون بەگرێبەستەکان و رێگریی لەداگیرکاریی دەرەکیی بوو. هەروەها ئەنجامدانی پرۆژەیەکی پێویست کە لەتوانای کارو سەرمایەی تاك و گروپەکاندا نییەو قازانجیکی کەمیشی لی چاوەروان دەکرێت.

### شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی Capitalism

سەرمایەداریی، سیستمێکی ئابووری-کۆمەڵایەتییە کە شوێنی سیستمی دەرەبەگایەتیی دەگرێتەوە، کە تێیدا هۆکارەکانی بەرهەمهێنان وەك ( ئامێر، ماشێن، کارەگەکان، زەوی، بانکەکان، سەرچاوە کانزاییەکان، پارەو سامان) و تەواوی سەرچاوەکانی داهات و دارایی موڵکی تایبەتی چینێکی بەژمارە کەمن کە سەرمایەداریان پێ دەوترێ و رێکدەکەوی کە بەشێوەی کۆمپانیاو یەکێتییە سەرمایەدارییەکان لەگروپ و تاقمی جۆراوجۆردا وەك (کارتێڵ و ترەستات) بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئابووری جیهانیی کۆببنەوە . لەبەرامبەردا چینێکی بەژمارە زیاتر لەخەڵك هەن کە بێبەشن لەهۆکارەکانی بەرهەمهێنان و

ناچارن هێزی کاری خۆیان بفرۆشن سەرمایەداران، ئەوانیش پێیان دەوترێ کرێکارو بەکرێکاری پیشەسازییش دەوتری "پرۆلیتاریا".
شایەنی باسە، سەرماریەداران لەڕێگەی کڕینی هێزی کاری پرۆلیتاریاوە قازانج و زێدەبایی چنگ دەخەن و تادێت سەرمایەو پرۆژەکانی کاری پێ فراوان دەکەن. سەرمایەداریی پشتدەبەستێت بە موڵکایەتیی تایبەت و ئابووری بازاڕو بازاڕی ئازادو بەرهەمهێنانی کاڵا لەپێناو ساغکردنەوەی لەبازاڕەکاندا لەسەر بنەمای ئازادیی نرخدانان و (نمایش و داواکاریی/ عەرزو تەڵەب) و لەپێناو بەدەستهێنانی قازانج.
سەرەتاکانی دەرکەوتنی سیستمی کاپیتاڵیزم لە ئەوروپاوە، لەسەدەی چواردەهەم و پازدەهەمەوە، لەشارەکانی وەك فلۆرێنسا و جەنەواو ڤینسیا، دەسپێکرد، هەروەها لەسەدەی شازدەیەمەوە پێشکەوتنی بەخۆوە بینی، بەتایبەت لە ئینگلتەرا و هۆلەنداو فەرەنسا، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی بەرهەمهێنانی پێشکەوتوو لەڕووی تەکنیکییەوە لەلای پیشەگەرەکان و پشتبەستن بە هێزو وزەی نوێ وەك هێزی هەڵم و ئەلەکتریك. لەم رووەشەوە ئینگلتەرا پێشەنگی وڵاتانی دیکە بوو.
بۆ یەکەمین جار لەسەدەی شازدەهەمدا چالاکیی کانزاکاریی لەکشتوکاڵ جیا دەبێتەوە، هەروەها لەئاکامی دۆزینەوە جیۆگرافییەکان و دۆزینەوەی رێگاکانی بازرگانی و بەستنەوەی راستەوخۆی ئەوروپا بە رۆژهەلاتی دوورو دۆزینەوەی ئەمریکاو گەیشتنە ئۆقیانووسی هیندی و گەشەکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی دەرەوەدا، سەروەت و سامانێکی زۆر لە سامان و زێڕو زیو رژان بەسەر دەوڵەتە ئەوروپییەکاندا، ئەوەش هاوکارێکی گەورەی کەڵەکەبوونی سامان و دامەزراندنی شارە بازرگانییە گەورەکانی داو سەرمایەدارە بازرگانییەکان دەرکەوتن، پیشەسازیش هەنگاوی بەرەوپێش هاویشت و دەستی بە بەرهەمهێنانی کاڵایی کرد بەرادەیەکی زۆر، بەتایبەت، پاش وەرچەرخاندنی بەرهەمێنان لە مانیفاکتۆرە بچوکەکانەوە بۆ بەرهەمهێنانی میکانیکی و ماشێنیی لە کارگەکاندا. ئەوەش بووە هۆی



پەرەگرتنی پەیوەندییەکانی مامەڵە بەکاڵا و دراو و شارە پیشەسازییەکان دەرکەوتن و رۆڵی ئابووری و کۆمەڵایەتییان زیادییکرد.
بەم جۆرە، دەرکەوتن و گەشەکردنی سیستمی سەرمایەداریی بووەهۆی داڕوخانی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان لەئەوروپاو مەسەلەکانی کۆیلایەتیی زەوی (سێرف) و بێگارکاریی لە وڵاتانی وەك ئنگیلتەراو پاشتر فەرەنساو ئیتالیا هەڵوەشانەوەو هەڵگیران. لەم قۆناغەدا، سیستمی سەرمایەداریی لەهەناوی فیوداڵیزمدا رسکاو سەرمایەی سەرەتایی کەڵەکەیکرد.
لەلایەکی دیکەوە، دەستبەسەرداگرتنی زەوی جووتیاران و وەلاخستنی بەرهەمهێنەری سەرەکیی لەزەوییەکەی کە وەرزێرە، رۆڵی لە کەڵەکەبوونی سەرمایەدا گێڕا، ئەویش پاش کۆکردنەوەی زەوی لەدەستی ژمارەیەکی کەم و دەرکردنی جووتیاران لە زەوییەکانیان، ئەوانەی لە ژێر زەبری ستەم و چەوساندنەوەی گوندەکان و گەڕان بەدوای ژیانێکی تر ، ناچاربوون روو لە شارەکان بکەن و گوندەکانیان چۆڵ بکەن. لێرەشەوە، ئەوانە بوون بە سەرچاوەیەکی مەزنی هێزی کار بۆ سەرمایەدارانی شارەکان و گەشەکردنی پرۆژە پیشەسازییەکانیان، بەتایبەت پاش روودانی شۆڕشی پیشەسازیی.
لە راستییدا، سەرمایە کە لە بنەڕەتدا بریتییە لە سامان و پارە، لەگەڵ ئامێرو هۆکارەکانی کارکردندا، بە خستنەگەڕو لەڕێگەی کڕین و بەکاربردنی هێزی کاری کرێکار، کاڵاو قازانج و (زێدەبایی) بەرهەمدێنێ، سەرمایەش چەند جۆرێکە لەوانە: پیشەسازیی و بازرگانیی و سەرمایەداریی بانکیی و پشکداریی کۆمپانیاکان.
شایەنی وتنە، دەرکەوتن و گەشەکردنی سەرمایەداریی، هەروەك شێوازەکانی دیکەی بەرهەمهێنان، لەتێکڕای ناوچەو وڵاتانی جیهان هاوتەریب نییە، تەنانەت لەئەوروپاش کە لانکی سەرمایەدارییە، پاش پشکوتنی بۆرجوازیی لەنێوان سەدەی چواردەیەم و شازدەیەم، سەرمایەداریی پیشەسازیی رسکاو بەخێرایی پەریگرت و لە ١٨٠٠

کانەوە لە ئینگلتەرا دەستپێکرد، لە ئەڵمانیا لەساڵی ١٨٧٠و لەژاپۆنیش لەپێش یەکەمین جەنگی جیهانییدا.

سەرمایەداریی زادەی هەلومەرجێکی مێژوویی و ئابوورییە و ماوەیەکی پێویستە بۆ پێگەیشتن و خەملاندنی، ئەوەی کە سەرەتا بە شێوە هاوچەرخەکەی دەرنەکەوتووەو سەرەتا لە ئاکامی پەرەسەندنی بازرگانی، سەرمایەداریی بازرگانی گەشەیکرد، ئنجا پاش دەرکەوتنی پیشەسازیی و شۆڕشی پیشەسازیی و پەرەسەندنی تەکنیك و ئامێرو ئامرازەکانی کارو بەرهەمهێنان، سەرمایەداریی پیشەسازیی رکابەر دەرکەوت و کارگە سەرەتا لەلایەن تاکە سەرمایەدارێکەوە خاوەندارێتیی دەکرا کە لەگەل هاوپێگە خاوەن کارگەکانی دیکەدا لەرکابەرییدابوو ، پاشان سەرمایەداران پێکەوە لە کۆمپانیا هاوبەشەکاندا خۆیان رێکخست و پیشەسازییەکانیان قۆرخکرد و سەرمایەداریی قۆرخکاریی دەرکەوت. ئەو کۆمپانییانەی کە دەتوانن پرۆژەی پیشەسازیی و سەرمایەدارانەی مەزن بگرنەئەستۆو بەرهەم و بازاڕیش بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان و ویستی خۆیان کۆنترۆل بکەن.

لێرەبەدوا، سەرمایەداریی شێوەیەکی جیهانیی بەخۆوەگرت وپارەی وەك رێگایەك بۆ سوودو قازانجی گەورە بەگەڕخست، ئەویش لەرێگەی بانکەکان و کۆنترۆڵکردنی بازارەکانی دراوو پشکەکان و قەرزبەخشین بە سوودو قازانجێکی زۆر، ئەوە جگە لەکۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت و ململانێیان لەبازاڕی نەوتدا لەسەردەمی هاوچەرخ.

مارکسییەکان خاوەنی ئەو بۆچوونەن کە جووڵانەوەی ئیستیعماریی جگە لەقۆناغێکی باڵای گەشەکردنی سەرمایەداریی شتێکی دیکە نییە، ململانێی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان لەپێناو بەدەستهێنانی بازاڕو کانگاکان و سەرچاوەکانی کەرەسەی خاو، هەربۆیە جەنگە جیهانییەکانی یەکەم و دووەم بە زادەی هەوڵدانی وڵاتانی زلهێزی جیهانی سەرمایەداریی بۆ سەرلەنوێ دابەشەکردنەوەی بازاڕەکان دەزانن. تەواوی شۆڕشە نەتەوایەتییەکانی و دروستبوونی دەوڵەتی



نەتەوەیی، شۆڕشی ئاینیی و بانگەشەکردنی بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی کڵێساو دەسەڵاتی پاپا، هەروەها شۆڕشە مەزنەکانی هاوشیوەی شۆڕشی فەرەنسا، زادەی پەرەسەندنی شێوازی بەرهەمهینانی سەرمایەدارییین.

دەوڵەتە دواکەوتووە کۆڵۆنییکراوەکانیش بەدەست لاوازیی سەرمایەداریی نیشتیمانییەوە دەناڵێنن، بەجۆرێك کە ململانێیی و ئاڵنگاریی سەرمایەداریی بێگانەی پێناکرێ، هەروەها بەوهۆیەی کەرەسەو ئامرازو شارەزایی و هونەری تەواویان نییە لەرووبەرووبوونەوەدا فریان بکەوێ، هەربۆیە ئەنجامدانی شۆڕشی پیشەسازیی لەو وڵاتانە کارێکی مەحاڵە، چونکە رووبەرووی تالانکاریی سامان و بەستنەوەیان بەقەرزی گران و پشتشکێن دەبنەوە.

ئەوەی زانراوە لە سەرمایەدارییدا، مەسەلەی (ئازادی کارکردن) بەتەنیا مانای ئەوە نییە کە تاك ئازادیی رەهای هەبێت کە هەرکارێکی دەیەوێت ئەوە بکات، چی دروستدەکات یان بازرگانیی بە چییەوە دەکات، بەڵکو دەتوانی چ بەرهەمێکی دەوێت رەنێوی بهێنێت و ئەو نرخەشی بخاتەسەر کە خوازیارێتی، بێئەوەی پابەندی رێژەیەکی تایبەت و سنورداری قازانج بیت. تەنانەت دەتوانێت چ کاڵایەك داواکاریی لەسەرە قۆرخی بکات و نرخی چەند بەرابەری بخاتەسەر، جا ئیتر ئەو کاڵایە خۆراك و شیری منداڵ و دەرمانیش بێت جیاوازیی نییە و چارەنووسی خەڵك دەکەوێتە دەست قۆرخکارانی بازاڕو کارگەو سەرمایەداران و نوێنەرەکانیان.

جگەلەوەی بوونی ئازادیی و ململانێ و پێشبڕکێ لەم سیستمە ئەوە دەگەیەنێت کە تاك هەموو رێگاکانی لەبەردەمدا والایە کە بکەوێتە وێزەی ململانێکەرانی بەمەبەستی زاڵبوون بەسەریانداو دەرکردنیان لەبازاڕ، تەنانەت ئەگەر لەو پێناوەشدا نرخی کرێی رۆژانەی کرێکارەکانیشی کەم بکاتەوە، یان گزیی لە جۆری بەرهەمهێنانی کاڵاکەیدا بکات، تاوەکو بەنرخێکی هەرزانتر بیفرۆشێتەوەو بەوەش قازانجێکی زیاتر بکات و بۆڕی بەرامبەرەکەشی بدات.

بە زاڵبونی پرەنسیپی ململانێی ئازاد لەنێو کۆمەڵدا، دەوڵەتیش پەیوەست دەبێت بەهەمان بنەماوەو ئەرکی سەرەکیی حکومەت پاریزگاریکردنە لە موڵکایەتیی تایبەت و رۆڵی چاودێر دەبینێت نەك دەستێوەردەر لە پرۆسەی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەرمایەداریی و لەژێر کاریگەریی چینی سەرمایەداراندا وەك لایەنگرو ئامرازیکی ئەو چینە و بەدیهێنەری بەرژەوەندییەکانیان بڕیاردەدات و بەرایەڵەی جۆراوجۆرەوە بەسەرمایەداران دەبەسترێتەوە، ئەویش لەگەڵ دەوڵەتە سەرمایەدارەکاندا لەدەرەوە دەکەوێتە ململانێ و پێشبڕکێ لەپێناو بەدەستهێنانی کەرەسەی خاوی بەرهەمهێنان و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیان، جگە لەدەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی سەرمایە و نەوت و کان و کانزاکان، ئەو ململانێیەی کە ئاکامەکەی بە پرۆسەی داگیرکاریی و جەنگە وێرانکارییەکان لەژێر دروشمی بریقەداردا کۆتاییان دێت.

بەم جۆرە، ئازادیی ململانی دەبێتە چاوگێکی سەرەکیی خراپەکاریی و چەوسانەوەو ستەمی کۆمەڵایەتیی و چاندنی تۆوی دڵەڕاوکێ و نائارامیی لەکۆمەڵگادا. بەجۆرێك کە سەرمایە پیرۆز دەبێت و شوینێك بۆ هەستە مرۆڤایەتییەکان نامینێتەوە و خەلك بەرەو پارەپەرستیی و چێژگەراییەکی بێسنورو چاوبرسێتیی و گەندەڵیی و خۆپەرستیی رووت و دیکتاتۆرییەتی دراو دەڕوات، ئەو جۆرە ژیانەی کە نووسەری گەورەی بریتانی (H.G Wellz)بەژیانێکی پڕ فێل و بێهودە ناودەبا.

لەراستییدا، دەوڵەمەندبوونی بێسنوورو هەڵتۆقینی چینێکی کەمی کۆمەڵگا بێ چاودێریی، مانای ڕووتانەوەو چەوساندنەوەی زۆرینەی کۆمەڵگا دەگرێتەوە. دەستکەوتی بی ماندووبوون و ماندووبوونی بێ دەستکەوت، کەڵەکەکردنی سامان و قۆرخکردنی دەبێتەهۆی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی پڕتوندوتیژیی کە چینیك لەتێرییدا دادڕزێت و چینێکیش لەبرسێتیدا دەمرێت، ئەوەش ئاشتیی کۆمەڵایەتیی و هاوسەنگییەکەی دەخاتە مەترسییەوەو چەندین لایەنی نەرێیی لێدەکەوێتەوە:



- لەرووی سایکۆلۆژییەوە، ترس و دڵەڕاوکێ لەلای خەڵك دروستدەکاتو هەمیشە لەخەمی ئایندەیاندا راکەراکیان دەبێ و لەژێر هەڕەشەی دەوڵەمەنداندا دەبن.
- لەلایەنی رەوشت و مۆراڵەوە، لەسایەی سەرمایەداریی رێزو پیرۆزیی بۆ سامان و سەرمایەدارانەو تەنانەت ئەوانەشی بێ ماندووبوون بەسەر ساماندا کەوتوونو شایستەییان تیدا نییە، ئەرك و ملکەچیش بۆ زۆرینەی هەژاران و زەحمەتکێشانە، لێرەشەوە پارەو سەرمایە دەبێتە سەنگی بەهاو پێگەو شانازیی مرۆڤ نەك جەوهەرو کەسایەتییەکەی.
- لەرووی دەرونییەوە، سەرمایەداریی رایەڵەی کۆمەلگا لاواز دەکات و لەبری هەماهەنگیی و هاوسۆزیی و بۆیەکبوون، دژایەتیی و رك و بێزاریی لێکتر پەرەدەسێنێ، بەتایبەت لەنێوان چینە ناکۆکەکاندا.
- لەرووی ئابوورییەوە، پارەو سامان دەبێتە سەرمایەو ئەویش زیدەبایی زیاترو سەرمایەی زیاتر رادەکێشێت و خاوەندارێتیی سامانی بەرهەمهاتووو شێوازی بەگەڕخستنەوەی لەپرۆسەی سەرمایەگوزارییدا بەچینی سەرمایەدارانەوە پەیوەستە، بەردەوام هەوڵی کەمکردنەوەی کەرتی گشتیی و هاندان و پەرەپێدانی کەرتی تایبەت دەدرێت، جگەلەوەی لەسایەی سەرمایەدارییدا ناتوانرێت هەمووان وەك یەك سوود لەداهات و سامانی وڵات بکەن و دادپەروەریی و یەکسانیی دەکەوێتە مەترسییەکی گەورەوە، جگە لەوەی لەسەرمایەدارییدا، کە ئامانج لێی قازانج و کەلەکەبوونی سەرمایەیە، قەیرانە ئابوورییە دەورییەکان، بێکاریی، برسێتیی و هەژاریی و گرانیی و بەکارهێنانی سامان بۆ هاندان و ناچارکردنی خەڵکی بۆ کاری تاوانکاریی: باندەکانی تلیاك و دزیی و تیرۆر و سێکسفرۆشیی و بازرگانیی بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ..هتد، سەرهەڵدەدەن، کە دیاردەی سەرەکیی جیهانی سەرمایەداریی و بازرگانیین لەو وڵاتانە.

هەربۆیە لەکۆمەڵگای سەرمایەداریی رەهادا، ئازادیی مرۆڤ مانایەکی راستیینەی نابێت و هەمیشە لەژێر هەڕەشەی بێکاریی و برسێتیی و هەژارییدا لەماناکەی بەتاڵدەکرێتەوە، بۆ زۆربەی چینە زەحمەتکێشەکان، ئازادیی سیاسیی، بریتییە لە ئازادیی برسییبوون، چەمکەکانی دیکەی یەکسانیی و دادپەروەریی و هاوڵاتییبوون و ..هتد لەسایەی بوونی کۆمەڵگایەکی پڕ ناکۆکیی و جیاوازیی و هەڵاواردنی چینایەتیی، مانایەکی نامێنێ، بە وتەی نووسەری ئینگلیزیی بەرنادشۆ:

" لەگەڕەکێکی شاردا، سفرەو خوانێکی رازاوە هەیە و ئامادەبووان لە تێرییدا دڵیان نایبا، لەگەڕەکەکانی دیکەش، خەڵکێکی برسیی زۆر هەن، بێئەوەی خوانیکیان هەبێ نانی لەسەر بخۆن".

شایەنی باسە، سەرمایەداریی لەدرێژەی پرۆسەی پەرەسەندنی مێژوویی خۆیداو لەژێر فشاری قەیرانە جۆراوجۆرەکاندا، بەتایبەتی : دەرکەوتنی جووڵانەوە کرێکارییەکان و بۆ رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم، هەروەها بۆ راکێشانی کۆمەڵانی کرێکاران و بەدەستهێنانی دەنگیان لە هەڵبژاردنەکان، جگە لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەو لیژنەکانی مافی مرۆڤ، ناچاربوو ریفۆرم لەهەندی بوارەکاندا بکات و لێرەوە دەوڵەت رۆڵێکی زیاتر بینی لە بواری پەروەردەو تەندروستیی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی هاتوچۆو هەولدان بۆ دابینکردنی مافەکانی بێکاریی و بایەخپێدانی تەندروستیی و بیمەی پیرێتیی و خانەنشینیی و زەمانەتی کۆمەڵایەتیی و چاککردنی خزمەتگوزاریی و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و کەمکردنەوەی کاتی کارکردن و بیمەی منداڵبوون و نەخۆشیی و دابینکردنی مافی مانگرتن و خۆپێشاندان و ..هتد، کە تارادەیەك هەم تەمەنی ئەو رژێمەی درێژکردۆتەوەو هەم رووخساریشی، نەك ناوەرۆکەکەی، پێ گۆڕیوە.



## ئاوڕێك لە مێژووی ئابووری کوردستان

**کوردستان، نیشتیمانی کوردان:** وڵاتێکە دەکەوێتە ناوجەرگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە باشووری رۆژئاوای ئاسیایە، کە ئێستاکە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سنووری دیارییکراو و دانپێدانراودا نییە و لەنەخشە سیاسیی و جیۆگرافییەکانیشدا وێنا ناکرێ لەرووی نێودەوڵەتییشەوە(جگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق) دانپێدانراونییە ، بەڵکو لەنێوان دەوڵەتانی داگیرکەری تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا دابەشکراوە. بەڵام ناو و وڵاتی کوردستان ریشەیەکی مێژوویی کۆنی هەیە و هەتاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم لەتەواوی نووسین و نەخشەکاندا وەك قەوارەو وڵاتێکی تایبەت بە کوردان ئاماژەی بۆکراوەو ناوی هاتووە.

دیارە دیارییکردنی سنووری ئەم وڵاتە لەئاکامی ئەو پرۆسە داگیرکاریی و دابەشکاریی و گۆرانکارییە دیمۆگرافییانەی بەسەریدا هاتووە لەلایەن دەوڵەتە بێگانە و داگیرکارەکانەوە، بڕێك گرانە، بەڵام بەپشتبەستن بەسەرچاوە مێژوویی و جێۆگرافییە کۆن و نوێیەکان دەتوانین بڵێین ئەم وڵاتە شێوەی سێگۆشەیەکی وەستاوی نارێك بەخۆوە دەگرێ، بەشێوەیەك لەچیای ئاگرییەوە لەباکووری رۆژهەڵات بەهێڵێکی راست بەرەو بەشی باشووری زنجیرەچیای زاگرۆس و پشتکۆ دێتەخوارو لەوێشەوە بەشێوەی هێڵێکی راست بەرەو باکووری رۆژئاوە دەکشێت و بەموسل و لیوای ئەسکەندەرونەدا لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست تێدەپەڕێت، لەم خاڵەشەوە، هەر بەشیوەی هێلێك بەرەو باکووری رۆژهەڵات هەتاوەکو ئەرزرۆم و لەوێشەوە بەرەو لوتکەی ئاگری سەردەکەوێتەوە، بەوەش ئەم وڵاتە دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی ٣٠-٤٠ ی رۆژهەڵات و ٣٧-٤٨ی پانی لەباکوور و ئەم ناوچانە دەگرێتە خۆ: باشوورو باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، هەموو رۆژئاوای ئێران بی لەخوزستان، باکوورو باکووری رۆژهەڵاتی عێراق، گۆشەکانی باکوورو باکووری رۆژهەڵاتی سوریا، هەروەها رۆژهەڵاتی روباری ئاچوریان لەئەرمینیا. بەمشێوەیە، رووپێوی

کوردستان نزیکەی ٥٠٠٠٠٠کم دووجایە، واتە لە بریتانیاو هۆڵەنداو بەلچیکاو سویسرا و دانیمارك پێکەوە، گەورەترە، ئەم وڵاتە درێژییەکەی لەباکوورەوە بۆ باشوور ١٠٠٠کم و تیکڕایی پانایشی لە بەشی خوارەوە ٢٠٠کم و لە باکووریشەوە بۆ ٧٥٠کم فراوانتر دەبێت.

کوردستان، بەگشتیی وڵاتێکی چیایی و سەختە و کەشوهەواکەی لە ناوچەیەکەوە بۆ ئەویتر جیاوازە، چیای ئاگری کە بەرزاییەکەی ٥٢٥٨م بەرزترینە، لەباشووریش پیرەمەگرون کە بەرزییەکەی ٣٠٠٠ م . دەشتەکانی کوردستان کەشێکی نیمچە ئیستوائیییان هەیە و تیکڕای ساڵانەی باران لەنێوان ٢٠٠-٤٠٠ مم، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە دۆڵە نزمەکانی نێوان زنجیرە چیاییەکاندا دەگاتە ٧٠٠-٢٠٠٠مم و هەندیك جار زیاتریش. کەشی بەشەکانی ناوەڕاستی کوردستانیش تاڕادەیەك کیشوەرییە و هەندیك جاریش وشکە. لەکوردستان جیاوازییەکی زۆر لەنێوان بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمییدا هەیە کە دەگاتە نزیکەی ٨٠ پلەی سەدی.

کوردستان، سەرچاوەیەکی زۆری ئاوی سروشتیی هەیە کە خۆی لەئاوی رووبارو تاڤگەو کارێزو کانییەکاندا دەبینێتەوە، بەلام هەندێك ناوچەش هەن لەرۆژئاوای عێراق و سوریا کە لەبیابانەکان نزیکدەبنەوە، کە ئاوی تێدا نەك هەر بۆ ئاودێریی کشتوکاڵیی، بەڵکو بە خواردنەوەو کاروباری ماڵیش کەم و بێئاوە. سەرچاوەی چوار رووباری گرنگی ناوچەکە کە دیجلەو فورات و ئاراس و قیزڵ ئۆزونە، لەچیاکانی کوردستانەوە هەڵدەقولێن، جگە لە رووبارەکانی دیکە کە سیروان و چەغەتو و بۆتان و زیی گەورەن کە بەنێو خاکی کوردستاندایشدا تێدەپەڕن. چەند دەریاچەیەکیش لەکوردستاندا لەئاکامی کۆبوونەوەی ئاوی جۆبارو بەفری تواوەی شاخەکان پیکدین کە گرنگترینیان دەریاچەی ورمی و وان و دوکان و دەربەندیخانە.

چیاکانی کوردستان بەگشتیی رووتەڵن و دارستانیان کەمە، بەلام لەهەندێك دۆڵەکاندا دارستانی چڕی وسروشتیی و چێنراو هەن، بەتایبەت لە بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەباشووری رۆژئاوای



دەریاچەی ورمێ بەرەو لورستان بەدیوی ئەودیوی زاگرۆسدا شۆڕدەبیتەوە، ئەوەی دارەکانی زۆربەی گویزو بەڕوون.

کوردستان خاوەنی سامانێکی بێشوماری کانزایی ژێرزەویە، بەتایبەتی نەوت کە بەشێکی گەورەی ڕێژەی نەوتی یەدەکی جیهانیی کە ٨ % پیکدەهێنێت، ئەوەی لە کەرکوك و سیرت و عەینزالەو شائابادو جەزیرەو زۆر شوینی دیکە هەیە، ئەمە جگە لە کانزای دیکەی زۆر بەنرخ وەك زیرو زیو و جیوەو ئاسن و کرۆم و مس و خەڵوزی بەردیی و خوێ و چەندین کانزای دیکە.

لەرووی جوانی سروشتییەوە، کوردستان وڵاتێکی سەرنجراکێش و جوانە، دیمەنی چیا سەرکەش و دۆڵە قووڵ و مێرگوزارو رووبارو جۆبارو دەشتی سەوزو کارێزو کانیاوەکانی دڵفرێنن، هەروەك مالیباری توێژەری هۆڵەندی بە وڵاتی جوانیی ناوی دەبات کە کار لە رۆحی مرۆڤ دەکات و هەستی شیعرو خەیاڵی تێدا دەبزوینیت، جوانییەك دیمەنەکانی خەمدەرکەرە.

**تێڕوانینێك بۆ رابردووی دوور**

کورد میللەتێکی هەرە دێرینی رۆژهەلاتی ناوەڕاستە و باپیرانی هەزاران سال پێش ئێستا و بگرە لەسەرەتای دەرکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتییەوە لەم ناوچەیە ژیاون و چالاکیی فرەجۆری ئابووری و کۆمەڵایەتیی و دواتر سیاسیی و سەربازییان ئەنجامداوە. قۆناغی ژیانی سەرەتایی و پێش مێژوو لەکوردستان زۆر ئاڵۆزو نادیارە، چونکە وەك پێویست نەبۆتە جێگەی کارو توێژینەوەی شوێنەوارناسان و زاناکانی زانستی ئەنترۆپۆلۆجیی و بەدەیان ئەشکەوتی کۆن پشکنینان تێدا نەکراوە. لەراستییدا، هەرچەندە لەو کارو هەڵکۆڵینانەی تاکو ئێستا کراون، ئەوەندە زانیاریی هەیە کە بەڵگەی سەلماندنی بوونی ژیانی سەرەتایی مرۆڤە لەچیاکانی زاگرۆسدا کە بڕبڕەی پشتی کوردستانی ئێستان. لەوبارەیەوە، شوێنەوارناسان پاش ئەنجامدانی هەلکۆڵین و گەران لەچەند ناوچەیەکی کوردستاندا، توانیویانە

شوێنەواری مرۆڤی نیاندەرتاڵ و سەردەمی چاخی بەردینی ناوڕاست (چاخی مۆستیری) بدۆزنەوە، بەتایبەتی دۆزینەوەی ئامرازی بەردینی ساکار لەئەشکەوتەکانی زەرزی و هەزارمێرد لەناوچەی سلێمانی کە بۆ ١٢٠ هەارساڵ پێش زاین دەگەڕیتەوە.

هەروەها هەڵکۆڵینەکان لەئەشکەوتی شانیدەر، لەقەدپاڵی چیای برادۆست لە نزیك شاری رەواندوز، کە شوێنەوارناسی بەناوبانگ (رالف سولکی) ئەنجامیداوە، مێژوویەکی شاراوەی ژیانی مرۆڤی سەرەتاییمان لەکوردستان بۆ ئاشکرا دەکات. لەم ئەشکەوتە چەندین ئامرازی دروستکراوی بەردین و پاشماوەی ئێسکی مرۆڤ (٩ پەیکەر کە دانەیەکیان منداڵە و دووانیان ژنە)و ئاژەڵ دۆزراوەتەوە کە تیشك دەخاتەسەر چۆنێتی ژیانی ئەوانەی ئەم ئەشکەوتەیان وەك پەناگایەك بەکارهێناوەو لەسەر کۆکردنەوەی بەروبومی خۆراکیی سروشتیی و راوی ئاژەڵانی ناوچەکە ژیاون. ئەوان لەململانێدابوون لەگەڵ سروشتیکی سەخت و هێزی جەستەیان بۆ ملکەچکردنی ئەو سروشتە و گونجاندنی بۆ ژیان تەرخانکردووە. ئەوان ئەشکەوتەکەیان کردۆتەماڵیك بۆژیان و لەسەرمای زستان و ئاژەڵی دڕندە خۆیان پاراستووە، هونەری دروستکردنی ئامرازی ساکاریان لە ئێسك و دارو تەختەو بەرد زانیوەو جگە لەکۆکردنەوەی بەروبومی سروشتیی، راوی ئاژەڵەکانی وەك بزن و گاو بەرازو کیسەڵیان کردووەو زانیویانە ئاگربکەنەوە، بەڵام کانزاکاریان نەزانیوە.

هەروەها شوێنەوارناسان لە ئەشکەوتەکانی بێستون لەکرماشان و ئەشکەوتی تامتاما لە نزیك دەریاچەی ورمێ، ئامرازی بەردینیان دۆزیوەتەوە کە مرۆڤی کۆنی دانیشتووی ئەو ئەشکەوتانە بۆ راوکردن بەکاریانهێناون. هەروەها دیمەنی راوکردن و وێنەی هەندێك لەو ئاژەڵانە لەسەر بەردنەخشێنراون و نمونەکانیان لە ناوچە شوێنەوارییەکانی ئەحمەد بڕندە و گوندی گولان و ئەشکەوتی زارگەلی و دۆڵی سەکران بینراوەتەوە. هەروەها لە شوێنی تەپەسەراب لەنزیکی کرماشان شوێنەواری گروپیکیان دۆزیوەتەوە کە کشتوکاڵی سەرەتاییان زانیوەو گەنمیان چاندووە ئامرازەکانیان لەبەردی سوان و سواڵتی



رەنگی سوریان دروستکردووە کە بۆ ٦٢٠٠ ساڵ دەگەرێتەوە ، هەر لێرەدا پەیکەریان دۆزیوەتەوە کە دەوترێ بەرجەستەی خواوەندی دایك دەکات، ئەمەش دوورنییە بەشێك بێت لە باڵادەستی سیستمی دایکسالاریی کە لەقۆناغی سەرەتایی ژیانی مرۆڤایەتیی لەهەندێك شوێن هەبووە.

پەرەسەندنی مرۆڤی سەرەتایی لەکوردستانی کۆن لەقۆناغی کۆکردنەوەی خۆراکەوە بۆ بەرهەمهێنانی خۆراك وماڵییکردنی ئاژەڵ و ماڵئاواییکردن لەژیانی ئەشکەوتەکان و گواستنەوە بۆ رۆخی گردەڵان و پێدەشتەکان و دروستکردنی خانووی قوڕیین لەسەر بناغەی بەردڕێژ، واتە بەکارهینانی تواناو وزەو ئامرازو کاری مرۆڤ لەبواری بەرهەمهێناندا کاتێکی زۆری خایاندووە، لەوماوەیە جگەلەوەی ئامرازەکانی گەشەپیداوهو ئەزمونێکی ملەململانی لەگەڵ سروشتدا کۆکردۆتەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی کەم و ساکاریش بێت، ئەوەی لەجیهانی کۆندا شۆڕشێك بووە لەبواری بەرهەم و ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتییدا، ئەوەی سەردەمەکەی بۆ دەوروبەری ١٠٠٠ساڵ پ ز دەگەرێتەوە، جگە لە شوێنی تەپەسەراپ، لەنزیك چەمچەماڵ شوینی کەریمشار و هەروەها مەلفەعات لەسەر روباری خازەر، دواتریش گوندی چەرمو لە نزیك چەمچەماڵ، نمونەیەکن بۆ سەرەتاکانی گوندی کشتوکاڵیی لە کوردستان لەچاخی بەردینی نوێ بە هەموو ئامرازو پێداویستییەکانی چالاکییە ئابوورییەکان و بەرهەمهێنان هەر لەدەرزی ئێسك و دەفری گڵێنەوە تاوەکو مێکوت، ئەوەی لەگوندی چەرموو زۆربەباشیی هەڵکۆڵین و لیکۆڵینەوەی لەلایەن دەستەیەکی زانستی شوێنەوارناسی ئەمەریکیی لەزانکۆی شیکاگۆ لەپەنجاکانی سەدەی بیستەمدا لێکراوەو زانیاریی زۆری لەبارەوە بڵاوکراوەتەوە.

## کوردستان و شێوازی ئاسیایی بەرهەمهێنان

وەك ئاشکرایە، کوردستان وڵاتیکی ئاسیاییە و کەوتۆتە نێوجەرگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، کە لەرۆژهەڵاتەوە ئێران و لەباشوورەوە عەرەبستان و نیمچەدورگەی عەرەبیی و لە رۆژئاواشەوە شام و میسر شوێندەگرن. هەربۆیە کاتێك باس لەشێوازیی ئاسیایی بەرهەمهێنان دەکرێ، یەکسەر ئەو پرسیارەمان بۆ دێتەپێش کە ئاخۆ کوردستان چ شوێنێکی لەم شێوازەدا گرتووە؟!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە، جگەلەوەی پێویستە ئاوڕ لەدۆخی سروشتی جیۆگرافیی کوردستان بدرێتەوە، دەشبێت سروشتی ئەو دەسەڵاتدارێتیی و حکومەتانە لەبەرچاو بگیرێت کە لەمێژووی کۆنی کوردستاندا دەرکەوتوون و لەگەڵ دەسەڵاتدارێتییەکانی سۆمەرو بابل و ئەکەدو ئاشوور و فیرعەونەکانی میسرو هەروەها شاهەنشاهییەکانی ئێران (ئەخەمینی و ساسانیی) بەراوردبکرێن، تا بزانین کە لە کۆندا لە کوردستان دەسەڵاتگەلێکی ناوەندگەرای ئەوتۆی تێدا دامەزراوە کە سیستمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی لەسەر بنەمای دابەشبوونی چینایەتیی تۆکمەو دەستیوەردان و ئامادەیی دەوڵەت لەکایەی ئابووریدا چەسپابێت؟!! ئایا لەکوردستان هیچ کات کۆیلە، چ بەشێوە رۆژئاواییەکەی بێت یان رۆژهەلاتییە ئاسیاییەکەی، وەك چینێکی کۆمەڵایەتیی و ئامرازێکی بەرهەمهێنان( جا موڵکی دەوڵەت بێت یان موڵکی تاك)، ئەرکی بەرهەمهێنانی سەرەکیی لەئەستۆ بووە ؟!!ئایا لەکوردستان شوێنەواری دێرینەی ئەوتۆمان بۆماوەتەوە وەك شورای چین و هەرەمەکانی میسرو پەرستگاکانی میسۆپۆتامیا کە بەرهەمی کاری کۆیلەکان بن؟!! یان ئایا لە مێژووی کۆنی کوردستاندا چالاکیی ئابووری کشتوکاڵیی بەشێوەی بەرفراوان و لەرۆخی رووبارەکان ئەنجامدراوە کە پشت تۆڕێکی بەرفراوان لەئاودێریی دەستکرد ببەستێت و دەوڵەتیش رۆڵی بنیاتنەرو هەڵبەستن و رێکخەرو نۆژەنکردنەوەو ئاراستەکەری ئەم تۆڕە ئاودێرییە دەستکردەو چالاکییە کشتوکاڵییە بەرفراوانەکەی ببینێت؟!!



دەبێت سەرەتا ئاماژە بەو راستییە بدرێت، کە بەگشتیی، تێکڕای ئەو کتێب و توێژینەوانەی سەبارەت بە وڵاتانی رۆژهەڵات و هەروەها وڵاتانی هاوسێی کوردستان نووسراون، بەوانەشی کە مێژووی ئابووریی ئەم وڵاتانەیان شەنوکەو کردووە، یاخود ئەوانەشی لەسەر مێژووی کۆنی کورد نووسیویانەو لەپاڵ دۆخی سیاسیی و سەربازییدا، ئاماژەیان بەرووە ئابوورییەکانیش داوە، هیندەی ئاگاداربین، هیچیان توێژینەوەیەك یان بابەتێکی تێروتەسەلیان لەبارەی کوردستان و شوێنی لە شێوازی ئاسیایی بەرهەمهێناندا نەنووسیوە، ئەویش بەو هۆیەوە کە یان تایبەتمەندییەکیان بۆ دۆخی جیۆگرافیی و ئابووری کوردستان رەوا نەدیتووە، یاخود کارو بابەتیکی وایان بەپێویست نەزانیوە، یان بەڵگەی ئەوتۆیان لەبەردەست نەبووە بچنەنێو گەنگەشەی بابەتێکی تیۆریی ئاوا وشك ، بەڵام گرنگەوە.

هەرحاڵ، سەرەتا پویستە بڵێین کە راستە کوردستان وڵاتێکی وەرزێرییەو کشتوکاڵیش چالاکییەکی بنەرەتی ژیانی ئابووری بووەو بگرە گوندی چەرموی کوردستان کۆنترین شوینەواری چالاکی و گوندی کوشتوکاڵییە لەشارستانییەتی جیهانی کۆندا کە بۆ دەهەزارساڵیك پێش زاین دەگەڕێتەوە، بەڵام،! چالاکیی کشتوکاڵ لەکوردستاندا، بەوشێوە بەرفراوانەی وڵاتانی بەرهەمهێنانی ئاسیایی، لە رۆخی رووبارەکاندا و بەپشتبەستن بە تۆڕی ئاودێری بەرفراوانی دەستکرد بەڕێوەنەچووە، بەڵکو لەدەورانی کۆن و بگرە نوێشدا، کشتوکاڵ لەبوارێکی بەرتەسك و پشتئەستوور بووە بەئاوی باران و هەمیشە زەوییە بەراوەکان فرە کەمترو چێندراوتربوون لە دێمەکان.

هۆکاری ئەمەش بەبڕوای ئێمە بۆ دۆخی کەش و هەواو و پێکهاتەی تۆبۆگرافیای خاکی کوردستان دەگەڕیتەوە، کە زنجیرە چیای زاگرۆس بڕبڕەی پشتی وڵاتەکە پیکدێنیت و لەریزە چیای بەرزو دۆڵ و خەرەندی قووڵ و گردەڵان پیکدێت کە سوود لەو رووبارو سەرچاوە ئاوە سەرزەوییانە نابینێت کە سەرچاوەکانی لەکوردستانەوە هەڵدەقولین و بە کوردستانیشدا تیدەپەڕن. ئەم رووبارانە لە ناوچەگەلێکدا بۆ کشتوکال سوودبەخش دەبن کە پیدەشتەکانن و ئەو ناوچانەش ژمارەی

دانیشتووانی کوردی کەم و نزیکدەبێتەوە لەسنووری وڵاتانی هاوسێوە، ئەوەی وادەکات خێری رووبارەکانی کوردستان لەکۆندا بۆ هاوسێیەکانی بووبێت.!

لەلایەکی ترەوە، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەموکورتییەو بۆ بەدەستهێنانی بەروبومی خۆراکیی، خەڵکی کوردستان لەکۆندا، لەپاڵ کشتوکاڵ، ئاژەڵداریی و بەخێوکردنی ماڵاتیان کردۆتە یەکێك لە بنەڕەتییترین چالاکیی ئابوورییان، دۆخی سروشت و کەشوهەوای کوردستانیش بۆ ئەم کارە زۆر لەبار بووە بەتایبەت ، بوونی پاوان و لێڕەواری سروشتیی کە ژینگەیەکی زۆر گونجاو و لەباری بۆ ئاژەڵداریی رەخساندووەو لەکۆنەوە بەشێکی سەرەکیی پیکهاتەی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان لەشێوەی خێڵە کۆچەرو نیمچە کۆچەرە شوانکارەکان دەرکەوتوون کە خاوەنی پاوانی تایبەت و سروشتی خۆیان کردووەو هەتا دەورانی نوێش کە سەرەتای سەدەی بیستەمە مەزنترین بەشی دانیشتووانی ناوچەکەیان پێکدەهێنا.

تایبەتمەندیی ئەم دۆخە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەی کوردستان کە رەنگدانەوەی سروشتی ژینگە جیۆگرافیی و تۆبۆگرافییای خاکەکەیەتی، وێڕای ئەوەی مۆری خۆی لەشێوەی ژیان و گوزەرانی خەلکەکەی و چالاکییە ئابوورییەکانی داوە، کاریگەریی لە دیارییکردنی سروشت و شێوەو پیکهاتەی دەسەڵاتدارێیتیی و ئەو قەوارە سیاسیی و حکومەتانەشدا هەبووە کە لەکوردستانی کۆندا دەرکەوتوون، ئەوەش وایکردووە بەبەراورد لەگەڵ دەسەڵاتدارێتیی و حکومەتەکانی دەوروبەری کوردستان وەك وڵاتی ئەکەدو ئاشوورو میسرو ..هتد، لەزۆر رووی سروشت و ئەرکی دەوڵەت و پێکهاتەی چینایەتیی و چالاکیی ئابووری و شێوەژیانی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگ..هتد، جیاوازیی جەوهەریی و بنەڕەتییان هەبێت.

لەژێر دەسەڵاتی ئەو حکومەتانە، چالاکیی بەرفراوانی کشتوکاڵیی، پایەی سەرەکیی ژیانی ئابووریی و دابینکەری بژێوی خەلکەکەبوو، ئەم بوارەی کە پشتی بە ئاودێریی دەستکرد بەستووەو کۆیلە رۆڵێکی دیاری لەکۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان و ژیانی ئابووری و



کۆمەڵایەتییدا هەبووە، جا چ لەکێڵگە کشتوکاڵییەکاندا، یان لە کارکردن لەبنیاتنانی پەرەستگاو موڵکەکانیدا، یان وەك خزمەتکارو بەردەستی کۆشك و حەرەم سەراو هەروەها وەك مورتەزیق لە لەنێو سوپادا. جگە لەوەی لەم دەسەڵاتدارێتییانەدا، چینی خاوەن موڵك و باڵادەستی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی لەشێوەی هەرەمێکی چینایەتیی ( هەر لەپاشا و وەزیرەکانەوە تا دەگاتە جووتیارو پیشەگەرو کۆیلەکان)، خاوەن پێگەی بەهێزو یەکەمینی حوکمڕانیی بوون و لەلایەن پەرستگاو رۆحانییەکانەوە، پشتگیریی دەکران، ئەوانەی لەگەڵ دەسەڵاتە سیاسییەکەدا دوو رووی دراویان پیکدەهێنا و جۆرێك لەدەسەڵاتدارێتییەکەی تیۆکراسییان پێکدەهێنا، لەم جۆرە سیستمەدا، پاشا یان فیرعەون خاوەن پیرۆزییەکی لەرادەبەدەرن کە دەبنە خودا یان وەك نوێنەری خودا دەناسرێنرێن، ئەو پیرۆزییەش دەخزێنرێتە تەواوی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و رۆحیەوە کە ئاینی تیدا دەبێتە ئایدیۆلۆژییایەکی فەرمیی و پایەیەکی شەرعییەتی دەسەڵاتدارێتیی.

لەبەرامبەردا، سروشتی حوکمدارێتییەکانی کوردستانی کۆن (کاشی و گۆتی و لولووەکان) لەوەی میسرو میسۆپۆتامیا و ئێران جیاوازەو زیاتر سروشتێکی خیڵەکیی شوانکارەییان هەبووە کە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە ئاڵۆزەی دەوڵەتە ناوەندگەراییەکانی ئاشوورو میسرو ئیڕان، پەیوەندی بەهێزی کۆمەڵایەتیی لەکوردستان لەسەربنەمای دابەشبوونی چینایەتیی توند نەبووەو هێشتا پەیوەندی خزمایەتیی و خوێندا بوون کە پەیوەندییەکی نائابوورییانەیە یان زادەی رەوشی ژیانە ساکارە ئابوورییە کەیان بووە و کۆیلایەتیی بەمانا زانستییەکەی نەك وەك رۆژئاوا(یۆنان و رۆمان)و نەك وەك رۆژهەلاتیش (میسرو چین و ئیران و میسۆپۆتامیا) لەکوردستانی کۆندا دەرنەکەوتووە ، چونکە چالاکیی ئابووریی و پەیوەندییە ئابوورییەکان ئەوەندە بەرفراوان و ئاڵۆز نەبوون پیویست بە تەیارکردن و خستنەگەڕی هیزو بازووی هەزارەها کۆیلە بۆ ئەنجامدانی بکات ئەوەش وایکردووە، نە دەوڵەت و نە پەرستگا و نە کۆمەڵگا لەکوردستانی کۆن هاوشیوەی وڵاتەکانی

هاوسێی نەبێ و ئەوەش ئەو تایبەتمەندییە ئاشکرایەیە کە بەدرێژایی مێژوو مۆری سەربەخۆیی لەژیانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان داوە.

لەم سەربەنەوە، لەو ڕاستییە مێژووییانە تێدەگەین کە لەگێرانەوەی رووداوەکانی مێژووی ململانییەکانی نێوان حوکمدارییە کۆنەکانی کوردستان و ئەو دەسەڵاتدارێتیی و دەوڵەتە ناوەندگەرایانەی ناوچەکە روویانداوە. بەتایبەت، ئەو کاتەی لەکوردستانی کۆن دۆخێکی تایبەت لەمێژوودا دێتەپێش خێڵەکان لەدەروی یەکتر کۆدەبنەوەو لەسایەی سەرکردەیەکی بەهێز هاو پەیمانیی و کۆنفدراسیۆنێکی خێڵەکیی پێکدێنن و لەدۆخێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی دیارییکراودا. کە ژمارەیان زۆر دەبێت و رووبەڕووی کەمی بەروبووم دەبنەوە، دەرفەتی لاوازیی ئەو دەسەڵاتدارێتییانە دەقۆزنەوەو بەرەو ناوجەرگەیان دەکشێن و رایاندەماڵن، راماڵینێك کە ئەو وڵاتانە لەرووی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەوە تووشی پشێوییەکی لەناکاو و توندو دەکاتەوە، چونکە بەها باڵاکانی ئەو ناوچانە کە هۆکاری راگرتنی هاوسەنگیی ژیانی سیاسیی و ئابوورییانە، بەتەواوی رادەماڵرێ و ژێرپێ دەنرێ!

هەر لەبەر ئەمەیە، کاتێك گۆتییەکان لەچیاکانی کوردستانەوە کشان بەرەو میسپۆپۆتامیا و دەسەلاتدارێتیی ئەو وڵاتەیان راماڵی و حوکمی خۆیان تێدا چەسپاند، وڵاتەکە تووشی پشێوییەکی درێژخایەن بووەوە، چونکە گۆتییەکان لەکوردستان ئەو ئەرکانەیان لەئەستۆ نەبوو کە دەوڵەتی ئەکەدیی لەمیسۆپۆتامیا لەسەری بوو، گۆتییەکان کە لەکوردستان سیستمی کۆیلایەتییان نەدەزانی، لە میسۆپۆتامیا جڵەویان بۆ ئازادبوون و راپەڕین کۆیلەکان شلکرد، ئیدی نە دەوڵەت ئەرکە ئابوورییەکی لە ریکخستنی ئاودێریی و نە تەیارکردنی هەزارەها کۆیلە بۆ ئەوکارە بەرێوەدەچوو، ئەم راستییەش لەو مۆنۆمینتەدا بەروونیی دەردەکەوێت کە دواتر ئۆتۆحیکال بەبۆنەی سەرکەوتنی بەسەر گۆتییەکاندا لە وڵاتی میسۆپۆتامیا هەڵیبەست.

جگەلەوەی کاتێك میدەکان لەساڵی ٦١٢ پ.ز دەوڵەتی ئاشوریان رووخاند، مامەڵەیەکی زۆر نەرمیان لەگەل دانیشتووانەکەیدا کردو نەیانکردنە کۆیلە، چونکە ژیانی ئابوورییان پێوستی بەکاری کۆیلە نەبوو.



## شێوازی دەرەبەگایەتیی لەکوردستان

شێوازی دەرەبەگایەتیی لەکوردستان، قۆناغێکی تەواو لەمێژووی کوردستان پیکدێنێت کە بۆ ماوەی چەندین سەدە بەردەوام بووە، کە وەك سیستمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی مێژوویی تەواوی جومگەکانی(ئابووری و کۆمەڵایەتیی و سیاسی و فەرهەنگیی و کەلتوریی و یاسایی) ژیانی کۆمەڵی کوردەواریی گرتۆتەوە، ئەو تایبەتمەندییانەی وادەکات ئەم سیستمە لەشێوازەکانی دیکەی پێش خۆی و دوای خۆشی جیاواز بێت.

ئەستەمە، کاتێك یان سالێکی دیارییکراو بۆ دەرکەوتنی سیستمی دەرەبەگایەتیی لەکوردستان دەستنیشانبکرێت، بەوهۆیەی کە زانیارییەکی چڕپڕمان سەبارەت بەتەواوی مێژوو و ژیانی کورد لەبەردەست نییە، جگە لەوەی کۆڵینەوەی وردو یەکلاکەرەوەش لەم بارەیەوە نەخراوەتە بەردەست، بەڵام دەتوانین بڵێین قۆناغی دەرکەوتن و دامەزراندنی میرنشینە کوردییەکان و حکومەتە خۆجێیەکانی کوردستان تەریبە بە مێژووی پەرەسەندن و پێشگەیشتنی سیستمی دەرەبەگایەتیی کە دوورنییە سەرەتاکانی بۆ سەدان ساڵ پێشتر، بەتایبەت قۆناغی کۆتایی دەوڵەتی ساسانی و داگیرکارییەکانی خیڵە عەرەبە موسوڵمانەکان بۆ ناوچەکە. هەر لەوکاتەوە موڵکایەتیی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەدەستی دەرباری پاشا و وەزیرەکان و سەرکردەکانی سوپا و کارمەندانی باڵای دەوڵەت و موڵکدارە خانەدانەکاندا کۆببووەوە، ئەوانەی کە بە (ئازادان) نێودەبران.

دیارە دەرکەوتنی سیستمی دەرەبەگایەتیی لەکوردستان هەروەك وڵاتانی دیکە لەهەناوی کۆمەڵگای کۆیلایەتییەوە نەبووە، بەڵکو لەهەناوی کۆمۆنی سەرەتایی و ئابووری خیڵایەتیی پشکوتووە، هەربۆیە چەندین سەدە پاش دەرکەوتنی دەرەبەگایەتیی لەکوردستان، هێشتا موڵکایەتیی گشتیی زەوی هەبووە. چونکە گروپە کوردییەکان کە بەهۆی پەیوەندیی خوێنەوە لەبەرەبابێك دەکەتنەوە، تێکڕایان لە ماف و ئەرکدا یەکسان بوون، هۆزو خێڵەکان خاوەنی مێگەل و پاوانی گشتیی

تایبەت بەخۆیان بوون کە مولکایەتییەکەی بۆ تاکێکی دیارییکراو نەدەگەڕایەوەو مولّکی تەواوی خێڵەکە بوون، ئەو گروپانەی کە بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان، هەر لە داگیرکاریی خێڵە عەرەبەکان و هاتنی سەلجوقییەکان و بۆیهیی و مەغۆلەکان، تاوەکو دەرکەوتنی بنەماڵە فەرمانرەواکانی قەرەقۆینلو و ئاق قۆینلو، دواتریش دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، پرۆسەی دەرکەوتن و پەرەسەندن و پێشگەیشتنی سیستمی دەرەبەگایەتییان ئەزمونکرد بەتەواوی ئەو رێسا و پرنسیپانەی کە لەسەربنەمای پەیوەندی ئاغا-رەعییەتی و پەیوەستبوونی جووتیارو پەبەندبوونەکانێتی. کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، کە تایبەتە بە باسی میرنشیینە کوردییەکان و باسی قەڵا و کۆشکەکانی میرو بەگزادەکان، سەرچاوەیەکی باشە بۆ وێناکردنی ئەم سیستمە لەکوردستان، ئەو میرنشینانەی کە هەندێکیان پارەیان لێداوەو وتاری هەینیان بەناوی میرەکانەوە خوێندۆتەوەو باجیان سەپاندووەو سەرخان و پەیکەری سیاسی و ئیدارییان بەتەواوی مانا دەرەبەگایەتیی بووە. هەریەك لەمانە، لەهەموو روویەکەوە قەوارەیەکی جیاو سەربەخۆبووە لەوی دیکە، بەڵام هەموویان لەڕووی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و دۆخی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پێکهاتەی چینایەتیی و رەوشی موڵکایەتیی هەمان شتبوون.

شایەنی باسە، دۆخە مێژوویی و جێۆگرافییایی و تۆبۆگرافییە تایبەتەکەی کوردستانیش، بەتایبەت ( سەختی خاك و شاخاوییبوون و نەبوونی دەشتی فراوان و کەمسوودوەرگرتن لە رووبارو سامانی ئاویی وڵاتەکە لەلایەن دانیشتووانییەوە) هۆکاری چەقبەستوویی و سستیی و لاوازیی ئەم سیستمە بووە. ویڕای ئەوەی کوردستان وەك مەیدانێکی ململانێ و پێکدادانی لەشکری وڵاتان و ئیمپراتۆرییەکانی دەروبەرو وەك ئامانجێکی پەلاماری ئەو لەشکرانەش، بەردەوام رووبەرووی وێرانکاریی و تێکدان ولێچوون و لەدەستچوونی سامانی مادیی و مرۆییەکەی بۆتەوەو بەشێکی گەورە لەسامانی کوردستان لەلایەن بێگانەوە دەستی بەسەرداگیراوە، ئەوەش پشێویی و شۆکێکی



درێژخایەنی بۆ ئابووری کوردستان هێناوەتەئاراو کاریگەرییەکی توندی کردۆتەسەر، بەشێوەیەك وابکات سیستمی دەرەبەگایەتیی لەکوردستان سادەو لاواز بێت بەبەراورد بە دەرەبەگایەتیی یاخود فیوداڵیزمی ئەوروپیی یان تەنانەت بەو رژێمە لەوڵاتانی دەوروبەریش هەبوون، ئەوانەی بەگشتیی خاوەنی دابەشبوونێکی چینایەتیی قووڵ و هێزی بەرهەمهێنانی زەبەلاح و چالاکی کشتوکاڵی و پیشەگەریی و بازرگانی بەرفراوان و تەنانەت سەرخانیکی تۆکمە نەبوون کە خۆی لە دەوڵەت و ئیمپراتۆریی گەورە خاوەن دەربارو سەدان کۆشك و تەلارو قەڵاو دەزگای ئیداریی و ئابووری و دادوەریی ئاڵۆزو فەرهەنگێکی سیاسیی و یاسایی و ئاکاریی و ئەدەبیش دەبینێتەوە.

پێبەپێی دەرکەوتن و پەرەسەندنی سیستمی دەرەبەگایەتیی لەکوردستان، سەرخانی ئەو سیستمەش کە خۆی لەمیرنشینە کوردییەکاندا دەبینێتەوە، پەرەیسەندووەوەك : رەوادی، شەددادی، مەروانی یان دۆستەکی، هەزبانی و دەیسەمەی و بەنو موسافر..هتد . ئەمانە لەسەرەتادا ناوچەی دەرەبەگایەتیی بچووك هەبوون، بەڵام بەدەرکەوتنی خێزانێك یان خیلّێکی بەهێز، ناوچە دەرەبەگایەتییەکان بەرفراوانبوون پاش ئەوەی توانیویانە، بەزۆر یان بە ئاشتیی، خێڵەکانی دەوروبەر بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، بێگومان بەمەرجی پێدان ومسۆگەریی ئەمان و پاراستنی موڵك و ماڵیان، هەروەها فراوانبوونی زەوی و قەڵەمڕەوی دەرەبەگایەتیش، پێویستی بە دامەزراندن و بنیاتنانی دەزگای ئیداریی و سەربازیی کردووە بۆ ریکخستن و بەرگرییلێکردنی، بۆ مانەوەو پەرەپێدان و بەردەوامی ئەمەش، پێویستی بە سەپاندن و سەندنی باج و موڵکانە و دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی زێدەبەرهەم و کاری جووتیاران و سامانی بەرهەمهێنراوی ئابووری بووە تاوەکو لەبەرامبەر پەلامارو هەڕەشەی میرنشینەکانی دیکە یان دەوڵەت و ئیمپراتۆرییەکانی دەروبەر بەرگریی بکات.

بۆنموونە، ئەگەر سەیری چۆنێتیی دامەزراندن و پەرەگرتنی میرنشینی بەنو حەسنەویە بکەین کە حسێن ی بەرزیکانی توانی

ناوچەکانی ژێردەستی فراوان بکات و دواتریش حەسنەوەیهی کوڕی ناوچەی زیاتری خستەسەرو زەوی بەرزینییەکانیشی گرت و وایکرد بۆیهییەکمان دانی پیدا بنێن و مرینشێنێکی گەورەی دامەزراند لەسەدەی دەیەمی زاینی دامەزراند ، دواتری بەهەمان شیوە بروانینە بابان ، ئەم راستییەمان باشتر بۆ روون دەبێتەوە. وەك ئاشکرایە، پاش ئەوەی (خان بداغی کوڕی فەقێ ئەحمەد) لەگوندی دارەشمانەوە میرنشینێکی بچووکی دامەزراندو ناوبانگی بڵاوبۆوە، خێڵەکانی ئاکۆو بلباس و ئالان لێی کۆبوونەوەو زەوییەکانیان بەستەوە، بەوەش زەوی و ناوچەکانی ئەو خێڵانە، بووە ناوەندێکی بەهێز بۆ فراوانبوونی نفوزی میرنشینی بابان، بەشێوەیەك قەڵەمرەوی میرنشینەکە گەیشتە هەندێك ناوچەکە کە زۆر لەناوەندە سەرەکییەکەیەوە دووربوو، هەربۆیە لەمێژووی ئەم میرنشینەدا چەند جارێك پایەتەختەکەی گواستراوەتەوە، تاکو ئەو رادەیەی کە بابان وەك دەوڵەتۆکەیەکی سەربەخۆی لێهات و میرەکانی ناوچەیەکی بەرفراوانیان بەرێوەدەبردو نەك هەر لەبەرامبەر میرنشینەکانی دیکەی کوردستان بەرگرییان لێدەکرد، بگرە هەندیك جار بەرووی هێزو دەستتێوەردانەکانی دەوڵەتەکانی دەروبەریش دەوەستانەوە. میرنشینی ئەردەڵانیش لەو رووەوە هیچی لەمیرنشینی بابان کەمتر نەبوو، بەڵکو ئەو میرنشینەی کە نزیك بە حەوت سەددەی فەرمانرەوایەتیی بەشێکی گەورەی رۆژهەلاتی کوردستانی کرد کە شاری سنە پایتەختەکەی بوو، خاوەنی قەوارەیەکی دەرەبەگایەتیی تۆکمەو پیگەیشتوو بوو لەهەموو روویەکەوە، کەسانی وەك هەڵۆخان و خان ئەحمەدخان و خەسرەوخان پایەیەکی سەرەکیی دەسەڵاتداریتیی رۆژئاوای ئێران بوون و لەدەرباری ئێرانیشدا خاون پێگەی شیاوی خۆیان بوون و لەم میرنشینە چەندین بنەماڵەی نەجیبزادەو ئەعیانی وەکو ئاصەف دیوان و مشیر وەزیریی و و موعتەمەد وەزیریی و شێخوائیسلام و زەفەرئەلمولك و..هتد کە بەسەدان گوندو هازارەها دۆنم زەوی کشتوکاڵییان لەبندەست بوو، هەزارەها نۆکەرو وەرزێرو شوان و نۆکەر رەعییەتیان بوون و



لەرێگەی مونشی و سەرکارو موباشیرەکانیانەوە باج و پیتاك و سەرانەیان دیارییدەکردو لێیان کۆدەکردنەوە.

پێویستە بوترێت کە قەوارە دەرەبەگایەتییەکانی کوردستان کە خۆی لەمیرنشینە کوردییەکاندا دەبینێتەوە، هاوشێوەی هەر قەوارەیەکی دەرەبەگایەتیی لەهەر شوێنیکی دی، خاوەنی ئابوورییەکی داخراو و خۆژینی خۆیان بوون کە ئامانج لێی دابینکردنی خۆراك و پێویستییەکانی ژیانی رۆژانەیە لەچوارچێوەی یەکە دەرەبەگایەتییەکە، جووتیارانی کوردیش کە لەزەوییە کشتوکاڵییە بچووکەکانیاندا کاریان دەکرد، هێزی سەرەکیی بەرهەمهێنانی ئابووری بوون، ئەوانەی بە ئامرازە سادەو ساکارەکانیان زەویان دەکێڵاو تۆویان دەکردو تاکو خەرمان هەڵگرتنەوە بەرەنج و ماندووبوون خۆیان و خێزانەکانیان هەڵدەسوڕان، جگەلەوەی ماڵ و گەورەکانی خۆشیان بنیاتدەناو ئەرکی بنیاتنان و نۆژەنکردنەوەی قەڵاو شوارو مزگەوت و پردو ماڵ و دیوەخانی دەرەبەگەکانیان لەئەستۆبوو، هەربۆخۆشیان ئامرازە پیویستییەکانی ماڵیان وەك پۆشاك و پێخەف و قاپ وپێڵاو و تەنانەت ئامرازە کشتوکاڵییەکانیش دروستدەکرد، بەوەش کاری پیشەگەریی لە قەوارە دەرەبەگایەتییەکاندا وابەستەی چالاکی کشتوکاڵیی بووە.

بەوپێیەی کە دەسەڵات لەدەستی میرەکان و سەرکردە خۆجێیەکان و سەرەك خێلەکاندا بوو، موڵکایەتیی زۆرینەی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەپیتترین و بەرهەمدارترین و باشترینیان لەدەستی ئەواندا بوو، ئەوانەی کەمینەی کۆمەڵگایان پێکدەهێنا، زۆرینەش یان ئەو جووتیارانەبوون کە خاوەن زەوییەکی بچووك بوون و رەنێویان دەهێنا، بەشێکیش خاوەنی هیچ ئامرازێکی بەرهەمهێنان نەبوون ( کە زەوی و ئاو و گاسن و گا و تۆو ..هتد) لەگەل خێزانەکانیان لەگوندەکان دەژیان و هیزی کارو توانای جەستەی خۆیان دەخستە خزمەت دەرەبەگ و وەك سەپان لە زەوییەکەی کاریان دەکرد یان وەك شوان و گاوان مێگەل و رانەکانیان بۆ دەلەوەراندن، یاخود وەك رەنجبەر لەدیوەخان و پشتماڵە بەردەستی ئاغاو لەماڵیش بەرفەرمانی

ئاغاژن بوون. ئەمانەی دوایی خاوەنی هیچ مافێکی دیاری ئەوتۆ نەبوون و بەشێوەیەکی نیمچە کۆیلایەتیی دەژیان.

هەروەها جووتیارانی کورد، پابەندبوون بەتەواوی ئەرك و داواکارییەکانەوە کە شێوازی دەرەبەگایەتیی بەسەریاندا سەپاندبووی، وێڕای ئەوەی پێویست بوو بەشێکی بەرهەمەکەی لەکاتی خەرمانهەڵگرتنەوە (سێیەك یان نیوە ئەگەر نیوەکاربێت) بداتە دەرەبەگەك و موڵکدار، دەبوو باجەکانی وەك بزنانەو مەڕانەو مریشکانەو کەرانەو ڕۆنانەو هێلکانەو گوریسانەو تەنانەت پوشانەو تەپاڵانەش بدەن و جگە لە هەموو ئەمانەش، لەبۆنە جیاوازەکاندا دیاری بۆ دەرەبگ بەرن، لەکاتی ژنهێنانی خۆیان و مردنی خزمێکی دەرەبەگ، هەر دەبوو سەری خۆیان بقەبڵێنن، ئەوەی کە لەهەندێك شوێن سورانەو پرسانەی پێ دەوترا. کلۆدیۆس جێمس ریچ لەساڵی ١٨٣٦دا، سەبارەت بە ستەمی دەرەبەگەکانی کورد نووسیویەتی:" هەرگیز ڕۆژێك نەمدی ئەو مەزنە دەسەڵاتدارانەی کورد سەبارەت بەو دڵــــڕەقییەی دەرحەق بە رەعییەتەکەیـــانی دەکەن ، شــــەرم بیانگرێت ." لەم بارەیەوە (باسیل نیکیتین) لەباسی جووتیارە کوردە ئێزدییەکاندا دەڵێت، کە ئەوان دەبووایە دەیەکی بەرهەمی ساڵانەیان بدایە بە میری ئێزیدیی و بەشێکیش بدەنە شێخ و سەرۆك خێڵەکانیان، ئەمەش واتای ئەوەی هەر جووتیارێکی ئێزیدیی دەبوو لەپێنج بەشی بەرهەمەکەی دووبەشی بدایە بە سەرکردە دنیایی و ئاینییەکانی. جگە لەوە دەبوو کوردان کاری گواستنەوەی دەوارو بارو بنەی ئاغا بگوێزنەوە، لەکاتی هاوسەرگیریی مانگایەك بدەن ئاغا و هەروەها ئەوکاتەشی گوناهێك یان کارێکی ناشایستە و نەخوازراو دەکەن هەردەبوو دیارییەك بدەن. شێخ بۆ خەتەنەکردن دوو بەرخی وەردەگرت، بۆ هاوسەرگیریی و شایی پێنج تاوەکو پازدە، بۆ دەرکردنی جنۆکە دوو بۆ سێ دانە، جگەلەوەی دەبوو جووتیار هەرکاتێك سەرۆکەکەی فەرمانی پێکرد خۆی بۆ جەنگ ئامادەبکات و بەرگریی لە قەوارە دەرەبەگایەتییەکە بکات بێ هیچ موچەیەك و بێئەوەی بشزانێت لەچ پێناوێکدا دەجەنگێت. مێجەر سۆن" لە ساڵی



١٩١٨دا لە کاتی سەردانیدا بۆ باشووری کوردستان کەوتووە بەسەر ڕووداوێکدا کە لە ڕاپۆرتەکەیدا سەبارەت بە هەرێمی سلێمانی باسی لێوە کردووە. سۆن لەو ڕاپۆرتەدا باس لەوە دەکات کە ژمارەیەك جەنگاوەری کوردی بینیوە لە شەڕێکی خوێناویی گەڕاونەتەوەو تێیدا نزیکەی پەنجا پیاوێکیان لێ شەل و شکست بووەو بێئەوەی لەنێویاندا کەسێك هەبێت بزانێت ئەو پەلامارو شەڕو کوشتوبڕە لەسەر چی ڕوویداوە!!کاتێك لەو بارەوە پرسیاری لێکردوون، وەڵامەکەیان تەنیا ئەوە بووە:"سەرۆك پێمانی گوت شەڕی پیاوەکانی حەمە بەگ بکەین و ئێمەش کردمان!!"

لەرووی سەربازیی و یاساییشەوە، هەر یەکەو قەوارەیەکی دەرەبەگایەتیی، یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەبوو کە بەشێوەیەکی گشتیی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیی چینە باڵادەست و دەسەڵاتدارەکدا بوو، کە تیکەڵیەك بوو لە دابو نەریتی خێڵایەتیی و شەریعەتی ئاینیی و لەگەڵ نەریتە خۆماڵییەکان، بەلام هێشتا فەرمانی میر وەك باڵاترین یاساو فەرمان دەبینرا کە بۆکەس نەبوو پێشێلی بکات و پشتگوێی بخات. هەر میرنشینێکیش هێزو لەشکری تایبەت بەخۆی هەبوو، کە بەشی زۆری لە جووتیاران پێکدەهاتن کە لەژێر فەرمانەدەی سەرخێڵەکانیاندا بوون، ئەوانەی کە لەلایەن خوڵام و پێشخزمەت و بڕواپێکراو و بەکرێگیراوەکانی خۆیانەوە پاسەوانی دەکران.

لەرووی ئاینییشەوە، مەلاو شێخەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە ژیانی ڕۆحی میرنشینەکاندا بینیوەو پێگەیەکی دیارو ڕێزلێگیراویان هەبووە، چ لەلای رەعیەت و چ لەلای دەرەبەگ و میرو سەرخێڵەکان. زۆربەی ئەوانە، بەتایبەت شێخەکان، بەشێکبوون لە بونیادی دەسەڵاتداریتیی قەوارەی دەرەبەگایەتیی و رەواییدەری بڕیارو ئاکارەکانی چینی بالادەست و موڵکدارە مەزنەکان بوون، هەربۆیە میرەکان و دەسەلاتداران مولك و بەرات و خەلاتی زۆریان بەوانە دەبەخشی و ڕێزیکی زۆریان لێدەگرتن.

خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە جیاوازیی چینایەتیی لەکۆمەڵگای کوردیی دەرەبەگایەتیی و

ململانێی نێوان جووتیاران و زەحمەتکێشانی بێبەش لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە گوندەکانی کوردستان لەدژی دەرەبەگ و موڵکدارەکان و شێخەکان کە خاوەن دەسەڵات و سامانی ئابووریی و پێگەی باڵادەستیی کۆمەڵایەتیی بوون، نەبووە هۆی تەقینەوەی شۆڕشێکی بەرفراوانی جووتیارانە لەدژی (خانەدانەکان)ی کورد، هەروەك ئەوەی لە ئەوروپا لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەراستدا روویدا، یان تەنانەت وەك ئەوەی لە وڵاتانی دەوروبەری کوردستانیش هەبووە (هەرچەندە کورد لەبەشێك لەو جووڵانەوانە بەشداریی هەبووە)، جگە لە چەند نموونەیەکی کەمی جوڵانەوەی جووتیارانە کە لەپەنجاکانی سەدەی بیستەم بەدژی ئاغا و دەرەبەگەکانی کورد لەناوچەی بۆکان و ناوچەی دزەیی و سلێمانی لەژێر کاریگەری بانگشەو هاندانەکانی حیزبی کۆمۆنیست و چەپەکانی کورددا روویداوە، ئیدی لەمێژووی کورددا و بەتایبەتی لەسەردەمی پێگەشتنی سیستمی دەرەبەگایەتیی و میرنشینەکان، جوڵانەوەیەکی جووتیارانەی خاوەن ئامانجی روون دروشمی لەناوبردنی چینی دەرەبەگی کوردو دابەشکردنی سامان و موڵك و ماڵەکانیان و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتیی بەرهەمهێنان و موڵکایەتیی تایبەتی بەرزکردبێتەوەو بۆی تیکۆشابێت، هۆکاری ئەمەش دوور نییە بۆ چەند راستییەك بگەرێتەوە کە:

- مانەوەی پاشماوەی کۆمەڵی خێڵایەتیی و پاتریارکییەکان لەکۆمەڵگایەکی خێڵایەتیی و عەشیرەتییدا کە بەپەیوەندی خوین و خزمایەتییەوە گرێدرابوون لەبری پەیوەندیی رووتی ئابووریی چینایەتیی.
- نەبوونی دەشتی بەرفراوان کە بەهەزارەها جووتیار کاری کشتوکاڵیی تێدا بکەن کە وابەستەی مەزنە دەرەبەگێك بن، بەڵکو بەهۆی چیاییبوونی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و باڵادەستی چالاکیی ئاژەڵداریی و ژیانی کۆچەریی و نیمچە کۆچەریی و ژیانی (ئازادانە) ی گەرمیان و کوێستان، کە رێگربوو لە دابەشبوونی قووڵی چینایەتیی و دەرکەوتنی جیاوازی گەورەی رەوشی ژیان و دواتریش قووڵبوونەوەی هۆشیاریی چینایەتیی و سەرپێکەوتنی جوڵانەوەی



جووتیاریی بۆ شکاندنی کۆتوبەندی چینایەتیی و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی دەرەبەگایەتیی. دەتوانرێت بوترێت کە زۆربەی هەر زۆری جووتیاران و زەحمەتکێشانی لادێ، ئەگەر نەوترێت هەموویان، لەم قۆناغە نەخوێندەوارو وابەستەو ملکەچی ئەو سیستمە باڵادەستەی دەرەبەگایەتیی و تەواوی کۆتوبەندەکانی بوون.

- فاکتەری ئاینیی و مەزهەبیی رۆڵی خۆی لەخاوکردنەوەی ململانێی چینایەتییدا هەبووە، چونکە بەشێکی بەرچاوی دەرەبەگەکانی کورد شێخ و رۆحانییەکان بوون کە وەك کەسایەتییەکی پیرۆز سەیردەکران، ئەوانە بەشێکی کەمی داهات و دەستکەوتە ئابووریی و سامانەکانیان وەك خێرو چاکە لە خانەقاکانەوە بە موریدان و هەژاران دەبەخشییەوە کە ئەوەش وایدەکرد نەك وەك چەوسێنەر بەڵکو وەك رزگاری هەردوو دنیا چاویان لێبکرێت. هەر بۆ نموونە: قەشە فردریك لە کتێبی (دوێنێ لە پێرشیا و کوردستان) دەگێڕیتەوە : شێخێکی زۆر ستەمکار هەبوو لەهەرێمی نۆچیا کە چل میلێك لەرۆژئاوای ورمێ وە بوو، گەنجێکی لەپشتەوە دەرۆیشت کە لەمنداڵییەوە خزمەتکاری بوو، ئەو گەنجە هەمیشە حازربەدەست و ماندوونەناس فەرمانەکانی شێخی جێبەجێ دەکرد، رۆژێك شێخ داوای چایەکی کرد، گەنجەکە چایەکی بەپەلە هینایە خزمەتی، شێخ کە چاکەی بەلاوە بێتام بوو، چاکەی کرد بەچرچاوی گەنجەکەداو داوای لیکرد بکەوێتەسەر ئەژنۆو پێڵاوەکانی ماچ بکات. گەنجەکە لەکاتێکدا خەریکبوو دادەنەوییەوە، شێخ دەستی بردە خەنجەرو راستو چەپ پشتی گەنجەی دادروو، گەنجە هەر لەوێدا گیانی سپارد.ژ نی کوڕە گەنجەکە کە لەو کاتەدا لەوێ بوو، چووە سەر جەنازەی مێردەکەی و دەستیکرد بەلاوانەوە: ئۆخەی مێردە ئازیزەکەم کە بەڕووی سوورەوە دەچیتە حزور خودای تەعالاو بەوەشی کە لەم دنیا دوو جولەکەی کوشتووەو ئێستاش بەدەستی موبارەکی شیخ رۆحی دەرکردووە دڵنیام جێگەت بەهەشتی بەرینە!!

وەك ریچ دەڵێت :لەولاشەوە شێخەکان بەجۆرێکی دیکە ئاشەکەیان دەگێرا، ئەوان نەك هەر بۆ پیرۆزکردنی خۆیان بنەچەکەیان

دەگەڕاندنەوە سەر پێغەمبەری ئیسلام، بەڵکو شوێنکەوتووەکانیان بەگیانێکی دەروێشانەو ملکەچیی و گوێڕایەڵییەکی کوێرانە رادەهێنا کە رێگەی لە هەموو بیرکردنەوەیەکی عەقڵانییانە دەگرت. یەك لە دەروێشەکانی شێخ سوڵتان حەسەن لەکاتی هاتنی (کلۆدیۆس جێمس ریچ) بۆ کوردستان چاوی بەناوبراو کەوتووەو سەبارەت بە شێخەکەی بەناوبراوی وتووە:" قوربان ، جەنابی سوڵتان بەهۆی موعجیزەوە هەموو شتێك دەزانێت ، ئەگەر بە زمانەکەی خۆشت قسەی لەگەڵدا بکەیت ، ئەو بێ ئەوەی ئەو زمانەش فێربووبێت ، لێت تێدەگات . ئەو بێ ئەوەی خوێندبێتی هەموو زانستێك دەزانێت ، تەنانەت دەزانێت چ شتێکیشت لە دڵدایە ، گەر نیازیشت هەبێت راوێژی پێ بکەیت ، ئەوا بێ ئەوەی وشەیەکیش لە دەمت دەرچووبێت ، وەڵامت دەداتەوە ، ئەو ئێستا دەزانێت ئێمە سەبارەت بەو دەدوێین ، هەروەها دەچێتە خەوی خەڵکیش ، تەنانەت بەرۆژیش لەبەر دەمیاندا ئامادە دەبێت ، جا لە هیند یاخود لە ئێران!!!"

لە زۆربەی قۆناغە مێژووییەکانی کۆن و ناوەراستدا، کوردستان دەوڵەتیکی ناوەندیی بەهێزی تێدانەبووە کە سەرخانی سیستمیکی تۆکمەی چینایەتیی دەرەبەگایەتیی بێت، بەڵکو کەوتۆتە بن دەستو پێی ئیمپراتۆری وڵاتانی دەروبەرەوە و لەسەردەستی دەزگا سەرکوتکاریی و داڕوتێنەرەکەی ئەوان تووشی لێچۆڕینی ئابووریی بۆتەوەو زۆربەشیان بەناوی پاشایەییتەوە یان خەلافەتەوە دەرەبەگەکانی کوردیان بەلای خۆیاندا راکێشاوەو ئەوانیش وەك ناوەندیك لەنیوان خەلکی خۆیان و ئەو دەسەڵاتدارییە ئیمپراتۆرییانەدا بوون، کاتیکیش کە دەسەڵاتدارە خۆجێیەکانی کورد رووبەڕووی ئەو دەوڵەتانە بوونەتەوە، جووتیارانی کورد پشتیانگرتوون و لەشکرەکانیان بۆ پێکهێناون، چونکە شەڕەکە ئەو کاتە کەوتۆتە نیوان کورد و بێگانەوە کە بەردەوام لەشکرکێشیان دەکردو باجگرو سەرانەسێنەکانیان دەناردە کوردستان و خەڵکیان دادەڕوتان ، هەربۆیە لەهەردوو حاڵەتەکەدا ، کۆمەڵی جووتیارو زەحمەتکێشانی گوند کەوتبوونە بن ستەمی هەمەلایەنەی دەرەکیی و خۆماڵیی و جگە لە هەوڵی تاك و تەرا، نەیانتوانیوە تێکڕا، رەوتێکی چینایەتیی دژ بەسیستمی دەرەبەگایەتیی و بەرەیەك بۆ رزگاریی خۆیان پێکەوەنێن.



## دەرکەوتنی پەیوەندییەکانی سەرمایەداریی لەکۆمەڵگای کوردستاندا.

روونە کە دەرکەوتن و گەشەکردنی رژێمی سەرمایەداریی و پەیوەندییەکانی، لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی ترو بەگوێرەی ئاستی پەرەسەندن و پێشکەوتنی رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی جیاوازە. بەڵام بەگشتیی لەم رووەوە دوو رێچکە هەیە، یەکەمیان پەیوەستە بە پەرەسەندن و گەشەکردنی سروشتی نێوخۆیی بنکە ئابوورییەکە لەقۆناغێکی کۆن و بەسەرچووەوە بۆ قۆناغێکی نوێ و باڵاتر، هەروەك ئەوەی لە ئەوروپای رۆژئاوا، پاش شۆڕشی بازرگانی و پیشەسازیی و کشتوکاڵیی و گۆڕانی سەرتاسەری شێوازو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بەسەرخانیشەوە گۆڕانی بەسەرداهات و لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگاکاندا، وەرچەرخانێکی نوی سەریانهەڵدا. لەوی، پەیوەندییەکانی سەرمایەداریی و بنەماکانی کۆمەڵگای سەرمایەداریی نوێ، بەهەردوو چینە سەرەکییەکەی بۆرجواو پرۆلیتاریا، لەهەناوی داڕزاوی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیی و لەئەنجامی گەشەکردنێکی نێوخۆدا، سەریانهەڵدا، بەشێوەیەك، کاری بەرهەمی پیشەگەریی بەشێوەیەکی خێرا بەرەوپێش دەڕۆیی و شێوازو هێزی نوێی لە بواری بەرهەمهێناندا سەپاند.

رێچکەی دووەم، کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی رۆژهەڵات و ئاسیا و ئەمەریکای لاتین دەگرێتەوە، بەهۆی هاندەرو فاکتەری دەرەکییەوە بووە، لەوناوچانەدا، دواکەوتوویی رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەیان و دۆخی هەنوکەییان زەمینەی بۆ گەشەکردنی ئابووری نێوخۆیی نەڕەخساندووە تاوەکو پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان ریشەکێش بکات و پەیوەندیی سەرمایەداریی بەرهەمهێنان لەبری بەرقەرارکات. بەڵکو تەواوی مەسەلەکە لەڕێگەی فاکتەری دەرەکیی و وابەستەبوونەوە بوو بە بازاڕیی بازرگانی و پرۆسەی هەناردەو هاوردەکردنی کاڵایە لەگەڵ وڵاتانی سەرمایەدارییەدارییدا. دەرئەنجامی ئەم پرۆسەی بازرگانیی و هروژمی سەرمایەی بێگانەی ئەروپیی و

هەروەها فراوانبوونی پرۆسەی داگیرکاریی وڵاتانی دواکەوتوو لەلایەن دەوڵەتە ئەوروپاییە سەرمایەدارەکان، زنجیرەیەك گۆڕانکاریی بوو لەبارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکانی ئەو وڵاتانەو ئەوەش دارمانی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان و دەرکەوتنی پەیوەندییەکانی سەرمایەداریی بەرهەمهێنانی لێکەوتەوە. تەنانەت وڵاتیکی وەك ژاپۆن کە ئەمڕۆ یەکیکە لەگەورەترین دەوڵەتە پێشکەوتووە پیشەسازیی و سەمایەدارەکانی جیهان، سەرەتای پەیوەندییە سەرمایەدارەکانی لەم رێگایەوەو تێدا پشکوت کە بۆ سەدەی شازدەیەم دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی پرتوگالییەکان یەکەمین کۆمپانیای بازرگانیان تێدا دامەزراندو پاشتریش ئەوروپییەکان هەمان کاریان کرد.

لەکوردستانیش، کە بەشێکی گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو لەقۆناغی نوێدا شوێنی ململانێ و چاوتێبڕین و هورووژمی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بووە، فاکتەری دەرەکیی هۆکاریی دەرکەوتنی گۆڕانکارییەکان بووە، بەتایبەت لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، کە هەریەکە لەدەوڵەتی قاجارو عوسمانی پەیوەستبوون بە بازاڕی جیهانیی و بازرگانی دەرەکییان پەرەیگرت. کردنەوەی کەناڵی سوێس لەساڵی ١١٨٦٩دا، ئەو بازرگانییەی هێندەی تر گەشەپێدا. هەر بۆ نموونە، بازرگانی دەرەوەی ئێران لەساڵی ١٩٠٠دا، لە ٣٧٠ ملیۆن قڕانەوە زیادیکرد بۆ ١١٠٠ ملیۆن. لەساڵی ١٩١٠شدا، پرۆسەی ناردنە دەرەوەش لەویلایەتی بەغدای عوسمانییدا زۆر خێرا پەرەیگرت. لەنێوان ساڵانی ١٨٦٤-١٨٧١دا، بەهای شمەکی هەناردەکراو لە ١٥٠ هەزاردینارەوە بۆ ٣ ملیۆن زیادیکرد. وڵاتانی وەك بریتانیاو فەرەنسا و ئەمەریکاو دواتریش ئەڵمانیاو وڵاتانی دیکە، لەئێران و دەوڵەتی عوسمانییدا جیاوگی ئابووری و چەندین کۆمپانیاو بانك و هیڵی تەلەگراف و ریگای ئاسنیی شەمەندەفەرو پرۆژەی بازرگانییان دامەزراند .

کوردستان هیچ کات لەپریشکی ئەم گۆڕانکارییبانە بەدەر نەبووە. چونکە بەهۆی شوینی جیۆگرافی کوردستان و وابەستەبوونی بە



بازاڕی بازرگانی نێوخۆیی و دەرەکیی دەوڵەتانی قاجاریی و عوسمانیی و حزووری بیانییە ئەوروپییەکان و ئەمەریکییەکان لەناوچەکە و نارنە دەرەوەی شمەکی و بەروبومی خۆراکیی کوردستان، گۆڕانکاریی لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتییدا هاتەئارا. لەڕاستیدا، لەم قۆناغەدا، بەرهەمە کشتوکاڵیی و ئاژەڵییەکانی کوردستان بەرەو بازاڕەکانی دەرەوە دەکردو بەرەو ئەوروپاش دەچوون. جگە لەوەی بازارەکانی کوردستان بوونە شوێنی ساغکردنەوەی کاڵا بیانییەکان، ئەوەی دارمانی ئابووری سروشتیی و داخراوی لادێی لێکەوتەوەو ئابووری کاڵایی بازاڕ هاتەئارا، بەشێوەیەك، هەندێك ناوچە بایەخیان بە بەرهەمهێنان و بەچاندنی ئەوبەرهەمانە دەدا کە وەك کاڵا ساغکردنەوەی لەبازاڕەکان داوای لەسەر بوو. بۆنموونە، دیاربەکر بە بەرهەمهێنانی قوماشی حەریر ناوبانگی پەیداکرد، شاری شنۆ بەتوتن و ورمێ بە قامیشی شەکرو هەورامان و ئەردەڵان بەبەروبومی ئاژەڵیی و سنە بەفەرش و زاخۆ بە شاڵ و ئاکرێ بە بۆیاخ..هتد.

ڤاسیلی نیکیتین، لەم بارەیەوە دەڵێت کە هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە، کوردستان ساڵانە بەبەهای ٣٥٠٠٠٠ لیرەی ئستەرلینی خوری و ٧٠٠٠٠٠لیرەی بەرهەمی تری وەك فەرش و پێستەو رۆن و کونجی و دانەویڵەی بۆ بازاڕەکانی دەرەوە، رەوانە دەکرد. زیاتر لە ٢٠ ملیۆن هێلکەش رەوانەی بەندەری حەمسون دەکرا لەسەر کەناری دەریای رەش .

دیارە ئەوەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی و موڵکانەکەی، بەجۆرێك زەوی بوو ئامانجی هەڵپەی قازانجخوازانی وەك بەرپرسانی حکومەتی عوسمانی و قاجاریی و هەروەها موڵکدارانی کوردو سەرۆك خێڵە و عەشیرەتەکان زەوییەکی بەرفراوان بخەنە ژێردەستیان و دواتریش بەناوی خۆیانەوە تۆمار/تاپۆی بکەن. شایەنی باسە، سیستمی موڵکایەتیی زەوی کە تائەوکاتە پەیڕەودەکرا، ئاسانکاریی بۆ مەسەلەیەکی ئاوا دەکرد کە بەم شێوەیەبوو:

- زەوی خالیسە یان زەوییەکان تاج و کە لەدەستی بنەماڵەی شا و سوڵتان و شاکان و وەزیرو کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەتدا بوون.
- زەوییە دەرەبەگایەتییەکان کە لەدەستی میر و والی و سان و سەردارو سەرۆك عەشیرەتە کوردەکاندا بوو، ئەوانەی دەبوو باج و خەراجی ساڵانە کۆبکەنەوەو بینێرنە تاران و ئەستەمبوڵ و لەکاتی پێویستیشدا هێزی سەربازیی رەوانە بکەن بەشداری جەنگەکانی ئەو دوو دەوڵەتە بن لەنیوخۆ و دەرەوە.
- زەوی و موڵکەکانی وەقف کە لەژێردەسەڵات و چاودێریی دەزگاری ئاینییدابوو.
- ئەو زەوییانەی موڵکی کەسانێك بوون کە لەدەرەوەی گوندەکان و لەنیو شارەکاندا نیشتەجێبوون.

لێرەوە، مامەڵە بەدراو و گەشەکردنی ئابووربی بازاڕ و کاڵایی پەرەیسەند و لەگوندەکانی کوردستاندا پەیوەندییە پاتریارکیی و دەرەبەگایەتییە سونەتییەکان و هەروەها کۆمۆنە عەشیرەتییەکان بەرەو هەڵوەشاندنەوە چوون، تەنانەت لەنێو ئەو عەشیرەتە کۆچەرە شوانکارەو ئاژەڵدارانەشدا کە ئەندامەکانیان ناچاربوون لەسایەی ئەو گۆڕانکارییانەدا و لەژێر فشاری فاکتەرە سیاسی و مەسەلەکانی دیارییکردنی سنوورو رێگریی لە گەرمیان و کوێستانی خێڵەکانیان، جێگیربن و شێوازی ژیانی خۆیان بگۆڕن، بەم چەشنە وەك نیکیتین دەڵێت کە دەرەبەگایەتیی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە لەکوردستان گەیشتە دوا ئاکامی.
لەلایەکی ترەوە، فراوانبوونی بازرگانی دەرەکیی، بووە هۆی گەورەبوونی شارەکان. بەشێوەیەك هەندێك لەوانە بازرگانیی و شمەکی خۆماڵییان هەناردەی دەرەوە دەکردو کاڵای بیانیان هاوردە دەکردو لەبازارەکانیاندا نمایشیان دەکرد. شاری کرماشان یەکێك لەو شارانە بوو کە رۆڵێکی چالاکی لەبازرگانییدا دەبینی، بەجۆرێکی وا کە (گ . ناپیر) کاتیك پێیدا تێپەڕیوە ناوی " بەندەری کاڵای ئینگلیزیی و هندیی" لێناوە. هەر بەگوێرەی راپۆرتی کۆنسوڵی گشتیی بریتانیی



لەساڵی ١٩٠٣دا، لەناوچەی کرماشاندا زیاتر ٢٠-٢٢ هەزار پارچە ریخۆڵە دەفرۆشرا. شاری سابڵاغیش (مەهاباد) شتیکی ئەوتۆی لەشاری کرماشان کەمتر نەبوو، ئەم شارە مادەی کەتیرە/بنێشت ی بۆ بازرگانە روس و ئازەرییەکان دابیندەکردو ساڵانە ٣٢٠ هەزار کیلۆی هەناردە دەکرد ، جگە لەوەی بە بەهای ٦٣٦ هەزار رۆبڵ پێستەو کونجی و خوری بە بازرگانە روسەکان دەفرۆشت.
شارەکانی دیکەی کوردستانیش رۆڵیان لە چالاکیی بازرگانییدا هەبوو، سنە ساڵانە بەبڕی ١٥٠ هەزار لیرەی عوسمانی، کەلوپەلی بەڕێگای سلێمانیدا، رەوانەی بازاڕەکانی بەغدا دەکرد. هەروەها (مالاما) دەڵێت کە ناوچەی هەکاری لەساڵێکدا بە بڕی ٤٥٠ هەزار پودی لە کەتیرەو ئاسنی خاو رەوانەی بازارەکانی ئێران و موسڵ کردووە. شایەنی باسە، لەگەڵ فراوانبوونی شارەکانی کوردستاندا، ژمارەی دانیشتووانیشیان روو لەزێدەبوون بوون، بەلام ئەم زێدەبوونە، تەنیا زادەی گەشەکردنی شارەکان خۆی نەبوو، بەڵکو خۆی لەو باردۆخە ناهەموارەی لادێکاندا دەبینییەوە کە لەئەنجامی چەوسانەوەی دەرەبەگایەتیی و چاوچنۆکی موڵکدارەکان، جووتیاران ناچاردەکرد روو لەشارەکان بکەن. قەرەباڵخبوونی شارەکان هانی پەرەسەندنی کاری پیشەگەرەکانیدا، وەك پیشەی رستنی خوری و بەڕەو بەرماڵ و فەرش و دروستکردنی قایش و دەسکەچەقۆو پیویستیەکانی ناوماڵ (دەفرو مەنجەل و کوپەو ..هتد). (تایلەر) لەکتێبی "گەشتێك بە کوردستاندا" باس لە ناوبانگی حەریری ئامەد/دیاربەکر دەکات کە لەنێوان ناوچەی ئامەدو دەریای رەشدا زۆر ناسراوەو بازاڕی گەرمە. هەروەها شاری سلێمانیش ساڵانە بڕی ٥٠٠ تۆن سابونیان رەوانەی بەغداو تەبرێز دەکرد.
بەم چەشنە، کاری پیشەگەریی لەکوردستاندا بەرەوپێش دەچوو، بۆنموونە، لەساڵی ١٩٠٢ لە شاری سلێمانی ١٥٠ شوێنکاری چەخماسازیی هەبوون، کە جگە لەچاککردن هەوڵی لاساییکردنەوەی تفەنگی مارتینی ئینگلیزییان دەکردەوە، ئەو پیشەگەرانە زەمینەی

لەباریان هەبووایە بەرەو مانیفاکتۆرەو دابەشکردنی کار هەنگاویان دەنا.

ئەو گۆڕانکارییانەی پەرەسەندنێکی کەمی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیی بەخۆوە بینی و ناوکی هەردوو چینی (بۆرجواو کریکار) یش لە شێوە هەرە لاوازو سەرەتاییەکەیدا دەرکەوتن، بەڵام نابەکام و بێهیزو نەخەملیوو مانەوە، چونکە کوردستان لەم قۆناغەوە لەدۆخێکی نائاسایی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری سەختەوە بۆ دۆخێکی سەختر هەنگاوی ناو پرۆسەی دووبارە داگیرکردن و دابەشکردنەوەی کوردستان بەسەر دەوڵەتە هەرێمییەکاندا، کە بۆخۆیان دواکەوتوو و لەڕووی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتییانەوە، وابەستەی دەوڵەتە سەرمایەدارییە کۆلۆنیالیست و ئیمپریالیستەکانی ئەورووپیی بوون و رژێمگەلێکی فاشیست و سەرکوتکارو قۆرخکاری کوردکوژ حوکمڕانی دەکردن. کوردستان کە لەسایەی حوکمی دواکەوتوو و داڕزیوی قاجاری و عوسمانییەوە تووشی نەهامەتیی گەورە ببووەوەو بەدرێژایی سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم رووبەڕووی کارەساتی گەورەی سیاسیی و ئابووری و تەندروستیی ببووەوە، کە خۆی لە رووخاندنی میرنشینە کوردییەکان (بابان، سۆران ، بۆتان و ئەردەڵان و موکریان و هتد) و لەشکرکێشی بۆ سەر ناوچەکە و کەوتنەوەی بەردەوامی قاتوقڕیی و برسێتیی لەناوچە جیاجیاکان و بڵاوبوونەوەی پەتای سورێژەو کۆلێرا و پەتا کوشندەکان و دواتریش هەڵگیرساندنی یەکەمین جەنگی جیهانیی و لەشکرکێشی رووس و عوسمانی و تالانکردن و وێرانکردن و سوتاندنی خەڵك و شارو دێهاتەکانی کوردستان بە شێوەیەکی مەترسییدار دەبینییەوە، کە زۆر بەخراپیی کاریگەریی لەسەر دۆخی ئابووری کوردستان کرد مردنی هەزارەها لە گوندو شارەکان و چۆڵبوونی بەشێك لەناوچەکانی کوردستان و لاوازبوونی هێزی کارو بڵاوبوونەوەی دزیی و جەردەیی و هەژاریی و تێکچوونی رێگانانی بازرگانیی و پشێویی و تێکچوونی دۆخی گشتیی و پاشەکشێیەکی گەورەی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی . بەشێوەیەك لێرەوە کۆمەڵگای کوردیی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا :لە



رووی ئابوورییەوە لەسایەی پاشماوەی سیستمێکی دواکەوتووی دەرەبەگایەتیی و نیمچە دەرەبەگایەتیی شوانکارەیی-کشتوکاڵییدا چەقیبوو، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لەسایەی ئاغایەتییە خێڵەکیی و شێخایەتییەکان و دیاردە وابەستەکانی وەك : تۆڵەسەندنەوە، دەمارگیریی خێڵەکیی، ژنومێردایەتیی ناوخۆیی، دیوەخانسالاریی، پاتریارکیی وکەلتووری وابەستەیی و نەبوونی تاکایەتیی،جیهانبینی تەسك و دامەزراو لەسەر بنەمای توندوتیژیی و خورافات، شڕەخۆریی ..هتد ، لەرووی سیاسییشەوە وەك کۆلۆنییەکی دەسەڵاتە داگیرکارەکانی دواکەوتووەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی و ئێرانییدا ژیانێکی دۆزەخییانەی بەڕێدەکرد. لەڕاستییدا، کوردستان بەمجۆرە ستراکتۆرە کۆمەڵاتیی و فەرهەنگییەوە و لەسایەی رێبەرایەتیی ئاغاو شێخەکاندا کەوتە نێو گێژاوی یەکەمین جەنگی جیهانییەوەو ئاغاو شێخەکانی کورد بەوەلامدانەوەی بانگەوازی جیهادی خەلیفەی عوسمانیی، شوێنکەوتەکانی خۆیان بۆ بەرەکانی جەنگ لە شوعەیبەو ئازەربایجان و قەفقاس هاژوو، پاشتریش دوای کەوتنی ئیمپراتۆرییەکە، بێئەوەی بتوانن ئەو بۆشاییە سیاسیی و سەربازییە پڕبکەنەوەو بناغەی سیستمێکی هاوچەرخی کوردستانی بێننەئارا.

هێشتا ئاسەواری ئەم دۆخە تراژیدییانە نەڕەوییوونەوە، رژێمە ناسیونالیستە داگیرکەرەکانی پەهلەویی و کەمالیی و هاشمیی، کوردستانیان کردە سیگۆشەی مەرگ و قڕکردن و جەنگێکی هەمەلایەنەی سەربازیی و سیاسی و ئابووری و سایکۆلۆژییان دژی گەلی کوردستان بەڕێوەبرد، ئەوەش ئاسەوارێکی مەترسییدارترو گورزێکی کوشندەو درێژخایەنی لە رەوشی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کورد وەشاند کە نەك هەر بووە ئاستەنگێکی راستیینە لەبەردەم ئەو پەرەسەندنە بەڵکو بەلارێیدابردو شێواندی و تووشی داکشانێکی خێراو درێژخایەنی کرد. بەم شێوەیە، زۆرینەی خەڵکی کوردستان بوونە قوربانییەکی ئاشکرای هاوپەیمانی بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێزی سەرمایەداریی (بریتانی و فەرەنسیی و ئەمەریکیی) و چینی فەرمانرەواو باڵادەستی رژێمەکانی (ئێران، تورکیا و عێراق) و

هەروەها کۆنەپەرستانی نیوخۆی کوردستان ( تاقمێك موڵکدارو پاشماوەی دەرەبەگایەتیی و سەرۆك خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵە و کاربەدەستە باڵاکانی حکومەت لەشارەکان) کە پشتگیریی رژێمەکانیان دەکرد و مانەوەی دۆخەکەیان بەو شێوەیە بەقازانج و سوودی خۆیان دەزانی.
بەم چەشنە رەوشێکی ئاڵۆز لەدۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردستاندا لەچارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە سەریهەڵدا، رژێمە داگیرکارەکان هەوڵی هێشتنەوەی پەیوەندییە کۆن و بەرەسەرچووەکانیان دەداو لەزۆر شوێنی کوردستان، نەك هەر سەرخانی دەرەبەگایەتیی، بەڵکو شێوازی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتییش و پەیوەندییە خێڵەکییەکان وەك پێشوو، کۆنترۆڵی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و ژیانی لادێکانیان کردبوو، بەشێکیش لەوانە بەپاڵپشتیی دەوڵەتی داگیرکارو دەزگا بەریوەبەراییەتییەکانی، دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان هەبوو، زەوییەکی کشتوکاڵیی زۆریان خستبووە ژێر چنگی خۆیانەوەو پارەو سامانیکی زۆریان بۆخۆیان پێکەوەنابوو. هەروەك (اکوبۆف) ی نووسەری سۆڤێتیی دەڵێت، کە سەرمایەداریی و شێوازی قازانجکردن رێگایەکی جیاوازی گرتەبەر و لەچینی سەرەوەی کۆمەڵگاوە دەستیپێکرد. بەوەش هەڵوەشاندنەوەی رژێمی دەرەبەگایەتیی سونەتیی لەسەرەوە بوو، بەواتا شێخ و دەرەبەگ و سەرخێڵ و عەشیرەتەکانی دوێنێ بوونە سەرمایەداری کشتوکاڵیی و بازرگان، ئەمە جگە لەو بەچکە دەرەبەگ و موڵکدارە فارس و تورکانەی کە دەستیان بەسەر بەشێك لە زەوییەکانی کوردستاندا گرتبوو و راستەوخۆ جووتیاران و زەحمەتکێشانی کوردیان دەچەوساندەوە.
سەبارەت بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، لەزۆر شوینی کوردستاندا وەك خۆیان بە سادەو ساکاریی (داس و تەورو شەن و بێڵ و گاسنی تەختەو جەنجەڕی سونەتیی و..هتد )مانەوەو پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوە نەبینی و کشوکاڵ میکانیزە نەکرا. رێگاکان سەخت و



ئاڵۆزو تەختنەکراو مانەوەو بێ هۆکاری گواستنەوەی شیاو، جووتیاران بەئاسانی توانی پەیوەندییکردنیان بە بازاڕەوە نەبوو.
خالفین کە کۆڵەرێکی روسە، لەکتێبی (ململانی لەپیناوی کوردستاندا) باس لە مەڵبەندی سابڵاغ دەکات کە ژمارەی گوندەکانی ٧٥٠ بووەو جووتیاران لەبەر خراپیی رێگاکان، نەیانتوانیوە بەئاسانی بەروبومەکانیان لەبازارەکان ساغ بکەنەوەو ناچاربوون بەنرخێکی هەرزان بیفرۆشن بەچەشنێك قەرەبوی ماندووبوونەکەیانی نەکردۆتەوە. هەربۆیە زۆربەی ئەو جووتیارانە لەبەر دۆخی خراپی گوزەران و ئەو ستەمەی لەلایەن موڵکدارەکان و پاشماوەی دەرەبەگایەتییەوە تووشی دەبوون، بەناچاریی گوندەکانیان جیدەهێشت و روویان لەشارەکان دەکرد، لەوێش لەخراپترین دۆخدا دەژیان و ناچاربوون بۆ پەیداکردنی بژێویی رۆژانەیان مل بەهەرکارێکەوە بنێن کە رۆژانە زیاتر لە ١٢ کاتژمێر بوو و بەکرێیەکی زۆر کەمیش بێت، بەشی زۆری ئەمانە وەك کرێکاری بیناسازیی و رێگاوبانەکان و حەماڵ و خشتبڕو دەستگێڕ هەڵدەسوڕان. شایەنی باسە، شارەکانی کوردستان کە خۆیان لەبنەرەتدا شاری هاوچەرخ نەبوون و بەدەست گرفتی بونیادی قووڵەوە دەیانناڵاند، توانای لەخۆگرتن و دابینکردنی دەرفەتی کاری ئەم لەشکرە هاتووەی گوندی نەبوو، هەربۆیە بەشێکی بەرچاو لەمانە روویان لەشارەکانی دەرەوەی کوردستان دەکرد کە کارگەو بازاڕی کاری گەرم بوو، لەوی بەشێوەی وەرزیی کاتیی کاریان دەکرد و هاوینان دەگەڕانەوە بۆ گوندەکانیان کاریان لەسەر زەوییەکانیان دەکرد یان وەك کرێکاری کشتوکاڵیی ژیانیان بەسەردەبرد.
بەم شێوەیە، زۆربەی زۆری کرێکارو زەحمەتکێشانی کورد ریشەیەکی گوندنشینییان هەبوو و سەر بەژینگەیەکی کشتوکاڵیی بوون و لەسایەی کەلتورێکی خێلەکیی و ئاینیی سونەتییدا پەروەردە ببوون و زۆریان نەخویندەواربوون و پەیوەندییەکی پتەویان بە ئامێرو کارگەو ژیانی هاوچەرخەوە نەبوو، یان بەواتایەکی تر هەر جووتیاربوون لەبەرگی کرێکاردا، بۆیە خاوەنی کەمترین هۆشیاریی چینایەتی بن کە

رۆڵی راستەقینەی خۆیان لە پرۆسەی بەرهەمهینانی ئابووریدا درك نەدەكرد و بەرچاویشی روون نەبوو كە كام رێگا لەپیناوی رزگاربوون لەستەمی سەرمایە بگرێتەبەر، ئەوەش گەورەترین لەمپەری بەردەم پشكوتن و خەمڵین و پێگەیشتنی چینی كرێكاری كوردیی بوو بەشێوەیەك وایكردووە هیزیكی لاواز بێت لەستراكچەری كۆمەڵگای كوردستاندا.

دیارە، دەركەوتنی ناوكی چینی كریكار لەرووی مێژووییەوە پێش دەركەوتنی ناوكی چینی بۆرجوای كورد بوو. چونكە بورۆجوای نیشتیمانیی كورد بەهۆی دۆخی خراپی ئابووری كوردستان و سیاسەتی داگیركاری و پشتگویخستن و وێرانكاریی داگیركەران و لاوازیی بونیادی ئابووری و فەرهەنگی شارەكان، زەمینەی مێژوویی دەركەوتنیان لەبارنەبوو. رژیمە داگیركارو دابەشكەرەكانی كوردستان، پرۆسەی سەرمایەگوزاریی و كردنەوەی كارگەو پرۆژە پیسەسازیی و هاوچەرخەكان و برەوپێدانی پەیوەندییە سەرمایەدارییەكانیان لەناوەندو و لەدەرەوەی شارەكانی كوردستاندا دادەمەراندو بەریوەدەبرد، ئەوەش وەستانی گەشەو بگرە پوكانەوەی شارو چەقبەستنی گەشەكردنی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگای لێكەوتەوە، بەجۆرێك كوردستان بێبەش بوو لە تەواوی پرۆژەو دیارەدەكانی ژیانی نوی ( كارگە و پرد و ریگاوبان و رێگای ئاسنیی و خویندنگاو زانكۆو تەلار و بنیاتنان و شانۆ و سینەما..هتد)

هێندەی پەیوەندیی بە دەركەوتن و چالاكی بۆرجوای بازرگانیی كوردییەوە هەیە، هیچ كات وەك توێژێكی سەربەخۆی تۆكمە دەرنەكەوت و هەمیشە لەرووی ئابووری و سیاسیی و سیاسی و فیكرییەوە لەلایەك وابەستەی موڵكداری دەرەبەگی خیڵەكیی و خانەدان و ئەرستۆكراتی كشتوكاڵیی بوون و لەلایەكی تریشەوە وابەستەی بازرگانانی نەتەوەی سەردەستی فارس و تورك و عەرەب و لەرووی بەرژەوەندی چینایەتییەوە بە سەرمایەداریی كۆمپرادۆری توركیی و عێراقیی و ئێرانییەوە ببەسترێتەوە كە ئەوانیش وابەستەی سەرمایەداریی جیهانیی و دەوڵەتانی ئیمپریالیست بوون. ئەم توێژە،



واتە سەرمایەداری بازرگانیی كورد، هەروەك هاوشێوەكەی خۆی لەئەوروپا لەرووی چەندایەتیی و چۆنایەتییەوە جیاوازبوون. ئەوەی كوردستان نەیانتوان بە ئەركی چینایەتیی خۆیان هەستن و ببنە هیزكی كاریگەر دژی چینی دەرەبەگ و داینەمۆی پێشكەوتنی سیاسیی و ئابووری و كۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی كۆمەلگای كوردیی و پرۆسەی یەكخستنەوەی نەتەوەیی كورد رێبەرایەتیی بكەن. توێژی بازرگانی كورد، بەروبومی كشتوكاڵیی گوندو بازارە بچووكەكانی كوردستانیان دەگەیاندە دەست بازرگانانی نەتەوەی سەردەست و بۆخۆیان نەیاندەتوانی مامەڵەی سەربەخۆی پێوە بكەن و هەناردەی بازاڕەكانی جیهانی بكەن و قازانجیكی باش بەدەستبێنن و بەوەش سامانێكی زۆر كەڵەكە بكەن، ئەوەندەش خاوەن بڕیار نەبوون ئەو سەرمایە كەمی هەیانە لەپرۆژەی پیشەسازییدا و لەشارەكانی كوردستان بیخەنە گەر، بۆیە زۆربەی ئەوانە بازرگانیان بە خانوو و زەوییە كشتوكاڵییەكانەوە دەكردو هەندێكیان بوونە موڵكدارو تەنانەت هەندیك لە دەرەبەگ و پاشماوەكانیان راكێشانە بازاڕی كڕین و فرۆشتنی خان و زەوی وزار. هەربۆیە لەكاتی قسەكردن لە پرۆسەی دەركەوتنی پەیوەندییە سەرمایەدارییەكان لەكوردستان دەبێت ئەم تایبەتمەندییانە بەباشیی لەبەرچاوبگیرێن.

# ئابووریی سیاسیی خێڵگەرایی کوردیی لە کوردستانی ئێران

فەریدە کوهی کەمالی
وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: پ. دکتۆر یاسین سەردەشتی

## دەروازە

لە سەرەتای سەدەکەدا گۆڕانی گەورە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی کوردستانی ئێراندا هات. ئەو گۆڕانکارییانەی دەگونجێت مەسەلەیەکی حەتمی بووبن لەئاکامی گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان و ئەوانەی دیکەش کە لەنێو کۆمەڵگەی کوردییدا سەریانهەڵدا. هەرچەندە، سیاسەتەکانی حکومەت سەبارەت بە تێکدانی شێوەژیانی خێڵەکیی- کۆچەریی بەشداریی لە خێرابوونی ئەم گۆڕانکارییانەدا کرد. ئاکامی ئەم گۆڕانکارییانە نیشتەجێبوونی خێڵە کوردییەکانی لێکەوتەوە. پرۆسەی بەزۆر نیشتەجێکردن مانای ئەوەبوو کە دواجار تەواوی خێڵە کوردییەکان نیشتەجێبوون و لە گوندەکاندا بەشێوەیەکی هەمیشەیی جێگیربوون. هەرچەندە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە پەیوەندییە خێڵەکییەکان لەنێو بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی کوردییدا بەتەواوی لەنێوچووبن. ئەوەی بایەخی ئەم بەشەیە بریتییە لە شرۆڤەکردنی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتەهۆی گۆڕانکاری لە ستراکتۆری کۆمەڵگەی کوردییدا، ئەو هۆکارانەی پەیوەندییە رووبەڕووە خێڵەکییەکانیان لاوازکرد، هەروەها ئەو هۆکارانەشی بەشدارییان لە بەردەوامیی بەشێك لەو پەیوەندییە خێڵەکییانەدا هەبوو. من مشتومڕم لەوبارەیەوە کردووە کە رەگەزەکانی ئەم بەردەوامییە لەو یەکسانییە



رێژەییەدا دیارە کە لە ژیانی خێڵەکیی کوردییدا هەیە، ئەوەی کە بۆخۆی ئاکامی ئەو چالاکییە سەرەکییە ئابوورییەی خێڵەکانە، بەدیارییکراوی ئاژەڵداریی کە بەشێوەیەکی سەرەکیی لەسەر سیما چیاییەکانی هەرێمەکە بنەمای گرتووە. گریمانەی ئەم بەشە ئەوەیە کە ئەو سیماو تایبەتمەندییانەی خێڵە کوردییەکانیان ناچار بەنیشتەجێبوون کرد، هەروەها بوونە هاوکاریش بۆ پاراستنی هێندێك لەو تایبەتمەندییە خێڵەکییانە لە کۆمەڵگەی کوردییدا.

لەم بەشەدا، ئەوە روونەدەکەمەوە کە چۆن سیاسەتەکانی حکومەت لەرێگەی بەزۆرنیشتەجێکردن و رێگرتن لە کۆچ وباری خێڵەکان، رەوشە کۆمەڵایەتیی-ئابوورییەکەیان لە کوردستاندا دیارییکرد. لەوەش زیاتر، چەندە ئەم سیاسەتانە کۆتایی بە شێوازی تایبەتی ئابووریی خێڵەکیی هێنا کە لەسەر بنەمای ئاژەڵداریی سوننەتی راوەستابوو، ئەوەی کە سیمایەکی چەسپاوی بریتیبوو لە کۆچ و باری دوورمەودا. سیستمی ئاڵوگۆڕی ئابووریی خێڵەکیی گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت بۆئەوەی ببینرێت، کە لەڕاستییدا، تاچەند ئابووریی دراو زەمینەی بۆ لاوازبوونی ئابووریی سوننەتیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی خێڵەکیی خۆشکردووە.

بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی ئەو هۆکارە ناوەکیی و دەرەکییانەی گۆڕانکارییان بەسەر خێڵە کوردییەکاندا هێنا، پێویستە لە بایەخی ئاژەڵداریی لەژیانی کۆچەرییدا بکۆڵرێتەوە، هەروەها ئەو شێوازانەی خێڵە کۆچەرییەکانی پێ نیشتەجێبوون. یەکەمین جار باس لەوە دەکەم کە مەبەستم لە چەمکی "خێڵ" چییە و هەروەها دەروازەیەك سەبارەت

بە ڕەوشەکەی هەرێمە کوردییەکە لە ئێران، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پێشکەشدەکەم.

## خێڵە کوردییەکان لە دەیە بەراییەکانی سەدەی بیستەمدا

لە زۆربەی بەڵگەنامە فەرمییە ئێرانییەکاندا، لەوانەش ئەوەکانی سەنتەری ئامارەکان، "خێڵەکیی" یان "خێڵ" ئاماژەیە بۆ ئەو کۆمەڵانەی کە لە کوێستانەوە "قشلاق" بۆ گەرمیان"یەلاق" کۆچ و بار دەکەن و بە پێچەوانەوە. هەروەها لە "ڕەشماڵ"دا دەژین. ئەو شوێنەی ئەوانی تێدا دەژین وەك پێودانێگی سەرەکیی بەکاردەهێنرێت بۆ ناساندنی خێڵ. ئەم پێودانگە بەشێوەیەکی جیهانیی لەئێران پەسەند نەکراوە.[1] پێناسەیەکی بەم چەشنە ناتوانێت بەتەواویی دروست بێت، چەندین کۆمەڵ هەن کە کۆچ و بار دەکەن یان لەنێو ڕەشماڵاندا دەژین و هێشتا نەبوونەتە خێڵ، بۆ نموونە، ئەو کۆمەڵەی بە "غوربەتیی" ناودەبرێت، وەك لە ڕاپۆرتێکی کشاوەرزدا هاتووە، ئاژەڵدارانی ناوچەی سەنگساری سەمنانن، ئەوانە کۆچ وبار دەکەن بەڵام خێڵ نین. لەوەش زیاتر، خێڵگەلێکی وەك کورد، لوڕو خێڵی بەختیارییەکان هەن کۆچ وبار ناکەن و بەدڵنیاییشەوە چیدی لەنێو ڕەشماڵدا ناژین بەڵام

[1] T. Firuzan, ‘Darbariy-i Tarkib va Sazman-i Ilat va ’Ashayer-i Iran’ (The Composition and Organization of Iranian Nomads and Tribes), in Ilat va ’Ashayer (Tribes and Nomads) (Tehran, 1983), 14–16.



هێندێك ستراکتۆری خێڵەکییان پاراستووە.[2] لەبەرئەوە، هەرچەندە کۆچ وبار سیماو تایبەتمەندییەکی گرنگی ژیانی خێڵەکییە، بەڵام تەنیا پێودانگ نییە. ژمارەیەکی زۆر خێڵ هەن کە هێشتا ستراکتۆرێکی سیاسیی و کەلتووریی خێڵەکییان هەیە ئەمێستا کۆچ وبار ناکەن. بەوەش کۆچ وبار وەك بنەمایەك بۆ ناساندنی "خێڵ" ئەوانی لەو ڕیزبەندییە هاویشتۆتە دەرەوە.

مێژوونووسە ئەفریقییەکان هێشتا لێکدانەوەیەکی سەرنجڕاکێشترو سەمەرەتریان بۆ "خێڵ" هۆنیوەتەوە. جۆن ئلیف لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی "مێژووی نوێی تانجەنیقا" دەڵێت:

" بیرۆکەی خێڵ دڵی یاسای ناڕاستەوخۆی تانجەنیقا داگیردەکات. هەمان دووبارەبوونەوەی ئەو بیرکردنەوە ڕەگەزپەرستانە هاوبەشەی سەردەمی ئەڵمانەکانە، بەڕێوەبەران لەوبڕوایەدان کە هەر ئەفریقییەك سەر بەخێڵێکە، هەروەك چۆن هەر ئەوروپییەك سەر بە نەتەوەیەکە. بێگومان ئەم بیرۆکەیە هێندەی قەرزاری تەوراتە، ئەوەی سەبارەت بە تاسیۆتس و سیزار وتراوە، ئەوەندە لە جیاکردنەوە ئەکادیمییەکان لەنێوان کۆمەڵگە خێڵەکییەکان کە پشت بە پێگە دەبەستێت، لەگەڵ کۆمەڵگەی مۆدێرن پشت بە گرێبەست دەبەستێت، وەرنەگیراوە، هەروەها بۆئەو ئەنترۆگرافیستانەی پاش جەنگ کە "خێڵ" یان لە وشەی بێزاروی "savage/ دڕندە" لەلا گونجاوتربوو. خێڵەکان وەك

[2] Amir Hushang Kishavarz, ‘Nezam-i Iqtesad-i va Sakht-i Ijtima‘-i dar ’Ashayer-i Iran’ (Social and Economic Structure of Iranian tribes), in Chashmandaz, (Autumn 1987), 40.

یەکیەکی کەلتووریی دەبینران کە" زمانێکی هاوبەش، سیستمێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت و هەروەها داب و ڕێسایەکی خۆیان هەیە."[3]

هەرچەندە، لەکاتێکدا ئەوروپییەکان لەوبڕوایەدابوون کە ئەفریقییەکان بۆ خێڵەکانن دەگەڕێنەوە، ئەفریقییەکان خێڵەکانیان بنیاتنا تاکو بۆی بگەڕێنەوە.[4] ئەم دیدەی جۆن ئلیف لەلایەن ئەندرۆ رۆبێرتسەوە پشڕاستکرایەوە کە لەکتێبی "مێژووی زامبیا"دا دەڵێت:

" ئەو ئاستەی کە ناوێکی خێڵەکیی تایبەت وەك ناوێکی جیاواز دەیخوازێت و لەلایەن دەرەوە و خودی خۆشیان پەسەندکراوە، پشت بەو شێوازە دەبەستێت کە تێیدا گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان کاریگەریی لەسەر هەستی خەڵکەکە وەك شوناسێك بەدژی هەرکەسێکی دیکە پێکدەهێنێت. بەکورتی، خێڵ، ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیی واقعیی نییە، زیاتر لەوەی: ئەوانە حاڵەتگەلێکی زهنیی و عەقڵیین. ئاگاهییبوون سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ خێڵێك بەئاسانیی هەمانکات دەبێتەهۆی ڕەنگدانەوەی ڕەوشێکی کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی لەساتەوەختێکی دیارییکراودا."[5]

بەشێوەیەکی ئاشکرا، بە سوکە خستنەبەر گومانێکی تەواوی بیرۆکەی "خێڵ"، هێندێك مێژوونووسی ئەفریقیی داهێنەرانە لە دەستەواژەی" نەمری"یان پرسیوە، و لەگەڵ ئەو شێوە پەسەندنکردنە

[3] John Iliffe, A Modern History of Tanganyika (Cambridge, 1979), 323.
[4] Ibid., 324.
[5] Andrew Roberts, A History of Zambia (London, 1976), 65. Notes 223



ناڕەخنەییەی دەستەواژەی "خێڵ"دا لەلایەن کەسانی دیکەوە، بەراوردیان کردووە .

تاپەر، لە کتێبکیدا سەبارەت بە خێڵ و دەوڵەتان لە ئێران و ئەفغانستاندا، پێناسەیەکی گشتیی سەبارەت بە خێڵەکان لەم وڵاتانەدا بۆ فەراهەمکردووین:

دەشێت خێڵ بەشێوەیەکی ڕێژەیی بۆ ئەو گروپە شوێنگرتووانە بەکاربهێنرێت کە پەیوەندی خزمایەتیی تێیدا شێوەیەکی باڵادەستی ڕێکخراوبوون بێت، بەچەشنێك ئەندامەکانی لەڕووی کەلتوورییەوە خۆیان بە جیاواز ( لەڕووی داب و نەریت، زار و زمان یاخود ریشە و بنەچەوە) دادەنێن ، خێڵەکان وەك باوە لەڕووی سیاسییەوە یەکگرتوون، ئەگەرچی لەسایەی رابەرێکی سەرەکییشدا نەبن، هەردوو سیماو تایبەتمەندییەکە لەکاتی کارلێك لەگەڵ دەوڵەتەکاندا هاوبەش دەبینرێن. هەروەها ئەم چەشنە خێڵەکانە زۆربەی جار بەشێك لە ستراکتۆری ئاینیی و سیاسیی خێڵگەلێکی هاوچەشنی گەورەتر پێکدەهێنن ، ئەوان زۆرجار ڕاستەوخۆ بۆ دەوڵەت ناگەڕێنەوە، بەڵکو لەڕێگەی ئەم ستراکتۆرە نێوەندگیرانەوە."[6]

ئەم پێناسەیە، تاڕادەیەکی زۆر، لەگەڵ ئەو پێناسەیەدا دێتەوە کە ڤان برونسن بۆ خێڵە کوردییەکانی تەرخانکردووە:

"خێڵە کوردییەکان یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی-سیاسیی هەروەها هەرێمیین(هەر لەبەرئەوەش ئابووریین) کە لەسەر بنەمای باوان و

[6] Richard Tapper (ed.), The Conflict of Tribe and State in Iran and Afghanistan (London, 1983), 9.

خزمایەتیی راستیینە یان هەڵبەستراو راوەستاوە، لەگەڵ بوونی ستراکتۆرێکی نێوخۆیی تایبەتدا."[٧]

ئەم پێناسەیەی لەلایەن برونسنەوە دراوە پێناسەیەکی گشتگیرە بۆ خێڵە کوردییەکان. بەڵام مامەڵە لەگەڵ چالاکییە ئابورییەکانیان ناکات، ئەوەی پشتدەبەستێت بەوەی کە داخۆ خێڵەکە کۆچەرییە، نیوەکۆچەرییە یان بەتەواویی نیشتەجێیە، بەوەش چالاکییە ئابوورییەکانیان جیاوازدەبێت.

خێڵە(عەشیرەتە) کوردییەکان لە هۆز (تایفە، بەرە، هەروەها تیرە) پێکهاتوون و هێشتا زیاتر بۆ کۆمەڵی بچووکتریش دابەشبوون. سەرۆکی خێڵ "میر" یان "بەگ"، و سەرۆك هۆز یان بەرەبابیش "ئاغا"ی پێدەوترێت.[٨] سەرۆك خێڵ و ئاغاکان بەشێوەیەکی سوننەتیی فرە دەسەڵاتدارن.• هەروەها ئەوان ئەندامێکی هەرە جیاوکداری

[7] Martin Van Bruinessen, Agha, Shaikh and State (London, 1992), 51.

[8] Abdul Rahman Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds (London, 1965), 106.

• *رەنگە تا ئێستا هیچ بایەخدارێك وەك (مێجەر هەی) کە کارمەندێکی بەریتانییەکان بووە لە عێراق ، بە ئاشکرا و ڕەپوراست، سەرۆك و سەردارانی کوردی بەسەر دوو بەرەی ( ئاغای باش و ئاغای بەد ) دا دابەش نەکردبێت . ناوبراو کە سەدەیەك پێش ئێستا هاتۆتە کوردستان و دووساڵی تێیدا ماوەتەوە ، ئەو سەرنجەی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا تۆمارکردووە کە بە ناونیشانی " دوو ساڵ لە کوردستاندا " وەك کتێبێك لە ساڵی ١٩٢١دا بڵاویکردۆتەوە . (هەی) باسی لەوە کردووە کە سەرۆکی باش بۆ خەڵکەکەی وەك باوکێکی دڵسۆزی راستەقینە وایە و هەموو بەرژەوەندییەکانی ئەوانی لەبەر چاوە ، لەکاتێکدا ئەوەی دووەمیان واتە سەرۆکی بەد، کەسێکی دڵڕەقی خۆپەرستە و خەریکی ڕەپاندن و بێگارپێکردنی*



خێڵەکەن. ئەوان گەورەترین مێگەلیان هەیە، لەکاتێکدا ئەندامێکی ئاسایی خێڵەکە تەنیا چەند سەر مەڕو بزنێکی هەیە کە بژێوی بنەماڵەکە دابیندەکات. ئەندامانی خێڵ ناچاربوون مەڕانە بدەنە سەرۆك خێڵەکانیان لە شێوەی دیاری ڕێکخراودا، دەبوو بەشێوەی خەج و باجیش پیتاك بەدەوڵەت بدەن. قاسملو سێ گروپی جیاوازی لەنێو خێڵەکاندا جیاکردۆتەوە: سەرۆك و خزمەکانی کە بەشی خاوەن جیاوکی خێڵەکەن، خزمەتکارانی سەرۆك و خزمەکانی (خولامەکان)، هەروەها ئەندامانی ئاسایی گشتیی خێڵەکە.[٩] وێڕای ئەوانەش، ڕۆحانییەکانیش هەبوون کە دابەشدەبوون بۆ "شێخەکان"(کە نوێنەری تەریقەتەکانیان دەکرد)، "مەلاکان" لەگەڵ "سەیدەکان"( نەوەکانی پەیامبەر). هەروەها ڕۆحانییەکانیش جیاوکی خۆیان هەبوو، بەتایبەت

*خەڵکەکەی بەردەستێتی و هەر ناڕەزایەتیی و ملنەدانێکیش بەخواستەکانی، بە دەستێکی ئاسنیین سەرکوت دەکات و لە هیچ خراپەیەك سڵناکاتەوە .شایەنی باسە ، (مێجەر هەی) ئەم دابەشکردنەی سەرۆکەکانی کوردی بەتەنیا لەسەر بنەمای ستراکچەری مۆراڵی وێنا نەکردووە ، بەڵکو هەوڵی ئەوەی داوە هۆکاری شوێن و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیش لەو بوارەدا لەبەرچاوبگرێت . ئەو ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو سەرۆکانەی لەناوچە چۆڵ و دووردەستە سنورییە چیاییەکاندان و پەیوەندیی خوێن بە دەستوپێوەندەکانیانەوە دەیانبەستێتەوە دەچنە قاڵبی سەرەۆکە باشەکانەوە و بەتەنگ خەڵکەکەی خۆیانەوە دێن و بۆیان باشن ، بەڵام ئەو سەرۆکانەی کەوتونەتە ناوچە دەشتەکییەکانەوە و پشتیان بە حکومەتەوەیە و فەرمانڕەوایی بەسەر چینی جووتکارە هەژارەکاندا دەکەن ، ئەوانە نموونەی سەرۆکێکی بەد و خراپن .*

[9] Ibid., 107.

شێخەکان، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا سەرکردەیەکی سیاسیی دەسەڵاتداربوو.

لەرابردوودا، چالاکیی گشتیی ئابووریی زۆربەی خێڵەکان لەکوردستان بریتیبوو لە ئاژەڵداریی. کشتوکاڵەکەیان بەشێوەیەکی سەرەکیی پشتی بە دێمەکاریی دەبەست، و بەرهەمی پیشەی کاری دەستیشیان سنووورداربوو. هەروەها ئاژەڵداریی وەك چالاکییەکی ئابووریی سەرەکیی بنەمای جیاوازییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان بوو. بەداخەوە، داتاگەلێکی کەممان لەبەردەستدایە سەبارەت بە خاوەنێتی ئاژەڵدارەکان لەنێو خێڵە کوردییەکاندا لەو ماوەیەی کە لەم بەشەدا گفتوگۆی لەبارەوە کراوە. هەرچەندە، بۆئەوەی سەبارەت بە حاڵەتە جیاوازە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکەی ئاژەڵدارانی کۆمەڵگەی کوردیی ئاشنابین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کۆڵینەوەکەی کشاوەرز سەبارەت بە چالاکیی ئابووریی خێڵەکیی کە یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٦دا بڵاوکرایەوە. کشاوەرز چینەکانی لە کۆمەڵگەی خێڵەکییدا لەسەر بنەمای خاوەندارێتیی ئاژەڵداریی جیاکردۆتەوە. ئەوەی ئەو ناوی لێناون: مەزنە ئاژەڵدارەکان، ئاژەڵدارە ناوەنجییەکان و گچکە ئاژەڵدارەکان.[10]

* مەزنە ئاژەڵدارەکان: ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەو ئەندامانەی خێڵ کە گەورەترین ژمارەی ئاژەڵیان هەیە. ئامانجی سەرەکیی ئابووریی ئەم تاقمە ئەوەیە ئاژەڵ بەخێوبکەن بۆ بازرگانیی. ئەوانە بەشێوەیەکی

[10] Kishavarz, ‘Nezam-i Iqtesad-i va .



بنەڕەتیی مەڕو بەرخ رادەگرن(نزیکەی ٩٠٪ی مێگەلەکانیان پێکدەهێنن) بۆئەوەی گۆشتەکانیان لە بازاڕدا بفرۆشن. بازرگانی ئەوان بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ شارەکانی دەوروبەریان بوو، لەوێشەوە پەیوەندییەکی زێدەیان بە ئابووری باقی وڵاتەکەوە هەبوو. هەروەها ئەوان باشترین جۆری گۆشتیان بۆ بازاڕ فەراهەمدەکرد. کۆچو بار وایکردبوو ئەم تاقمە ئاژەڵدارە مێگەلی بەهێزو تەندروستیان هەبێتو باشترینو گەورەترین مەڕ بۆ بازاڕ مسۆگەربکەن .

* ئاژەڵدارە ناوەنجییەکان: ئەم کۆمەڵە ئاژەڵدارە دوو ئامانجی سەرەکییان لە چالاکییە ئابوورییەکانیان هەیە: یەکەم، کە بازرگانیی بکەنو سامانەکانیان زێدەبکەن، دووەمیش، بۆئەوەی بەشێکی خۆراکی خێزانەکانیان فەراهەمبکەن. چالاکییەکانیان کردبوونیە هاوپەیمانی مەزنە ئاژەڵدارەکان لەلایەكو بازاڕەکانی دەوروبەرو بازرگانەکان لەلایەکی ترەوە. لەکاتێکدا ئەوان دەبوو بەشێکی وزەی خۆیان بۆ فەراهەمکردنی خۆراك بۆ خێزانەکانیان تەرخان بکەن، هەروەها ئەوان بەشداری بەرژەوەندیی هاوبەشیان لەگەڵ گچکە ئاژەڵدارەکاندا هەبوو. لەبەرئەوە، ئەوان تەنیا بازرگانییان بە مێگەلەکانەوە نەدەکرد بەڵکو بەرهەمهێنەری بەروبومی ماستیش بوون بۆ بەکاربردنی خۆیان. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئەو ئاژەڵانەی لای ئەم کۆمەڵانە بەخێودەکرێن ئەوانەن کە بۆ بازرگانیی بەکاردێن وەك وەك مەڕو بەرخ، هەروەها ئاژەڵە نیوە بەرهەمهێنەکانی وەك بزنو کار.

گچکە ئاژەڵدارەکان: ئەم کۆمەڵە وەك دەتوانێت تەنیا ئامانجێکی هەبێت کە ئەویش فەراهەمکردنی خۆراکە تەواوکارییەکانە بۆ

خێزانەکانیان. ئەوان چەند سەر ئاژەڵێکی کەمیان هەیە بۆ دابینکردنی پێویستییە رۆژانەکانیان لە گۆشت. ئەمانە ئەو دەستەیەن کە یەکمینجار نیشتەجێبوون کاتێك کۆچ و بار کۆتوبەند کرا. لەبەرئەوەی ئەمانە هێندە ئاژەڵێکی زۆریان نەبوو کە بۆ بازاڕ بەهایەکی ئەوتۆی هەبێت یان زۆر کەمیان هەبوو، بەتیبەت مەڕو بەرخ، هەربۆیە بوونی هەر قەیرانێك رێگەی ئەوەی لێدەگرتن بتوانن ماڵاتەکانیان رابگرن. ئەوان ئاژەڵەکانیان سەردەبڕی بۆ خواردن و کاتێك ئەوەش دەخورا، دەبوونە کرێکاری وەرزێریی.

ئاڵوگۆڕی بەروبومی ئاژەڵیی لەنێو خێڵە نیوە کۆچەریی یان کۆچەرییەکاندا ئەنجامدەدرا، ئاڵوگۆڕی بەروبومەکانیان بەو بەرهەمانەی کە لە کۆمەڵگەکەیاندا بەرهەم نەدەهات لەسەر رێگەی کۆچ و باریان بەرەو هاوینەهەوارەکانیان یان بەرەو هەوارگەی زستانیان روویدەدا. ئەم ئاڵوگۆڕە چ لە رێگەی گۆڕینەوە بە بەرهەمی دیکە یان لە رێگەی ئاڵوگۆڕی دراو روویدەدا. هەرچەندە، کۆمەڵگەی خێڵەکیی کوردیی وردە وردە نیشتەجێبوون و بە ئابووریی بازاڕەوە پەیوەستبوون، هەروەها دواجار سیستمی ئاڵوگۆڕی بۆ شێوازێك گۆڕا کە تێیدا پارە وەك نێوەندێکی ئاڵوگۆڕ بەکارهێنرا.

نیشتەجێکردنی خێڵەکان لەشەو و رۆژێکدا روویندەدا. هەرچەندە پرۆسەکە لە کۆتایی سەدە (سەدەی ١٩) دەستیپێکرد. ئەوەش بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی دەگمەنیی لەوەڕگەکانەوە بوو کە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕایەوە: زۆربوونی خەڵك و زێدەبوونی ژمارەی گوندەکان، داوایەکی زۆر لەسەر بەرهەمی خێڵەکان و هەروەها



بەکارهێنانی بەرفراوانی لەوەڕگەکان. من دواتر بۆ ئەم مەسەلانە دەگەڕێمەوە. وێڕای فاکتەرە نێوخۆییەکان لەنێو ژیانی ئابووریی کوردیی کە هانی نیشتەجێبوونی دا، هەروەها فشاریش لەسەر خەڵکەکە هەبوو تاکو نیشتەجێبێت بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتەوە سەبارەت بە خێڵەکان. ئاکامێکی ئەوانەش بەتایبەتییکردنی لەوەڕگە گشتییەکان و هەروەها داخستن و توندکردنەوەی سنوورەکان بوو بەڕووی کۆچ وباری خێڵەکان.

چوونەسەر تەختی دەسەڵات لەلایەن رەزاخان/شاوە گۆڕانکارییەکانی بەرەو نیشتەجێبوون خێراترکرد. لە پێش رەزاشا، حکومەت وەڵامی گرفتی کوردانی لە رێگەی راگواستنی کوردان دەدایەوە لە شوێنی جیۆگرافیان و ناچارکردنیان کە دوور لە مەڵبەندە سوننەتییەکانی خۆیان نیشتەجێبن، زۆرجار لەو هەرێمانەی کە ژینگەیەکی نادۆستانەبوو، هەروەها لەرێگەی دوورخستنەوەی سەرۆکە خێڵەکییەکان و جیاکردنەوەیان لە بەشە سەرەکییەکانی خێڵەکەیان، بەوەش لاوازکردنی دەسەڵاتی سیاسییان.

جیاوازیی رژێمەکەی رەزاشا لەوەدا بوو کە، لەکاتێکدا هەمان ئەو رێ و شوێنانەی ئەگرتەبەر کە لەلایەن دەسەڵاتەکانی پێش خۆیەوە جێبەجێدەکرا، ئەو هەروەها زۆربەی هەوڵەکانی لە نیشتەجێکردنی خێڵەکان لە زەوییە سوننەتییەکەی خۆیاندا چڕدەکردەوە و ناچاری دەکردن شێوەژیانی پێشوویان لەسەر ئەو خاکە بگۆڕن کە هەمیشە لەسەری ژیاون. حکومەت لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ گرفتێك بدۆزێتەوە کە ئەوان بە گرفتێکی بەردەوامیان دادەنا. بێگومان سیاسەتەکەی رەزاشا سەبارەت بە ریشەکێشکردنی

خێڵەکان دەسەڵاتو کاریگەریی سەرۆکخێڵەکانی کەمکردەوە، بەڵام هەروەك حکومەتەکانی پێش خۆی، نەیتوانی خێڵەکانو خێڵگەرایی تێکبشکێنێت. لامبتۆن، لە کۆڵینەوەکەیدا ئاماژەی بە ڕێگرتن لە کۆچوباری خێڵەکانو بەزۆرنیشتەجێکردنیانی داوە، ئەوەش وەك هەوڵێك بۆ تێکشکاندنی ڕێکخراوی خێڵەکان لە ئێران، بە کوردستانیشەوە.[11] بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی نیشتەجێکردن لەسەر کۆمەڵگەی خێڵەکیی، ئەمێستا بایەخی کۆچوبار بۆ بوونی بەردەوامی خێڵەکییو ئەو فاکتەرانەی هانی خێڵەکان دەدەن بۆ نیشتەجێبوون، ڕووندەکەینەوە.

## خێڵەکان بۆ نیشتەجێدەبن؟

(pastoralism / شوانکارەیی) وەك باوە ئاماژەیە بۆ سیستمێك کە تایبەتمەندە بە تاکێك یان بازرگانی دەستەجەمعییە بە مێگەلی مەڕو بزنەوەو بەکارهێنانی لەوەڕگەکانە بۆ بەخێوکردنی ماڵات، هەروەها دابینکردنی بەروبومی وەك شیرو گۆشتە بۆ تاکەکە یان کۆمەڵەکە، یاخود ئاڵوگۆڕکردنی ئەم بەروبومانە بە شمەکی دیکە، لەڕێگەی گۆڕینەوە.[12]

[11] . A. Lambton, Landlord and Peasant in Persia (London, 1953), 285.

[12] Camilla Toulmin, Economic Behaviour Among Livestock-Keeping People, Development Studies Occasional Paper No. 25 (University of East Anglia, 1983), 5.



لەم سیستمەدا سێ هۆکاری بەرهەمهێنان تێکەڵ بەیەکدەبن: خەڵك، مێگەل لەگەڵ خاك. بۆ هاوسەنگیی نێوان ئەمانە پێویستە لەوەڕگەی تەواو هەبێت تاکو خۆراکی تەواو بۆ ماڵاتێکی تەواو دابینبکاتو بژێویی خێزانەکە زامنبکات. نووسراوەکان سەبارەت بە بژێویی خێزانەکان جەخت لە هاوسەنگیی نێوان قەبارەی مێگەلو ژمارەی خەڵکەکە لە خێزانەکەدا دەکەنەوە کە سوود لە مێگەلەکە وەردەگرن. تۆڵمین، لە کۆڵینەوەیەکیدا سەبارەت بەو نووسراوانەی لەم بارەیەوە نووسراون دەڵێت کە:

پێویستە بژێویی لە ڕووی هەریەك لە قەبارەی مێگەلەوە ببینرێت کە پێویستییە بەکاربەرێکانی خێزانەکە دابیندەکاتو هەروەها قەبارەی خێزانەکەو توانای بۆ دابینکردنی شوانی پێویست بۆ ئەوەی ئاگایان لە مێگەلەکە بێت.[13]

خێزانی بێ بژێویی ئەو خێزانەیە کە نە دەتوانێت ئەوەندە مەڕو ماڵات ڕابگرێت کە پێویستییەکانی خێزانەکەی دابینبکاتو نە ئەوەندەش شوانی هەیە کە ئاگای لە مێگەل بێت، یاخود ناتوانێت بچێتە نێو لەوەڕگەی گونجاوەوە. هەربۆیە لەم هەلومەرجەدا خێزانەکە بەشوێن چالاکیی ئابووریی دیکەدا دەگەڕێت بۆئەوەی داهاتی تەواوی بۆ بژێویی لێ دەستبکەوێت.

هەرچەندە، بۆ کردنی ئەم کارە، هەنگاونانی گەورەی لێ چاوەڕێ ناکرێت. یەکەیەك کاتێك بیر لە گۆڕینی خاکەکەی دەکاتەوە کە نە ئەو زەوییەی بەکاریدەهێنێتو نە ئەو ماڵاتەی ڕایگرتوون بەشی ناکەن.

[13] Ibid.

عادەتەن زەوییەکی کەمیش ماوەتەوە کە خەڵکی دیکەی لەسەر نەبێت. لەم کاتەدا خێزانەکە دەبێت روو لە زەوییەك بکات کە لەلایەن خێزانەکانی دیکەوە بەکاردەهێنرێت. هەرچەندە، ئەم بژارەیەش ، بەتایبەت لەگەڵ زێدەبوونی خەڵکەکەو بەکارهێنانی فرە زیاتری زەوییەکان، ئەگەری کەمترە.[14]

کەمی زەوی چ بەهۆکاری سروشتیی وەك زێدەبوونی خەڵکەوە بێت، یاخود بەهۆی سیاسەتی رێگرتن لە بەکارهێنانی لەوەڕگەکانەوە بێت بەرووی کۆمەڵە شوانکارەییەکاندا وەك سیاسەتێکی حکومەت، کاریگەریی راستەوخۆ لە مالاٚتو مێگەلەکان دەکات. تۆڵمین ئاماژەی بەوە داوە کە کەمی ئالیکی پێویست دەبێتەهۆی زێدەبوونی رێژەی مردنی مالاٚتو هەروەها کار دەکاتە سەر جۆری بەرهەمی ئاژەڵیی. هەژارترین خێزان لە کۆمەڵگەی شوانکارەییدا دەبێت بڕوات چونکە بێ بژێوی بوون شتێکی چاوەڕوانکراوە. هێندێك هەوڵدەدەن لەگەڵ پاراستنی رۆڵە شوانکارەییەکەیاندا هێندێك شێوازی دیکەی چالاکیی ئابووریيش بەڕێوەبەرن. کاتێك یەکە خێزانییەکە چیدی تەنیا پشت بە شوانکارەیی نابەستێت، مانەوەی ئابووریی خێزانەکە ئیدی بەتەواویی زۆر پەیوەندییەکی پتەوی بە بوونی زەوییەوە نابێت.

لە زۆربەی نووسراوە ئەنترۆپۆلۆجیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکاندا، سەرچاوەی سەرەکیی داهاتە تەواوکارییەکان بۆ کۆمەڵگەی شوانکارەیی بریتین لە : کشتوکاڵ، راو، کۆکردنەوەی خۆراکە سروشتییەکان، کاری دەستیی، کاری بەکرێو هەروەها کاروانی

[14] Ibid,19.



بازرگانی.[15] لەنێو تێکڕای ئەمانەدا، کشتوکاڵ گرنگترینیانە. پرسە لێکۆڵراوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە شوانکارەکان زیاتر تێکەڵ بە کشتوکاڵ دەبن بەوهۆیەی کە پەیوەستە بە پێویستیی پاراستنی بەروبومە خۆراکییەکانیان. بەرزی نرخو گەیشتنی دانەوێڵە بۆ بازاڕەکان بەشێوەیەکی پچڕپچڕ، مردنی مالاٚتەکان، دابەزینی بەروبومی خودی مالاٚتەکان، گۆڕانی ئاووهەوا، یاخود سنووردارکردنی بەکارهێنانی لەوەڕگەکان کە بۆخۆی دەبێتە کەمکردنەوەی ئالیکە تەواوکارییەکان بۆ مالاٚتەکان، هەموو ئەمانە بەشدارن لە فشارکردن بۆ تێوەگلان لە چالاکیی دیکەی غەیری ئاژەڵداریی.[16]

## نیشتەجێبوون:

بەگشتیی، نیشتەجێبوون پەیوەستەگیی بە دامەزراوە کۆمەلاٚیەتییەکانی پێشووەوە لاوازدەکات. کاتێك کۆمەڵێك نیشتەجێدەبێت، ئەو سیماو چالاکییانەی لە کۆمەڵگەی شوانکارەییدا کەلەسەر هاوکارییو بەشداریی بنەمایان گرتووە کاڵدەبنەوە. ئەوەش واپێدەچێت کاردانەوەیەکی لۆجیکی بێت بۆ ئەو گۆڕانانەی کە لەشێوەژیانی شوانکارەییەوە بۆ شێوەژیانی کشتوکاڵیی دێتەئارا.

[15] Ibid., 26.
[16] Ibid., 31, 41–3.

چونکە ئەو رادەیە لە هاوکاریی بۆ ئەرکەکانی کۆمەڵگەی شوانکارەیی پێویستە.

نیشتەجێبوون هانی جیاوازییەکان دەدات لە کۆمەڵگەدا لەڕووی بەدەستهێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە. مشتومڕ سەبارەت بەوە هەیە کە وەك باوە کۆمەڵگە شوانکارەییە نیشتەجێیەکان کاتێك گواستنەوەو کۆچ وباری خۆیان لەدەست دەدەن مەیلی پەرەسەندنی دەستەگەرایی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆری زیاتریان لاپەیدادەبێت. ئەوەش بۆ بەدەستهێنان و موڵکایەتیی زەوی و ماڵاتەکان دەگەڕێتەوە. ئەو ئارگومێنتەی کە کۆمەڵگە شوانکارەییەکان لەرووی کۆمەڵایەتییەوە کەمتر لە کۆمەڵگە نیشتەجێیەکان جیاوازن ئارگومێنتێك نییە بتوانرێت بەسەر هەموو پرسەکاندا جێبەجێبکرێت، بەڵام بۆ زۆربەی ئەو نموونانەی کۆمەڵگە شوانکارەییەکان دروستە کە نیشتەجێبوون.

کۆڵینەوەکان پێشانیانداوە کە بەهای زەوی و کەلوپەل و ئامرازە پێویستەکان لە کۆمەڵگە نیشتەجێیەکاندا زێدەتردەبێت، ئەوەش وادەکات کە ئەندامێکی هەژاری کۆمەڵگە شوانکارەییەکەی پێشوو بە زەحمەت دەستی بە زەویدا رابگات. هەر لەبەر ئەم لێکدانەوەیەیە کە تۆڵمین راشکاوانە پێشنیازدەکات کە:

" نیشتەجێبوون و کاری کشتوکاڵی هەمیشە لەبەردەم خێزانە هەژارە شوانکارەییەکان ئاوەڵا نەبووە. لەکاتێکدا کە زەوی دەگمەن دەبێت و وەبەرهێنانیشی خەرجییەکی زۆری دەوێت. ئەو تەنیا خێزانە



شوانکارەییە دەوڵەمەندەکانن کە دەتوانن ببنە خاوەنی زەوییەکی کشتوکاڵیی بەرهەمدار."[17]

ئەم مەیلە زیاتر دەبێت کاتێك زەوییەکی بێ پیت کە وەبەرهێنانەکەی پێویستی بە ئاودێریی و پەینەوە هەموو ئەوەیە کە لەبەردەستدایە.

بڕوایەکی گشتیی هەیە کە شوانکارەیی کۆچەریی بەرجەستەی قۆناغە سەرەتاییەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی دەکات و هەروەها ئەوە زوو یان درەنگ شوانکارە کۆچەرییەکان دەبنە وەرزێرانی نیشتەجێ.[18] هەروەها بڕواش وایە کە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان شێوە ژیانێکی ئابووریی باشترو خۆشتر بەبەراورد بە کۆمەڵگە شوانکارەییەکان دەژین. حکومەت هەوڵیدەدا پاساوی گواستنەوەی کۆمەڵگە شوانکارەییەکان بۆ کۆمەڵگەی نیشتەجێ بەوەبدات گوایە بایەخ بە خۆشگوزەرانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی دانیشتووان دەدات، بەوەی وەك دەوترێت هەلومەرجەکەیان باشتر بووە پاش ئەوەی کاڵای کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییان بە باڵادا بڕاوە. دەشێت هەوڵەکان بەشێوەیەکی رووکەش بۆ زێدەکردنی سامانی کۆمەڵگە بێت، بەڵام ئامانجی بنەڕەتی راستیینە بریتیە لە زێدەکردنی کۆنترۆڵی حکومەت. هەرچەندە، ئەو دیدەی کە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان خۆشگوزەرانترن جێگەی مشتومڕە. هێندێك مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکەن کە بەپێچەوانەی بڕوای گشتییەوە، لەوانەیە شوانکارەیی لە کۆمەڵگە نیشتەجێیە کشتوکاڵییە–ئاژەڵدارەکەوە گەشەیکردبێت، هەربۆیە ئەو ئارگومێنتەی کە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی لە کۆمەڵگەی شوانکارەیی

---

*17* Ibid., 62.
*18* Ibid., 5, 44.

"پێشکەوتووترە" شتێکی راست نییە، ئەگەر مەبەست لە "پێشکەوتوو" ئەوەبێت کە لە ئێستاوە نزیکترە.[19] هەروەها مشتومڕیشیان کردووە کە ئەوەش راست نییە کۆمەڵگە نیشتەجێیەکان ئاستێکی بالاتری شێوەژیانیان لە کۆمەڵگە شوانکارەییەکان هەیە. فریدریك بارس، لە کۆڵینەوەیەکیدا سەبارەت بە خێڵی باسێری لە باشووری ئێران، نووسیویەتی کە زۆربەی گوندەکانی ئەو شوانکارەییانەی پێشوو کە ئێستا نیشتەجێن، ئاستێکی نزمی ژیانیان هەیە بەپێچەوانەی کۆمەڵگە خێڵەکییە–کۆچەرییەکانی دەوروبەریانەوە.[20]

پرۆسەی نیشتەجێبوونی کشتوکاڵیی پەرەدەگرێت لە قۆناغەکانی:[21]

١– کە ئەندامە تاکەکانی کۆمەڵگەی شوانکارەیی کۆمەڵگەکەیان جێدەهێڵن، بەتایبەت هەرە هەژارو هەرە دەوڵەمەندەکانیان.،

٢– کە ئاژەڵدارییو کشتوکاڵ تێکەڵ بکرێن.

٣– کە تەواوی کۆمەڵگەکە نیشتەجێدەبێت.

نیشتەجێبوونی بەکۆمەڵ بۆ کارەساتە سروشتییەکانی وەك وشکەساڵیی یاخود سیاسەتی فەرمیی سەبارەت بە نیشتەجێکردنی خێڵە شوانکارەییەکان دەگەڕێتەوە. دەشێت کۆمەڵگەیەك بەهۆی یەکێك

[19] Ibid., 44.
[20] Fredrik Barth, Nomads of South Persia (Oslo, 1961), 110.
[21] Toulmin, Economic Behaviour, 45.



لەم سێ قۆناغە"نیشتەجێبێت" یان بە تێکەڵبوونی هەرسێکیان. ئەو سێ شێوەیەی بەکورتی لەخوارەوە روووندەکرێتەوە:

## نیشتەجێبوونی پێبەپێ بەهۆی "داماڵینی" تاکەکانەوە

بارس، لە کۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بە خێڵی باسێری، نموونەیەك لەمبارەیەوە پێشکەشدەکات،[22] لەوێ هەرە دەوڵەمەندترینو هەرە هەژارترینی خێزانەکان کۆمەڵگە شوانکارەییەکەیان جێهێشتووە. هەردوو گروپەکە هۆکاری جیاوازیان بۆ ئەم کارە هەیە. هەرە دەوڵەمەندەکان کۆمەڵگەکەیان جێهێشتووە لەبەرئەوەی رووبەڕووی لەدەستچوونی قازانجی ماڵاتەکانیان ببوونەوە. کاتێك ماڵاتەکانیان ئەوەندە زێدەدەبوو پێویستی بەوە دەکرد کە لەدەرەوەی خێزانەکانیان شوانیان بۆ بگرن، هەرچەندە، لەم خاڵەدا ئاژەڵدارەکان قوربانیی بە قازانجەکانیان دەدەن، چونکە بەکرێگرتنی شوان تەنیا لەرووی خەرجییەوە گران نییە، بەڵکو لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ریسكو سەرەڕۆیشە. بە بوونی شوانی کرێگرتە دەرفەتی لەدەستچوونی ماڵاتەکان زیاتردەبێت، چونکە ئەوان، هاوشێوەی خاوەنی راستینەی ماڵاتەکان، چاودێریی ماڵاتەکانیان ناکەن. ئەوەی وا دەکات ئاژەڵدارەکان بۆ دڵنیابوون لە قازانجکردن ماڵاتەکەیان یان بەشێکی بەجۆرێکی دیکەی موڵك، بەتایبەت زەوی، بگۆڕنو ببنە موڵکداری زەوی نیشتەجێ. لە کۆمەڵگە شوانکارەییەکانی دیکەدا، ئەوە هەرە

[22] Barth, Nomads of South Persia, 108.

دەوڵەمەندەکانی کۆمەڵگەکەو هەروەها دەسەڵاتدارترینشیانە لەرووی سیاسییەوە، کە لە شارەکاندا نیشتەجێدەبن بۆئەوەی پەیوەندیی خۆیان بە ناوەندی دەسەڵاتەوە لە شارەکان بپارێزن. دەشێت هەروەها ئەو دەوڵەمەندانە تەواوی سامانەکانی خۆیان بکەن بە موڵك‌ومالّ لە شارەکاندا.

لەنێو هەژارەکانیشدا، نیشتەجێبوون روویدا کاتێك بەردەوامیی بژێویی خێزانەکان بووە گرفت. ئەو قەیرانەی کە دەشێت لەئاکامی لەدەستدانی ژمارەیەکی بەرچاوی ئاژەڵەکان یاخود کەمبوونەوەی بەروبوومەکانیان پەرەبسێنێت. بەپێچەوانەوە، ئەوانەشی کە پێشووتر شوانکارەییەکەیان بەهۆی چالاکیی تەواوکارییەوە نەپاراستووە، یان وەك جووتیار ژیاون‌و پشتیان بە ئاژەڵداریی نەبەستووە، یاخود مالّاتیان لە بنەماڵەکانی دیکەوە قەرزکردووە، خۆیان لە دۆخی کەمی خۆراکدا بینیەوە. ئەوان هەوڵی دۆزینەوەی کارو جووتیارییان بۆ خەڵکانی دیکەدا، چ وەك کرێکاری بەکرێ یاخود لەرێگەی ئیجارەکردنی زەوییەکان.

## تێکەڵکردنی کشتوکالّ‌و شوانکارەیی

دەشێت کۆمەڵگەیەکی کۆچەریی تایبەتمەندییە کۆچەرییەکەی بەهۆی تێکەڵکردنی کشتوکالّ‌و شوانکارەییەوە لەدەستبدات. لە هێندێك حاڵەتدا چاندن نزیکەی وەك چالاکییەکی پەراوێزیی بۆ دابینکردنی خۆراکە تەواوکارییەکان لە کۆمەڵگەدا دێتەکایەوە. گواستنەوە دەتوانێت وەك سیماو تایبەتمەندییەکی نێوخۆیی خودی کۆمەڵگە



شوانکارەییەکەدا سەرهەڵبدات: دەگمەنیی لەوەڕگەکان، زێدەبوونی ژمارەی خەڵکەکە، یان دابەزینی خودی بەروبومی ئاژەڵیی.

## نیشتەجێبوونی بەکۆمەڵ

نیشتەجێبوونی بەکۆمەڵی کۆمەڵگە شوانکارەییەکان کاتێك دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی بەرفراوان مێگەل لەناودەچێت، یاخود کاتێك دەستتێوەردانی راستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە دەبێت بۆ نیشتەجێکردنی تەواوی کۆمەڵگە. بە بوونی قەیرانی گشتیی وەك وشکەساڵیی، یان دەستتێوەردانی حکومەت، یاخود بەرژەوەندیی کۆمپانیا تایبەتەکان لە زەوییەکی دیارییکراودا، ئەو ناوچانەی لەلایەن کۆمەڵگەی شوانکارەییەوە بەکاردەهێنرێن یان چیدی ناتوانرێت بەکاربهێنرێن یا دەستیان پێ رانـاگا، لەئاکامدا تەواوی یان بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەکە بەشێوەیەکی بەردەوام نیشتەجێدەبن.

گواستنەوە لە کۆمەڵگەیەکی شوانکارەییەوە بۆ کشتوکاڵیی کاریگەریی ژینگەیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی–ئابووریی هەروەها دیمۆگرافی هەیە لەسەر کۆمەڵگە. سیماو تایبەتمەندییەکانی گروپەکەو هەروەها چوارچێوە دەرەکییەکە دەرئەنجامەکانی دیارییدەکەن. لەو ئاکامانەی سەرەوە کە ئاماژەیان بۆکراوە، تەنیا کار لەسەر ئاکامە کۆمەڵایەتیی– ئابوورییەکە دەکەین‌و ئەو دەرئەنجامانەی دیکە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم کارەوە.

## کاریگەرییە ئابوورییەکان

دەتوانرێت کاریگەرییە ئابوورییەکانی نیشتەجێبوون لە دوو بواردا ببینرێت:

١– کاریگەریی لەسەر جێگیریی داهاتی خێزان بەهۆی بەدەستهێنانی داهات لەسەرچاوەکانی دیکەوە، هەروەها

٢– کەمبوونەوەی بەروبومی ئاژەڵیی، لەئاکامی ئەو کۆتوبەندەی بۆ بەکرێگرتنی شوان بۆ ماڵاتەکان هەیە.

سەبارەت بە پرسی خێڵە کوردییەکانی باشووری ئێران، سیاسەتی بەزۆرنیشتەجێکردن بووەهۆی ڕێژەیەکی فرە بەرزی مردن لەنێو مێگەلەکاندا بەهۆی قەدەغەکردنی کۆچ‌وبارەوە.[23] ڕێژەی بەرزی مردن ئاکامی دەگمەنی لەوەڕگەکان‌و خراپی ڕەوشی ژینگەیی بوو کە بووەهۆی کەوتنەوەی چەندین نەخۆشیی.[24] هانتینگ، لە کۆڵینەوەیەکیدا سەبارەت بە بەرهەمە شوانکارەییەکان لە ڕۆژئاوای سودان کە لەساڵی ١٩٧٤دا بڵاوکراوەتەوە، دەریخستووە کە ڕێژەی گەشەکردنی مێگەل بەهۆی بەرزی ڕێژەی زاین‌و نزمی ڕێژەی مردنی مەڕەوە، لەنێو مێگەلی کۆچکەر بەرزترە تاکو مێگەلی جێگیر. خشتەی ٢,١ بەراوردی نێوان هەردووکیانە.

[23] Ibid., 3.
[24] Toulmin, Economic Behaviour, 58.



**خشتەی ٢,١ : ڕێژەی سەدی گەشەکردنی مێگەلی کۆچکەرو جێگیر لە ڕۆژئاوای سودان، ١٩٧٤ ***

| گەشەکردنی مێگەل | مێگەلی کۆچکەر | مێگەلی جێگیر |
|---|---|---|
| زاینی بەرخ | ٤٠٪ | ٦٥٪ |
| مردنی مەڕ | ٤٠٪ | ١٠٪ |

کۆچ‌وبار پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئاژەڵداریی خێڵەکییەوە هەیە. کۆچ‌وبار ئەو ڕێگەیەیە کە خێڵ لە جووڵەیەکی دەستەجەمعیی‌و وەرزییدا خۆی پێ لەگەڵ ژینگە سروشتییەکەدا ڕادەهێنێت. کۆچ‌وبار خۆراکی جۆراوجۆرو هەروەها مانەوەی ئاژەڵەکان دەستەبەردەکات لە کاتی دژواری کەش‌و هەوادا. دابینکردنی ئالف‌و کاوجۆری پێویست بۆ ماڵات بەدرێژایی سەرمای سەختی زستان لەناوچە ساردەکاندا ئەستەمە. هەرچەندە، لە مەڵبەندە گەرمەسێرەکاندا، ئاژەڵداران ناچارن ئەو ئاژەڵانە ڕابگرن کە دەتوانن بەرگەی گەرما بگرن‌و نرخێکی کەمتریان لە بازاڕدا هەیە، وەك کارو بزن بەپێچەوانەی بەرخ‌و مەڕەوە. ئەوە تەنیا لەڕێگەی هەوارگەی هاوبەش لەناوچە گەرم‌و ساردەکانە کە ئاژەڵدارە خێڵەکییەکان دەتوانن زیاترین قازانجیان لە چالاکییە ئابوورییەکەیان دەستکەوێت. کۆچ‌وبار ڕێگە بە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی مەزن لە ماڵات دەدات‌و هەمانکات وەبەرهێنانەوەو مانەوەی ماڵاتەکانیش زامندەکات. لەوەش زیاتر، جۆرایەتیی مێگەلیش باشتر

* Source: Camilla Toulmin, Economic Behaviour among Livestock-Keeping People, Development Studies Occasional Paper No. 25 (University of East Anglia, 1983), 59.

دەکات بەوەی وادەکات ئەو ئاژەڵانە بەخێوبکرێن کە قازانجێکی زیاتریان هەیە.

لەئێراندا، سنووردارکردنێکی گشتیی یان جوزئی کۆچ‌وبار بووەهۆی بەزۆرنیشتەجێبوونی چەندین خێڵی کۆچەر. هەروەك زووتر گفتوگۆی لەبارەوەکرا، یەك لە مەبەستە سەرەکییەکانی کۆچ‌وبار زامنکردنی هاوسەنگیی راستیینە بوو لەنێوان ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی بۆ راگرتن‌و خواردن بەخێودەکران لەگەڵ ئەوانەی بۆ بازاڕ دەنێردران. بەگشتیی لەئێراندا پێشترو دواتریش دوو جۆر مالاّت لەلایەن کۆمەڵگە خێڵەکییەکانەوە رادەگیران: مەڕو بەرخ، لەگەڵ بزن‌و کار.[25] بەرخ‌و مەڕ بە مالاّتێکی قازانجبەخش دادەنرێت‌و لەئاستی خۆجیی‌و نیشتیمانیشدا بۆ گۆشتەکەی لەبازاڕەکاندا دەفرۆشرێت، بەلاّم ئەوانە زۆر بەرگەی دژوارییەکانی ژینگە ناگرن. لەلایەکی دیکەوە، بزن‌و کار گرفتێکی کەمتریان لەگەڵ دژوارییە ژینگەییەکاندا هەیە، بەلاّم لە بازاڕەکاندا کەمنرخترن.[26] بەهای ئەوانە لە فەراهەمکردنی پێویستییە خۆراکییەکانی خێزانەکەدا بوو. بەروبومی شیرەکانیان بەشێکی گرنگی خۆراکی رۆژانەی خێزانەکانی پێکدەهێنا، بەروبومە ئاژەڵییەکانی دیکەش لە کاری پیشەیی دەستییدا بەکاردەهات. بەرخ‌و مەڕ ناتوانن لە

---

*[25] بەخێوکردنی گا و مانگا زور باو نییە لەناو خێڵەکانی کوردستاندا، چونکە گاگەل بەگشتی توانای رۆیشتنی زۆر نییەو بۆ کۆچ‌و بارو لەوەڕگای کوێستانەکان کە رێگای تەسك‌و بەردەلاّنن دەستنادات.*

*[26] کارو بزن باشتر لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکە دەگونجێن‌و زیاتر بەرگەی کەمیی خۆراك‌و ئاو دەگرن. ئەوان دەتوانن هێندێك گژوگیا بخۆن و بەرگەری هەلومەرجێك بگرن کە لەوانەیە بۆ مەڕ کوشندەبێت.*



ژینگەیەك فرە گەرم یاخود فرە ساردا بەرگەبگرن‌و بمێننەوە. ئەوەی زۆر جێگەی بایەخی ئاژەڵدارانی خێڵەکیی بوو کە لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دیکە بجوولێن بۆئەوەی گژوگیای خۆراکیی‌و کەشێکی گونجاو بۆ مالاّتەکانیان دەستەبەر بکەن. ئەو خێڵانەی کە لە گەرمیانەوە(ییلاخ) بۆ کوێستان(قشلاخ) کۆچ‌وباریان دەکردو بەپێچەوانەشەوە، دەرفەتی فەراهەمکردنی باشترین ژینگەیان بۆ مالاّتەکانیان هەبوو. بەرتەسککردنەوەی کۆچ‌وبار بووەهۆی سنووردارکردنی ئەگەری زێدەبوونی جۆرایەتیی مالاّتە قازانجبەخشەکان لەسەر ئاستی تێکڕای ئەندامە خێڵەکییەکان.

هەروەها کۆچ‌وبار جۆرە پاراستنێکی سیاسییشی بۆ خێڵەکییەکان دەستەبەردەکرد چونکە جووڵەو گواستنەوەی پێدەبەخشین، ئەوەی زۆر راستە ئەوەیە کە خەڵکە خێڵەکییەکان پشت بە زەوی نابەستن‌و دەتوانن سەرچاوەی سامانەکانیان، بەتایبەت مێگەلەکانیان، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازنەوە، ئەوەش جۆرە خۆکەفاییەکیان لەرووی ئابوورییەوە پێدەبەخشێت. ئەوە جووڵەو کۆچ‌وباری خێڵە ئەو توانایەیان پێدەبەخشێت لەژێر فشارە سیاسییەکاندا، بەتایبەت فشاری حکومەتی ناوەندیی، بەرگەبگرن.

هەرچەندە، ئەزموونی خێڵە کوردییەکان‌و کۆمەڵگە خێڵەکییەکانی دیکە پێشانیدەدەن کە بەزۆرنیشتەجێکردن، پێویست ناکات، ببێتە هۆی وەرچەرخانی کۆمەڵگەی خێڵەکیی-کۆچەر بۆ کۆمەڵگەی ناخێڵەکیی-کشتوکاڵیی. بەزۆرنیشتەجێکردن هێندێك لە ئەرکە خێڵەکییەکانی لادەبات بەلاّم شوناسی خێڵەکە دەمێنێتەوە. هەرچەندە، ئەو کۆمەڵگە خێڵەکییەی دەمێنێتەوە بەجۆرێك شێواوو ناقۆلاّیە.

## نیشتەجێبوون لە کوردستانی ئێران

بەداخەوە، زانیارییەکی ئاماریی زۆر کەممان سەبارەت بە نیشتەجێبوون لە کوردستاندا هەیە. هەرچەندە، هەلومەرجەکەی ئێستا ئەوە پێشاندەدات کەوا هێدی هێدی ئەو زانیاریانە دەردەکەون. لەهێندێك لەو ناوچانەی کە تەواوی خێڵەکان راگوێزرابوون، شێوەی بەزۆرنیشتەجێکردنی بەخۆوە بینیبوو، لەهێندێك ناوچەی دیکە، خێڵە نیشتەجێکراوەکان ئابوورییەکی تێکەڵیان لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی گرتبووەبەر. هەردوو هۆکاری ناوەکیی و دەرەکیی بۆ نیشتەجێبوون هەبوون.[27] هۆکارە ناوەکییەکان وەك لای خوارەوەیە:

* هەژاریی لەنێو خێڵدا دەبووە هۆکاری لەدەستچوونی ماڵات، تاکو ئەو رادەیەی کە هەژاریی دەبووەهۆی ئەوەی خێڵەکە لە گەرمەسێرو زستانە هەواردا بمێنێتەوە، ئەوەش دەبووەهۆی نیشتەجێبوون. لەحاڵەتێکی بەم چەشنەدا، کۆچ‌وبار بۆ خێڵەکە شتێکی بێسوود دەبوو، لەبەرئەوە لە زستانە هەواردا بەشێوەیەکی هەمیشەیی یان کاتیی دەمایەوە چونك لەوێ گوزەرانی ژیانی ئاسانتر هەڵدەسوڕا،

*کاتێك خێڵێکی بچووك یان لاواز لەپاڵ خێڵێکی بەهێزدا دەژیان، بەشێك لە خێڵە لاوازە بچووکەکە لە زستانە هەوار دەمانەوە.

[27] Kishavarz, ‘Nezam-i Iqtesad-i va Sakht-i Ijtima‘-i dar ‘Ashayer-i Iran’, 49–50.



* ململانێ لەنێوان سەرکردەکانی خێڵدا خێڵەکەی دووبەشدەکرد کە هەریەکەو لەسنوورێکی جیۆگرافی جیاوازدا دەژیان. بەشێکی خێڵەکە بەشێوەیەکی بەردەوام لە هاوینە هەواردا دەمایەوەو بەشەکەی دیکەش لە زستانە هەوار دەمایەوە.

* هێزە ئابوورییە دەرەکییەکان بوونەهۆی داواکاریی هێزی کارو هەروەها کرێکارگیریی لەنێو خێڵەکاندا. ئەم نموونەیە لەم ساڵانەی دواییدا لە ناوچەکە زۆر بەربڵاو بوو، کە بەهۆی دەوڵەمەندیی سامانە سرۆشتییەکانەوە، پرۆژە ئابوورییە بەرفراوانەکان پێشکەشکراون. نموونەش بۆ ئەمە ناوچەی باکووری دەریای قەزوینە، هەروەها ناوچە بەرهەمهێنە نەوتییەکانی باشووری وڵاتەکەیە.

* گەشەی دانیشتووان لە گوندەکاندا. قاسملو لە کۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردیی و پەرەسەندنی خێڵە کوردییەکان ئاماژەی بە گرنگیی زێدەبوونی ژمارەی گوندەکان و هەروەها زێدەبوونی ژمارەی دانیشتووانی گوندەکان لەهێندێك لە ناوچە کوردییەکان لەنێوان ساڵانی ١٨٥١ بۆ ١٩٥١، داوە. ئەو خشتەیەی پێشکەشیکردووە بەشێوەیەکی تایبەت رێژە ژمارەییەکەی دەیە بەراییەکانی سەدەی بیستەم ناناسێنێت، هەرچەندە، ئەو خشتەیە ئاراستەی گشتیی گەشەکردنی دانیشتووان بەرجەستەدەکات.(بڕوانە خشتەی ٢,٢) پێدەچێت ئەم زێدەبوونە بەشێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی نیشتەجێکردنی خەڵکی خێڵە کوردییەکانەوە بووبێت، ئەوانەی یان لەو گوندانەدا جێگیربوون کە هەبوون یاخود گوندی نوێیان بۆ دروستکردن.

* زێدەبوونی دانیشتووان پەیوەستییەکی نزیکی بە کەمبوونەوەی ژمارەی ماڵاتەوە هەیە. ئەوەش واتای ئەوەیە کە داوایەکی زۆر لەسەر بەروبومی ئاژەڵیی، ئەو خێزانە خێڵەکییانە دادەماڵێت کە چیدی ناتوانن خاوەنایەتیی مێگەلێکی گەورە بکەن و لەرووی ئابوورییەوە وەك ئاژەڵدارێکی چالاك لە سیستمەکەدا بمێننەوە. . ئەوانە وردە وردە واز لە ئاژەڵداریی دەهێنن و لە گوندەکاندا نیشتەجێدەبن. چەند بەڵگەیەکیش پشتگیریی ئەمە دەکات. وێڕای خشتەی ٢,٢ کە زێدەبوونی ژمارەی دانیشتووانی گوندەکان پێشاندەدات کە پێدەچێت بەشێویەکی سەرەکیی بۆ نیشتەجێبوونی خەڵکە خێڵەکییەکە بگەڕێتەوە، قاسملو ئامارژەیەکی وەرگرتووە کە دەڵێت:" لە سەروبەندی کوتایی سەدەی ١٩دا، ٣٢٪ ئەندامانی خێڵە کۆچەرەکان خاوەنی چ مێگەلێك نەبوون و ١٧,٥٪ یان هەر هیچ ئاژەڵێکیان نەبوو."[٢٨] ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ژمارەیەکی بەرچاوی خێزانە خێڵەکییەکان چیدی نەیاندەتوانی پێگەی خۆیان وەك ئاژەڵدارێك بپارێزن.

* هەروەها کەمیی لەوەڕگەو پاوانی پێویستیش بۆ زێدەبوونی خەڵك دەگەڕایەوە. گەشەکردنی دانیشتووان بووەهۆی بەکارهێنانی تائەوپەڕی لەوەڕگەو پاوانەکان، ئەوەی نەك هەر بووەهۆی بێپێزیی لەوەڕگەکان بەڵکو کەمیی پاوان و نەبوونیی لەوەڕگەشی هێنایەئارا. هەروەك لەسەرەتای ئەم بەشەدا مشتومڕمان لەبارەوە کردووە، ئەوە لۆجیکییە کە هاوسەنگیی نێوان مرۆڤ، مێگەل و هەروەها لەوەڕگە تێکبچێت، لەحاڵەتی ناهاوسەنگییەکی بەم چەشنەدا هێندێك لە خێزانە

[28] Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds, 109.



خێڵەکییەکان ناچارن چالاکییە شوانکارەیی و ڕەوەندییەکانیان جێبهێڵن و نیشتەجێبن.

خشتەی( ٢,٢ ) قەبارەی دانیشتووان لە شارە کوردییەکان لە ئێران ١٨٥١-١٩٥١ *

| ناوچە | ژمارەی گوندەکان (١٨٥١) | ژمارەی گوندەکان (١٩٥١) | ژمارەی دانیشتووان (١٨٥١) | ژمارەی دانیشتووان (١٩٥١) |
|---|---|---|---|---|
| بانە | ٨ | ١٦١ | ١,١٢٥ | ١٥,٠٠٠ |
| مەریوان | ١٤ | ١١١ | ١,٠٤٠ | ١٧,٨٠٠ |
| هەورامان | ٩ | ١٢١ | ٦٠٥ | ٢٩,٥٠٠ |

فاکتەری دەرەکیی سەرەکیی بریتیبوو لە هەڵوێستی حکومەتی ناوەندیی لەئاست خێڵەکان و ناوچە خێڵەکییەکان لە وڵاتەکەدا. بۆماوەی نزیکەی ٤٠٠ ساڵ تاکو بنەماڵەی پەهلەویی، چینی

* Source : Abdul Rahman Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds (London, 1965), 111.

فەرمانڕەوا یان بۆخۆیان لە ریشەیەکی خێڵەکییەوە سەرچاوەیان گرتووە یاخود بەپاڵپشتیی خێڵەکان چوونەتە دەسەڵات. هەرچەندە، هەر کاتێك ئەوانە کە لەدەسەڵاتدابوون هەستیان بە هێزو توانای خێڵەکان کردووەو ویستوویانە تێکیان بشکێنن. ڕێگایەکی هەڵبژێردراویش بۆ ئەمە بریتیبووە لە بەزۆرنیشتەجێکردن.

نیشتەجێبوون زیاتر بەهۆی سیاسەتگەلێکەوە هاندرا وەك: داخستنی ڕێگەی پاوانو لەوەڕگەکان، بەتایبەتییکردنی لەوەڕگە سوننەتییە گشتییە خێڵەکییەکان، قەدەغەکردنی کۆچ وباری دوورمەودای (نەك تەنیا کۆچ وباری نێوسنوورییەکان، بەڵکو لەهێندێك باردا، کۆچ وبار لە مەڵبەندێکەوە بۆ ئەوی تر لەنێو خودی وڵاتەکەدا). لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەهۆی ئەم فاکتەرانەوە لە نێوخۆو هەروەها لە دەرەوەی کۆمەڵگەی خێڵەکیی کوردییەوە، نزیکەی تێکڕای خێڵە کوردییەکان نیشتەجێبوون.

حکومەتی ئێرانیی لە گرتنەبەری سیاسەتی نیشتەجێکردنی خێڵەکاندا چەندین بەرژەوەندیی هەبوو. لەرووی سیاسییەوە، ئامانجی بەدیهێنانی کۆنترۆڵێکی توند بوو بەسەر وڵاتەکەدا، بەتایبەت لەو هەرێمانەی دژواریی سیاسیی تێدا بەرقەراربوو. لە رووی ئابوورییەوە، ئەو سیاسەتە زامنی باجو داهاتێکی زیاتری دەکرد، چونکە کۆکردنەوەی باجو داهات لە دانیشتووانە جێگیرو نیشتەجێیەکە کاریگەرتر بوو تاکو لەو گروپانەی لە کۆچ وباردا بوون. قەدەغەکردنی بازرگانیی سەرسنوورەکانو داخستنی ئەو سنوورانە بەتایبەتی لەنێوان ئێرانو تورکیادا، بەشێوەیەکی مەزن کۆچ وباری نێوان هاوینەهەوارو زستانە هەوارەکانو هەروەها قاچاخچێتیی کاڵا بیانییەکانو



باندە قاچاخچییەکانی لە هەرێمە کوردییەکە کۆتوبەند کرد. ئەوەش داهاتی دەوڵەتی لەو باجو پیتاك زێدەترکرد. لەوەش زیاتر، ئەوە ئاسانتر بوو کە لاوانی دانیشتووان لە کۆمەڵگەی گوندەکانەوە بۆ سەربازیی لە سوپا تازە دامەزراوەکەدا کۆبکرێنەوە وەك لەنێو رەوەندو کۆچەرییەکان. وێڕای ئەو باجەی کە بەسەر سەرۆکخێڵەکاندا سەپێنرابوو، هەروەها ئەندامانی ئاسایی خێڵەکانیش دەبوو باجو پیتاك بەدەوڵەت بدەن. ئەوەش ئەو شێوە باجە بوو کە بەسەر مێگەلەکان و هەروەها بەسەر زەوییەکاندا دەسەپێنرانو بە نەختی وەردەگیران، وێڕای ئەوەی دەبوو سەربازیش بۆ سوپا فەراهەمبکرێت. هەروەك قاسملو روونیکردۆتەوە، دابینکردنی سەرباز " زۆرجار بەهەموو کەلوپەلە سەربازییەکانییەوە بوو، بۆ نموونە، سوارە بەخۆی ئەسپەکەیو بەرگی سەربازییەوە، هەروەها لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خەرجی ئەو سەربازەش لەماوەی راژەی سەربازییەکەیدا لەلایەن خێڵەکەوە دابیندەکرا."[29]

زۆربەی خێڵە نیشتەجێیەکان یان نیمچە–نیشتەجێیەکانی کوردستان لە نزیك لەوەڕگەکانەوە نیشتەجێبوون، کە بەشێوەیەکی سەرەکیی کەوتبووە ناوچە شاخاوییەکانی بەشی باکووری رۆژئاوای سەقزو بانەو مەریوانو هەروەها باکووری سنەوە. لە رابردوودا، سەرۆکخێڵەکان زۆرجار خاوەنی زەوییە کشتوکاڵییەکانی زستانە هەوار(قشلاخ) بوون، هەروەها لە هێندێك حاڵەتیشدا لە هاوینە هەوارەکانیش(ییلاخ) کاتێك کۆچ وبار بەرێگەیەکی درێژدا تێدەپەڕی،

[29] Ibid., 107.

وەک باوە بەنێو زەوی خەڵکە ناخێڵەکییەکاندا تێدەپەڕین. بەگوێرەی نەریت خێڵەکان ڕێگایەکی دیارو باش ناسراوی کۆچ وباریان هەبوو. نیشتەجێبوونی کۆمەڵگە کوردییە خێڵەکییەکان ئەو هۆکاری گۆڕانە بوو کە چێوەی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و هەروەها سیاسیی ئەم کۆمەڵگەیەی وەرچەرخاند. لەو پەیوەست و وەفادارییە سوننەتییەی دابڕی کە پشت بە تێگەیشتنێکی خێڵەکیی ڕووبەڕوو دەبەستێت و بەئاراستەی نزیکبوونەوەی برد بەرەو تێگەیشتنێکی "کۆمەڵگەی وێناکراو" کە لەسەر بنەمای ئیتنیی و شوناسی نەتەوەیی وەستابوو. وێڕای گۆڕانکاریی بنەڕەتیی، هەروەک وەک گۆڕان لە بەرهەمهێنان بۆ بەکاربردنەوە بۆ بەرهەمهێنان بۆ بازاڕ، فراوانبوونی گوندو شارەکان، گەشەکردنی بازرگانیی، هەروەها جیاوازیی زیاتری کۆمەڵایەتیی و ئابووریی لە گوندەکاندا، هێشتا هێندێک لە سیما خێڵەکییەکان وەک خۆی مانەوە. لەخوارەوە، من سەبارەت بەو فاکتەرانە مشتومڕ دەکەم کە بۆ گۆڕینی پەیوەندییە خێڵەکییەکان پێشکەشدەکرێن و هەروەها ئەوانەشی جەخت لە بەردەوامیی دەکەن.

## گۆڕان

### خاوەنداریێتیی زەوی

قاسملو، سەبارەت بە گفتوگۆ لەبارەی خاوەنداریێتیی سوننەتیی زەوی لای خێڵە کوردییەکان دەڵێت:

" لەحاڵەتی خێڵەکاندا، زەوی(لەحاڵەتی لەوەڕگەکانی خێڵە کۆچەرەکان) خاوەنداریێتییەکی دەستەجەمعییەو بۆ کۆی خێڵەکە



دەگەڕێتەوە، ئەوەی یان لەلایەن پاشاوە بۆ خێڵەکە تەرخانکرابوو، لەم حاڵەتەشدا خێڵەکەوە دەکەوتە ژێر سایەی پاراستنی ئەوەوە، یان زەویەکە لەکاتی داگیرکارییدا خێڵەکە لەسەری جێگیر بووە. لە هێندێک حاڵەتدا وا ڕوویداوە کە زەویەکە بەزۆر لەسەر حسابی خێڵەکانی دیکە دەستی بەسەرداگیراوەو زەوتکراوە."[٣٠]

لە پرۆسەی نیشتەجێکردنی خێڵەکاندا، خاوەنداریێتیی خێڵەکیی زەوی کۆتاییهات. ئەم پەرەسەندنە پەیوەندییەکانی سەرۆکخێڵی لەئاست خێڵەکەدا گۆڕی. زەوی کە بەشێوەیەکی سوننەتیی بۆ تەواوی ئەندامانی خێڵەکە بوو وردە وردە بووە موڵکی تایبەتی سەرۆکخێڵ. کاتێک کە خاوەنداریێتیی خێڵەکیی زەوییە چێندراوەکانیش هەڵوەشانەوە، سەرۆکخێڵەکان چ زەوییە چاندراوەکان و چ لەوەڕگەوپاوانەکانیان کردە موڵکی تایبەتی خۆیان. لامبتۆن، گفتوگۆی سەبارەت بە خاوەنداریێتیی زەوی لە کوردستان کردووەو نووسیویەتی:

" کوردستان نزیکەی بەتەواویی لەدەستی مەزنە موڵکدارەکانی زەویدایە. لەدەوروبەری سنە دوو بنەماڵەی موڵکداری سەرەکیی هەیە کە ژمارەیەکی جیاواز لە ئەندامەکانیان خاوەنی بەرچاوترین ژمارەی گوندەکان یان بەشێک لە گوندەکانن، لە باکووری کوردستان لە دەوروبەری مەهاباد، خانە خێڵەکییە کوردەکان موڵکداری سەرەکیین."[٣١]

---

*30* Ibid., 106.
*31* Lambton, Landlord and Peasant, 269.

ویڕای ئەوەش، سەرۆکخێڵەکان/موڵکدارەکان لە گوندەکاندا ڕۆڵی قەرزبەخشیان دەبینی.

## جیاوازییەکان و گروپگەلی نوێ

لە قۆناغە بەراییەکانی نیشتەجێبووندا، زۆر لە خێڵەکان شێوە ژیانێکی نیمچە-کۆچەریی و نیمچە-خێڵەکییان گرتبۆبەر. تەنیا بەشێکی خێڵەکە بەرەو زستانە هەوار کۆچیان دەکرد و باقی دیکەی خێڵەکە لە هاوینەهەوار و کوێستانەکان دەمانەوە، کە خێڵەکە لەوێ جێگیرییەکی زیاتری هەبوو. زۆربەی خەڵکە خێڵەکییەکە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەوێ دەژیان، هەروەها تەنیا ژمارەیەکی کەمی خەڵکەکە بەمێگەلەکانیانەوە لە نێوان گەرمیان و کوێستاندا هاتووچۆیان بوو. وردە وردە نزیک بە تەواوی خەڵکەکە جێگیر بوون و تەنیا چەند شوانێك ئەرکی لەوەڕاندن و چاودێریی مێگەلیان لەئەستۆ گرتبوو. نیشتەجێبوون گروپگەلێکی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی جیاوازی لە کوردستاندا هێنایەئارا. ئەمیستا سەرۆکخێڵەکان ویڕای ئەوەی خاوەن مالات بوون، موڵکداری زەویش بوون، کارکەرانی زەوی سەرۆکخێڵە موڵکدارەکانیش ئەو جووتیارانە بوون کە بۆخۆیان زەویان نەبوو. ویڕای ئەوەی، سێیەمین گروپ زۆر بەرچاو بوون کە ئەوانیش شوانەکان بوون.

نیشتەجێبوون پەیوەندییەکی نوێی لەنێوان سەرکردایەتیی خێڵەکیی و خەڵکەکەدا پەرەپێدا. لەئەرك و کاری ستراکتۆری



کۆچەرییدا، پێویستییەکی مەزن بوو بۆ ئاغاکان کە جەخت لەسەر پاراستنی وەفاداریی خێڵەکیی خەڵکی خێڵەکانیان بکەنەوە. ئەوە ڕوودانێکی باو بوو بۆ ئەندامێکی خێڵەکیی کە پەیوەندیی بە ئاغایەکی ڕکابەرەوە بکات. هەرچەندە، کاتێك خێڵەکە بەتەواویی نیشتەجێدەبێت یان نیمچە-نیشتەجێ دەبێت، ئیدی ئەگەرێکی کەم بۆ پیاوە خێڵەکییەکان دەمێنێتەوە کە سەرۆکخێڵەکەیان جێبهێڵن و ببنە ڕەعیەتی سەرۆکخێڵێکی تر. ئەوکاتەی ئەوان نیشتەجێبوون سەربەستیی بزاوت و جووڵەیان لەدەستدا. لەبەرئەوە، چیدی جێی بایەخ نەبوو بۆ ئاغا خێڵەکییەکان دڵی خەڵکەکەی خۆیان ڕاگرن و لەخەمی خۆشگوزەرانیی ژیان و ئاسایشیاندا بن. سەرۆکخێڵەکان بوون بە موڵکدار، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، موڵکدارانێك کە دوور لە زەوییەکانیان دەژیان. هەرچەندە، پەیوەندیی نوێی نێوان ئاغای موڵکدار و جووتیاری نیشتەجێ یان نیمچە-نیشتەجێ تەنیا پەیوەندیی نێوان موڵکدار و جووتیار یان ئەرباب-ڕەعیەت نەبوو. بەڵکو هێشتا خاوەن جۆرە سیماگەلێکی کەلتووریی و کۆمەڵایەتیی پەیوەندیی سەرۆکخێڵ-پیاوی خێڵەکیی بوو. لەوەش زیاتر، ئەندامە خێڵەکییە نیشتەجێبووەکان پەیوەستەگیی بەهێزی خۆیان لەگەڵ سەرۆکخێڵ لەدەستدا، ئەوەی کە پێشتر کەسێك بوو وەك پارێزەری سەرەکییان هەڵدەسوڕا. ئەم گۆڕانە لە پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردە خێڵەکییەکان و پیاوانی خێڵەکانیان بەشێوەیەکی مەزن تایبەتمەندییەکانی "ڕووبەڕووی" کۆمەڵگەی خێڵەکیی کوردیی لاوازکرد.

## سیستمی ئاڵوگۆڕی خێڵەکیی

سیستمی ئاڵوگۆڕ بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەنێو کۆچەریی و نیمچە-کۆچەرییەکاندا گۆڕانی بەسەرداهات. خێڵەکان لەسەر ڕێگەی هاوینەهەوراو زستانەهەوارەکانیان بەروبومە ئاژەڵیی و شمەکی کاری دەستیی پیشەیی خۆیان دەفرۆشت یان ئاڵوگۆڕیان پێدەکردو ئەو کالاّیانەیان چنگدەخست کە پێویستیان پێیبوو. هەرچەندە، نیشتەجێبوون بەشێوەیەکی مەزن ئاستەنگی خستەبەردەم ئەو سیستمە گۆڕینەوەیەی کە لەنێو خێڵەکاندا هەبوو. قاسملو سیستمی ئاڵوگۆڕی لەنێو خێڵە کوردییەکاندا کورتکردۆتەوە کە دەڵێت:

" هەرکام لە عەشیرەتەکان بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕەوە توانی هەوارگەیەك لە کوێستان و جێگایەکی گەرمەسێری بەپاوان بۆخۆی دیاری بکا. عەشیرەتەکان دەیانتوانی شتومەکی خۆیان لەڕێگای گەرمێن و کوێستان یا لە دەوربەری هەوارگە بفرۆشن و پێداویستییەکانی خۆیان بکڕن، ئاڵوگۆڕی بەدراو لەنێو کورددا زۆر بلاّوببۆوەو وای لێهاتبوو کە سامان و دارایی سەرۆك عەشیرەتێکی دەوڵەمەند هەر بە ژمارەی مەڕومالاّت و گاوگۆتاڵەکانی بەراورد نەدەکرا، بەڵکو هێندێك جار بە دراو و زێڕو زیو حیساب دەکرا."[٣٢]

خێڵەکان پێویستیان بەوە بوو سامانەکانیان لەشێوەی بزۆزو جووڵاودا بێت بەهۆی تایبەتمەندیی شێوەژیانیانەوە. هێشتا لەنێو خێڵە کوردییەکاندا باوە کە کەلوپەلە بەنرخەکانیان لەشێوەی خشڵ و زێڕی ژناندا هەڵدەگرن.

[32] Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds, 108.



بە لاوازبوونی پێبەپێی سیستمی ئاڵوگۆڕی سوننەتیی و چوونی کۆمەڵگەی کوردیی بۆنێو جۆرێکی نوێی ئابووریی بازاڕ، گروپگەلێك لە بازرگانان و دەلاّڵەکان لە ژیانی لادێ کوردییەکاندا سەریانهەڵدا. زانیارییەکی زۆر کەم لەبارەی سیستمی ئاڵوگۆڕ لە کوردستانی خێڵەکیی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هەبوو. هەرچەندە، من لێرەدا ئاماژە بۆ ڕاپۆرتێك دەکەم کە لە ساڵی ١٩٧٦دا لەلایەن ڕێکخراوی پلاندانان و بودجە لە ئێران سەبارەت بە سیستمی ئاڵوگۆڕ لە کوردستان لەساڵانی ١٩٧٠کاندا بلاّوکراوەتەوە.[٣٣] ڕاپۆرتەکە جەخت لەو قورساییە دەکاتەوە کە لاوازیی شێوە سوننەتییەکەی سیستمی ئاڵوگۆڕ بەسەر تەواوی تۆڕی ئاڵوگۆڕو بازرگانیی لەنێو کۆمەڵگادا هەیبووە.

ڕاپۆرتەکە تێبینیکردووە کە پەیوەندیی نێوان ئاژەڵداران و بازرگانان لەسەر بنەمای قازانجی هاوبەش دامەزراوە. بەشێوەیەك بەروبومی ئاژەڵیی بەشێوەیەکی گونجاو لەڕێگەی کاری پیشەیی خۆماڵیی نێو خێڵەکەوە دەگۆڕێت و لەگەڵ ئەو کالاّیانەدا ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت کە ناتوانرێت لەنێو کۆمەڵگەکە خۆیدا بەدەستبهێنرێت. بەروبومی لاوەکی ئاژەڵداریی سەرەتا وەك پاشکۆیەك بۆ چالاکییە سەرەکییە ئابوورییەکە دەرکەوت، هەرچەندە، کاتێك ئەم بەرهەمە بووە خاڵێکی سەرەکیی بەکتربڕین لەگەڵ ئابووریی ئاڵوگۆڕە نەختینەییەکەدا، ئەوکات بووە بەرهەمێکی بایەخدار.

دەلاّڵ کە "پیلڤار"یشی پێدەگوترێت هێشتا پردی نێوان خەڵکی خێڵەکیی و ئەو کەسە ناخێڵەکییانە پێکدەهێنێت کە سەر بە ناوەندی

[33] J’afar Furugh, ‘Ashayer va Damdari (Tribes and Herding) (Tehran, 1976), 15.

بازرگانیین لە گوندو شارەکاندا. ئەو بۆ ئەنجامدانی کارەکەی خێری دەخستەسەر. هەروەك لە راپۆرتی رێکخراوی پلاندانان و بودجەدا هاتبوو، دەردەکەوێت کە دەلاڵ ٥٠٪ بۆ ٢٠٠٪ی دەلاڵێتییەکەی خۆی دەبرد. هۆکاری بەرزی ئەم رادەیەش بەهۆی زەحمەت و ئەو تێچوونە زۆرەی هێنانی ئەو بەرهەمانە بوو بۆ بازاڕ، وێڕای ئەو ریسکانەی دواجار دەهاتنەرێی بازرگان. پەیوەندی ناهاوتای نێوان کەسە خێڵەکییەکەو بازرگانەکە یان دەلاڵەکە وایدەکرد قازانج بەلای ئەوەی دواییاندا بشکێتەوە. خێڵەکییەکە بەدرێژایی ساڵەکە پێویستیی بە شمەکێکی دیارییکراوی وەك: شەکر، چا، جلوبەرگ، ئامرازەکانی چێشتلێنان و ئامرازەکانی کاری کشتوکاڵیی هەبوو. هەرچەندە، خێڵەکییەکە دەیتوانی لە کاتێکی دیارییکراوی ساڵدا پێستەو خوری فەراهەمبکات. جیاوازییەکان بۆ بوونی بازرگانی و دژبەری پەیوەندییەکان، هەلی گەورەی خستە بەردەم بەرزبوونەوەی نرخەکان، بەشێوەیەك ئاژەڵدار نەیدەتوانی کۆنترۆڵی قەرزەکانی بکات. ئەو تەنیا ئەو کاتە دەیتوانی قەرزەکانی بداتەوە کە مەڕوماڵاتەکەی دەبرایە بازاڕو دەفرۆشرا.

پەیوەندییەکانی نێوان خێڵەکیی و بازرگان پشتی بە چەند فاکتەرێك دەبەست: بەهێزی ئابووری خێڵەکیی کە زۆر پشتی بە کەش و هەوا دەبەست، بوونی پاوان و لەوەڕگەی لەبارو بەپیت، حاڵ و وەزعی ئاژەڵەکان سەبارەت بە تەندروستیی و توانای زاین و بەخێوکردنیان، رێژەی بوونی بزن لەبەرامبەر مەڕدا، ئەوەی زامنی پاراستنی کۆمەڵگەکەو پێشبینی ئایندەکەشی دەکات. بۆ بازرگانەکەش، دارایییەکی و ئەو شمەکانەی کە هەیەتی، ئەو جۆرو نرخەی کە



دەتوانێت پێشکەشی بکات، چاوەڕوانی ئەو قازانجەی دەیکات، هەروەها "نرخی ئاڵوگۆڕ"ی کاریگەر.

بازرگان پەیوندییەکە بۆ قازانجی خۆی بەرێوەدەبا، رێکەوتنێك لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا دەکرێت، لەهەندێك حاڵەتدا بازگان زیاتر شمەك بۆ خێڵەکە دابیندەکات، وەك ئەوەی شمەك یان پارە لەبەرامبەریدا وەرگرێت، ئەوەش بەشێوەی قەرز یان سەلەم بە کابرای خێڵەکیی دەدات تاکو لەوەختێکی دیکەدا بەزیادەوە بیداتەوە. لەهێندێك لە حاڵەتەکاندا، بازرگانەکان پێشوەخت بەروبومی ئاژەڵدارەکانیان دەکڕی. خێڵەکییە ئاژەڵدارەکان تەنیا دەیانتوانی بەشێکی ماڵاتەکانیان بفرۆشن پاش ئەوەی ئاژەڵەکان دەزان و بەرهەمیان دەدا. بازرگان و دەلاڵەکان بۆخۆیان نرخیان بۆ ماڵاتەکان و بەروبومەکانیان دیاریدەکرد. خێڵەکییەکان تاڕادەیەك پشتیان بەو سەلەمە دەبەست بۆ کڕینی شمەکە پێویستەکانیان و بۆماوەیەکی درێژیش شتێکی وایان نەبوو بیفرۆشن، هەربۆیە ئەوەش بەتەواوی پشتی بە "نرخی ئاڵوگۆڕ"بازرگانە سوودخۆرەکان دەبەست. نرخی ئەو بەروبومانەی ئەوان بەرهەمیاندەهێنا سەردەکەوت یاخود دادەبەزی، بەڵام نرخی ئەو شمەکانەی بازرگانەکان دەگونجا تاڕادەیەك چەسپاوبێت، یاخود بەئەندازەیەکی چەسپاو دادەبەزی کە بازرگانی تێدا نەدەڕۆیی.

سنووردارکردنی ئەو ئاڵوگۆڕە ئازادەی پێشوو، سیمایەکی گرنگی دیکەی ژیانی خێڵەکیی-کۆچەریی کۆمەڵگە خێڵەکییە کوردییەکەی هەڵوەشاند، ئەوەش بریتیبوو لە خۆبژێویی و خۆکەفایی ئابووریی.

## کۆتایی خۆکەفایی

لەماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا، ناوچە کوردییەکان خۆکەفابوون و ئاژەڵداریی پایەیەکی سەرەکیی ئابوورییەکەیان بوو. لەوەش زیاتر، کشتوکاڵە لاوەکیی و کارە پیشەییە دەستکردەکانیان داواکاری لەسەر پێویستییە نێوخۆییەکان پڕدەکردەوە. بەروبومە ئاژەڵییەکان بەشێکی بۆ دابینکردنی خۆراکی خێڵەکان خۆیان بەکاردەهێنران و زێدەکەشی یان دەفرۆشران یاخود لەگەڵ گوندو شارەکانی دەوروبەردا بازرگانیان پێوەدەکرا. ئەم بەروبومانە نەك تەنیا خۆراکیان بۆ خێڵەکە دابیندەکرد بەڵکو هەروەها لەرێگەی کاری دەستییەوە دەکرایە جلوبەرگ و پێڵاوو بەرە .

جێگیربوونی خێڵەکان و سیاسەتی حکومەت سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی خێڵەکان ئەو ئابوورییە خۆکەفاییەی تێکدا کە لەنێو خێڵەکاندا هەبوو. لەم سەدەیەی ئێستادا(سەدەی بیستەم/س) سیاسەتی گۆڕینی مەڵبەندە خێڵەکییەکان بۆ ناوچەی کشتوکاڵیی، داخستنی رێگەی کۆچ وباری خێڵەکان و هەروەها لەهەمووی گرنگتر، لاوازیی و بێپلانی کشتوکاڵ لەوێ، وایکرد کۆمەڵگەی کوردیی لە چالاکییە ئابوورییە سوننەتییەکەی دوورکەوێتەوە کە ئاژەڵدارییە. لەئاکامی ئەوەش سیمای خۆبژێویی و خۆکەفاییەکەی تێکچوو. لەبەرامبەردا، خۆکەفایی تاڕادەیەك جۆرە پاراستنێکی سیاسیی بە کۆمەڵگە دەبەخشی، هەربۆیە ئەوان بۆخۆیان تاڕادەیەکی زۆر دەستیان بەسەر ئابووریی خۆیاندا گرتبوو. قەدەغەکردنی کۆچ وبارو تەگەرە خستنەبەردەم چالاکییەکانی ئابووریی گۆڕینەوە ئەو جووڵە



فیزیکییەی لەنێودا نەهێشت کە خێڵەکان ئەو کاتەی کە بە زەوییەوە نەبەسترابوونەوە، لێی بەهرەمەند بوون.

## بەردەوامیی

وێڕای گۆڕان لە ژیانی کوردستانی خێڵەکییدا، هێشتا پەیوەندییە خێڵەکییەکان هەرمابوون. من خوازیارم مشتومڕ لەوبارەیەوە بکەم کە کلیلی ئەم بەردوامییە بریتییبوو لە بەردەوامی ئاژەڵداریی وەك شێوازێکی گرنگی چالاکیی ئابووریی لە هەرێمەکەدا، هەروەها کلیلی بەردەوامی ئاژەڵدارییش بۆ ئەو راستییە دەگەڕێتەوە کە هەرێمەکە بەشێوەیەکی سەرەکیی شاخاوییە و زەوی کشتوکاڵیی کەمە، بەڵام بۆ لەوەڕاندن و مێگەلداریی لەبارترە.

## بەردەوامیی ئاژەڵداریی

هێشتا ئاژەڵداریی چالاکییەکی ئابووریی سەرەکیی کۆمەڵگە نیوەخێڵەکیی و نیوەنیشتەجێیەکانە لەنێو دانیشتووانە کوردییەکەی ئازەربایجانی رۆژئاوا و کوردستان. بەهەرحاڵ، تەنانەت لەنێو ئەوانەشی بەتەواویی نیشتەجێن، ئاژەڵداریی بەتێکەڵیی لەگەڵ کشتوکاڵدا رۆڵێکی زۆر گرنگ لە چالاکیی ئابووریی خێزانە کوردییەکان پێکدەهێنن. خێڵە کۆچەرییەکان وردە وردە خۆیان گۆڕیوە، لەبەرئەوەی چیدی ناگونجێت بەتەواویی رەوەند و کۆچبار بن، دواجار بەشێك لە خێڵەکە لە گەرمەسێرو زستانەهەوار جێگیردەبن و بەشەکەی دیکەی لە کۆچ وبار لەنێوان کوێستان و گەرمێن بەردەوام

دەبن. لە هێندێك حاڵەتدا هەردوو بەشی خێڵەكە نیشتەجێو جێگیر دەبن، بەشێكیان لە گەرمێنو ئەوی دیكەشیان لە كوێستان. دواجار، یان كۆچ وبار بەتەواویی دەوەستێت یان ماڵاتەكان لەلایەن چەند شوانێكەوە چاودێریی دەكرێنو ئەوان لەچوارچێوەی ناوچەیەكی جیۆگرافیی زۆر سنووردارو دیارییكراودا دەیانبەنو دەیانهێننن. خودی خێڵەكەش بەتێپەڕینی كات بەتەواویی نیشتەجێدەبن، زۆربەی جار لە دوو هەرێمی جیاوازدا، لەكاتێكدا ئاژەڵداریی لەئاستێكی سنووردارردا بەردەوام دەبێت.

هەروەك لەرابردوودا، ئامانج لە ئاژەڵداریی بریتیبوو لە فەراهەمكردنی خۆراكی خێزانەكەو ئامادەكردنی بەروبومە ئاژەڵییەكەش بووە بۆ فرۆشتن یاخود بۆ گۆڕینەوە. راپۆرتێك كە لەساڵی ١٩٧٦دا لەلایەن رێكخراوی پلاندانانو بودجە بڵاوكرایەوە، پێشانیدا كە ٨٠–٨٥٪ی مێگەلو ماڵاتەكان هێشتا بۆ بەروبومەكانیانو وەبەرهێنانەوەی ئاژەڵەكانو زاوزێ پارێزراون.[٣٤] سەرەكیترین بەروبومەكانی ئاژەڵداریی :شیر،ماست، پەنیر، رۆنە كەرەو خورین. ١٥–٢٠٪ی ماڵاتەكان بۆ گۆشتەكەیان بەخێودەكرێن.

ئاژەڵداریی و بەروبومەكانی رادەیەكی رێژەیی لە خۆبژێویی و خۆكەفایی بۆ خێزانەكان دابیندەكات. بەروبومی ئاژەڵداریی تەنیا خۆراك بۆ خێزانەكان فەراهەمناكات بەڵكو پێستەو خوری‌و مویان پێدەبەخشێت، ئەوەش لەرێگەی كاری دەستییەوە شمەكە بنەڕەتییەكان بۆ خێزانەكان دابیندەكات. كۆڵینەوەیەك لەلایەن زانكۆی

[34] *مقدمە بر شناخت مسائل اقتصادیو اجتماعی جمعی عشائری کردستان، ٢٢ .*



تارانەوە سەبارەت بە خێزانو پەرەسەندن لەنێو خێڵەكان لەئێراندا كراوەو تێبینیكردووە، ئەو جووتیارانەی بەتەواویی وازیان لە ئاژەڵداریی هێناوە ئاستێكی بژێویی نزمتریان هەیە بەوانەی كە ئاژەڵداریان لەگەڵ چالاكیی كشتوكاڵییدا تێكەڵكردووە.[٣٥]

## رەوشی جیۆگرافی لەبار

گەر ئێمە سەرنج لە نەخشەی هەرێمە كوردییەكان لە ئێراندا بدەین بۆمان دەردەكەوێت كە بەشێكی گەورەی ناوچەكە شاخاوییە، لەگەڵ چیای ئارارات لە باكوورو هەروەها چیاكانی زاگرۆسو پشكوە لە باشوور. لەم ناوچە شاخاوییانەدا بڕێكی زۆر بارانبارینو پاوانو لەوەڕگاكان هەیە، بەڵام زەوییەكی كەمی تەختە نەرمانی كشتوكاڵیی هەبووە. ئەوەش یەك لەو هۆكارانەیە كە بۆچی، تەنانەت تاكو ئەمرۆش، تێكەڵكردنی ئاژەڵداریی و كشتوكاڵیی زەوییە دێمەكان یەكێكە لە شێوازە سەرەكییەكانی چالاكیی ئابووریی. بەئاراستەی بەشەكانی رۆژهەڵاتو باشوور( هەرێمی كرماشان/باختەران) لە نێوەوەی كوردستان كە كەمتر شاخاوییە، زەوییەكی كشتوكاڵی زێدەتر هەیە، هەربۆیە كشتوكاڵێكی فرە رێكخراوتر لەوێ هەبوو.

قاسملو، مشتومڕی لەبارەی زەوییە كشتوكاڵییەكان لەو هەرێمەدا كردووە كە كوردی لێ دەژی، لەوانە ئازەربایجانی رۆژئاواو كوردستان، كرماشان، تێبینیكردووە كە:

[35] Afshar-Naderi, Khanivade va Tuse‘eh-i ‘Ashayer (Family and Development among Tribes) (Tehran University, 1976), 13.

" لەهەموو پێوانەی کوردستانی ئێران کە دەگاتە ١٢٤٠٠٠کیلۆمیتری چوارگۆشە، پێنج ملیۆن هێکتار کێڵگەکە کە دەبێتە ٤٠٪ی هەموو خاکەکە نزیکەی چوار ملیۆن هێکتاریش واتە ٣٢٪ی هەموو هەموو خاکەکە، ئەوەکەی تری کوێستانو لەوەڕگەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا ٢٤٪ی کێڵگەکان، یانی ١٢٠٠٠٠٠ هێکتار دەکێڵرێ، کە ٩,٦٪ی هەموو پێوانەی کوردستانی ئێرانە."[36]

## کەمیی کشتوکاڵی میکانیزەکراو

لە کۆڵینەوەکەی قاسملو سەبارەت بە کوردستان، ئەو تێبینیکردووە کە ئاستی تەکنیکی کشتوکاڵ عادەتەن نزمو لاوازە، ئامرازە سەرەکییەکان بەدرێژایی چەندین سەدە بێ ئەوەی گۆڕانیان بەسەردابێت ماونەتەوە.[37] هەرچەندە، ئەو راپۆرتەی سەبارەت بە کشتوکاڵە لە کوردستان لە کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠کاندا ئاماژە بەوەدەکات کە دەگونجێت هەلومەرجەکە تەنانەت لەماوەی ماڵاوایی سەدەکەدا بۆ جووتیارانی کورد خراپتر بێت.

ئامارەکان سەبارەت بە کشتوکاڵ لە کوردستان پێشانیدەدەن کە چاندنی تەواوی دانەوێڵە سەرەکییەکان بەزۆری لەو کێڵگە دێمەکاندایە. بەگوێرەی راپۆرتی ئاماری ساڵانە بۆ ساڵی ١٩٧٢ کە لەلایەن سەنتەری ئێرانەوە بۆ ئامارەکان بڵاوکراوەتەوە، لە تەواوی زەوییەکانی پارێزگای کوردستان تەنیا ٢٥,٧٪ کشتوکاڵی تێداکراوە،

[36] Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds, 90.
[37] Ibid., 90.



لەوانەش تەنیا ٤,١٪ی ئەو زەوییانە بەراون. تەنیا ١٦,٧٪ی تێکڕای زەوییە کشتوکاڵییەکان بەشێوەیەك سوودیان لە ئاودێریی بینیوەو باقی دیکەی کە ٨٤٪ زەوی دێمن.[38] هەرچەندە، ئەو ئامارانەی لەساڵانی ١٩٧٠کاندا ئاماژەیان بە رەوشی کشتوکاڵ داوە، ئەو راستییەی تێدا رەنگدەداتەوە کە لەساڵی ١٩٧٢دا، هەروەها زۆر پێشتریش، لە زۆربەی بەشەکانی کوردستاندا سیستمی ئاودێریی هەر نەبووە یاخود کەمێك پەرەسەندوو بووە. ئەو راستییەی کە رەوشەکە لەو چەند دەیەیەی دواییدا بەرەو باشتر نەگۆڕاوە مەسەلەیەکە لەلایەن ئامارەکانی تەنانەت ساڵەکانی دواتریشەوە جەختی لێکراوەتەوە. بەگوێرەی راپۆرتی ئامارە کشتوکاڵییەکان بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٨٥، لەتێکڕای ئەو زەوییانەی دانەوێڵەی تێدا چێنراوە (دانەوێڵە گرنگترین بەرهەمی کشتوکاڵییە لە کوردستان) تەنیا ٩٪ بەهۆی سیستمی ئاودێرییەوە چێنراونو ٩١٪ی ماوە زەوی دێم بوون.[39] کشتوکاڵی زەوییە دێمەکان بەگشتیی رێگەیەکی قازانبەخش نییە بۆ کشتوکاڵ، بەڵکو زیاتر کشتوکاڵی بەرخۆرییە.

## ئەنجامگیریی

نیشتەجێبوونی خێڵە کوردییەکان گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەر ئەو خێڵانەدا هێنا، بەڵام نەیتوانیی بەتەواویی لەنێویانبەرێت. چیدی کۆچ‌وبار وەك رەگەزێکی گرنگی شوناسی خێڵەکیی نەمایەوەو وەستا،

[38] Azkia, Khushnishinan-i Kurdistan, 59.
[39] The Plan and Budget Organization of the Province of Kurdistan, The Statistics Report for Kurdistan 1985, 5.

بەڵام هێندێك هۆكاری وەك خزمایەتیی هێشتا وەك مەسەلەیەكی گرنگ بەردەوامبوو. هەرچەندە، ئەوە بریتیبوو لە بەردەوامیی ئاژەڵداریی بەهۆی هەلومەرجی لەباری جیۆگرافیی بۆ ئەمە. تەنانەت پاش ئەوەی كۆمەڵگەش نیشتەجێبووو كەوتە كشتوكاڵكردن، ئەوەی وایكرد گونجاوبێت ژمارەیەك سیماو تایبەتمەندیی پەیوەندییە خێڵەكییەكان، هەرچەندە سنوورداریش بێت، بەردەوام بێت لەمانەوە. ئەندامێتیی و پەیوەستەگیی خێڵەكیی چیدی تەنیا سەرچاوەی شوناس نەبووە وەك ئەوەی لە حاڵەتی تەواو خێڵەكییەكەدایە. زیاتریش، پەیوەندییە خێڵەكییەكان بۆ كۆمەڵگەكە بریتیبوو لە خاڵی ئاماژەدان بۆ رابردوو، ئەوەی وەك سیمایەكی هاوبەشی گشتیی لە فۆرمێكی نوێداو لەپاڵ شوناسەكانی دیكەدا بەردەوامبوو لە بوون. بەردەوامیی ئاژەڵداریی كۆمەڵگەی بە رابردووەوە دەبەستەوە، لەكاتێكدا نیشتەجێبوون و جێگیربوون بەرەو قۆناغێكی نوێ و هەروەها تێگەیشتنێكی نوێی پەیوەندییە جیاوازە كۆمەڵایەتیی و ئابوورییەكان پەلكێشكرد.

لەكاتێكدا كە ژیانی ئابووریی هەرێمەكە بە توندی پشتی بە پەرەسەندنی ئابووریی تێكڕای وڵاتەكەوە بەستبوو، هەربۆیە پەیوەستبوونی كوردستان بە ئابووریی بازاڕەوە وەك پەرەسەندنێكی سەربەخۆ نەهاتەئاراو لەراستییدا پێویستە وەك مەسەلەیەكی پەیوەست بە رووداوەكانی نێوخۆی ئێران و توركیا و عێراق تەماشابكرێت. بەچەندین شێواز، ئەو گۆڕانكارییانەی لەگەڵ نیشتەجێبوون و جێگیربوونی زۆرینەی خێڵەكان لە كوردستانی ئێراندا روویدا بەرجەستەی ئەو پەرەسەندنە كۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسییانە بوو كە لە تێكڕای وڵاتەكەدا بەرێوەدەچوو.



ئەوە لەدرێژەی پەیوەستبوون بە كۆمەڵگەكانی دیكەوە بوو كە كارەكتەری رووبەڕووی كۆمەڵگەی كوردیی لاوازبوو، هەروەها تێگەیشتنێكی نوێ سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی كوردیی لەنێو كورداندا پشكوت. ئەم گۆڕانە لە تێگەیشتنی سیاسیی و كۆمەڵایەتیی سەبارەت بە شوناسیان لەنێو كورداندا دەتوانرێت لەو كۆڵینەوانەدا ببینرێتەوە كە سەبارەت بە دوو جووڵانەوە كوردیی كراون، یەكێكیان بۆ قۆناغی "رووبەڕوو" لە مێژووی كوردییدا دەگەڕێتەوە، قۆناغی ژیانی خێڵەكیی كۆچەریی سالانی ١٩٢٠كان، ئەوەی دیكەشیان بۆ ماوەی كۆتایی سالانی ١٩٤٠كان دەگەڕێتەوە، قۆناغی هۆشی نەتەوەیی، كاتێك كۆمەڵگەی كوردیی نزیكەی بەتەواویی جێگیربوو.

## پێکهاتە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانی شوناسی کوردیی

سۆفیا ئیزابێلا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر. د. یاسین سەردەشتی

یەکەم: **چین**

چەمکی چین بەمانای دابەشبوونی کۆمەڵگایە، سیستمێکی پلەبەندی کۆمەڵایەتیو دابەشبوونی دەسەڵات. هەروەها پێدەچێت پێکهاتەی چینایەتی مانای ململانێش بدات، دەستبەسەرداگرتنو وابەستەییش پێشانبدات.[40] هەرچەندە، بایەخ و سەنگی سیاسی سیستەمەکەی چینی کوردیی دەشێت هێشتا تاڕادەیەك سنوورداربێت، وادەردەکەوێت کە کەمەندکێشکردنی ئەم رەگەزە بۆ مشتومڕکردن وادەکات بەشداری لە فۆرمەڵەمکردنی تێگەیشتنێکی پتەو سەبارەت بە سیماگەلە یەکلاکەرەوەکانی بونیادی کۆمەڵگای کوردی بکاتو خەرمانێك بخاتەسەر ئەو مشتومڕەی پێشوو سەبارەت بەنەتەوایەتیو هەروەها پەرەسەندنی لەکوردستاندا.

[40] Berld (1986), P. 9.



## پارادیمی چینایەتییەکان

لەکاتی تیۆریزەکردنو وێناکردنی چیندا، نووسینەکانی کارل مارکس دەستپێکێکی گونجاون.[41] بەگوێرەی هزرە بنەڕەتییەکانی مارکس، چینەکان بەگوێرەی پەیوەندییان بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە پێناسەدەکرێن. پەیوەندییە ئابوورییەکان پشت بە موڵکایەتی دەبەستێت: هەروەها چینێك دەستی بەسەر هۆکارەکانی بەرهەمهێناندا گرتووە- هەروەك بۆرجوازییەکان کردوویانە- یان ئەوانەی بێبەشن لەهۆکارەکانی بەرهەمهێنان- ئەوەی لەلای پرۆلیتاریا بەرچاوە. مارکس بڕوای وایە کە هەژموونی ئابووریو هەژموونی سیاسی بەشێوەیەکی چەسپاو پەیوەستە بەوەی تاچەند کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کۆنترۆڵکردنی سیاسی لێدەکەوێتەوە. بەوەش دابەشبوونی چینەکان بەرجەستەی دابەشبوونی هەریەکە لە سامانو دەسەڵات دەکات، ئەوەی کە لەپەیوەندییەکانی نێوان (ئیستغلالکەرو ئیستیغلالکراو) و (زۆردارو زۆرلێکراو) دا بەرجەستەدەبێت ( زاراوی تایبەتو چەندبارەوەبوون لە مانیفێستۆی کۆمۆنیزمدا ) ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە ئەم پەیوەندییە ڕووندەکاتەوە:

[41] ***گرنگییەکەی بەهۆی کاریگەریی فیکرییەوەیە بەسەر تیۆرەکانی دواترەوە سەبارەت بەچین هەروەها بەهۆی کاریگەریی سیاسییەوە بەسەر ئەو ئاراستە شۆڕشگێڕییانەی لەلایەن هێندێك کۆمەڵگاوە گیرایەبەر کە ئیلهامیان لە نووسنەکانی بەگشتی وەرگرت، هەروەها تیۆرە تەواونەکراوەکەی سەبارەت بەچین بەتایبەتی، بەوەش، شرۆڤەکاریی مارکس بەرجەستەی راهێنانێك دەکات لەکۆمەڵناسی تیۆرییو پراکتیکیدا.*** Edgell (1993), p. 2.

"بۆرجوازی، لەهەر کوێیەك باڵادەست بێت، کۆتایی بە تێکڕای پەیوەندییە دەرەبەگایەتییە باوکسالارییە ئایدیالییەکان دەهێنێت. بەشێوەیەکی بێڕەحمانە پێکهاتەی ئەو پەیوەندییە دەرەبەگایەتییانە هەڵدەتەکێنێت کە پیاو بە "باڵادەستە سروشتییەکەیەوە" دەبەستێتەوە، و جێیدەهێڵێت دەیکاتە پیاوێك کە هیچ پەیوەستێك لەنێوان پیاو و پیاوێکی دیکە نییە جگە لە بەرژەوەندیە خودییە رووتەکان..."[42]

ئەم تیۆرە رادیکاڵە بەشێوەیەك لەلایەن ماکس وێبەرەوە تازەکراوەتەوە، ئەوەی پەرەی بە تیۆرەکەی مارکس داوە سەبارەت بە چین بۆ ئەوەی کە دواتر بەچەمکی " stratification social / چینبەندی کۆمەڵایەتی"ناوبراوە. ئەمەش مانای دابەشبوونی کۆمەڵگایە بۆ چەندین چین، کە بەشێوازێکی پلەبەندی خۆیان رێکخستووە. بەپێچەوانەی مارکسەوە، کە جەختی لەململانێی نێوان چینەکانو هەروەها جەمسەرگیرییان کردۆتەوە، دیدی وێبەر بونیادی چین لەرووی سروشتی گرفتاوی و خواستی بۆ پەرتەوازەبوون بەرجەستەدەکات.[43]

گیدینز زیاتری لەسەر ئەمە هەڵچنیوەو بونیادێکی لە سێ چینی سەرەکیی خستۆتەروو:" چینی باڵای ساماندار، چینی ناوەند کە بە زانیاریو شارەزایی دەناسرێن، هەروەها چینی کرێکار، بەهێزی کاری خۆیەوە".[44] هەرچەندە، ئەم چینانە دەشێت لەنێوخۆیدا دابەشبێت، ژمارەی

[42] Marx and Engels (1888/1998), P. 5.

[43] ***گیدنز تێڕوانینێکی چڕوپڕو پڕزانیاریی سەبارەت بە تیۆرەکانی وێبەر لەمەڕ پلەبەندی کۆمەڵایەتی فەراهەمدەکات لەکتێبەکەی:***
*The Class Structure of the Advanced Societies*, (1973)

[44] 5.Giddens (1973), pp. 107-112.



ئەو توێژانەی کە دەگونجێت لەمانەوە سەرهەڵدەدەن وادەکات مۆدێلەکەی گیدینز کەمتر روون بێت وەك لە یەکەم سەرنجدا دەدردەکەوێت.

لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر، مارکس باوەڕی وایە کە پەیوەندییە چینایەتییەکان لەلایەن نەتەوەو سنوورە نەتەوەییەکانەوە کاریگەرییان تێناکرێت، هەروەها ئەمانە هەموو بایەخێکیان لەگەڵ گەشەکردنی بەردەوامی سەرمایەدارییدا کەمدەبێتەوە. دەوڵەتیش لەلای مارکس بەشێوەیەکە:

" بەهۆی هەردوو رۆڵە ناوەکییو دەرەکییەکەیەوە سەبارەت بە زاڵبوونی " inter-class /نێوچینایەتی"و ململانێی نێوچینایەتیەوە شکڵدەگرێت. لەرووی نێوخۆییەوە...لەبنەڕەتدا دەزگاگەلێکە زامنی هەژموونی چینە فەرمانڕەواکانو هاوبەستەگی کۆمەڵگا دابەشبووە-چینایەتییەکان دەکات...لەرووی دەرەکیشەوە...دەزگاگەلێکی ململانێی نێوان چینە فەرمانڕەوا دیارییکراوە هەرێمییەکانە.[45]

ئینتەرناسیۆنالیستە مارکسییەکان وادەبینین کە چینی کرێکار، یان پرۆلیتاریا، لەبنەڕەتدا چینێکی ئینتەرناسیونالە، کە بیرۆکەی نەتەوەو نەتەوایەتی رەتکردۆتەوەو وێڕای ئەوانەی تایبەت بەچینایەتیو سەرمایەداریش.[46] هۆشی چینایەتی پێکەوە لەگەڵ نەتەوایەتییدا پشکووتون، هەرچەندە، بەرێگەی جیاوازو لەسایەی هەلومەرجگەلێکی نەتەوەییو نێونەتەوەییدا، ئەو دوو چەمکە پێکەوە پەیوەستو پەیوەندیدارن. نەتەوایەتی، هەروەك بریولی جەختیکردۆتەوە، " سروشتی

[45] Cochrane and Anderson (1986), pp. 211-212.
[46] Outlined in *The Communist Manifesto* (1888/1998).

دەسەڵاتی شەرعی پێناسەدەکاتەوە"[47] ئەمەش ئەوەیەکە نەتەوایەتی زۆربەیجار هێزێکە کە لەرێگەی گۆڕینەوە بژاردەی سیاسی نویٚ دێنێتە ناوەندی دەسەڵاتو لە پرۆسەکەدا شوێنی چینە فەرمانڕەوا دامەزرراوەکان دەگرێتەوە. "nationalist politics / سیاسەتی نەتەوەیی" دەتوانێت لەهێندێك رەوشدا ئاماژەبێت بۆ "سیاسەتی قەیران".[48] هەروەها ئەم سیاسەتی قەیرانە دەتوانێت وابکات چینە فەرمانڕەواکان نەتەوایەتی وەك ئایدیۆلۆجیاو وەك جووڵانەوە رەتبکاتەوە، نارەزایەتییەکی مەزن دێنێتەئارا کە ئاسان نییە بۆ لایەنگرانی جووڵانەوە نەتەوەییەکە بەسەریدا زاڵ بن.

پەرەسەندن لەسەدەی نۆزدەیەمی ئەوروپادا پێشانیدا کە ململانێی چینایەتی جەنگێك بوو لەسەر ئاستی نەتەوەیی نەك نێونەتەوەیی، کە خۆی لەخۆیدا دەوڵەت-نەتەوەی لەڕووی سیاسیو کەلتووریو ئابوورییەوە وەك یەکەیەکی خاوەن سەروەریی پتەوکرد. لەمیانەی ئەم پرۆسەیەدا، چینەکان لەنێو سنوورەکانی دەوڵەتدا یەکیانگرتو لەزەوییە بیانییەکان لە هاوچینەکانیان جیابوونەوە. ئەم پەرەسەندنە تەواو ئەوە نەبوو کە مارکس پێشبینیدەکرد، ئەوەی کە دەوڵە-نەتەوە زیاتر بەهێزبوو تاکو ئەوەی نەمێنێت-ئەو پەرەسەندنەی کە رەنگدانەوەی مشتومڕەکانی پێشووە لەبارەی بابەتەکەوە.

[47] Breuilly (1993), p. 25.
[48] Ibid.



## فۆرمەڵەبوونی چینەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

سروشتی پەیوەندیگەلی چینەکان لەنێو نەتەوەکانو هەرێمەکاندا جیاوازە، هەروەها بۆئەوەی پێشینەیەك فەراهەمبکرێت کە شرۆڤەکاری زێدەتری لەسەر بنیادبنرێت دەبێت پەرەسەندنەکانی پەیوەندییە چینایەتییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی بەکورتی دیارییبکرێت، ئەوەی هەستی پێکراوە کە لەرووی لۆکاڵیشەوە کاریگەری هەبێت.

چینە نەریتییەکان لەهزری مارکسیدا بریتیە لە بۆرجواو پرۆلیتار کە بەروونی لەکۆمەلگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەپشکوتووە.[49] کۆمەلگای دەرەبەگی، ماوەیەکی زۆر لەبەشێکی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باڵادەستبووەو بە رێکخستنە پلەبەندییە تۆکمەکەی ناسراوە، کە بەپێی دابەشبوونی چینەکانی پێناسەدەکرێن. لەم چوارچێوەیەدا، خولیای پێکەوەگرێدانی سیاسی لە پێکەوەگرێدانی ئابووری بەهێزترە، لەکاتێکدا "چینەکان وەك ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی ئابووری بەرفراوان سەرهەڵنادەن."[50] کۆمەلگای چینایەتی دەرەبەگایەتی لەئەوروپا شوێنی خۆی بۆ کۆمەلگای چینایەتی سەرمایەداری جێهێشت، بەڵام رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ئەو مۆدێلە نەکەوت.• نە پرادیگما مارکسییەکانو نە وێبەرییەکان بەتەواوی بۆ

[49] Ayubi (1995), for instance, concerns himself with the 'missing bourgeoisie': see pp. 158-162.
[50] Vogler (1985), p. 181.

• *لەڕاستیدا چینایەتی لەم بەشەی جیهاندا لەسەر بنەمای سیستمی ئابووری راوەستاوە کە شێوازێکی بەرهەمهێنانی نیمچە دەرەبەگایەتیو نیمچە سەرمایەداریو نیمچە بۆرجوازییە کە پێش سەرمایەداریو سەرمایەداری، خۆکەفایی رێژەییو وابەستەیی*

شرۆڤەکاری پێکهاتەی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گونجاون، سروشتی بزواوو ناخۆگری ستراکچەری چینەکان ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی ئەو مۆدێلە رۆژئاواییانە بەسەر ئەم هەرێمەدا ناکات.

مولکدارەکان لەگەڵ بازرگانەکاندا تەنیا چینگەلی رەسەنی ئەم هەرێمەن، بەڵام ریشەیان تەنیا دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم. ئەو ریفۆرمە بەرفراوانەی زەوی کەلەلایەن حکومەتە

---

بەسیستمی ئابووری جیهانی، لەنێوان موڵکایەتی تایبەتو موڵکایەتی دەوڵەتو موڵکایەتی بنەماڵە حوکمڕانەکان، لەنێوان شێوازی بەرهەمهێنانی نەریتیو نوێ پێکەوە کۆەکاتەوە، هەربۆیە سیستمێکی فرە نەزمی راگوزەرە. لەم سۆنگەیەشەوە، چەند بنەمایەکی سەرەکی بۆ جیاکاری چینایەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە کە دەکرێت لە موڵکایەتی زەوی، موڵکایەتی سەرمایەو هەروەها بنەچەی خێزانیو پۆستدا کۆبکرێتەوە. موڵکایەتی زەوی بەتێپەڕینی کات لەموڵکایەتی گشتیو دەوڵەتەوە بەرەو موڵکایەتی تایبەتو دەرگەوتنی دەرەبەگایەتی پەرەیسەندووە، موڵکایەتی سەرمایەداریش بەتایبەتی لەکایەی بازرگانیو دارایی رۆڵی لەدەرکەوتنی چینی بۆرجوای کۆن و نوێدا لەشارەکاندا بینیوەو لەگەڵ بەستنەوە بەئابووری سەمایەداری جیهانییەوە گەشەیکردووە. بنەچەی خێزانو میراتی خێزانە خانەدانەکانو دەستڕۆیوەکان بۆ نەوەکانیان رۆڵی خۆی لەدیاریکردنی ریالیستی چینایەتیدا دەبینی، هەروەها سەربەخۆی پۆستیش گرنگی خۆی هەیە لەوبارەیەوە کە کەسێك بۆ خۆی کاردەکات یان وابەستەی کەسانێکی دیکەیە، ئایا خزمەت دەکات یان خزمەت دەکرێت؟ جگە لەو بنەمایانە ئاستی فەرهەنگیو داهاتو وەزیفەش دەتوانن فاکتەری یارمەتیدەربن. هەربۆیە لەسۆنکەی ئەو بنەمایانەوە دەتوانین ریزبەندی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابەشبکەین بۆ یەکەم: خانەدانە نەریتیەکان، گەورە مولکدارەکانی زەوی، گەورە سەرمایەدارەکانو شێخو سەرۆك خێڵەکانو دەوڵەمەندە تازەپیاکەوتووەکان. دووەم: بۆرجوازیو چینی ناوەڕاست(وردە بۆرجوازی کۆنو وردە بۆرجوازی نوێ)و ئەوانی دیکە. سێیەم: زەحمەتکێشان (جووتیارانو کرێکاران).



هەرێمییەکانەوە ئەنجامدرا، هەروەك ئەوەی عێراق لەساڵی ١٩٥٨، مولکدارە نەریتییەکانی لەزەویو مولکەکانیان داماڵی، بەڵام ئەندامەکانیان لەسەر شانۆی سیاسی ئاوانەبوون، لەکاتێکدا ئەوانە روویان لە کەرتی بازرگانی یان پیشەسازی کرد. ریچاردو واتەربێری سێ دەستە ئەکتەریان ناساندووە کە پاش ریفۆرمی زەوی سەریانهەڵداوە، ئەوانەش بریتیبوون لە جووتیارە سەرمایەدارە "نوێ"کان، مولکدارە ناوەنجییەکان، بەشێکی مەزن لە وردەمولکدارەکان. دەستەی یەکەم زۆربەیجار لەلایەن دانیشتووە شارنشینەکانەوە نوێنەرایەتییان دەکرا، کە بەرژەوەندییە لادێییەکانیان لەسروشتدا بازرگانی بووە، توێژێکی دیکەی لادێیی دەستی بەسەر مولکە بچووکەکاندا گرتبوو هەروەها بەشێوەیەکی بنەڕەتی بۆ ژیانی رۆژانەی خێزانی بەرهەمیدەهێنا، کەمانای کەمتر فرەجۆری بەرژەوەندییە ئابوورییەکانە. دوای گروپ بریتیبوون لەوانەی بۆ دابینکردنی ژیانی رۆژانەی خۆیان تێدەکۆشان، ئەم جووتیارانە لە جووتیارانی بێ زەوی و کرێکارانی لادێ بەوە جیادەکرانەوە کە خاوەنی زەوی بوون، لەبەرئەوەش پێگەی کۆمەڵایەتییان بەلای بەرزتردا دەڕۆیی.[٥١]

مرۆ لەم مشتومڕەوە دەتوانێت بگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە ئەو بۆرجوا وەبەرهێنەی لەهزری نەریتیی مارکسییدا هاتووە لەکۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرچاوناکەوێت. نووسەرێکی دیکە دە دانی بەلاوازیی جەمسەرگریی بۆرجوازیو پرۆلیتاریادا ناوە، ئەیوبیە، کە ئاماژەی بە نەبوونی ئەم "polar classes / چینە جەمسەرگیرەکان" داوەو دانی بە گرنگی قەوارەگەلە کۆمەڵایەتییە نێوەنجییەکان داوە.[٥٢]

---

51 Richards and Waterbury (1990), pp. 403-404.
52 Ayubi (1995), pp. 177-178.

ریچاردو واتەربێری ئاماژەیان بە وردە بۆرجوا داوە وەك گروپێكی كۆمەڵایەتی كە هێزێكی ئابووریو سیاسی پاڵنەرە. ئەم قەوارە كۆمەڵایەتییە پێكدێت لە "خاوەن سامانەكان كەكاری ئازاد دەكەنو لەبواری، بازرگانی، پیشەگەری، خزمەتگوزاری، كشتوكاڵدا وەبەرهێنان دەكەنو بەدەگمەن هێزی كار بەكرێ دەگرن." [53] لەوەش زیاتر ئەوانە دەناسرێنەوە بە" وردە بازرگانیو بەشی پیشەگەرییو ئاستەكانی خوارەوەی چینی نوێی ناوەڕاست، هەروەها ئەوانەی لەلایەن ئەو دوو بەشەوە راكێشراون بەڵام بەشێوەیەكی دیاریكراو لەریشەیەكی لادێیین."[54] هەروەها ئەو دوو كۆڵەرە جەخت لەوە دەكەنەوە كە وردە بۆرجوا دوورە لە دینامیزمی ستاتیك.

ئەگەر چینێك هەبێت، نابێت ئارەزووی ئەوە بكات وەك خۆی بمێنێتەوە بەڵكو خولیای هێندێك پێگەی دیكە بكات...نابێت بەدوای ئەوەدا بگەڕێت كەوەك چین خۆی بەرهەمبێنێتەوە. رۆڵی ئەو...منداڵەكانی خۆی بۆ بنێرێتە خوێندنی باڵا...وردە بۆرجوا بەتەنیا هەر هەوڵی ئەوەنادات بەبەردەوامی كاژی خۆی فڕێدات، بەڵكو هەروەها لەرووی ئایدیۆلۆجیشەوە مایەی گۆڕانە، بەردەوامییەكەی بریتیەلەو مەیلەی بۆ "activisim / چالاكیگەرایی."[55]

بەوەش دەتوانرێت ئەنجامگیریی بكرێت كە وردە بۆرجوا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەكرێت بەدەگمەن وەك چین ببینرێت، یان ئەكتەرێكی بەهێزی بزۆز بێت. وەك هێزێكی سیاسی، وردە بۆرجوا بەوە دەناسرێت كە هێزێكی

---

[53] Richards and Waterbury (1990), p. 410
[54] Ibid. p. 413.
[55] Ibid. pp. 413-414.



بایەخدارە- نموونەیەكی روون بۆ ئەوە بریتیە لە"بازاڕ" لەئێران كە بۆماوەیەكی درێژ ئەكتەرێكی گرنگی سەر شانۆی سیاسی نێوخۆیی بووە.

## كۆمەڵگای دابەشبووی چینایەتی كوردیی

هەروەك لەسەرەوە پێشاندراوە، شرۆڤەكارییە نەریتییەكانی چینایەتی وادەرناكەوێت كە گونجاوترین ئامرازبێت بۆ لێكدانەوەی ئەو بونیادە بنەڕەتییەی رێكخستنی كۆمەڵگای كوردیی پاڵی پێوەداوە، بەوەش دەبێت تیۆرێك بناسێنرێت كە ئەوەی گرتبێتەخۆ بەسەر كوردستاندا جێبەجێبكرێت.

دەتوانرێت كۆمەڵگای كوردیی هاوشێوەی ئەو چەمكە لەقەڵەمبدرێت كە ئەنتۆنی گیدینز بە " class-divided / دابەشبوو لەرووی چینایەتییەوە" ناوی بردووە، ( لەبەرامبەر ئەو چینە كۆمەڵایەتییەیە كە سەرمایەداری هێناویێتیەئارا) ئەم چەمكە بایەخ بە شارستانیەتە ناسەرمایەدارییەكان دەداتو ئەو كۆمەڵگایانە وەسفدەكات كە بەدرێژایی هێڵگەلی چین دابەشبوونو چ بونیادو رێكخستنێك بەگوێرەی دابەشبوونی چینایەتی پێشان نادەن.[56] بەوەش، تەنانەت گەر ئەوەش پەسەند بكەین كە چینەكان رەگەزگەلێكی هەبوون لەكۆمەڵگای كوردییدا، ئەوەی جێگەی مشتومڕە كە دانیشتووانی كورد هۆشی چینایەتیان هەبووبێت.[57] دەشێت خودی خەڵكەكە سەبارەت بەو دابەشبوونە كۆمەڵایەتییە بەئاگا نەبن كە

---

[56] For a discussion of this, see Giddens (1981a), pp. 105-108.
[57] See Giddens (1982), pp. 163-16.

تیۆرسینەکان دەیڵێن بۆ دابەشبوونی کۆمەڵگاکەیان یان دەشێت هەست بەوەنەکەن کە سەربە پلەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتن. بەوتەیەکی دیکە، " لەوانەیە لەئاکاری ئەندامانی چینێکدا هۆشی چینایەتی رەنگنەداتەوە، بەڵام وێڕای ئەوە ئاکاریان توانیویەتی چینبەندی بێت."[58] ئەم واقیعە کوردییە دەتوانێت بەباشی ببێتە بابەتێك بۆ گۆڕین لە ئایندەدا، پشت بەئاراستەی سیاسەت دەبەستێت، بەڵام هەروەها گەشەکردنە ئابوورییەکانیش.تەنانەت دەشێت ئەم هەستە بەهێزتربێت ئەگەر هەرێمە کوردییەکە سەربەخۆی بەدەستبێنێت، یان بەپێچەوانەوە سەرکوتبکرێت ئەگەر هەلومەرجە هەنوکەییەکە درێژبێتەوە. لەو کەیسەی پێشتردا، مرۆ دەتوانێت ئاماژە بەو فاکتە بکات کەلەلایەن سەمیر ئەمینەوە دانیپێدانراوە، بەدیاریکراوی، پێویستە بونیادێکی چەسپاوی چینێکی کۆمەڵایەتی لەنێو دەوڵەتدا دابمەزرێت، ئەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی مانای چوونە ناوی راستەوخۆی ئەو کۆمەڵگایەیە نییە بۆ قۆناغی سەرمایەداری ناوەندی (تەواو) یان لێواری (زاڵ).[59] پێناچێت ئەم گەشەکردنە لەکوردستاندا بەزوویی بێتەدی، دەرکەوتنی کۆمەڵگایەکی کوردیی بونیاد داڕێژراو، لەوانەیە لەپەروارێزی کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریی جیهانیی پێکەوەگرێدراو بۆماوەیەك بمێنێتەوە.

هـزری سیستمێکی باش گەشەسەندووی چینایەتی وەلانێ، کەلێنی کۆمەڵایەتی لەناوچەکانی کوردستانی عێراقدا هەیە، ئەم کەلێنە لەم ساڵانەی دواییدا فراوانبووەو ئەمێستاش لەشێوەی گروپگەلێکی پێکهاتوودا خۆی دەرخستووە، هەروەها لەنێوان چینە فەرمانڕەواکان (بەتایبەت پارتی

[58] Batatu (1978), p. 7.
[59] Amin (1980), p. 46.



و یەکێتی)و دانیشتووانە گشتییەکە. وێڕای ئەم کەلێنانە، دابەشبوونی کۆمەڵایەتی بەرچاو پەرەیسەندووە لەنێوان پەناهێندە نێوخۆییەکان، ئەو کوردانەی لەبەغداو ناوچە کۆنترۆڵکراوەکانی کەرکوك‌و خانەقین‌و موسڵ راگوێزرابوون،[60] لەگەڵ ئەو دانیشتووانەی لەهەرێمە ئۆتۆنۆکەدا دەژین.

براس تێبینیکردووە کە دەشێت چینێکی ئابووری زاڵ وەك رێگایەك بۆ پتەوکردنی هێز دەسەڵاتی خۆی بەرژەوەندی خۆی لەوەدا ببینێتەوە هاوکاریی دەسەڵاتێکی بێگانەبکات.[61] ئەمەش بۆتە بابەتێکی چەندبارەوەبوو لەپەیوەندییە کوردییەکانی عێراقدا[62] لەگەڵ سەرکردە کوردە خاوەن

[60] ***ناوچەکانی بەنەوت دەوڵەمەندی کەرکوك تووشی هەڵمەتێکی بەرفراوانی راگواستن بۆتەوە لەلایەن بەعسییەکانەوە، ئامانجی گۆڕینی دانیشتووانی ناوچەکەیە لەکوردەوە بۆ عەرەب کە بۆماوەیەکی درێژە وەك بەشێك لەکوردستان لەقەڵەمدراوە. هەزاران کوردی کەرکوکی لەشوێنی خۆیان هەڵکەنران‌و رەوانەی ناوچە ئۆتۆنۆمەکە کراون، بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی، کەلەوێ دەسەڵاتدارانی کوردیی بەو بودجە کەمەی هەیانە ناچارن بچنەژێرباری ئەم شەپۆلە بەرفراوانەی پەنابەران. بۆزیاتر سەبارەت بەم پاکتاوکردنی رەگەزییە بڕوانە:***

Talabany (1999).

[61] 22.Brass (1991), p. 26

[62] ***لێکچوونێك لەگەڵ تورکیادا هەیە، لەوێ هەرێمگەلێکی کوردیی دیارییکراو پێکەوەبەستی ئابوورییان بە چوارچێوەی نیشتیمانییەوە ئەزموونکردووە لەرێگەی کاری هەرەوەزی (یان ملکەچبوون، بەپشتبەستن بەوێناکردنی یەکێك) کەسایەتییە کوردییە دەسەڵاتدارەکانەوە، ئەمە باسکراوە لەلایەن:***

Kendal (1993),
'Kurdistan in Turkey' in Gerard Chaliand (ed.) *A People without a country. The Kurds and Kurdistan*, London: Zed, pp. 38-94.

دەسەڵاتەکان کە پرسی کوردیان بە عەرەبی عێراق گۆڕیوەتەوە لەبەر ئەوەی مافێکی تایبەتیان پێشکەشبکرێت. ئەم بەرژەوەندیخوازییەی خودی چینی فەرمانڕەوا، یان زیاتر بڵێین، چەند تاکێك، بەئاشکرا بۆتە هۆکاری لاوازی جووڵانەوە نەتەوەییەکە، بەڵام دووبارە، ئەمە بەڵگەیەك نییە بۆ دابەشبوونی رێکخراوی دانیشتووانەکە بۆ چینگەلێك.

جەمسەرگیریی چینە جیاوازەکان لەنێو نەتەوەکانو کەمبوونەوەی جیاوازیی نێوان نەتەوەکان هەروەك مانیفێستۆی کۆمۆنیستەکەی مارکس مشتومڕی بۆ کردووە، لەکۆمەڵگای کوردییدا، یان لەپەیوەندییەکانی کوردیی-عەرەبییدا رەنگینەداوەتەوە. لەسەر ئاستێکی بەرفرەتر، ململانێی چینایەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هێندەی ئاستە نەتەوەییەکە بەکارنەبراوە، ئەوەی پێشانیدەدات کە کۆمەڵگای کوردیی بەتێپەڕینی کات بەئاراستەیەکی چینایەتیدا دەڕواتو هەر ململانێیەکی پەیوەندیدار بەچینەکانەوە لەوانە نییە جەماوەری هەرێمەکە کەمەندکێشکات، لەرووی نێودەوڵەتیشەوە هەر وازی لێبێنە. دەوڵەت-نەتەوە لەوانەیە زیاتر هێز لەم گەشەکردنەوە بەدەستبێنێتو فراوانبێت لەبەرامبەر کەمبوونەوەی لەرووی گرنگیو کاریگەرییەوە. ئەمە لەلایەن کارۆلاین ڤۆگلەرەوە دانیپێدانراوە کاتێك دەڵێت:" ململانێی چینایەتی پەیوەستە بە بەهێزبوونو فراوانبوونی دەوڵەت-نەتەوەو جەمسەرگیری جیاوازییەکانی نێوان نەتەوەکان." [63]

دەبێ هەرێمە ئۆتۆنۆمە کوردییەکە لەباکووری عێراق گەشەبکات بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەژەوەندی چینایەتی، بەهەموو ئەگەرەکانییەوە، ملکەچی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا بەژەوەندی

[63] Vogler (1985), P. 3.



گشتی لە بەهێزکردنی ئابووری نەتەوەییدا لەوانەیە پێش هەر سیماکانی دیکەی بەرژەوەندییەکانی چین بکەوێت. هەروەها پشکووتنی چینە کۆمەڵایەتییە بەرجەستەکان رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر" ئاستی ئەو پشت بەیەکتربەستنەی کە بەهۆی چالاکییە ئابوورییەکانەوە دێتەئارا، ئەوەی (مەرج نییە زۆر لەرووی پێویستییەوە) هاوجووت دەبێت لەگەڵ دەوڵەتاندا وەك قەوارەگەلێکی سیاسیی."[64] ئەوە دروستە کە سەروەری نەتەوەیی هانی دەرکەوتنی ململانێی چینایەتی دەدات، بەڵام بوونی بەردەوامی دەوڵەت-نەتەوە، لەسەر ئەو پەیوەندییە چینایەتییانە وەستاوە کە رێکخراون یان لەنێو سنوورە نەتەوەییەکەدا هەن. دەشێت هەر یەك لەپەیوەندییە ئابووریو کەلتوورییەکان بەدرێژایی سنوورە سیاسییەکان بکشێن، هەربۆیە هەر دەرفەتگەلێك بۆ گەشەکردنو پتەوبوونی بونیادێکی چینایەتی هاوبەستە لەکوردستانێکی سەربەخۆ بۆ ناوچە کوردییەکەی باکووری عێراق دەبێت بەلاواز بدرێتە قەڵەم.

پێدەچێت نموونەکانی چینبەندی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگای کوردستاندا باشتر لەبەر تیشکی شرۆڤەکارییە هەرێمییەکانو هەروەها لێکدانەوەی لەرووی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە تێبگەین. هەروەك ئەیوبی تێبینیکردووە:" زۆرجار سیماکانی چینبەندییە ئاسۆییەکان (وەك چین، بژاردە..هتد)... لەگەڵ سیماگەلە شاقوڵییە جیاوازەکاندا (خێڵ، ئاینزا، ئیتنی) پێکدادەچن."[65] جیاوازییە شاقوڵییەکان بەتایبەت خێڵ لەم چوارچێوەیەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی کوردییدا زۆر گرنگە، هەروەها لەم

[64] .Ibid.
[65] Ayubi (1995), p. 175.

هۆیەوەیە کە بایەخێکی فرە بە خێڵەگەرایی دراوە وەك هێزێکی بزۆز لە کۆمەڵگای کوردییدا.

## پوختە

وەك بنەمایەکی گشتی، پێدەچێت ململانێی نێوان نەتەوەکان لەو ململانێی چینایەتییە نێویان لەپێشتربێت،[66] کوردستانیش لەوە بەدەرنییە. هەڵگیرساندنی ململانێیەکی چینایەتی شۆڕشگێڕانە، هەروەك ئەوەی مارکس وێنایکردووە، لەنێوان هێزی کاری پەراوێزخراوو بێبەش کە ژمارەیەکی گەورە پێکدێنن لەگەڵ گروپێکی بچووك لەخاوەنکارە دەوڵەمەندەکان لە کوردستانی عێراق، پێناچێت رووبدات. بەهەمانشێوە، هزرە لێنینییەکەش سەبارەت بە کۆمەڵگا بێ چینەکان کە تێیدا نەتەوایەتی دیارنامێنێت بەڵام هۆشی ئیتنیکی دەپارێزرێت، بەتەواوی لەگەڵ هەلومەرجە کوردییەکەدا نایەتەوە.

کۆمەڵگای کوردیی یەکرەنگ نییە، بەڵکو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پلەبەندە. هەرچەندە، شیمانەکردنی ئەوەی، کە ئەم پلەبەندییە کۆمەڵایەتییە، بەڵگەیە بۆ دابەشبوونێکی ئاشکرای چینایەتی، بڕیارێکی

[66] ***سەرکوتی هەر نیشانەیەکی ململانێی چینایەتی لەجووڵانەوەی فەلەستینییدا لەم چوارچێوەیەدا روونەو بەباشیش بەکەیسە کوردییەکەوە پەیوەستە.***



پێشوەختو نابەکەمە. دیاسپۆرای مەزنی کوردیی لەو بڕوایەدا نییە کە ئەم وێنەیەیان بەهەر شێوازێکی بنەڕەتی گۆڕیبێت.[67]

دابەشبوونی چینایەتی لەنێو ئەو نەتەوانەی خەبات دەکەن لەسەر ئاستی نێونەتەوەی خۆیان دابمەزرێنن (یاخود تەنانەت ئاستی هەرێمیش) بەئاشکرا بایەخی کەمترە لەجیاوازی نێوان نەتەوەکان. لەبری ئەوە، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان گریمانەی بایەخێکی زێدەتری هەیەو فاکتەرێکی سەرەکییە لەهەر ململانێیەکی ئایندەیی چینایەتیدا. لەم دیدگایەوە، وادەردەکەوێت وەك ئەوەی کە خەباتی گشتی نەتەوەیی کوردان باڵادەستی بەسەر ململانێی چینایەتیدا هەبێت تەنانەت پاش پەرەسەندنەکانی سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠کانیش. بەڵام ئایا پێدەچێت ئەو کەلێنە کۆمەڵایەتییەی لە دەیەی پێشوودا سەریهەڵداوە خێڵەکانو بونیادی خێڵەکان سنوورداربکات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە کارکردنی سیستمی خێڵایەتی شرۆڤەبکەین.

[67] ***ئەنجامگیریکراوە لەرێگەی راوێژی بنەڕەتی لەسەراسەری کۆمەڵگەی چالاکی سیاسی تاراوگە لە سوید.***

## دووەم: **خێڵ**

سیاسەتی کوردیی بۆماوەیەکی درێژخایەن بەو سادەییە پێناسەکراوە کە سروشتێکی دەسەڵاتگەرایی خێڵەکیی بووە، هەروەها ئەو باوەڕەی کە چەند سەرۆکێکی خێڵەکیی بەهێزی خاوەن نفوز بەتەواوی بەسەر دیمەنی سیاسەتی نێوخۆییدا زاڵبوون زیاتر لەهەرکات مەسەلەیەکی چەسپاوە. ئەمەش رەنگدانەوەی دیدێکی نەریتی خێڵگەرایییە[68] کە لەرووی جیۆگرافییەوە لێی تێگەیشتوون، بۆ نموونە، بیرۆکەی ئایدیالی سەرکردەیەکی نەریتی خێڵەکی، کە بەسەر ترۆپکی شاخێکەوە یان لەنێو دۆڵێداوە راوەستاوە، وەك رێبەرێك لەهەموو هەلومەرجێکی چاوەڕوانکراودا ئاراستەی پیاوانی خێڵەکەی دەکات، وێڕای سادەکردنەوەیەکی زۆری بابەتەکە، پێدەچێت ئەم تێگەیشتنە وەك بنەمایەك بەسوودبێت بۆ شرۆڤەکردنی ئەوەی کەچۆن لەماوەی رابردوودا سیاسەتی کوردیی بەڕێوەچووە. هەرچەندە، لەهەڵسەنگاندنێکی دیمەنە سیاسییە بزۆزە هەنوکەییەکەو تایبەتمەندییە ئەوڕۆییەکانی، ئەم تێڕوانینە پێویستە بەتەواوی پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

بۆ تێگەیشتن لەئاڵۆزیی نفوزی خێڵەکی لەسیاسەتی کوردیدا ، لەوانە بەرچاوروونییەك بەسوودبێت لەوبارەیەوە کە چۆن خێڵەکان بەگشتی لەچوارچێوە سیاسییەکەدا هەڵدەسوڕێن. هەرچەندە، هەر شرۆڤەیەکی لەو جۆرە، تایبەت دەبێت بەوڵاتێکەوە، بەڵام هەست بەوە دەکرێت کە پلەیەکی

[68] ***هەروەها ئەم دیاردەیە بە تەنگەتیلەیی‌و ناوچەگەراییش ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام خێڵگەرایی دەتوانرێت بەگونجاوترین زاراوە بزانرێت بۆ بەکارهێنان.***



دیاریکراو لە گشتگیریی پێویستە، گەر بمانەوێت خولیایەك بۆ رەگەزگەلێکی بەراوردکاری بۆ دەوڵەمەندکردنی تەواوی مشتومڕەکە بێتەدی. زۆربەی ئەو کۆڵینەوە بەراودکارییانە ئەو سەرنجانە لەخۆدەگرێت کە سەبارەت بەجیهانی عەرەبیی ئەنجامدراون، هەروەك هێندێکجار لەلایەن نووسەری جۆراوجۆریشەوە ئاماژەی بۆکراوە، دەشێت لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەدا نەیەتەوە کە کەوتوونەتە کەناری هەرێمەکەوە، هەروەك خێڵە ئێرانییەکان، بەڵام گونجاوی‌و جێبەجێبوونی بەسەر کوردانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەروەك پێشاندەدرێت، لەچەند نموونەیەکی دیارییکراودا روونە.

### دیدێکی بەراوردکاری سەبارەت بەخێڵەگەرایی

دەتوانرێت چ وەك یەکەیەکی سیاسی‌و چ وەك کۆمەڵێکی کلتووریی لەچەمکی خێڵ تێبگەین.• بۆئەوەی خۆمان لەئاڵۆزییەکی وێناکاری

• *رێکخراوە خێڵەکییەکان لەبنەڕەتدا لەسەراسەری کوردستاندا هاوشێوەن ، وێڕای ئەو جیاوازییەی لەبەکارهێنانی چەمکەکاندا هەیە ، بەگوێرەی بارس ، عەشیرەتی جاف بەسەر ژمارەیەك تیرەدا دابەش دەبێت کە هەریەك لەوانەش بەسەر ژمارەیەك هۆزدا دابەش دەبن . تیرە دەستەیەکی بنەڕەتیی رامیاریی و یەکەیەکی خاوەن زەوییە . وێڕای ئەوەی هۆزیش ، بەرجەستەی دەستەیەکی سەرەتایی نەوەکان دەکات کە تەواوی ئەندامەکانی خۆیان لە بەرەبابێکی هەمان باپیران دەزانن . بەوەش هەموو ئەندامەکانی دەستە خێڵەکییەکەی هۆزی کاکە حەمە بەرەی پیاوێکن کە ناوی کاکە حەمەیە . هەرچەند مەرج نیە هەموو بەرەبابێك ناوی هۆزی لێبنرێت. بارس گفتوگۆی لەسەر ئەو پرۆسەیە کردووە کە چۆن دەگونجێت لقێك لە تیرەیەك جیابێتەوە و دەستەیەکی نوێ پێکبهێنن . ئەو دەستە نوێیەش هەموویان دەبێت سەر بە بەرەبابێك بن . بەڵام جەخت لەسەر جیابوونەوە و سەربەخۆیی خۆی دەکاتەوە . هێندێك لەو دەستانە بۆ نموونە بنجووتن وەك لقێك لە تیرەی شێخ سمایلیی . ویڕای ئەوەی هێندێکیان خزمن وەك*

*شاتریی . ئەمانـە بـەردەوامیی بـە پەیوەندییـەکانی خۆیان لەسـەر بنـەمای یەکسانیی و وەك یـەکیی تـەواو دەدەن . ئـەو راستییەی کـە جـەخت لـەوە دەکاتـەوە یـەك نـەوەن و "کوڕی یەك باوکن" . ئەم تیرانە چەشنە هاوکارییەکی رامیاریی دیارییکراویان لەنێوانـدا هەیـە . کاتێـك رووبـەڕووی بڕیـارێکی گـرنگ وەك جـەنگین دەبنـەوە . سـەرۆکی تـیرە جۆربەجۆرەکان لە ئەنجومەنێکـدا کۆدەبنـەوە و بـە گفتوگـۆ و وتووێـژ لەسـەر بڕیارەکـە رێکدەکەون ، بەڵام ئەنجومەنەکە وەك جەستەیەك خاوەن هێز و توانایـەکی بەرجەسـتە نیـە . خێـڵ یەکەیەکـە بەمەبەسـتی ئـابووریی دادەمـەزرێت ، تـیرە مـافی لەوەڕانـدنی ئاژەڵـەکانی لـە پاوانەکانـدا بـە هاوبەشـیی هەیـە ، بـەڵام هەمیـشە وەك یەکەیـەك هـەوار ناخەن . زیاتر بۆ چەنـد هەوارگەیەك دابەش دەبن کـە هەریەکـەیان پێیـدەڵێن (خێـڵ) . خێـڵ بەشـێکن لـە بـەرەبابی هۆزێـك بـەهۆی پەیوەنـدیی ئـابووریی و خوێنـەوە پێکـەوە بەستراون . لەلایەن بەتەمەنترینیانـەوە بـەڕێوەدەبرێن ، ئـەوەی بەشـێوەیەکی نافـەرمیی دەستنیشان دەکرێت و بەهۆی چالاکیی و پایەکەی دەسەڵاتی دەدرێتێ . بەگوێرەی بـارس ، زۆربەی جار خێڵ لەچەندین خێزان پێکدێت کە ژمارەیان لەنێوان بیـستوسێ بـۆ سـی خێزانە . هەریەکەیان دەوارێکی جیایان هەیە ، ئاژەڵەکانیان بەشێوەی مێگەلە و نزیکەی پێنج سەد سەرە . هەر مێگەلێك شوانی خۆی هەیە . مێگەلەکان لەسەر بەنەمای هێڵێکی خزمایـەتیی پێکـدەهێنرێت ، لەگـەڵ باوکـان ، براکـان یـان لەگـەڵ خزمـانی دیکـەدا سەرەکانیان دەکەنە یەك . دەگونجێت شوانەکان ، رەنجبەرەکان ، هەروەها کەسی دیکـەش بەشێك لە خێڵ پێکبهێنن بەبێ ئەوەی ئەندامی عەشیرەتەکە بن . خزمە هەژارەکان زۆر کات بۆ ئـەم مەبەسـتە بـەکاردەبرێن وادەردەکـەوێت کـە خێـڵ لـە باشـووری کوردسـتانـدا هاوشێوەی (ئۆبە) یە لە هێندێك لە بەشەکانی باکووری کوردستان . بـەگوێرەی نیکیـتین ، ژمارەی ئاژەڵەکانی ئۆبە جیاوازن و لەنێوان پێنج سەد بۆ دەهەزار سەرە . ئەو لەسەری دەڕوات و دەڵێـت کـە ئۆبـە لـەنێوان هەشـت تـا پـەنجا رەشمـاڵ پێکـدێت . لەباشـووری کوردستان ، ژمارەی ئەو رەشماڵانەی ئۆبە پێکدێنن جیاوازن و لە نێوان بیـست بـۆ پـەنجا دانەدان ، هەروەها ژمارەی ئەو سەرمەڕانەی ئەم یەکانە دەیگرنە خـۆ لـەنێوان هـەزار بـۆ دووهـەزار سـەرە . هـەر تیرەیـەك لەلایـەن رەئیـسێك یـان ئاغایەکـەوە سـەرۆکایەتیی دەکرێـت و پایەکەشـی بـە مـیرات بـۆ دەمێنێتـەوە ، ئاغـا بەرجەسـتەی خانـەدانی تـیرە*



بەدووربگرێن، لەم کۆڵینەوەیەدا خێڵ وەك رێکخراوێکی سیاسیی مامەڵەی لەتەك دەکرێت، ئەوەی لەگەڵ ئەو تێڕوانینو سەرنجانەدا دێتەوە کە گیلنەر لەبارەی خێڵەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیـەتی کـە لەبنەڕەتـدا خۆیـان وەك یەکەگـەلێکی سیاسـیی بەرجەسـتەدەکەن لەگـەڵ رۆڵێکـی لاوەکییـدا.[69] هەرچـەندە، گرنگـە جـەخت لـەوە بکرێتـەوە کـە خێڵـە کوردییـەکان بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ خۆیـان رێکناخـەن، بـەڵکو هـەوڵی بەدەسـتهێنانی پێگەی سیاسیی لەنێو

*دەکـات ، وێـڕای ئـەو پەیوەسـتە خزمایەتییـەی سـەرۆك بـە ئەنـدامانی تیرەکەیـەوە دەبەستێتەوە . بەشێوەیەکی رێژەیی چەند حاڵەتێکی کەمی ژنخوازیی لەگـەڵ خانـەدانی بـەرەبابی هۆزەکـانی دیکـەدا بەرچـاو دەکـەوێت . ژنومێردایـەتیی نێوخـۆیی کەلەسـەر بنەمای خزم خواستن رادەوەستێت لەنێو بنەماڵە خانەدانەکاندا باوە . پێویست بە گـوتن ناکات ، ئەو کردارە یارمەتیی بەهێزبوونی پێگەی سەرۆك دەکات لەنێو تیرەکەی خۆیدا . ژنومێردایـەتیی دەرەکـی شـتێکی ناوازەیـە ، گـەر رووبـدات ، ئـەوا لـەنێوان سـەرۆك و خێزانێکـی سـامانداریی ئاسـاییی نێـو هـەمان تـیرەی خـۆی بـەڕێوە دەچـێت . کـوردە خێڵەکییـەکان کوێرانـە دوای سـەرۆکەکانیان دەکـەون و بـێ ئـەملاولا ملکەچـیی و گوێڕایەڵیی خۆیان پێشاندەدەن ، لەسەر داوای سەرۆکەکەیان بێ سێودوو ژیـانی خۆیـان دەخەنە مەترسییەوە، ئەو سەرۆکانەی لەناوچە چۆڵ و دووردەستەکاندان زیاتر بەتەنگ دەستوپێوەندەکانیانەوە دێن وەك لەوانەی کەوتوونەتـە نزیـك ناوەنـدەکانی حکومەتـەوە بڕوانە:*

*پرۆفیسۆر. دکتۆر وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد . بنـەماو پەرەسـەندنی، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی.د.یاسین سەردەشتی، سلێمانی، ٢٠٠٨. ل ٧١-٧٥.*

[69] Gellner (1983b), p. 436.

چوارچێوەی پارتە کوردییەکاندا دەدەن، بەوتەیەکی دیکە، خێڵەکان کەوتوونەتە ئەوەی پشت بە ڕێکخراوی هاوچەرخی پارتە سیاسییەکان ببەستن.

هۆکاری گشتی بۆ هەر مشتومڕێکی خێڵەکی ئەوەیە کە خێڵەکان بۆماوەی چەندین سەدەیە لەوجێگایانەن کە ئێستاکە تێیدا دەژین و ئەم ڕاستییەش پرسیارێکی گونجاو دێنێتەئارا، ئەویش ئەوەیە خێڵەکان چ جۆرە قەوارەیەکی کۆمەڵایەتیین کە بۆماوەیەکی ئەوەندە درێژخایەن پڕ گۆڕانی دیمۆگرافی و سیاسیی توانیویانە مانەوەی خۆیان زامن بکەن.

پاتریسیا کرۆن، بەشێوەیەکی پوخت پێناسەی خێڵی کردووە کە "کۆمەڵگایەکە پشت دەکاتە بنەما بۆ یەکخستنی سیاسیی"[70] ئەمە دەتوانرێت بەو پیاوە خێڵەکییانە لێکبدرێتەوە کە یەك پشتیان هەیەو لەبەرەبابێکن، ئەوەی وادەکات ئەوانە هەموویان خۆیان بەبراو یەکەکی کۆمەڵایەتی هەماهەنگ بزانن. تێکڕای ئەندامانی خێڵ لەوەدا هاوبەشن کەباپیرەگەورەیەکیان هەیە- تاکە رابردوویەك و ئایندەیەکی پێکەوەیی، کە ژیانی پێکەوەیی هەنوکەییان پێکدەهێنێت. سنوورێکی ئاشکرا لەگۆڕێدا نییە. ڕژێمی خێلەکی بەچەشنێك لە "لۆژیکی ستراکتوری" ناسراوە. پاول درێش، کە بنەمای کارەکەی لەسەر خێڵەکانی یەمەنی سەروو ئەنجامداوە، ئەم تێبینییەی خوارەوەی کردووە:

" خودی خێڵەکان قەوارەگەلێکی هەرێمیین. زۆرجار هەرێمی هەر یەکەیان پێکەوەیە، هەرەیەك سنووری خۆی لەگەڵ هاوسێکەیدا دەزانێت،

70 Crone (1986), p. 51



لەنێو زەوی و خاکی خێڵەکاندا چەند جێگەیەکی زۆر کەم هەیە بەئاشکرا موڵکی خێڵێك یان ئەوی تر نەبێت."[71]

سیستمێك کە لەسەر بەها خێڵەکی و دابونەریتەکان ڕاوەستابێت هەڵگری ڕەگەزگەلێکی دیموکراتیکی شاراوەیە، لەکاتێکدا دیوەخان دەشێت وەك ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاریی و بڕیارسازیی ڕاژەبکات،[72] هەرچەندە، گرنگە تێبینی بکرێت کە چەند شێوەیەکی خێڵگەرایی لەئارادایە: کە هێندێك زۆرو هێندێك کەم ئەم ڕەگەزە دیموکراتیکانە لەخۆدەگرن. هۆکارێکی گرنگ کە ئاستی دیموکراتییەکە دیاریدەکەن بریتیە لەژینگەکە داخۆ شاخاوییە، لادێی تەختانە، یان شارەکانە.

(درێش)، لەو مشتومڕەدا کەسەبارەت بە بەردەوامی خێڵەکان کراوە، تێبینیکردووە کە دەشێت خەڵکانێك لەنێوان خێڵەکاندا ئەمبەراوبەر بکەن، کاتێك ئەوەش ڕوودەدات، واپێدەچێت سیستمێکی پێناسەکردنەوە هەبێت تێیدا یەکە جیۆگرافی و سیاسییەکان لەنموونەگەلێکی نوێدا کۆبکاتەوە."[73] نموونەیەکی وا سەبارەت بەم حاڵەتەوە دەشێت لەمێژووی خێڵی بەهێزی قاشقاییدا ببینرێتەوە لەباشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران،[74] ئەو کەیسەی کە ڕاستییەك بەرجەستەدەکات ئەویش ئەوەیە کە خێلەکان بەگشتی لەرووی جیۆگرافییەوە چەسپاون، بەڵام پیاوان و خێزانەکان پێویست نییە بەو شێوەیە بن. لەوتەکانی درێشدا، "چەسپاوی هەرێمیی دیاریکەری شوناسی

71 Dresch (1989), p. 75.

72 ***ئەمە بۆ نموونە تێبینیکراوە لەلایەن جۆزیف کۆستینەر لە گەنگەشەکەیدا سەبارەت بە خێڵ و دەوڵەت لەسعودیە؛***
Khoury and Kostiner (1990), p. 245.

73 Dresch (1989), p. 328.

74 Beck (1980), p. 223.

دەستەجەمعییە، لەکاتێکدا خێزانەکان‌و پیاوانێکی تایبەت دەتوانن بڕۆن‌و ناوەکانیشیان لەتەك خۆیان بەرن."[75] بەوەش خێڵەکان دەشێن لەگەڵ خێڵی دیکە بەگیانێکی برایانەدا تێکەڵبن کە لەئاکامی ئەم گۆڕانی شوناسەدا دێتەئارا- ئەو کردارەی پێدەچێت ماوەیەکی زۆر بمێنیتەوە. لێرەوە، روون دەبێتەوە کە پێویستە جیاکاری لەنێوان خێڵدا بکرێت وەك یەکەیەکی بەردەوامی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی، هەروەها ئەو خەڵکەی کە لەهەرکاتێکدا پێکیدێنن، لەکاتێکدا خێڵەکان زیاتر لەئەندامەکانیان ژیان دەکەن، ئەو ئەندامانەی دەشێت جووڵەو گواستنەوەیەکی دیارییکراو پێشانبدەن.

پێکهاتە جینالۆجییەکانی {زنجیرەی پشتاوپشت}خێڵەکان تاڕادەیەك نەچەسپاوو ناجێگیرە، تا ئەورادەیەی ئەو کەسەی کە وەفادارییەکی بێسنوور بۆ پیاوێکی خێڵەکی دەردەبڕێت دەشێت دواجار گریمانەی پێگەی خزم‌و خوێشی بۆ دابنرێت، لەکاتێکدا ئەوانەی بەخوێن خزمن کە ناپاکی خۆیان پێشانبدەن دەشێت پێگەی خزمایەتی نزیکی خۆیان لەدەستبدەن. داڤیس ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە کە پرنسیپی "خزم خزمایەتییە."[76] ئەو سیمایەی بوونی لەکۆمەڵگای کوردستاندا لەلایەن ڤان بریونسنەوە پشتگیری کراوەو جەختی کردۆتەوە کە" وەفاداری سیاسی راستیینە بۆ بنەماڵەیەك دەشێت بەتێپەڕینی کات زۆر بایەخدارتربێت لە خزمایەتی راستیینە."[77] هەرچەندە، ئەو پشتە رەسەنە یان دروستکراوە کە بانگەشەی بۆدەکرێت، نموونە گشتییەکەی لەلایەن حەتمیەتی پشەتەکەیە باڵادەستە، بەوتەیەکی تر، مۆدێلە نەوەییەکە " میراتگر"ی پابەندی‌و مافەکانە لە بابیرە گەورەی

[75] Dresch (1989), p. 332.
[76] Davis (1987), p. 61.
[77] van Bruinessen (1992), p. 51.



یەکێکەوە، هەروەها لەسەر نەوەکانە هەمان ئەو وەفادارییە بنوێنن. داڤیس دووبارە دەڵێت :" پابەندبوون بەپشتگیریی کەسانێکی دیکەی دیارییکراو، مردنیش لەگەڵیاندا ئەگەر پێویست بکات، کارێکە لەیەکتر جیانابێتەوە."[78]

خێڵ یەکەیەکی یەکرەنگ‌و هەماهەنگ نییە، بەڵکو هەر یەکەو بۆچەند هۆزو تیرەیەك دابەشدەبێت. لەنێوان ئەم هۆزو تیرە دابەشبووانەدا ناکۆکی نێوخۆیی خێڵەکی هەیە کە بەگوێرەی فەزا سیاسییەکە جەخت یان نکۆڵی لێدەکرێ. لەکاتی ململانێدا سروشتی پەیوەندییەکانی نێو خێڵێك بەقووڵی گۆڕانی بەسەردادێت، ئەوەش بریتیە لەوەی کە تایبەتمەندی دابەشبوونی بونیادە خێڵەکییەکەی تێدا دەردەکەوێت. پەیوەندییە ئاساییەکەی نێوان هۆزو تیرە جیاوازەکان کە خۆی لەدژایەتی یەك بۆ ئەوی دی دەبینێتەوە، لەبری ئەوە دەگۆڕێت بۆ سەرلەنوێ یەکڕیزیی‌و یەکێتی تەواوی خێڵەکە.لەکاتی بەرووداوەستانی هەڕەشە دەرەکییەکان، شوناسی گشتی‌و دەستەجەمعی هۆزو تیرەکان، کە هەمیشە بایەخێکی کەمی بووە، لەناکاو بایەخ‌و گرنگییەکی زۆر پەیدا دەکات.[79] لەکاتی رووبەڕووبوونەوەی هێرش‌و مەترسییە دەرەکییەکان، کێشە نێوخۆییەکان "هەڵدەپەسێررێن"، هاوشێوەی ئەوەی چۆن ململانێی چینایەتی لەنێو نەتەوەیەکدا هەڵدەپەسێررێت لەکاتێکدا ئەو نەتەوەیە دەیەوێت لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی خۆی دەرخات.

هۆکارێکی گشتی دیکەی یەکێتی خێڵەکی لەناوچە جیاوازەکاندا بریتیەلە پێگەی شێخەکان‌و گرنگیان بۆ خێڵەکە. ئەوانە خودی خۆیان دەسەڵاتێکی فەرمی نین، بەڵام ئەوان وە شێخێکی بەتەمەن‌و وەك

[78] Davis (1987), p. 61.
[79] Dresch (1989), p. 346.

خزمێکیش "دەتوانن بە نەرمیو پێداگری خۆیان وا لەخەڵکەکە بکەن بەشێوەیەك هەڵسوڕێن کەدواجار بە پتەوبوون یان زێدەبوونی بایەخو پرستیژی گشتی ئەوان کۆتاییبێت." [80] توانـاو شایستەیی بۆئاشتیپارێزی یەکێکە لە هەرە ئەرکە سەرەکییەکانی شێخ، هەروەها دەشێت مرۆ بڵێت کە " چارەسەرکردنی کێشەکان پشت بە هاوکارییە خودییەکان دەبەستێت." [81] کاتێك رووبەڕووی هەڕەشەیەکی دەرەکی دەبنەوە، کە پێویست بەگرتنەبەری هەڵوێستێکی هەماهەنگ دەکات بۆ بەرگرییکردن لەزێدی گشتی خێڵەکە، شێخەکانی هۆزو تیرە جیاوازەکان لەگەڵ یەکدا راوێژدەکەنو هەموو دیدە ناکۆکەکانی خۆیان هاوسازدەکەنو بڕیار لەسەر باشترین کار دەدەن. ئەوکاتە شێخ وەك "رووی" خێڵ کاردەکات، هەروەك درێش، ئاماژەی بۆکردووەو پێگەی بەرچاوی شێخەکانی هەروەك لای خوارەوە پوختکردۆتەوە:

" کەسێکە پێویستە تفەنگ یان گا پێشەکشبکات، کەسێکە پێویستە پیاوانی خێڵ پێکەوە کۆبکاتەوە، کەسیکە پێویستە وەك تاکە گروپێك قسەیان بۆبکات، لایەنێك بانگ بکات بۆ پشتگیریی دژی لایەنێکی سێیەم یان بۆ ناوبژیوانی. هیچ هەستێکی جێگیر نییە سەبارەت بەوەی چی روودەدات تاکەسێك دێتە پێشەوەو خاڵ دەخاتە سەر وشەکان،ئەوەش پشت بەوە دەبەستێت چۆن و بۆ کێ." [82]

ئەوەی خەڵکانێکی خێڵەکی لە ناخێڵەکی جیادەکاتەوە لەزۆربەی چاوی پیاوانی خێڵدا بریتیە لەگەڕانەوە بۆ قەوارەیەکی دیارییکراوو جۆرایەتی

[80] Davis (1987), p. 96.
[81] Crone (1986), p. 50.
[82] Dresch (1989), p. 99.



ئەو شەرەفەی لەگەڵ خۆی دەیهێنێت، هەروەك دووبارە لەلایەن درێشەوە لێکدراوەتەوە:

" شەرەڤی خێڵو هۆزو تیرەکانی، پشت بە "پارێزراوی" خاكو قەڵەمڕەوەکەی دەبەستێت، ئەو وێناکردنەی کە زیاتر دەگرێتەخۆ، زیاتر لە بەرگرییەکی ساکار لەسنوورەکان...زەوییە کشتوکاڵییەکان موڵکی تایبەتن، هیچ یەك لەوانە موڵکێکی گشتی تیرە یان تەواوی خێڵەکە نییە، خاوەندارێتی زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ پێگەو مەقامی پیاوێکی خێڵەکیی مەسەلەیەکی گەوهەرییە...شەرەڤی هاوبەشی یەکێك، کەدەبێت بپارێزرێتو بە پارێزراوی بمێنێتەوە، لەبنەڕەتدا بەهۆی سنووری هاوبەشێوەیەتی کە خێڵەکە یاخود تیرەکە دەناسێنێت." [83]

## خێڵەکانو دامەزراندنی دەوڵەت

خێڵەکان بەشێوەیەکی جیاواز پەیوەستن بە بونیاتی سیاسی تایبەتو جیای "نەتەوە"و "دەوڵەت"ەوە. پێدەچێت بەگشتی قەوارە خێڵەکییەکان بەپێکهاتەیەکی ئەرێی لەپرۆسەی نەتەوەسازیی لەقەڵەمبدرێن، بەڵام دەبنە لەمپەرێك لەبەردەم دەوڵەتسازییداو رەگەزگەلێکی ناجێگیرو ئاڵۆز پێکدەهێنن. تاقیکردنەوەی ئەمە لەچوارچێوە کوردییەکەدا لەوانەیە بەشێوەیەکی تایبەت رۆڵی خێڵە کوردییەکان لەم پرۆسە سیاسییانەدا روونبکاتەوە. کوردان نەتەوەیەك پێکدەهێنن کە تێدا نفوزو بونیادە

[83] Ibid. pp. 80-82.

خێڵەکییەکان رووخسارو سیما سەرەکییەکانی پێکدەهێنێت، ئەگەری ئەوەشی هەیە کە بەئاراستەی دامەزراندنی خۆی بڕوات وەك دەوڵەتێك لەنێو ئەوانی دیکەدا لەسەر شانۆ نێونەتەوەییەکە. لەسیناریۆیەکی بەم چەشنەی نەتەوەبوونەوە کە بۆ دەوڵەتبوون هەنگاودەنێت، چالاکیو هەڵویستی خێڵەکان دەبێت لەبەرچاوبگیرێنو هەڵبسەنگێنرێن.

نەتەوەسازان "Nation-builders" رووبەڕووی ئەرکێکی سەخت بوونەوە لەکاتی هەوڵدان بۆ ئاراستەکردنەوەی وەفاداری نەریتی خێڵەکییەکان کە بۆ خێڵەکانیانە بۆ خزمەتی نەتەوە. بەوەش ئامانجی ئایدیۆلۆجی دەوڵەتسازان دەبێت کەمەندکێشکردنی سەرکردە خێڵەکییەکان بێت بۆنێو رێکخراوی دەوڵەت وەك هەوڵێك بۆ بەستنەوەی ئەو ئینتیما بەهێزانە بەدەوڵەتەکەوە، ئەو سیستمەی کە هێندێکجار بە" political tribalism /خێڵگەرایی سیاسی" ناودەبرێت.[84] کەیسێکی نموونەیی بۆ روونکردنەوەی ئەمە بریتیە لە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەتی هاوچەرخی عەرەبی سعودی، کاتێك لەواقیعدا دەسەڵاتی حکومەت لەملکەچکردنی پلە بەپلەو خشکەیی سەرکردە خێڵەکییەکان درێژبۆوە. کەسایەتییە رێبەرییەکانی دەوڵەت خۆیان لەگەڵ سەرکردەی دامەزراوە خێڵایەتییەکاندا رێکخست، هەروەها ئەو هاوکارییەی هاتەئارا، کە سروشتەکەی بەتایبەتمەندی خێڵەکی جیادەکرایەوە، رەگەزی پێویستی ئاشنایەتی گرتەخۆ کەپێویستبوو بەهۆیەوە خەڵکی هەست بەبەردەوامی لە

[84] Or al-qabaliyya al-siyasiyya as coined by al-Naqib in his Al-Mujtama' wa al-dawla fi alkhalif wa al-jazira al-`arabiyya [Society and the State in the Gulf and the Arabian Peninsula], (1987) Beirut: CAUS, and elaborated on by Ayubi, N. (1995), pp. 240-253



کۆمەڵگاکەیاندا بکەنو گۆڕانی خێرا بەخۆوە ببینن. ئەمە لەلایەن جۆزیف کۆستنەرەوە روونکراوەتەوە:

" بەها خێڵەکییەکان شوێنی کارگێڕی دەوڵەت ناگرنەوە بەڵکو خۆیانی لەگەڵ دەگونجێنن، وای لێدەکەن هەڵمژینی نەرمترو ساناتر بێت.بەوەش، بەپێچەوانەوە، ئەوانە دەبنە فاکتەرێکی گرنگ لە بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی دامەزراوەکانی دەوڵەت." [85]

لەبارەی دەسەڵاتو سەرچاوەکانی دەسەڵاتەوە، دووبارە دەگەڕێنەوە سەر دەسەڵات بەسەر خێڵەکاندا، دێرش، ئاماژەی بەوەداوە کە رێحەزێك هەیە بۆ "هاوتاکردنی دەسەڵاتو شوناس"، هەروەك بۆنموونە، دەوڵەتو نەتەوە هەمان شتبن." [86] بەڵام کۆستنەر جەختی لەوە کردەوە ئەمە ئەوە نییە کە چۆن مرۆ بڕوانێتە خێڵەکان. راستتر " دەسەڵات لەسەر بنەمای شوناسی خێڵەکی بەرفراوان دەکرێت، هەروەها ئەو شوناسە زێدەتر لەتەمەنی دەسەڵاتەکە ژیان دەکات، لەکاتی رۆیشتنی گەوهەری دەسەڵاتەکە ئەو یادەوەریو ناوبانگەش دەپارێزێت." [87] لێرەوە، مرۆ دەشێت ئەنجامگیریی بکات کە خێڵەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە هەڕەشەیان لەسەر نییە، هەروەك لەدەرەوە مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت، بەهۆی بونیادگەلێکی باڵای وەك دەوڵەت. بەوتەیەکی تر، ئەوە ئەرکێکی بەدیهاتووی ئاسان نییە کە خێڵەکان وەك قەوارەگەلێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەسەر خاکی دەوڵەت قەڵاچۆبکرێنو بسڕێنەوە، بەدەر لەوەی دەشێت ئەو دەوڵەتە چەندە بەهێزو دەسەڵاتداربێت.

[85] Kostiner (1990), p. 246.
[86] Dresch (1989), p. 354.
[87] Ibid.

بەڕۆیشتن لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە بۆ باکووری ئەفریقا، ڕێکخراوی خێڵەکی لە لیبیا لەکلاوڕۆژنەی کارەکانی جۆن داڤیسەوە تەماشادەکرێن.هاوشێوەیی لەنێوان هەردوو هەرێمە عەرەبییەکەدا بەدڵنیاییەوە دەتوانرێت ببینرێت، بەڵام چوارچێوەکەی لیبیا بەقووڵی جیاوازترە بەو مانایەی کە خێڵ دەبێتە ئەلتەرناتیڤێکی رادیکاڵ بۆ دەوڵەت...خێڵگەرایی لیبییەکان بوژانەوەیەکی ساکار نییە، ناتوانایییەك بۆ خۆگونجاندن، گۆڕان، بەڵام خود هۆشیارییەکی رکابەری لەگەڵ حکومەتو کارەکانیدا هەیە." [88]

خێڵەکان لەناوچە دووردەستەکانی لیبیا بەبێ دەستێوەردانێکی دەوڵەت دەژیان، هەروەها هەستی بێدەوڵەتیان لەلا گەڵاڵە بوو. چەسپاندنی جێگیری کۆمەڵایەتیو ئاشتی لەکۆمەڵەکانیاندا پشت دەبەستێت بەمانەوە لەنێو نموونەیەکی تەواوی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی خێڵ، کە هەستێکی بەهێز لە هەماهەنگی دێنێتەئارا کە لەگەڵ "'impersonality / ناشەخسانییەتی" دەوڵەتان پێکدژە. ئەم هزرە لیبییە بۆ " statelessness / بێدەوڵەتبوون" هەریەك لە ڕەگەزگەلێکی ئەرێیو نەرێیە بۆی، سروشتی ئەرێی بریتیە لەو رۆڵە ناوەندییەی خزمایەتیو وەفادارییە- ئەوان پشتیان بە پێکەوەییە نێوخۆییەی رابردووە کە ناتوانرێت بگۆڕێت- ئەوەش پشتگیرییو ئاسایش بۆ هەریەك لەپیاوە خیلەکییەکان فەراهەم دەکات. هەرچەندە، ئەم پشتگیرییە وادەکات دەوڵەتی پارێزکار ناپێویست بێتو هەر حکومەتێکی نەتەوەییش زێدەبێ. لەرزۆکیی ئەم هاوسەنگییە بەئاسانی دەشێوێتو فەزایەك لە ترس پێکدێنێت، هەروەك داڤیس ئاماژەی

[88] Davis (1987), p. 182.



بۆکردووە، " رژێمی کۆمەڵایەتی لەسەر رەتکردنەوەی توند راوەستاوە کە پێویستی بە وریاییەکی بەردەوام هەیەو نەرمڕەو نییە." [89] تێبینییەك کە رەنگدانەوەی ئەو فەزایەیە کە لەنێو ناوچە خێڵەکییە کوردییەکاندا بەربڵاوبووە.

کۆمەڵگایەکی خێڵەکی نەریتی ( ئەوەی کە لەناوچە کوردییەکانو هەروەها عەرەبییەکانی عێراقدا هەیە ) بەئاسانی دان بە دەسەڵاتی ئەوانەدا نانێن کە دەوڵەت دایمەزراندوون. ئەمەش بایەخی گرنگی دامەزراندنی پلاتفۆرمێکی سیاسیی بەرفراوان دەخاتەروو، کە دەتوانێت هەروەها بگونجێت لەگەڵ فۆرمە نەریتییەکانی ڕێکخراوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان. لەکاتی مشتومڕکردن سەبارەت بەدەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی واگونجاوە بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرسیارەی کەپێشتر کراوە، ئەوەی کە : گریمانەی ئەوەی کە ئەو خێڵانە لەوانەیە ئاسانکاریی بۆ نەتەوەسازیی پێکبهێنن بەڵام بەتوندی دەبنە لەمپەر لەبەردەم ئەو هەوڵانەی بۆ دەوڵەتسازیی دەدرێن. کۆمەڵگای خێڵایەتی کوردیی پێدەچێت هاوشێوەی ئەوەکەی یەمەن بێت، ئەوەی دێرش سەبارەت بەو خێڵانە تێبینیکردووە کە" خەمی سەرەکی سەربەخۆیی نێوخۆییە...پێشمەرجی بەدوورگرتنی ئەو خەڵکە ناخێڵەکییەیە بەلەدایکبوون پێناسەکرابوون، ئەو وێناو چەمکەی لەگەڵ زمانی سیاسی هاوچەرخدا پێکدژە." [90] ئەمەش مانای ئەوەمان پێدەدات کە ئەگەر خێڵگەلێکی دیارییکراو دژایەتی دەسەڵاتدارێتی عێراقییان کردووە لەوانەیە هەروەها نەیاری دەسەڵاتدارییەکی ناوەندیی کوردییش بن.

[89] Ibid. pp. 41-42.
[90] Dresch (1989), P. 395.

بۆئەوەی تەیارکردنی دەستەجەمعی دانیشتووانی لادێ بهێنرێتەدی، "communal partisanship / بەشداری گشتی، وەك شێوازێك بۆ کەمەندکێشکردنی گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا کە زۆربەیان بەو بەرژەوەندییانە دەناسرێنەوە کە لەگەڵ بەهاگەلە نەریتییە گشتییەکانیاندا ناکۆك لەقەڵەم دەدرێن، لەلای زۆربەی جووڵانەوە نەتەوەییەکانەوە بینراوە. کوردستانیش لەمە بەدەرنییە. پابەندێتی بەو بەها نەریتییانەی کە زۆربەی کۆمەڵگا خێڵەکییەکانی لەسەر راوەستاوە بابەتێکی درککراوو دانپێدانراوی "pantribalism / یان خێڵگەرایی" نییە ( هەروەك لای خوارەوە پوختەکراوە )، بەڵام بەشداری گشتی وەك شێوازێك بۆ گەیشتن بەخێڵگەرایی بەشێوەیەکی چەندبارەوەبوو لەلایەن سیاسەتی کوردییەوە بەکارهێنراوە. جووڵانەوەی کوردیی لەدەورانی فەرمانڕەوایەتی مەلامستەفا بارزانیدا زیاتر لەڕووی رێکخستن‌و بونیادەوە قەرزاری خێڵگەرایی بوو وەك نەتەوایەتی، پارتی دیموکرات لەسایەی رێبەرایەتی مەلامستەفاوە لەسەر بنەمای بەشداری گشتی هەڵدەسوڕا.

لەو ناوچانەی کە نەریتگەرایی وەك بەهێزترین رەگەز ماوەتەوەو رێگە بۆ هەنگاونان بەرەو مۆدێرنەو هەروەها ئەو هەوڵانە نەدراوە بۆ پێشکەشکردنی پرۆسەگەلێك لەپێناو بەدیهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی، بەشداری گشتی دەکرێت وەك فۆرمێك بۆ جووڵانەوەی خێڵەکی لەقەڵەمبدرێت کە هاوشێوەی پارتێکی سیاسییە. دەشێت ئەندامەکان پارتەکە وەك درێژبوونەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیان ببینن، ئەو سیماگەلە کۆمەڵایەتییانەی کە تایبەتمەندییەکانی رێکخراوی خێڵەکی نەریتی تێکپێچاوو پەردەپۆشکردووەو خۆی لە وابەستەییە رۆحیو سۆزەکییەکاندا بەرجەستەدەکات. بەوەش، پارتەکە دەبێتە ئەلتەرناتیڤێك



بۆ دەربڕینی رژێمە کۆمەڵایەتییە خێڵەکییە نەریتییەکەیان: پلاتفۆرمێکی سیاسی بە رەهەندێکی زێدەکراوی پێکەوەگرێدان بە سیستمێکی گشتگیری بەهاکانەوە، سیستمێك کەدەشێت بەها نەریتییەکانی رەگەزگەلی نەتەوەی لەخۆبگرن.

هەرچەندە، بەبەراوردکردن لەگەڵ پارتە سیاسییەکاندا،[91] پێویستە جەخت بکرێتەوە کە لەرووی بوونی قەوارەگەلە چەسپاوو بەردەوامەکاندا، هیچ یەك لەو پێکهاتە ئایدیۆلۆجییانە ناتوانن هاوشێوەی رژێمە خێڵەکییەکە بن. ئەندامانی خێڵەکان لەرێکخراوەکە وازناهێنن بەهۆکاری ناڕازیبوونیان لە فەلسەفە یان بیروڕای سەرکردایەتی (هەرچەندە دەشێت بەهەر هۆیەکی دیکە واز بێنن یان دووربخرێنەوە) بەوتەی جۆن داڤیس " ئەم گروپانە لەسەربنەمای بیروڕا دانەمەزراون"[92]

هێزە خێڵەکییەکان لەسایەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی تاکو ناوەڕاستی ١٩٧٠کان بە بەشداری گشتی دەناسرا بەسەر شانۆی سیاسی کوردیدا زاڵبوون. هەروەها لەو ناوچانەی هەرە نەریتییەکانی بەکرمانجی قسان دەکەن لە بەشە لادێنشینەکەی باکووری "کوردستانی ئازاد"، هێشتا بەشداری گشتی وەك بنەمایەکی سوودبەخش دەردەکەوێت کە بەهۆیەوە بەشێکی گەورەی دانیشتووانەکە تەیاربکرێت.

ئایدیۆلۆجییە نوێیەکانی وەك نەتەوایەتی لەسەدەی بیستەمدا خۆیان خستۆتە سەر شانۆی سیاسی کوردییەوە، کاریگەرییەکەیش بەشێوەیەکی

[91] *لێرەدا بەئاماژە بۆ "کۆبوونەوەی خۆبەخشانەی تاکەکان، کەلەپێناو کەبەستی سیاسی هاوبەشدا یەکدەگرن" ؛*
Scruton (1996), pp. 405-406.

[92] Davis (1987), p 61.

سەرەکی لەناوچە شارنشینەکاندا هەستیپێکراوە. لەم ناوچانەدا لاوان دەیانتوانی بۆ پێشخستنو بەدیهێنانی خولیا ئەکادیمییەکانیان بچنە زانکۆکان، ئەوەی شیمانە نەدەکرا لەلایەن کۆمەڵگا خێڵەکییە نەریتییەکەوە زۆری جێگەی بایەخ بێت. واپێدەچێت لەوانەبێت کە خوێندنی باڵا وا لە خێڵەکییەکان بکات بەتێپەڕینی کات پلاتفۆرمێکی جیاواز بنیاتبنێن کە بتوانن لێیەوە راهێنان لەسەر فۆرمێکی نوێی سەرکردایەتی سیاسی خاوەن ئایدیۆلۆجیا بکەن- ئەوەی پێچەوانەی رێکخراوی خێڵەکییە. ئەم چینە خوێندەوارە پەروەردەکراوانە دەبێتە هەڕەشەیەك بۆ ئەو پێگەی دەسەڵاتە بەردەوامەی خێڵەکان، بەو مانایەی کە خێڵەکان هەمیشە تاکە ئەنجامدەری تەیارکردنی گروپەکان بوون.

لەئاکامی ئەم پشکووتنەی ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی، ئاگاهیو وشیاربوونەوەی خەڵك سەبارەت بەوەی کەسەر بە گروپێکی تایبەتی خێڵەکینو ئاراستەی جیاوازیان لەرووی ئاینیو ئیتنیو زمانییەوە هەیە، لاوازبوو. سەرکردایەتی خوێندەواری کورد کە وەك دەستەیەکی شارەکیی لەکۆتایی ١٩٧٠کاندا سەریانهەڵدا، ئینتیما خێڵەکییەکانیان هەڵپەسارد (ئەوانەیان کە ئینتیمایەکی وایان هەبووبێت)و هێزی خێڵگەراییان وەك دوژمنێکی نێوخۆ "سەرکوتکەرانی نێوخۆ"[93]ی نەتەوایەتی کوردیی لەقەڵەمدا. ئەم دیدو تێڕوانینەیان رەنگدانەوەی ئەو گریمانە جەماوەرییە بوو کە خێڵگەرایی لەگەڵ گەشەکردنی بونیاتی نەتەوەدا لەرووی کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە ناکۆكو نەگونجاوە. ئەو کۆمەڵگایانە خاوەن بونیادی خێڵەکییو سیمای کۆنی نەریتیینو وەفادارییەکی چەسپاویان

93 Hassanpour (1992), p. 61.



هەیە، جەختکردنەوە لەوەی کە دەشێت رێگربێت لەبەردەم پشکووتنی هەماهەنگی نەتەوایەتی. جووڵانەوەیەکی خێڵەکیی کە لەسەر بنەمای وەفاداری بۆ گروپێکی ئیتنی وەستابێت، هەر بەرەو ئەوە دەڕوات کە دەرکەوتنی وەفادارییەکی بەرفراوانترو بنەڕەتی سنوورداربکات کە بناغەی دەوڵەتی نەتەوەیی پێکدەهێنێت. لەچاوی زۆربەی نەتەوەییو ئەو کۆڵەرانەی لەم بابەتە هاوشێوانەدا کاردەکەن، ئەو تاکانەی خێڵەکییانە رێکخراون، لەپێشاندانی جۆشێك بۆ خستنەبری وەفادارییو شوناسە خێڵەکییەکەیان بە ئینتیمای نەتەوەیی بۆ ئەونەتەوانەی بەشێکن لێی، شکستدێنن، کاتێك کە ئەمەش دەکەن دەبنە هۆی لاوازی دەوڵەتو بەچاوی گۆمانەوە سەیردەکرێن. هەرچەندە، ئەم بۆچوونە لەلایەن ریچارد سکلارەوە لەکۆڵینەوەکەیدا لەبارەی نایجیریاوە بەرپەرچدراوەتەوە، ئەوەی تێیدا پەیوەندییەکانی نێوان هەڵسوڕانە خێڵەکییەکانو ئایدیا نەتەوەییەکان پێناسەکراونەتەوە، جەخت لەوە کراوەتەوە کە خێڵگەرایی بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەشداری لەنەتەوایەتییدا کردووە. کۆمەڵگای خێڵەکی ئەم وڵاتەی ئەفریقای رۆژئاوا هاوشێوەی ئەوەکەی کوردستانە، هەروەها نموونەیەکی مێژوویی پەیوەست بە قۆناغی هاوچەرخ فەراهەمدەکەن.

سکلار دەرهاویشتە روونەکانی خێڵگەرایی دەخاتەبەرچاو، بەتایبەت، پان خێڵگەرایی، ئەوەی کە وەك ئەو مشتومڕی لەبارەوە کردووە، وەك هێزێکی ناچارکەر راژەی بە پەرەسەندنی پارتە سیاسییە جەماوەرییەکانو هەروەها هاندەرو پتەوکەری سەربەخۆیی نەتەوەیی کردووە. هزری پان خێڵگەرایی، بەوەی کە سروشتێکی سێکیولاری هەیە، جەخت لە خوڵقاندنی پلاتفۆرمێکی گشتیو هاوبەش بۆ خەڵکانێك دەکات کە کەلتورێکی

هاوشێوەیان هەیە بەڵام سەر بەخێڵی جۆراوجۆرن. هەروەك سكلار نووسیویەتی:" رۆحی پان خێڵەكی لەدڵی ئەوانەدا جۆشیدەدا كە هەستیان بە پێویستییەكی زۆر بەپەلە دەكرد بۆ یەكێتی لەدەرەوەی ئەو ئینتیما بەرتەسكو داخراوەی نێو خێڵەكانیان." [94]

ئەم پان خێڵگەراییە خۆی لەپێكهێنانی ئەو پارتە سیاسییە بنكەفراوانانە بەرجەستە دەكات شانبەشانی رێكخراوە كەلتورییە پان خێڵەكییەكان، كۆمیتەیەك لەسەركردە باڵاكان، كە پشتگیرییكردنیان لەبڕیارەكانی حكومەت دەبووە هۆی پاڵپشتییەكی مەعنەوی گەورە لەسیاسەتەكانی حكومەت. هەروەها لەپێگەیەكی ئەوتۆدا بوو كە لەنێوان قەوارەگەلە خێڵەكییەكاندا نێوەندگیریی بكات، ئەوەی حكومەت نەیدەتوانی سەركەوتووانە چارەسەری بكات. بەوەش پەیوەستێكی یەكلاكەرەوە بوو لەنێوان...حكومەت، سەركردەكان، لەگەڵ پیاوانی خاوەن نفوز بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی سیاسەتەكانی حیزب...بە كەمترین گرفت یان دژوەستانەوە." [95]

هاوشێوەی نێجیریا، لەساڵانی ١٩٦٠كاندا، سەركردە خێڵەكییەكان لەناوچە كوردییەكە زۆرجار كاریگەرترین "opinion-makers / راساز" بوونو هاوكاریشیان بۆ پارتە سیاسییەكە زۆر بایەخداربوو لە بەدەستهێنانی پشتگیریی لە ناچەیەكدا كە لەسایەی كۆنترۆڵی خێڵێكی تایبەتدا بوو. وێڕای جیاوازییەكان، خێڵەكان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیگەلێكی گشتی هەڵدەسوڕێنو بۆئەوەی زامنیانكەن دەشێت هەوڵی ئەوەبدەن كەمەندكێشی سەركردە خێڵەكییەكان بكەنو پێكەوە لە پارتێكی سیاسییدا بە

[94] Sklar (1960), p. 416.
[95] Ibid. pp. 410-411.



هەماهەنگییەكی پان خێڵەكییانەوە سەركەوتنی خۆیان بەباشی بسەلمێنن. پشتگیری دەسەڵاتدارە نەریتییەكان واتای پشتگیری ژمارەیەكی گەورەی خەڵكە شوێنكەوتەكانیان. لەكاتێكدا، هێندێك لەسەركردەی خێڵەكان لەوانەیە بەرەو پەیامی كەلتووری یەكێتیخوازی كوردیی لەژێر پەرەدەی خێڵەكییەوە كەمەندكێشبن، هێندێكیشیان ئەو دەسەڵاتە سیاسیو ئابوورییەی بژاردەی پان خێڵەكیی رایاندەكێشێت. بەوەش ئەگەر سوود لەگەوهەری خێڵگەرایی ببنرێت، ئەم هێزە "سەرسەختە" دەتوانێت بەكردار كەمەندكێش بكرێتو بەشدارییەكی ئەرێییش لەجووڵانەوەی نەتەوەییدا بكات.

## خێڵەگەرایی و كوردستان

خێڵگەرایی لەكوردستاندا لەدەرەوەی كۆچەرایەتی گەشەیكردووە- كە بەفۆرمێكی رەسەنی رێكخستنی كۆمەڵایەتی لەقەڵەم دەدرێت. دواتر بونیادی دەرەبەگایەتی لەكۆمەڵگادا گەشەیكردووە، ئەو وەرچەرخانە پلە بەپلەیەی تێیدا رێگەی بۆ "landlordism / موڵكدارگەرایی"[96] خۆشكردووە ( واتای ئەوەی زەوییەكان موڵكی ئاغا سامانداارەكانو سەرۆكەكانە كە باپیرانیان موڵكداری دەرەبەگ بوون ). بۆ لەقاڵبدانی ئەمە

[96] ***پێڵێتیر (١٩٨٤) ئەم چەمكەی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی خێڵایەتی یەكسان كردووە، هەروەك ئەوەی نووسیویەتی :" گەوهەری خێڵگەرایی ئەوەیە كە خێڵ بەگشتی خاوەنی زەوییە، موڵكدارگەرایی پێچەوانەی ئەم بنەمایەیە. ل ١٨.***

پێویستدەکات کە بگەڕێنەوە بۆ هەرێمە بەرفراوانەکەو دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق.

لەسایەی کارگێڕیی ناناوەندیی ئیمپراتۆریی عوسمانی، زۆربەی ناوچەکان(بەناوچە کوردییەکانیشەوە) بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن دەسەڵاتدارە خۆماڵییەکانەوە بەڕێوەدەبرا، کە سەرچاوەکانی دەسەڵات زۆربەیجار لەکۆمەڵگایەکی نەریتییەوە ریشەی دەگرت، بۆ نموونە، ئەوەی خێڵەکان. سەرکردە خێڵەکییەکان رەگەزگەلێکی بەرچاوو کاریگەریان لەنێو ئەو توێژە فەرمانڕەوایەی ئەم یەکە کارگێڕییە خۆماڵییانە پێکدەهێنا. هەرچەندە، لەماوەی دوابەشی سەدەی نۆزدەیەمدا، عوسمانییەکان وەك هەوڵێك بۆ تێکشکاندنی دەسەڵاتی کوردیی دەستیان بە پرۆسەی " detribalisation / هەڵوەشاندنەوەی خێڵایەتی"کرد.[97] ئەم رێچەزەی "مۆدێرنە" لەلایەن بریتانیای مەزنەوە پێچەوانە بووەوە، ئەوەی لەماوەی سەردەمی ماندێتدا ١٩١٩-١٩٣٢، سیاسەتێکی گرتەبەر کەبەهۆیەوە زۆرێك لە سەرکردە خێڵەکییەکان ئەو هێزو دەسەڵاتەی خۆیان گێڕایەوە کە لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە لییان زەوتکرابوو.[98] بریتاییەکان تەنانەت کۆتوبەندی یاسایی جیایان بۆ ناوچە خێڵەکییەکان دانابوو.• بەهۆی ئەم

[97] ***پێڵیتیر مشتومڕێکی درێژی سەبارەت بەم سیاسەتەی عوسمانییەکان باسکرووە. بڕوانە: ل ٣١-٤١.***

[98] ***بۆ باسکردنی کارەکانی بریتانیا سەبارەت بە سەرلەنوێ تۆکمەکردنەوەی خێڵایەتی بڕوانە:***
TheKurds, Britain and Iraq' in McDowall (1996).

• ***لەم قۆناغەدا بەشێکی زۆر لەسەرۆك خێڵە مەزنەکانی عێراق لەبەر بیرکردنەوەیان لەپاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانو بەهۆی ئاسانی بەکارهێنانیان لەلایەن***



هەوڵو هەڵسوڕانە گشتییانەوە لەناوەڕاستی ١٩٢٠کاندا، سەرکردە خێڵەکییەکان جارێکی دیکە وەك هەرە قەوارەگەلی سیاسیو کارگێڕی بەهێز لەناوچە گوندنشینەکاندا دەرکەوتنەوە. ئەمەش بۆ بریتانییەکان جێگەی بایەخ بوو چونکە هاوکاری سەرۆکە خێڵەکییەکان جێگیریو ئارامیی ناوچە گوندنشینەکانی زامندەکرد. مرۆ دەتوانێت لەمەوە ئەنجامگیری ئەوە بکات کە پێدەچێت کە بریتانییەکان تەنیا کاتێك پشتگیری دەوڵەتسازییان کردبێت کە لەگەڵ بەرژەوەندییە کۆڵۆنیالیو ئیمپریالییەکانیان هاوجووت بووبێت.

ئەو بونیادی دەسەڵاتەی کە لەلایەن حکومەتی بریتانییەوە لەماوەی سەردەمی ماندێتدا پێکهات بە جەختکردنەوە لەسەر جیاوازی توند ناسرابوو لەنێوان ئەو خەڵکەی کە دەوڵەتی عێراقیان پێکدەهێنا، هەروەها

***بریتانیاو بژاردەی سیاسی نێوخۆییەوە ببوونە بەشێکی سەرەکیی لەنێوگەمەی سیاسیدا. ئەو سەرۆك خێڵانە بەهۆی ئەو کۆمەکەی کە دەیانتوانی پێشکەش بە بریتانیاو بژاردەی شەریفی دەسەلاتدارو سیاسییەکان بکەن جگە لەوەی موڵكو داراییەکی زۆریان لەلادێیەکاندا هەبوو، لەپارلەمانیشدا هەژمووندداربوون. ئەوانە پێگەی لاوازیی دەوڵەتو بوونی شوێنکەوتووانێکی زۆری خۆیان قۆزتبۆوەو بەقازانجی خۆیان لەگەڵ ئەو لایەنانەدا ساتو سەودایان دەکرد، ئەوان لەسۆنگەی ئەو پارەو بەرژەوەندیو تایبەتمەندیە قەزائییەی لەلایەن برتانیاوە بۆیان دابنیکرابوو زۆریان حەز بەمانەوەی قۆناغی ماندادتو هێزەکانی بریتانیا لەعێراق دەکردو حەزیان نەدەکرد دامەزراوەکانی دەوڵەتو سوپا بەهێزبێت، هەمیشە سووربوون لەسەر بەشدارییکردن لەژیانی سیاسیو مانەوە لەنێو بازنەکانی کاریگەرییدا. بۆزیاتر:***
Paul David "Fom Elite to Class: The Transformation of Iraqi 1920-1939". Internation Journal of Middle East Studies, Leadership, 1980, p344.

ئەم سیاسەتە کاریگەری کردە سەر پەیوەندییە نێو-ئیتنییەکان لەساڵانی پاش ماندێتدا. بەوەش هەوڵگەلێك بۆ گرێدانی خێڵەکان لەپرۆسەی پێکهاتنی دەوڵەتدا نەبوو، وەك نێلیدا فوکارۆ دانی پێدا دەنێت:

"عێراقی سەربەخۆ لەعوسمانییەکانو کارگێڕی بریتانی بەمیرات مابۆوەو ململانێیەکی درێژخایەن لەنێوان شارەکانو ناوچە گوندنشینەکاندا هەبوو، کە بووەهۆی رەنگدانەوەی دابەشبوونێکی قووڵ لەنێوان نیشتەجێکانو جیهانی خێڵەکییدا."[99]

وەك جێپێهەڵگرتنی بریتانییەکانو هەروەها هاشمییەکان، بەعسییەکان سووربون لەسەر گرتنەبەری سیاسەتی خێڵگەرایی بۆئەوەی ئامانجو بەرنامەکانیان بەرنەپێش. ئەو "retribalisation / بوژانەوە خێڵگەرایی"ەی دوای ساڵی ١٩٧٥ لە کۆمەڵگادا، لەلایەن هەوڵەکانی بەغداوە لەرێگەی پێکهێنانی فەوجەکانی جاشەوە بەهێزکرا. هەروەك داڤید مکدۆواڵ ئاماژەی بۆ کردووە:" ئەوە بەغدا بوو کە بەئارەزوو خێڵەگەرایی هاندەداو بەهێزی دەکرد لەڕێگەی کەمەندکێشکردنی سەرۆك خێڵەکانەوە بۆ زێدەکردنی هێزە میلیشیاییەکان دژی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد."[100]

بەغدا بەو هەڵمەتەی بەناوی ئەنفالەوە کردی بووەهۆی وێرانبوونی بنەما ئابوورییەکەی زۆربەی ناوچە گوندنشینەکانی کوردستان. هەروەها لەئاکامی ئەمەشدا، هێندێك خێڵ بژارەیەکی کەمیان لەبەردەمدابوو، بەڵکو دەبوو زیاتر ئەو داوا نائەخلاقییە پەسەندبکەن کە لەلایەن دەوڵەتەوە لێیانکرابوو کە بریتیبوو لەراژەکردن لەبەرژەوەندی دەوڵەت. هەروەك

[99] Fuccaro (1997), P. 561.

[100] McDowall (1995), 'The Struggle for Kurdistan', *MEI*, **No 498,14 April, pp. 19-20.**



ئەلخەفاجی نووسیویەتی، ئەم خێڵانە"بوونە بەکرێگیراو (وەك زێباریو هەرکی) بۆئەوەی بتوانن شێوازەکانی پاراستنو پتەوکردنی دەسەڵاتیان مسۆگەربکەن."[101] ئەم گۆڕینەی هێندێك لەخێڵە دەرکەوتەکان بۆ بەکرێگیراو ئەوەندە بەهێزبوو کە رژێم بۆئەوە هەڵدەسوڕا دابەشبوونێکی توند لەنێوان کورداندا پێکبهێنێت، ئەوەی خەباتی نەتەوەیی کوردی لاوازکرد. بەکارهێنانی خێڵگەرایی وەك ئامرازێك بۆ دژوارکردنی جەنگی نێوخۆیی کوردیی، سیاسەتێکی نوێ نەبوو کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گیرابێتەبەر. بەڵام یەکێك بوو لەو سیاسەتانەی کە بەشێوەیەکی هێرشبەرانەو دوژمنکارانە لەماوەی ساڵانی ١٩٨٠کاندا لەدەیەی رابردوودا گیرابووەبەر.

لەوانەیە زێدەبوونی تەیارکردنی کۆمەڵایەتی ببێتە فاکتەرێکی بەشداربوو لە هەڵوەشاندنەوەی ئینتیما خێڵەکییەکاندا، ئەگەر خەڵکی چیدی لەنێو قەڵەمڕەوی بەرتەسکی خێڵەکییدا قەتیس نەبن. دەرفەتەکانی ئەوەی ئاگاهییە خێڵەکێکەیان بەتێپەڕینی کات کەمتر زەقبێتەوە، چونکە ژمارەیەکی گەورە لە کوردان روویان لەژیانێکی ئارامی رێژەیی نێو شارەکان کرد، لەپاش هەڵمەتە بەرفراوانەکانی راگواستنو نیشتەجێکردنەوە کە لەلایەن بەغداوە ناوچە کوردییەکانی کردبووە ئامانج. شتێکی ئاسانە گریمانەی ئەوە بکرێت کە دەسەڵاتو نفوزی خێڵەکان بەشێوەیەکی

[101] ***ئەو هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو یەکانە لەو کاتەی لەلوتکەی هێزیاندا بوون ژمارەیان لە ٢٥٠ زیاتر تێپەڕیدەکرد کە دەیانتوانی زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠ پیاوی خێڵەکی کورد تەیاربکەن. بڕوانە:*** al-Khafaji (1994), P. 27.

بایەخدار لاوازبوو لەماوەی دوو دەیەکەدا، هەرچەندە، لەوانەیە کە تائەو ئەندازەیەش نەبووبێت.

بەگەشەسەندنە نوێیەکانی سالآنی ١٩٩٠کان، ڕێحەزێکی گشتی هەبوو بۆ دەرهاویشتنی ڕەگەزی خێلگەرایی لەشرۆڤەکردنی کۆمەلگای کوردییو کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەت، هەرچەندە، کوردستانی عێراق بووە ناوچەیەك کە دیاردەیەکی نویٚ "خێلگەرایی نویٚ" یان زیاتر بوژانەوەی خێلگەرایی تێدا ڕوویدا، کە ئاماژەی بەخێلگەرایی بۆ دەدرێت "لەبەرگێکی نوێدا." ئەمە مانای ئەوە نییە کە جیۆگرافیای دابەشبوونی خێلایەتی گۆڕراوە، یان ئەوەی کە نفوزی سەرکردە خێلەکییەکان بەنەگۆڕاوی مابۆوە. چەندین کەسایەتییە سیاسییە جۆربەجۆرەکانی کوردستان لەسەر شانۆی سیاسی کوردیی، هێشتا لەسەر هێلی دابە خێلەکییە نەریتییەکان هەلدەسوڕێن، بەلام ئەوەی جیاوازە لێرەدا ئەوەیە کە هەریەکە لەدۆخە مرۆییو ژینگەییەکە گۆڕاوە، ئەوەی کاریگەریی "خێلگەرایی نوێیە".

هەروەك لەسەرەوە پێشاندرا، نیشتەجێبوونی بەشێکی گەورەی دانیشتووان لەشارەکاندا لەسالآنی ١٩٨٠کاندا بووەهۆی وەرچەرخاندن لەرێکخستنی کۆمەلآیەتییدا، لەپرۆسەیەکدا کە تێیدا خولیا خێلەکییەکانی پیاوانی پێشووی خێل تینو تاوی خۆیان لەدەستدا. لەنێوەندە شارنشینەکاندا ئەرکی نێوەندگیریی سەرکردەی خێلەکیی- هەروەك لەرابردوودا هەبوو، کە یەکێك بوو لەهەرە ئەرکە سەرەکییەکانی چیدی داواکارییەك نەبوو، هەرچەندە، ئەم پەرەسەندنە ئەو بیرۆکەیەی لەخۆنەدەگرت، کە پێویستیی بۆ ریشسپییەکی پشتگیرییکار لەنێو کوردانی ئاساییدا سەردەمی بەسەرچووبێت. لەبری ئەوە، پشتبەستن بە ریشسپییەکی پارێزگارو بەدیهێنەری پێویستییە سەرەکییەکانی هێشتا



بەشێوەیەکی مەزن رووخسارێکی زۆرینەی کوردانی لادێییو هەروەها شارنشینیش بوو، جیاوازییەکان لەوەدایە کە ئەو بەرپرسیارێتییەی کەپێشتر لەئەستۆی سەرکردە خێلەکییەکاندا بوو ئەمێستا کەوتۆتەملی پارتی دیموکراتو یەکێتی نیشتیمانی. سەرکردایەتی هەردوو پارتەکە لەناوچەی دەسەلآتی خۆیاندا کاریانکردووە بۆئەوەی لایەنگری خەلکەکە مسۆگەربکەن لەرێگەی بوارەکانی دامەزراندنو دابینکردنی جێگەو خانوو پێویستییەکانی بنیاتنانو هەروەها خۆراكو هەر شمەکێکی جیاوازو هەروەها پاراستنیانەوە، بەوتەیەکی دیکە، تۆڕی پەیوەندییە کوێخاگەراییو (ئەرباب-رەعیەت) یەکان پەرەیسەندووەن هەروەك داڤید مکدۆوال لێکیداوەتەوە:

"جیاوازییەکانی کۆنو نویٚ جێگای سەرنجە: هەردوولا بەشێوەیەکی چڕ لەرێگەی دەستەگەلێکی فرە وەفادارەوە هەلدەسوڕێن، هەروەها لەرێگەی ئەمانەوە وەفاداری چەندین لە "خێلەکان" بەرێوەدەبەن، ئەم خێلانەی کە ئەمرۆکە کەمتر لەلایەن دەرەکییەکانەوە دەبینرێن وەك لە نەریتییەکان، بەلام زۆربەشیان ئەو فەوجە جاشە کۆنانەن، یان ئەو گروپە پێشمەرگانەن کە لەلایەن سەرکردەیەکی لۆکالییەوە سەرکردایەتی دەکرێن، هێندێکیش وەفادارییەکی پشتبەستوویان بۆ دەسەلآتدارێکی بالا هەیە، کەسانێکی دیکەش بازرگانی بەو داوایانەوە دەکەن کە بەدەستیببێنن، لەهەرکویٚ قازانجیان دەستبکەوێت وەفاداری خۆیان دەنوێنن." [١٠٢]

[102] McDowall (1995), *MEI*, No 499, 28 April.

ئەم خێڵگەراییە نوێیە لەکوردستانی عێراقدا دیاردەیەکی دابڕاو نییە، بەڵکو یەکێکە لەو دیاردانەی دەتوانرێت لەتەواوی عێراقدا ببینرێت. سەدام حسێن بۆئەوەی بەتوندی دەسەڵات بگرێتەوە دەست پاشئەوەی راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشێوەیەکی جدیی رکابەری دەسەڵاتەکەی کرد، لەسەرکردە کۆنە خێڵەکییەکان نزیکبۆوەو هەوڵیدا لەرێگەی تەرەفداری ئەم ئەشرافە لۆکاڵییانەوە پێگەی خۆی بەهێزبکات. چڕکردنەوەی ئەم تەیارکردنە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەبەشە ناوەندییە زۆرینە سونییەکانی وڵاتدا بەرێوەدەچوو. بەڵام هەروەها باشووری شیعی وەك زەمینەیەك بۆ تەیارکردنی خێڵەکی جێگەی بایەخە. بەسوودوەرگرتن لە فەزای زاڵی ترس‌و دڵەڕاوکێدا، هەنگاوی لەمشێوەیە بەڵگەی ئەوەبوو کە سەرۆکی عێراقی خولیای پتەوکردنی یەکێتی نەتەوەیی بوو لەسایەی فەرمانڕەوایەتییە دەسەڵاتگەراییەکەی خۆی بۆئەوەی دڵنیابێت لە رێگرتن لەیاخیبوونی جەماوەری زیاتر.[١٠٣]

چەمکی خێڵگەرایی نوێ لەوانەیە بەو شێوەی کەهێندێك پێشانیدەدەن "نوێ" نەبێت. لەچوارچێوە ئەفریقییەکەدا، تێبینیکراوە کە نزیکەی دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٧١ سەبارەت بە هەرێمگەرایی کە چیدی تەنیا بنکەی خێڵگەرایی پێکناهێنن، هەروەها دیاردەکە "بۆ ناوچەکان درێژبۆتەوە...گواستراوەتەوە بۆ زۆر دوور لە زێدی خێڵەکیی."[١٠٤] وەك ئاکامێکی مۆدێرنە، پیاوە خێڵەکییەکان لەوانەیە لەهەمان جێگەدا نەژین، بەڵام ئەوە رێگەی ئەوەی لێ نەدەگرتن کە "هێشتا لەگەڵ یەکتردا

103 Mafeje (1971), p. 259.

104 *ئەمازیا بارام ئەمەی بەشێوەیەکی جدیی لە وتارەکەیدا باسکردووە لەساڵی ١٩٩٧دا.*



لەچوارچێوەیەکی تایبەتدا یەکبناسن."[١٠٥] ئەمەش پەیوەندیدارە بەو شرۆڤەکارییەی سەرەوە سەبارەت بە خولیا خێڵگەراییە نوێکان لەسیاسەتی کوردییدا، بەڵگەیە بۆئەوەی هەرچەندە کوردستان لەچەندین رووەوە بەشێوەیەکی بەرچاو تایبەتە، پەرەسەندنەکانی ئەوێ رەنگدانەوەی رێحەزی پەرەسەندنەکانە لەهەرشوێنێکی دیکە.

## پوختە

پێدەچێت سیماگەلە بنەڕەتییەکانی خێڵگەرایی کوردیی هەمان ئەو بونیادو رێکخستنە خێڵەکییانە بن کە لەهەر شوێنێکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، بەڵام لەڕووی کردارییەوە، کوردانی باکووری عێراق سەبارەت بەهێندێك تایبەتمەندی جیاوازن، بۆنموونە، خێڵگەرایی لەچوارچێوە ئەفریقییەکەیدا واباسی لێوەدەکرێت کە زادەی لاوازیی‌و گەندەڵیی دەوڵەتەکانە، نەك هۆکاری بێت،[١٠٦] ئەوەی کە بەشێوەیەکی دروست وەسفی رەوشەکەی ناوچە کوردییەکان ناکات. رەهەندێکی تر کە خێلەکانی ئەفریقا خێڵە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیادەکاتەوە ئەوەیە کەخێڵەکانی ئەفریقا بەشێوەیەکی کەمتر بەتوندی گرێدراون وەك ئەوەی پێکهاتەیەکی کەلتووریی بن زیاتر لەوەی قەوارەگەلێکی سیاسی بن.

105 Ibid.

106 Maybury-Lewis (1997) has elaborated on this, see particularly pp. 53-55.

ئەوەی پێچەوانەی خێڵی کوردییە کە وەك کۆمەڵێکی سیاسی بنەڕەتی دەردەکەوێت.

خێڵگەرایی لەچوارچێوەکەی باکوری ئەفریقا یان مەغریبی عەرەبیدا، زادەی خەڵکانێکە کە لەدەوڵەت هەڵدێن، هەروەك لەسەرەوە لەلایەن جۆن داڤیسەوە روونکراوەتەوە، بۆئەم خەڵکە بێدەوڵەتبوون بیرۆکەیەکی ئەرێییە. دووبارە ئەم حاڵەتە دوورە لەسۆزو ریاڵیتەی کوردانەوە. زیاتر لەوەش، لەنیمچە دوورگەی عەرەبی کاتێك دەوڵەتی مۆدێرن دامەزرێنراوە بەباشیی سوودیان لە هێزی خێڵگەرایی کردووە، تاڕادەیەکی وا هاوکاریی نێوان کەسایەتییە سیاسیەکانو سەرکردە خێڵەکییەکان، وەرچەرخانێکی سروشتی بۆ دەسەڵاتی سیاسی هێنایەئارا. لەوانەیە ئەم پەرەسەندنە باشترین پەیوەندی بە پێگەی کوردانەوە هەبێت، هەروەها چۆن فاکتەری خێڵەکیی لە سیاسەتی کوردییدا دەشێت وەك رێبازێك بگیرێتەبەرو سوودی لێ وەربگیرێت.

نزیکتر لەوان، بەکارهێنانی خێڵگەرایی لەلایەن رژێمی عێراقییەوە لەوەدا بەرجەستەدەبوو کە سەدام حسێن زۆر گوێی بە ئایدیۆلۆجی نەدەدا. بە خۆبەردوورگرتن لە تەڵقینی ئایدیۆلۆجی، پشتبەستنێك بە خزمایەتیو سۆزی بەجۆشی وەفاداریيو وابەستەیی بۆ سەرکردەو کارگێڕییەکەی پەرەیسەند. سەرکردایەتی دوو پارتە سیاسییە کوردییەکە ئەمە بەهەمان رادە ئەنجام نادەن، بەڵام لەبنەڕەتدا، هەمان خولیاو ئایدیا لەلایەن سەرکردە کوردو عەرەبەکانەوە سوودی لێوەردەگیرێت.

لەکۆمەڵگای کوردییدا هەمیشە دابەشبوون ئامادەگی هەبووە، بەڵام لەبری هەوڵی جدیی بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانو کەمکردنەوەی پەرتەوازەی، لەڕاستییدا، پارتیو یەکێتی لەرێگەی هێنانەئارای راکێشانو



وەفاداری جیاجیا کەلەسەر بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵکەکە ئەنجامیاندا ئەوندەی تر دۆخە پەرتەوازەییەکەیان دژوارتر کرد. سەرکردە خێڵەکییەکان کە ترنجێنراونەتە نێو سیستمە حیزبایەتییە تایبەتەکەیان، نوێنەرایەتی تاقمێك لەخەڵکی پارتی و یەکێتی دەکەن، زیاتر لەتاکەکانی کوردستانی عێراق بەگشتی. چالاکی سیاسیی کە لەرێگەی سیستمی خێڵەکییەوە ئاراستەکرابێت بابەتێکی چەندبارەوە لەمێژووی کورددا، هەروەها ئەتوارێکە پێناچێت بەرەو ئاوابوون بچێت.

وەفادارییە سیاسییەکان کەتەمەنی بەقەد سەدەیەکە، وەك بناغەیەك بۆ تەیارکردنی بەشە گەورەکانی دانیشتووان لەماوەیەکی کەمدا بایەخدارە. خێڵ، هەروەك دێرش دەڵێت تاڕدەیەکی زۆر " هاوپەیمانییەکە لەبارەی پاراستنەوە."[107] ئەو پێویستییەی کە وێڕای مۆدێرنەی کۆمەڵگاو شارەکییبوونی دانیشتووانەکەشەوە ناوەستێت، هەرچەندە کەسانێك هەن کە مشتومڕ لەبارەی بەردەوامنەبوونی سیستمی خێڵایەتیی دەکەن. بۆ نموونە، ساتیامورتی، لەو باوەڕەدایە کە " بونیادە نەریتییەکان شایەنی داخورانن لەڕووی قەبارەو توانای جووڵەو هەروەها رێکخستنی کۆمەڵگای مۆدێرن یان پیشەسازیو تەکنەلۆجی."[108] دەتوانرێت داخورانی تەواوی بونیادی خێڵ بەو ماوەیە دیاری بکرێت کە تایبەت بە بوونی خێڵەکان، هەروەها ئەوە بەتەنیا بەڵگەیەکی بەدوورزانینی دیارنەمانی ئەم قەوارەگەلانەیە لەئایندەیەکی نزیکدا. ئەوەی دێرش لەم پەرەگرافەی خوارەوەدا بەشێویەکی پاراو پوختەی کردووە:

107  Dresch (1989), P. 346.
108 Sathyamurthy (1983), p. 73.

"فۆرمەڵەبوونی دەسەڵات، لەسیستمی خێڵەکییدا سەرهەڵدەداتو دەکەوێت بێئەوەی بەشیکی زۆری ریزبەندی خێڵەکی بگۆڕێت. خێڵەکان، بەدەگمەن، ئەگەر هەرگیز، بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە دەبەنەوە یان دەدۆڕێن. ئاراستەی دەسەڵات ئەوەندە بایەخێکی ژیانی هەیە بۆ تێگەیشتنی رووداوەکان لەمەودای نزیکداو مەزەندەکردنی ئەوەی لەئێستادا کێ پشتگیریی کام لا دەکات. بەڵام ئەگەر سیستمی خێڵەکی وەك سەرچاوەیەکی گرفتی سیاسەتی مۆدێرن تەماشا بکرێت، هەروەها ئەویش شایەنی هەڵمژینە، هەروەها لەراستییدا زنجیرەیەکی نائاسایی لەململانێ دەگرێتەخۆ کەلەهەر لاوە بەسەریدا سەپێنراوە لەمیانەی ئەو هەزار ساڵەی دواییدا. شلڕۆییەکەی، بەشێوازەکەی خۆی، گەورەترە هەروەك ئەوەی، ئاینو فەلسەفە گەورەکان کە پێکهاتەکانیان لە چەندێکی کەم لە پرنسیپە روونەکان لەگەڵ زنجیرەیەکی بەرفراوان و نادیاریکراو لە کردار سەرابی نەگۆڕانێکی بەردەوام دێنێتەبەرچاو." [109]

پرسیارێك کە بەشێوەیەکی مەزن بەباتەکەوە پەیوەندییدارە ئەوەیە داخۆ مۆدێرنیتە، کە مانای ئاماژەیی بریتیە لە پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوە، لەگەڵ رەگەزێکی نەریتی وەك خێڵگەرایییدا کۆکە. مۆدێرنیتە پەیوەندییە خێڵایەتییەکانو دەلاقە کۆمەڵایەتییەکانی لاوازکردووە، هەروەك لەباسی پێشوو قسەی لەبارەوەکرا، کە پێدەچێت لەبەرێوەچوونی درێژخایەنیدا خێڵو بونیادە خێڵایەتییەکان لاوازکات. وادەردەکەوێت کە "کە خێڵ و دەوڵەتی هاوچەرخ بەرجەستەی دوو کۆتایی پێکدژ لە شەبەنگی رێکخستن دەکەن." [110] بەڵام بەپێچەوانەی دانایییە نەریتەییەکە لەوانەیە بسەلمێت کە ئەوە رووبدات پێکەوەکۆکردنەوەیەکی بەردەوامیو نوێکردنەوە بێتەدی کە لەبنەڕەتدا هەردوو چەمكو بیرۆکەکە پایەدارکات.

---

[109] Dresch (1989), pp . 354-355

[110] Crone (1986), p. 77.